# بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر

## لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران

# بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر
## لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالح و گۆران

**ئاسۆ عومەر مستەفا**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر**

**لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالح و گۆران**

- **نووسینی:** ئاسۆ عومەر
- **بابەت:** ئەدەب
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **پیتچنین:** ئاسۆ عومەر مستەفا
- **بەرگ:** حەمیدە یوسفی
- **چاپ:** یەکەم ٢٠٠٩
- **ژمارەی سپاردن:** ٩٣٥
- **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
- **تیراژ:** ٥٠٠
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٣٩٦)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

**پێشکەشە:**

بەو (بەهەشتی)یەی

لە پێش خەونەکانا هەڵهات

لەناو خەونەکانا ئاوابوو



## سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاس بۆ:

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین و راگرایەتی کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان و سەرۆکایەتی بەشی کوردی.

- بەرێز مامۆستای سەرپەرشتیارم (پ.ی.د. کەمال مەعروف) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ و بە تێبینی و سەرنجە ورد و زانستییەکانی باسەکەی دەوڵەمەند کرد.

- مامۆستایانی بەرێز: م. جەبار ئەحمەد حسین، م. ماجد ئەسعەد محەمەد، م. ئەحمەد رەشید ئیبراهیم، م. ئیدریس عبداللە، م. مەولود ئیبراهیم حەسەن، م. جەمال سلێمان مستەفا، م. چیا ئەتروشی، سەرجەم ئەوانەی یارمەتییان داوم.

# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| **پێشەکی** | ١١ |
| **بەشی یەکەم** | ١٥ |
| **تەوەری یەکەم: بەهای ئیستاتیکی** | ١٧ |
| چەمك و زاراوەی بەها | ١٧ |
| ئیستاتیکا | ٢٠ |
| چەمکی جوانی | ٢٦ |
| جوانی سروشتی و جوانی هونەری | ٣٣ |
| چەمکی دزێوی | ٣٦ |
| **تەوەری دووەم: گەشەسەندنی مێژووی ئیستاتیکا** | ٣٩ |
| ئیستاتیکا لای یۆنان | ٣٩ |
| ئیستاتیکا لای رۆمان | ٤٧ |
| ئیستاتیکای سەدەکانی ناوەڕاست | ٤٨ |
| ئیستاتیکا لە سەردەمی ریێنیسانسدا | ٥١ |
| ئیستاتیکای سەردەمی رۆشنگەری | ٥٤ |
| ئیستاتیکای مارکسیزم | ٦٦ |
| ئیستاتیکای رێبازە ئەدەبییەکان | ٦٩ |
| ئیستاتیکای پەرناسیزم (هونەر بۆ هونەر) | ٧٣ |
| ئیستاتیکای سیمبولیزم | ٧٥ |
| بۆچوونە هاوچەرخەکان و ئیستاتیکا | ٧٦ |





| | |
|---|---|
| **بەشی دووەم** | ٨١ |
| **تەوەری یەکەم: زمانی شیعر** | ٨٣ |
| قۆناغی لاساییکردنەوەی زمانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی | ٨٩ |
| قۆناغی کاریگەربوون بە ئەدەبیاتی تورکی | ٩٣ |
| قۆناغی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی | ٩٥ |
| **تەوەری دووەم: مۆسیقای شیعر** | ١٠٧ |
| ١- مۆسیقای دەرەوەی شیعر | ١٠٨ |
| أ- کێش | ١٠٨ |
| ب- سەروا | ١١٨ |
| ٢- مۆسیقای ناوەوەی شیعر | ١٣٠ |
| **بەشی سێیەم** | ١٣٥ |
| **تەوەری یەکەم: وێنەی شیعری** | ١٣٧ |
| چەمك و زاراوەی وێنەی شیعری | ١٣٧ |
| پێناسەی وێنەی شیعری | ١٣٨ |
| سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لای شاعیران | ١٣٩ |
| وێنەی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری و گۆران | ١٣٩ |
| شێوازەکانی پێکهێنانی وێنەی شیعری | ١٤١ |
| لێکچواندن و وێنەی شیعری | ١٤٢ |
| خواستن و وێنەی شیعری | ١٤٤ |
| درکە و وێنەی شیعری | ١٤٧ |
| جۆرەکانی وێنەی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالّح و گۆران | ١٤٨ |

أ- وێنەی شیعری بەپێی پێکهاتنیان ١٤٨
ب — وێنەی شیعری لەباری چەسپاوی و جولاّویدا ١٥٢
پ — جۆرەکانی وێنە بەپێی زەینی و هەستی ١٥٥
**تەوەری دووەم: ڕەمز** ١٦٤
چەمك و زاراوەی ڕەمز ١٦٤
پێناسەی ڕمز ١٦٦
هۆکارەکانی بەکارهێنانی رەمز ١٦٧
رەمز نیشانە ١٦٨
و ئیشارەت ١٦٨
رەمز و تەمومژ ١٦٩
رەمز و خوازە ١٧٠
رەمز و خواستن ١٧١
رەمز و لێکچواندن ١٧٣
جۆرەکانی رەمز لای (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالّح و گۆران) ١٧٤
١- رەمزی کەسی ١٧٤
٢- رەمزی گشتی ١٧٦
٣- رەمزی ئەفسانەیی ١٧٧
٤- رەمزی ئاینی ١٧٩
٥- ڕەمزی کەلەپووری ١٨٢
٦- رەمزی مێژوویی ١٨٤



**تەوەری سێیەم: ئەفسانە** ١٨٧
چەمك و زاراوەی ئەفسانە ١٨٧
پێناسەی ئەفسانە ١٨٩
جۆرەکانی ئەفسانە ١٩١
ئەفسانەی کوردی ١٩١
شیعر و ئەفسانە ١٩٣
ئەفسانە لە شیعرەکانی (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالّح و گۆران)دا ١٩٤
ئەنجام ٢٠٩
بیبلۆگرافیای سەرچاوەکان ٢١١
ملخص البحث ٢٢٧
ABSTRACT ٢٢٩

## پێشەکی

لێکۆڵینەوەکەمان بەناونیشانی (بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران)ە و هەوڵدەدات لەو بەها ئیستاتیکیانە بکۆڵێتەوە کە ئەم شاعیرانە شیعرەکانیان پێ ڕازاندووەتەوە و لەهەمان کاتیشدا پێوەری بنەڕەتین بۆ هەڵسەنگاندن و جیاکردنەوەی شیعر لە هونەرەکانی تر.

بەها ئیستاتیکییەکان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان لە ئەدەب و هونەردا بەگشتی و شیعر بەتایبەتی هەیە، چونکە شیعرهەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە و لەو کاتەوەی مرۆڤ گوتوویەتی پەیوەست بووە بە ئاواز و مۆسیقاوە کە یەکێکە لە بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر، هەروەها خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعر و پەخشانیشە. بەم پێیە بەها ئیستاکییەکان مێژوویەکی کۆنیان هەیە و دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای پەیدابوونی شیعر، ئەگەرچی بەپێی کات و شوێن گۆڕانیان بەسەردا هاتبێ، بەڵام لە هیچ کات و سەردەمێکدا شیعر بەبێ بەهای ئیستاتیکی نەبووە.

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و زیندوویەتی خودی بابەتەکە، چونکە بەها ئیستاتیکییەکان دەبنە پێوەری بنەڕەتی و سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندن و جیاکردنەوەی شیعری باش لە شیعری خراپ و جیاکردنەوەی شیعر لە هونەرەکانی تر.

بەها ئیستاتیکییەکان لە شیعری کوردیدا بەشێوەیەکی ئەکادیمی شتێکی وای لەسەر نەنووسراوە و ئەگەر شتێکیش هەبێ ئەوا لەژێر ناوی تر یان لە چوارچێوەی بابەتەکانی تردا لێی کۆڵراوەتەوە، لەکاتێکدا بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری بابەتێکی هێندە گرنگ و هەنووکەییە پێویستی بە چەندین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و زانستی هەیە.

هەروەها هەڵبژاردنی (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران)یش لەبەر ئەوەیە ئەم سێ شاعیرە پایەیەکی بڵندیان لە ئەدەبی نوێی کوردیدا هەیە و پێشەنگی



تازەگەرین لەشیعری کوردیدا و ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان لە تازە کردنەوەی شیعری کوردیدا بینیوە و گۆڕانێکی بنچینەییان لە بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری کوردیدا بەرپاکردووە.

لێکۆڵینەوەکە چەند گیروگرفتێکی هەبووە لەوانە: کەمی سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمی بە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی کە بەشێوەیەکی سەرەکی بەها ئیستاتیکییەکانی کردبێتە تەوەری لێکۆڵینەوەکەی، ئەمەش بووەتە هۆی قورس بوونی ئەرکی لێکۆڵەر لە گەڕان بەدوای زانیارییەکانی پەیوەست بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەوە لە سەرچاوەکاندا و لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمان داوە بەشێوەیەکی ورد و زانستی ئەو زانیارییانە وەربگرین کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بابەتەکەوە هەیە و لە لێکۆڵینەوەکەدا بەپێی میتۆدی شیکاری ڕەخنەیی شیعرەکان هەڵسەنگێندراون.

لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی بۆ سێ بەش دابەشکراوە:

### بەشی یەکەم
### لە دوو تەوەری سەرەکی پێکدێ

تەوەری یەکەم: باس لە بەهای ئیستاتیکی دەکات و هەوڵی ناساندنی چەمکەکانی بەها و ئیستاتیکا و چەمکی جوانی و دزێوی دەدات، کە دەبنە بنەما و پێوەری سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوەکە.

لە تەوەری دووەمدا هەوڵدراوە مێژووی ئیستاتیکا بخرێتەڕوو، لەگەڵ باسکردنی ئیستاتیکا لای یۆنان و ڕۆمان و سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری و مارکسیزم، هەروەها ئیستاتیکای ڕێبازە ئەدەبییەکان بەتایبەتی ڕێبازەکانی کلاسیزم و ڕۆمانسیزم و سوریالیزم و پەرناسیزم و سیمبولیزم و پاشانیش ئیستاتیکای بۆچوونە هاوچەرخەکانی وەکو بۆچوونی حەدەسی و بۆچوونی بوونگەرایی خراوەتەڕوو.

## بەشی دووەم

### لە دوو تەوەری سەرەکی پێکدێ

تەوەری یەکەم: لەم تەوەرەدا باس لە زمانی شیعری کراوە و چەند پێناسەیەکیش دەربارەی زمانی شیعری کراوە و مێژوویەکی کورتی زمانی شیعریش خراوەتەڕوو لەگەڵ لێکۆڵینەوەی زمانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالْح و گۆران.

لە تەوەری دووەمدا باس لە مۆسیقای شیعری کراوە کە دابەش دەبێتە سەر مۆسیقای دەرەوە کە لە کێش و سەروا پێکدێت لەگەڵ مۆسیقای ناوەوەی شیعری و لێکۆڵینەوەی لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالْح و گۆران.

## بەشی سێیەم

### لە سێ تەوەری سەرەکی پێکدێ

تەوەری یەکەم: لەم تەوەرەدا باس لە چەمکی وێنەی شیعری و چەند پێناسەیەکی خراوەتەڕوو لەگەڵ شێوازەکانی دروستکردن و جۆرەکانی وێنە لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالْح و گۆران.

لە تەوەری دووەمدا باس لە چەمك و زاراوە و پێناسەی ڕەمز و پەیوەندی نێوان ڕەمز و نیشانە، ڕمز و ئیشارەت، ڕەمز و تەمومژ، ڕەمز و خوازە، ڕەمز و خواستن، ڕمز و لێکچواندن و جۆرەکانی ڕەمز لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالْح و گۆران کراوە.

لە تەوەری سێیەمیشدا باس لە چەمك و زاراوە و پێناسەی ئەفسانە و جۆرەکانی ئەفسانە و پەیوەندی نێوان شیعر و ئەفسانە و ئەفسانە لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالْح و گۆران کراوە.

گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەش لە کۆتاییدا بەچەند خاڵێك خراوەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم
## بەهای ئیستاتیکی

### چەمك و زاراوەی بەها

بەهاکان گرنگییەکی زۆریان هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، چ تاك یاخود کۆمەڵ، هەر بۆیە لەلایەن فەیلەسوفان و بیرمەندانەوە گرنگی پێدراوە و بەپێی قوتابخانە و ڕێبازەکانیان چەندین پێناسە و ڕاوبۆچوونیان دەربارەی بەها خستووەتە ڕوو .

زاراوەی بەها لە وشەی (Valeo) ی لاتینییەوە وەرگیراوە کە بە واتای (من بەهێزم، من خاوەن تەندروستییەکی باشم) دێ، پاشان ئەم بیرە وای لێهات ئاماژە بۆ بیرێکی گشتی بکات، ئەو بیرەی کە پێویستە مرۆڤ بەشێوەیەکی پراکتیکی سوودبەخش بێت یاخود خۆگونجێن

چەمکی بەها لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەگوترێ (value) و لەزمانی فەرەنسیدا پێی دەگوترێ (valeur) و لە زمانی ئەڵمانیدا پێی دەگوترێ (wert) و لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێ (قیمة) و لە زمانی کوردیشدا پێی دەگوترێ (بەها)، ئەم چەمکە [بە زمانی فەرەنسی و وشەکانی بەرامبەری بە ئینگلیزی و ئەڵمانی هێشتا بەشێکی شاراوەیان لە واتای لاتینییەکە پاراستووە][١٤٢: ٢١]

بەها لە زمانی کوردیدا بە واتای [نرخ] [٢٤: ٥٤١] دێ، بۆ نموونە دەگوترێ: بەهای ئەم کتێبە چەندە؟ واتە: نرخەکەی چەندە، یاخود دەگوترێ: ئەم کارە هیچ بەهایەکی نییە؟ واتە:هیچ نرخێکی نییە. بەمجۆرە چەمکی بەها لە زماندا زیاتر گرنگی دەخاتە سەر نرخەکەی، بەڵام (بەها) وەکو چەمکێکی زاراوەیی جیاوازە لە نرخ، [چونکە گرنگیدان و ئامانجەکانمان دەورووژێنێت بۆ گرنگی پێدانی ئابووری یان سایکۆلۆجی یان کۆمەڵایەتی یان جوانی] [١٧٨: ١٠]



ئەگەر بەوردی سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکەین دەبینین کە [هەر لەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوە بەها لەگەڵ مرۆڤدا هەبووە و وەکو چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ ڕەفتاری و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی تردا کاری کردووە ] [١١٦: ٣٣٩] هەروەها ئەم چەمکە لەکۆنەوە فەیلەسوف و بیرمەندەکان گرنگییان پێداوە و بەناوەکانی [ ( خێر و خێری باڵا و تەواوی ) ناویان بردووە . (فەلسەفەی ئەفلاتون) لە جەوهەر و ناوەڕۆکیدا لە فەلسەفەی بەها زیاتر هیچی تر نەبوو، هەروەها ئەگەر بچینە ناو قوڵایی فەلسەفەی ( کانت )ەوە فەلسەفەیەکی بەهاییە لەشێوەیەکی پەنهاندا] [١٤٢: ١٥]

یەکەمین کەسەکان کە وشەی بەهایان بۆ یەکەم جار بە مانا فەلسەفییەکەی بەکارهێنا کە بە زمانی ئەڵمانی بوو (wert) و کاریان لەسەر بڵاوکردنەوەی کرد ( لۆتزLotze ) و ئاینزان ( ڕیتچل Ritchl) و زانایانی ئابووری نەمسایی بوون بەتایبەتی ( مانجەر Menger) و ( فون بوم باڤرك Von Bom Baverk)] [١٤٢: ١٥]

بەها [تایبەتمەندییەکە وا لە شتەکان دەکات ویستراو بن]. [١٦١: ٢٤٣] هەروەها [ئەو گرنگییەیە کە یەکێك دەیخوازێ بۆ شتێکی مادی یان واتایی (معنوی) و ئەم شتانەش جوانی و سوود و نموونەی باڵا دەگرێتەوە] [١٥٣: ١٤٦]

( کلکهۆن ) بەم جۆرە پێناسەی بەها دەکا و دەڵێ: [بەها چەمکێکی ئاشکرا یان نهێنییە، تایبەتە بە تاك یان کۆمەڵێکەوە، گرنگی دەدا بە شتە ویستراوەکان، کاریگەری دەکاتە سەر هەڵبژاردن لە نێوان نموونەکانی کردار یان هۆکارەکان یان ئامانجەکاندا] [١٨٠: ١٣]

(چاپلن)یش دەڵێ: [بەها ئامانج یان مەبەستێکی کۆمەڵایەتی ویستراوە] [١٨٠: ١٣]

هەروەها (عیسام فایز و ناهدە وەسفی)یش بەم جۆرە پێناسەی بەها دەکەن و دەڵێن: [بەها ئەو بیروباوەڕانەیە کە پەیوەندییان هەیە بە چاکە و خراپە و ڕاست و هەڵە و ئەوەی کە ویستراوە یاخود نەویستراوە] [١٣٣: ١٤]

(عومەر ئیبراهیم عەزیز) سەبارەت بە بەها دەڵێ: [بەها ئامانج یان پێوەری بڕیارێکی زانراوە کە خاوەن چەسپاوییەکی ڕێژەییە، تاك یان کۆمەڵ لە ڕۆشنبیری و سەردەمێکی دیاریکراودا پێوەی پەیوەست دەبن، تا بەهۆیەوە ویستراو و نەویستراو لە شتەکان و هەڵوێستەکان و جۆرەکانی ڕەفتاردا دیاری بکەن] [١٧٥: ٤٧]

( خەلیل عەبدولرەحمان )یش دەڵێ: [بەهاکان کۆمەڵێك بنەما و پێوەرن کە کۆمەڵگا لەژێر ڕۆشنایی کەڵەکەبوونی زانیارییەکان لەسەری دایدەنێت و لە ئەنجامی کردارەکانی هەڵبژاردنی کۆمەڵی پێکدێت، کە تاکەکانی کۆمەڵکە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوانیان پشتی پێدەبەستن] [١١٠: ١٨٦]

چەمکی بەها تائێستا چەندین پۆلێنی بۆ کراوە" پۆلێنکردنەکەی ( سپراگەر- Spraager ) یەکێکە لە پۆلێنە گرنگەکان کە بەهای پۆلێن کردووە بۆ (٧) جۆر:

١- بەها تیۆری یان زانیارییەکان: مەبەست لێکۆڵینەوەیە لە ڕاستییە ئەبستراکتەکان.
٢- بەها ئابوورییەکان: مەبەست لێکۆڵینەوەیە لە سوود و قازانجی کار.
٣- بەها سیاسییەکان: مەبەست لێکۆڵینەوەیە لە هێز و پێشکەوتن و گۆڕانەکان.
٤- بەها کۆمەڵایەتییەکان: مەبەست لە پەیوەست بوونە بە پەیوەندییەکانەوە و هاوبەشی کردنە لەنێوان تاکەکاندا.
٥- بەهای ڕەوشتی: مەبەست بەدەستهێنانی ئامانجە بەرزەکان و ڕەفتاری ڕەوشتی چاکە.
٦- بەهای ئاینی: مەبەست بەدەستهێنانی نموونە بەرزە پیرۆزەکانە لەنێوان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.



٧- بەهای ئیستاتیکی: مەبەست لە بەدەستهێنانی گونجان و ڕێکخستن و جوانییە لە کاری هونەریدا. [١٦٠: ١٣٨]

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ بێ، بەهای ئیستاتیکییە کە ڕۆڵێکی گرنگ و ئەکتیڤی لە شیعردا هەیە. لەبەرئەوەی [شیعر جۆرێکە لە جوانی کە وەسفی جوانی دەکات] [٦٧: ١٢] بۆیە هەر لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ شیعری گوتووە ئەم بەها ئیستاتیکییانە بەشداری بنیادی ئەو شیعرەیان کردووە و بەدرێژایی مێژوو شیعرێك نییە بەبێ بەها ئیستاتیکییەکان.

بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری زۆرن و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بەپێی بارودۆخ و پێویستییە زەوقییەکانی مرۆڤ گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، هەر بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین گرنگترین بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری بخەینەڕوو کە بریتین لە:

١- زمانی شیعری.
٢- مۆسیقای شیعری.
٣- وێنەی شیعری.
٤- ڕمز.
٥- ئەفسانە.*

**ئیستاتیکا**

ئیستاتیکا زاراوەیەکی فەلسەفییە بۆ زانستێك بەکاردەهێنرێت کە [لە مەرجەکانی جوانی، پێوانەکانی، تیۆرەکانی، لە چێژی هونەریدا، لە بڕیارەکانی بەها پەیوەستەکان بەشوێنەوارە هونەرییەکانەوە] [١٠٦: ٤٠٨] هەروەها [ لە بەرزترین ئاستەکانی پەیوەندییە جوانییەکانی مرۆڤ بە واقیعەوە دەکۆڵێتەوە] [١٥٥: ١٥]

* لە بەشی دووەم و سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە وردی و بە درێژی باس لەم بەها ئیستاتیکییانەی شیعر کراوە بەنموونەی شیعری پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالح و گۆران.

وشەی ئیستاتیکا (Aesthetic) بۆ یەکەمجار لەلایەن زانای ئەڵمانی ئەلکسەندەر بۆمگارتن (١٧١٤- ١٧٦٤ز) لە ساڵی ١٧٣٥ز لە کتێبی (Aesthetic)دا بەکارهاتووە. ئەم زاراوەیە [لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان و لە وشەی (ئیسیزیس Aisthesis) وەرگیراوە] [١٦٠: ٢٣] ئەم وشەیە بە چەند واتایەك لێکدراوەتەوە، لەوانە: [هەستکردن یاخود تیۆری هەستکردن] [١٦٠: ٢١] یان [هەستکردنی ویژدانی] [١٥٦: ٤] یاخود [زانینی هەستی زانین بەهۆی هەستەوە] [٩٨: ١١] کە زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەندەکان ئەم واتایەی دوایی پەسەند دەکەن.

ئیستاتیکا مێژوویەکی کۆنی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠) ساڵ پێش زاین کە بۆ یەکەمجار لای یۆنانییەکان سەری هەڵداوە، و [بە کۆنترین زانست دادەنرێت کە فەیلەسوفەکان و وانەبێژانی کاروباری فکر و هونەر و فەلسەفە گفتوگۆیان کردبێت،... هەروەها فەیلەسوفەکانی یۆنانی وەکو هیراکلیت و دیمۆکریت و ئەفلاتون وایان دانا کەرەستەی سەرەکی هونەر جوانییە، و هونەر لاساییکردنەوەی جوانییە و چێژی جوانی لە گونجانی نێوان فۆڕمی کاری هونەری و جوانی بیر پێکدێت] [١٦٠: ٢٣]

بە درێژایی ئەم مێژووە جگە لە زاراوەی ئیستاتیکا چەند زاراوەیەکی تر بەکارهاتووە، وەك زاراوەکانی [تیۆری هونەرەکان، تیۆری زانستە جوانەکان، تیۆری ئەدەبە جوانەکان، هونەرە جوانەکان، کالیستیکا (زانستی جوانی)] [١٧٠: ١٩]

لە مێژووی ئیستاتیکادا دوو تەوژمی سەرەکی هەن: [تەوژمێك لە کێشەکانی جوانی دەکۆڵێتەوە دابڕاو لەمرۆڤ و تەوژمێکیش لێی دەکۆڵێتەوە لە پەیوەندی بە مرۆڤەوە. مێژووی ئیستاتیکا مێژووی ململانێی نێوان ئەم دوو تەوژمەیە لەپێناو گۆڕینی ئیستاتیکا بۆ مرۆڤناسی لەناو سنووری ئەوەی ئیستاتیکی و هونەرییە] [١٥٠: ٢٠]

هەروەها زۆرانبازی نێوان ئایدیالیزم و ماتریالیزم بەڕوونی لە مێژووی ئیستاتیکادا دەردەکەوێت کە کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر چەمکی جوانی و



ئیستاتیکا بە درێژایی ئەم مێژووە، چونکە هەریەك لەم دوو بۆچوونە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە دەڕواننە چەمکی جوانی و هەوڵی شیکردنەوە و ڕاڤە کردنی دەدەن.

نووسەران و هونەرمەندان گرنگییەکی زۆر بە لایەنی ئیستاتیکی بەرهەمەکانیان دەدەن و تەنانەت هەندێ جار بەرهەمەکانیان تەنها لەپێناو پێشکەش کردنی بابەتێکی پڕ لە ئیستاتیکی و جوانییە، چونکە [لەنێو دونیای هونەر و ئەدەبدا (ئیستاتیکا — جوانناسی) ئامانجێکی گەورە و پیرۆزە. هەموو نووسەرێك بەدوای جوانیدا دەگەڕێ و دەیدۆزێتەوە و لێی ورد دەبێتەوە ... جوانی جیهانی دەرەوە یان بە واتایەکی دیکە بەدوای جوانی و پیرۆزی وشە عەوداڵە و لە ڕێکخستنی وشەکاندا جوانییەکی پتر و مەزنتر وەدی دەکا] [٤٢: ١٢٥]

ئیستاتیکا بەشێوەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ جوانیدا دەکات بە تایبەتی لە هونەردا، بۆیە [ئەگەر ئیستاتیکا لە (جوانی لە هونەر)دا کورتبکرێتەوە لەبەر ئەوەیە کە جوانییەکی تۆمارکراو نییە تەنها لە هونەردا نەبێت. جوانی کەرەستەی ئیستاتیکایە ... و کاری ئیستاتیکا شوێنکەوتنی ئەم بۆچوونە و شیکردنەوەیەتی. بەم جۆرە ئیستاتیکا دەبێتە زانستێکی تیۆری کە لە کێشەکانی جوانی دەکۆڵێتەوە لە هونەردا] [١٣١: ٢٨ - ٢٩]

(دیوت بارکەر) بڕوای وایە ئامانجی ئیستاتیکا [ئاشکراکردنی تایبەتمەندییە جۆرییەکانی هونەری جوانە، هەروەها دیاریکردنی پەیوەندی نێوان هونەر و دیاردە شارستانییەکانی وەك زانست و پیشەسازی و ڕەوشت و فەلسەفە و ئایینە. بەم تێگەیشتنە ئیستاتیکا جیاوازییەکی تەواوی هەیە لە لێکۆڵینەوەی مێژووی هونەر” کە گرنگی بە جەوهەری هونەر نادات، بەڵکو گرنگی بە لەدوای یەکدا هاتنی قوتابخانەکان و شێوازە هونەرییەکان و گەشەکردنیان دەدات] [١٣١: ١٩]

ئیستاتیکا بەشێوەیەکی گشتی لە دوو بەش پێکدێت: [بەشی تیۆری گشتی: کە لە سیفاتە هاوبەشەکانی نێوان شتە جوانەکان دەکۆڵێتەوە، کە دەبنە هۆی هەستکردن بە جوانی، ئەو هەستکردنە بە جوانی بەشێوەیەکی دەروونی شیدەکاتەوە و

بەشێوەیەکی فەلسەفیانە سروشتی جوانی ڕووندەکاتەوە و ئەو مەرجانە دیاریدەکات کە جوانی لە دزێوی جیادەکاتەوە، بەڵام بەشی پراکتیکی تایبەتی: کە لە وێنە هونەرییە هەمەجۆرەکان دەکۆڵێتەوە و ڕەخنە لە نموونە تاکەکانیان دەگرێت، ئەم بەشە ڕەخنەی هونەریشی پێدەگوترێت] [١٠٦: ٤٠٩]

ئەگەرچی زانینی هەستی (الادراك الحسي) کردارێکە دەچێتە ناو هەستکردن بە جوانییەوە، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە کە هەموو زانینێکی هەستی" هەستکردن بە جوانی بێت، [چونکە هەستکردن بە جوانی پێویستە بۆچوونێکی دیاریکراوبێت بۆ جوانی و جیاکەرەوەی ئەو شتانە بێت وەسفیان دەکەین بە جوانی، بەڵام ئەوەی ئەم سیفەتەی لێدادەبڕین، یاخود بە سیفەتێکی دژی جوانی وەسفیان دەکەین ئەوا بەدزێو وەسفیان دەکەین، بەم جۆرە بابەتی ئیستاتیکا لێکۆڵینەوەیە لەو بڕیارانەی پەیوەستن بە شتە جوانەکانەوە، بەم واتایە زانستێکی پێوانەییە بابەتەکەی ئەو بەها و پێوەرانەیە کە ئەم جۆرە بڕیارانەی لەسەر بنیادنراوە] [٩٨: ١١]

هەموو ئەم پێناسە و لێکدانەوانەی ئیستاتیکا جەخت لەسەر جوانی دەکەنەوە و جوانی یان هەستی جوانی یاخود چێژی جوانی بە بنەمای کاری هونەری و ڕەگەزی سەرەکی ئیستاتیکا دادەنێن، لەکاتێکدا بە درێژایی مێژووی ئیستاتیکا جگە لە جوانی دزێویش چووەتە ناو بابەتەکانی ئەم زانستەوە. هەر ئەمەش وای لە (دکتۆر ڕابورت) کردووە بەم پێناسانە ڕازی نەبێ و لەم بارەیەوە دەڵێ: [ئەم زانستە تەنها لە جوانی ناکۆڵێتەوە، بەڵکو لە دزێویش دەکۆلێتەوە] [١٢١: ١٠٥]

لە فەرهەنگی (لالاند)دا ئیستاتیکا [زانستی بڕیارەکانی هەڵسەنگاندنە کە جوانی و دزێوی لەیەکتر جیادەکاتەوە، بەڵام فەرهەنگی (ویبستەر) پێناسەیەکی وردتر بۆ ئیستاتیکا دەکات کە دەڵێ: ئەو بوارەیە مامەڵە لەگەڵ وەسف و ڕاڤەی دیاردە هونەرییەکان و ئەزموونە جوانییەکان دەکات] [١٦٠: ٢١]

کەواتە جوانی تەنها بابەتی ئیستاتیکا نییە بەڵکو دزێویش بابەتێکی تری ئیستاتیکایە، [ئەمەش لە ڕێگای وێنەکان و ئاوازەکان و هێماکانەوە دەبێت بۆ



بەدەستهێنانی سیفەتە جوانییەکانی. ئەگەرچی هونەر گرنگترین بابەتەکانی ئیستاتیکایە، بەڵام تاکە بابەتی نییە، بەڵکو سروشت و مرۆڤ و ئەو شوێنەوارانەی بەرهەمی دەهێنێت هاوشانی شوێنەوارەکانی هونەری پاراو بابەتی ئیستاتیکان، بەم جۆرە ئیستاتیکا دەبێتە ڕێبازێکی فەلسەفی لەکاتێکدا هونەر ئەزموونی تاکە کەسییە] [١٣٤: ١٣]

ئیستاتیکا جوانی و دزێوی دیاری دەکات و [لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی شتی جوان یان دزێو ، هەروەها لە جوانی سروشتی دەکۆڵێتەوە وەك چۆن لە جوانی بەدیهێنراو دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە هونەرەکان و جوانی خود و جوانی واتا دەکۆڵێتەوە، بەمجۆرە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان فەلسەفە و هونەرە] [١٢١: ١٠٦]

[لە لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکدا بۆ مانا تایبەتییەکەی، چەند وتەی وەکو جوان و ناحەز، بەرز و نزم، دراماتیك، تراژیك) کارەساتی(، کۆمیك (پێکەنینی) و ئەپیك (حیماسی) دەخرێنە ڕوو. تەواوی ئەم وتانە نوێنەری تایبەتی تێگەیشتنی ئیستاتیکی ڕاستەقینەن لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا] [١٠: ١١]

لێرەوە دەردەکەوێت کە کاری زانای ئیستاتیکی دانانی پێوەر و بنەما و بڕیار نییە بۆ کاری هونەری، یاخود دانانی مەرجی دیاریکراو بۆ جوانی و داوابکات هونەرمەندان پێوەی پەیوەست بن، بەڵکو زانای ئیستاتیکی [ پرسیار دەکات و شیدەکاتەوە کە بۆچی خەڵك مەرجی دیاریکراو دادەنێن بۆ ئەوەی جوانی لە بابەتێکی دیاریکراودا بەرجەستە بێت] [٩٨: ١١ - ١٢]

فیکتۆر باش دەڵێت: [ زانای ئیستاتیکی تەنها بە هیوابوون کارەکەی لەناو زانینی هەستیدا گەمارۆ نادات، هەروەك چۆن هونەرمەند نییە بەهۆی سروشتی هونەرییەوە لە کارەکەیدا سەرکەوێت، بەڵکو ئەو زانایە و کارەکەی لە تێگەیشتنی دیاردە ئیستاتیکیەکان و کارکردن لەسەر ڕوونکردنەوەی لە زەینماندا گەمارۆ دەدات. زانای ئیستاتیکی کاتێك باسی ڕووداوێك یا کێشەیەك یان بەهایەکی ئیستاتیکی

دەکات، یاخود کردارە ئیستاتیکییەکان شیدەکاتەوە پشت بە پرۆگرامەکانی بۆساغبوونەوە و ئەزموون دەبەستێت] [١٥٦: ٤]

بەمجۆرە کاری زانای ئیستاتیکی لە [گۆڕینی ئەو زانیارییە ئەزموونییەی کە هونەرمەند یاخود داهێنەر هەیەتی بۆ زانیاری تیۆری] [١٥٤: ٩] چڕدەبێتەوە، چونکە ئیستاتیکا [لە بنەڕەتدا گرنگی بە بنەما و کێشە تیۆرییەکانی جوانی دەدات، بەتایبەتی ئەوانەی لێکۆڵینەوەی کێشەی سروشتی جوانی و بەهای جوانی و ئەزموونی جوانی و پەیوەندی نێوان جوانی و ڕاستی لەلایەکەوە و جوانی و خێر لەلایەکی ترەوە لەخۆ دەگرێت] [١٥٦: ٥]

هەموو ئەو پێناسانەی لەلایەن فەیلەسوفان و بیرمەندانەوە بۆ ئیستاتیکا کراون لە خاڵانەدا کورت دەبنەوە:

١- بۆچوونێك ئیستاتیکا بە لێکۆڵینەوەی جوانی دادەنێت، ئەو جوانییە لە هونەردا بێت یان لەسروشتدا.
٢- بۆچوونێك وای دەبینێت کە ئیستاتیکا تەنها لێکۆڵینەوەی چەمك و زاراوە ئیستاتیکییەکانە لەگەڵ شیکردنەوەی واتاکانی شێوە و ناوەڕۆك و جۆر و چێژ.
٣- بۆچوونێك ئیستاتیکا بە لێکۆڵینەوەی وێنەی هونەری دادەنێت.
٤- بۆچوونێك هەموو ئەم بۆچوونانە بە مرۆڤەوە دەبەستێتەوە، کاتێك دەبینێت: هونەر بەرهەمی مرۆڤایەتییە و چەشتن دوورییەکی مرۆڤایەتییە و بڕیاردان بڕیاردانی مرۆڤایەتییە و وێنەی هونەریش بەرهەمی مرۆڤایەتییە. [١٥٠: ١٩ - ٢٠]
٥- بۆچونێك بڕوای وایە ئیستاتیکا جگە لە جوانی گرنگی بە (دزێوی)یش دەدات و دەیکاتە یەکێك لە تەوەرەکانی بابەتەکانی خۆی.

بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی دروست لە ئیستاتیکا بگەین پێویستە باس لە دوو چەمکی (جوانی و دزێوی) بکەین، چونکە ئەم دوو چەمکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ئیستاتیکاوە هەیە.



## چەمکی جوانی

جوانی یەکێکە لەو چەمکانەی کە مرۆڤ هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە هەستی پێکردووە و گرنگی پێداوە . بە درێژایی مێژوو فەیلەسوف و بیرمەندان بەپێی ڕێباز و ڕێچکە فەلسەفی و ئایینی و هونەرییەکانیان ئەم چەمکەیان پێناسە و ڕاڤەکردووە و هەریەکەیان لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە هەوڵیداوە ئەم چەمکە ڕوونبکاتەوە.

[جوانی بە شێوەیەکی گشتی یەکەمین شتە کە ئەقڵی ڕەها درکی پێدەکات، بەپێی پرەنسیپەکان شەکڵێکی ڕاستەوخۆیە، مادامێکی ناوەڕۆکی هەموو شەکڵەکان کە ڕەهایان تێدا دەرك پێدەکرێت یەك بێ، کەواتە مانای ئەوەیە کە هەرخۆیان ڕەهان، ئەم ڕاستەوخۆییە دەبێ بە هەمان ئەو وێنەیە بلکێنرێ کە ڕەهای تێدا درك پێدەکەین، هەر بۆیەش ڕەهایی دەبێ یەکەمجار لەژێر ماسکێکی ڕاستەوخۆدا جیلوە بدات (مەبەست ماسکی بابەتە دەرەکییەکانە) جا بریقەدانەوەی ڕەهایی تیشکەکانی لە ڕێگەی ماسکی جیهانی هەستیدا هەرخۆی جوانییە] [٤٦: ٤٨]

لە پێناسەیەکدا هاتووە: [جوانی ئەو ڕاستییەیە کە پێدادەگرێت لەسەر ڕاکێشانی هونەرمەند بۆ لای خۆی، جوانی سیفەتێکی گشتی مرۆڤایەتییە، لەسەرووی خێر و هەقەوەیە، چونکە ئەوەی خێر و هەق بێت بێگومان جوانیشە، بەڵام هەموو جوانیك خێر و هەق نییە، جوانی سیفەتێکی گشتی ڕەهای مرۆڤە، لەبەر ئەوەی ڕاستییەکی مرۆڤایەتییە" هونەرمەندی داهێنەر بەدوایدا دەگەڕێت] [١٣٥: ٣٠]

جوانی لای فەیلەسوفەکان [سیفەتێکە لە شتەکاندا تێبینی دەکرێت، خۆشی و ڕازیبوون لە دەرووندا دروست دەکات. جوانی لەوسیفەتانەیە کە پەیوەستە بەڕازیبوون و میهرەبانییەوە و یەکێکە لەو سێ چەمکەی کە بڕیارەکانی بەهایان دەدرێتە پاڵ، کە مەبەست جوانی و هەق و خێرە] [١٠٦: ٤٠٧]

هەندێك لە بیرمەند و فەیلەسوفەکان تێڕوانینی ئایدیاییان هەیە بۆجوانی و [بڕوایان وایە کە بەهاکان ڕەهان و ناگۆڕێن" خێروجوانی لە دروستکراوی مرۆڤ نین بەڵکو بەشێکن لە پێکهاتەی بونەوەر] [١٥٢: ٤٩] و وایدادەنین کە [جوانی

ڕاستییەکی ئایدیاییە و لە هەندێك لە شتەکاندا بەرجەستە دەبێت و وایان لێدەکات جـوان بن“ شتە جوانە بەرجەستەکان لەخودی خۆیاندا جوان نـین، بـەڵکو لەبەرئـەوەی بیرۆکـەی جوانیان تێدا دەردەکەوێ جوان دەبن “ واتـە جـوانی ئایـدیایی هـۆی هـەموو جوانیـەکی بینراوە لەسەر زەویدا“ جوانی لای ئایدییەکان لە سەرووی ئەو جوانیە بینراوەوەیە، جاویدان و نەمر و ڕەهایە“ بە گۆڕانی ڕۆژگار و بارودۆخ ناگۆڕێت] [١٣٩: ٢١] لایبینتێز دەڵـی: [جوانی تنۆکێکە لە زەریای خوادا] [١٣٤: ١٠] بەپێی ئەم بیروڕایە جوانی دەگەڕێتـەوە بۆ ئاسمان“ جوانی ئایدیایی (جوانی خودایی) لە سەرووی هەموو جوانیەکەوەیە“ نمونەی ئەم بیروڕایە“ ڕێبازی تەسەوفە کە بڕوایـان وابـوو جـوانی ڕاسـتەقینە و بـەرز و بڵنـد جـوانی خوداییە و لە خودی خوداوەیە و بەرامبەر ئەم جوانییە هەموو جوانیەکی تر دەپوکێتەوە.

تێڕوانینی واقعی بە پێچەوانەی تێڕوانینی ئایدیاییەوە جوانی بە سـیفەتێك دادەنێـت کە مرۆڤ دەیداتە پاڵ ئەو شتانەی بە جوانیان دادەنێت“ واتـە جـوانی شـتێکی خودییـە و تەنها پەیوەستە بە مرۆڤەوە. [جوانی چەمکێکی ڕێژەییە “ پێوەرەکانی لە کەسێکەوە بـۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت“ هەروەك چۆن پلەکانی لە نێوان مرۆڤەکاندا دەگۆڕێـت“ لـە نێـوان جوانیەکی دلڕفێن کە دڵەکان بۆخۆی دەبات“ لەگەڵ ڕەنگکردنێکی دزێودا کە دەبێتە هۆی بێزاری و لەوانەیە ببێتە هۆی ترسیش] [١٦٠: ١٧]

بەم پێیە جوانی خودییە و پە یوەستە بە مرۆڤەوە“ واتە مرۆڤ بڕیاری جـوانی شـتەکان دەدات“ یاخود سیفەتی جوانی دەداتە پاڵیان، هەربۆیە [(هیوم) دەوری یەکەمی بڕیاردانی جوانی بۆ زەوقی ئادەمیزاد دەگێڕێتەوە“ نەك بۆ جوانی لە خۆیدا و دەڵێت: شتەکان جوانن هەرچـەندە جیـاوازی زۆریـش هـەن کـە کەسـان لێـك جیادەکەنـەوە“ هەمیـشە شـتێك دەمێنێتەوە کە ئادەمیزادییە “ کە گەردونییە] [٥١: ٥٦]

هەروەها فەیلەسوفە نوێیە ئەزمونیەکان هەمان بۆچوونی واقعیەکانیان هەیە دەربارەی جوانی و بڕوایان وایە بەهاکانی خێرو جوانی [بەهای ڕێژەیین و تەنها لە هەسـتی مرۆڤـدا بوونیان هەیە “ بە واتای کۆمەڵە بـار و هەڵـچونێکە لـە دەرەوەی خـودی هەسـتپێکەردا بوونی نییە ...لە ناودارترین بوێـژی ئـە م تیـۆرە هەڵـچونیە لـە ڕۆژئـاوا (ریتـچاردز - I.A.Richards) و (ئوگـدن C.K.Ogden)ە کـە پێناسـەی جوانییـان بـەوە کـردووە سیفەتێکە مرۆڤ دەیداتە پال ئـەو شـتانەی کـە بـە هەڵـچونێکی ئاسـوودەکەر هەسـتی دەوروژێنێت] [٩٨: ٨١ - ٨٢]

جاریت دەڵـێ: [ دوو تیـۆری دژ بەیـەك هـەن کـە حەقیقـەتی جـوانی شـیدەکەنەوە یەکـەمیان: پـشت بـە نموونـەی دیـاریکراوی شـتەکان دەبەسـتێت. دووەمـیش: جـوانی دەبەستێتەوە بەخوێندنەوەی ئێمەوە بۆ شتەکان. تیۆری یەکەم مەبەستی لەوەیە کە جوانی بابەتییە لە شتە جوانەکاندایە“ دووەمیش واتە جـوانی خودییـە“ هەرکەسـێك ئـەم شـتە ببینێت واتاکانی جوانی لەلای دەوروژێت] [٨٥: ١٥]

بەڵام بیروڕای ناوەند ئەوەیە کە جوانی چەمکێکی بابەتی نیە و دابڕابێـت لـە خـودی مرۆڤ“ چونکە ئەگەر وابوایە ئەو کاتە بەدرێژایی مێژوو شتە جوانەکان بە جوانی دەمانەوە و شتە دزێوەکانیش بە دزێوی دەمانـەوە و گۆڕانیـان بەسـەردا نـەدەهات. هـەروەها بـە شێوەیەکی گشتیش خودی نییە“ چونکە ئەگەر وابوایە [هەموو کەسێك ئەمـەی دەکـردە بەڵگە بۆ جوان یاخود بە دزێو دانانی شتەکان و ئەو کاتـە هـیچ واتایـەك بـۆ ئـەو چـێژە پەروەردە کراوە نەدەمایەوە کە وامان لێدەکات جوانی ببینین] [٩٠: ٢٣]

کەواتە هەروەك چۆن ناکرێت جـوانی بیرێکـی ڕووتـی پێنەگەیـشتوو بێـت هـەرواش ناکرێت هەڵچونێکی خودی مرۆڤیش بێت“ کە لە بوونی دەرەوەی مرۆڤدا هیچ بنەمایەکی نەبێت، هەر بۆیە بیرمەندانی ئەمڕۆ ڕێککەوتوون لەسەرگرنگی دانانی ڕەهەنـدی تـر کـە دەچێتە ناو دیاریکردنی جوانیەوە لەگەڵ ئەو پەیوەندییە دوو قۆڵییەی خودی هەسـتپێکەر و ئەو بابەتەی کە بڕیاری لەسەردەدرێت بە جوانی] [٩٨: ٨٢] هەستەکانی مرۆڤ یـاخود هەڵچوونەکانی بەرانبەر شتێکی دیاریکراو نابێتە پێوەرێك بۆ بوونی جوانی لـەو شـتەدا، لەبەر ئەوەی [لەگەڵ سیفاتی ئیستاتیکی کە بوونی جوانی دیاری دەکات لە بابەتەکاندا و لەگەڵ خودی هەستپێکەردا“ لایەنی سێیەم هەیە کە ئەو پێوەرانەیە کۆمەڵ دەیـسەپێنێتە سەرمرۆڤ بۆ ئەوەی بڕیارە ئیستاتیکییەکانی ڕاست بێت] [٩٨: ٨٣]

هەندێك بیرمەند و فەیلەسوف بڕوایان وایە ئەوەی دەبێتە هۆی جوانی ڕێكبوون و پەیوەندی و یەكێتی و گونجانی نێوان بەشەكانی شتەكانە. [جوانی ئەوەیە لە نێوان بەش و پێكهاتەی ڕێكبوون و پەیوەندی و یەكێتی و گونجان زۆربێت. ڕووخساری مرۆڤایەتی كاتێك جوان دەبێت كە سەرجەم ئەندامەكانی گونجابن لەگەڵ یەكتردا و هاوسەنگ بن لە قەبارە و شوێندا] [١٣٩: ٢٢]

(ئەبوحەیانی تەوحیدی) دەربارەی جوانی دەڵێ: [ تەواوییە لە ئەندامەكان و گونجانە لە نێوان شتەكان" پەسەندە لای دەروون] [١٣٥: ٣٩] هەروەها لە ئەدەبیشدا: [چامەی شیعری كاتێك جوان دەبێت ئەندامەكانی گونجاو و پەیوەست بن لەنێوان خۆیاندا" هەر بەشێك شوێنی خۆی بگرێت لە زەمینی چامەكەدا" و هەر یەكێكیان یەك بەش لە چاودێری شاعیر وەربگرێت" بەڵام ئەگەر بەشێك زاڵبوو بەسەر بەشەكانی تردا، وەك زاڵبوونی بیر كە لەسەر حسابی بەشەكانی تر گرنگی پێدەدرێت. ئەوا جوانی لەو چامەیەدا نامێنێت" لەبەر ئەوەی لێكدووركەوتنەوە جێگەی گونجان دەگرێتەوە لەنێوان ئەندامەكانی چامەكەدا] [١٣٩: ٢٢ - ٢٣]

یەكەم شت كە لێكۆڵەران توانیان لە پێوەرەكانی دیاردەكانی جوانی دەریبێنن لە سروشت و هونەردا" تا ڕادەیەك ئەو گونجانە گشتییە بوو كە بەبێ ئەو هیچ شتێك جوان نییە. [١٦٢: ٦٩]

ڕایەك هەیە جوانی بە هەستەكانەوە دەبەستێتەوە . ئەم ڕایە زیاتر لە قوتابخانەی هەستیدا بەرجەستە دەبێت كە بەم جۆرە پێناسەی جوانی دەكا [ دیاردەیەكی هەستپێكراوە" هەستكردن بە جوانی كردارێكی هەستییە لە شەقڵی هەستی تێناپەڕێت بۆ هۆشیاری ویژدانە قووڵەكانی ناخی مرۆڤ] [١٣٥: ٣٦] ئەم قوتابخانەیە بەتوندی جوانی دەبەستێتەوە بەهەستەكانەوە.

گەوهەری بیرۆكەی جوانی ئەوەیە كە دەبێ بابەتێكی هەست ئامێز بێت" واتە شتێك بێت لە بەردەم هەستەكان" وەكو پەیكەر یاخود تەلار" یان دەنگە مۆسیقیە جوانەكان" یاخود لانی كەم وێنە گرتنێكی ژیری بێت بۆ بابەتێكی هەست ئامێز وەك چۆن لە شیعردا



هەیە" پێویستە تاكێكی مژادی بێت" واتە نابێت ئەبستراكت بێت" چونكە بابەتی جوان بەرەو لای هەستەكان دەچێت. [١٧١: ٥٩٩]

هربرت رید دەڵێت: [ جوانی دانەی پەیوەندییە شێوەییەكانە لەنێوان ئەو شتانەی كە هەستەكانمان هەستی پێدەكەن] [١٦٩: ١٩]

مرۆڤ بەهەموو پێكهاتەی و هەستەكانیەوە چێژ لە جوانی وەردەگرێت، چونكە جوانی جگە لە هەستە ویژدانیەكان" هەستە لاشەییەكانیش دەوروژێنێت، [ئەگەرچی یەكەمجار بە ئاڕاستەی ئەو دێت و زۆرترین خۆشی لێ وەردەگرێت" بەڵام تێیدەپەڕێنێ بۆ شوێنەكانی هەستكردنی عەقڵیش، بەم شێوەیە كەسایەتی مرۆڤ بەسەرجەم پێكهاتەی و هەستەكانیەوە بەشداری دەكات لە كۆكردنەوەی جوانی و چێژلێ بینینی و كاریگەربوون پێی] [١٦٢: ٦٨]

سپینوزا دەڵێت: [ئەوەی دەمانەوێ لەبەر چاكیەكەی نییە" بەڵكو لەبەرئەوە چاكە ئێمە دەمانەوێ. كەوابوو لە بنچینەدا مەیلی شتێك لەبەرجوانی ئەو شتە نییە"بەڵكو لەبەر ئەوە پێمان جوانە" چونكە دەمانەوێ] [٨٠: ٢٤٣] لێرەدا دەبینین چەمكی جوانی و ویستن بەیەكەوە بەستراوەتەوە" واتە ویستنی شتێك وامان لێدەكات ئەو شتەمان لەلا جوان بێت [عارفەكان (نیاز) بە سەرچاوەی جوانی دادەنێن (نیاز زەرورەتی شتێكە كە تۆ نیتە) هەر شتێك كە نیازت پێ پەیداكرد" ئەوە جوانە" كە نیازت پێی نەبوو" پێویستت پێی نیە و جوان نییە] [٨٢: ١]

بەم پێیە بابەتی پێداویستی دەبێتە بنەما بۆ بە جوانی دانانی شتەكان. واتە مرۆڤ هەتاكو پێویستی بە شتێك نەبێت ئەو شتەی لا جوان نییە، چونكە [لەلای پیاوێك كە خەریكە لە برسێتیدا دەمرێت" قاپێك خۆراك لەوانەیە ئەوەندە جوان بێت لە ژنێكی سی ساڵە جوانتر بێت. لەلای قوتابییەكی زانكۆی تێروتەسەل" ئەگەر ئەم قوتابییە لێی بقەومێ و برسی بێت جوانترین پەرییەكانیش لەلای ئەوەندە جوان نابن و لەوانەیە لەلای ئەو پەرییانە بۆخواردن باشتربن" نووسەرێك كە چەندین ساڵە بۆ نووسینی كتێبێك ڕەنج دەكێشێ و چاوەڕوانی چاپی كتێبەكەیەتی" یەكەم لاپەڕەی كتێبەكەی ئەوەندە جوانە نەبێتەوە" بەڵام

هەر ئەم لاپەڕەیە لەلای جوتیارێك كە هـەوڵێكی زیـاتر و باشـتر لـە نووسـینی كتێبێـك دەدات" بۆ پاككردنـەوەی گـوێزانی ڕیـش تاشـینەكەی باشـترە ] [٨٠: ٢٣٥ - ٢٣٦] بەمجۆرە [جوانی لەسەرەتاییترین هەنگاوەكانیدا هەستپێكردنی ئەو شتەیە كە بەدیهێنەری ئەو ویستە توندەیە. جیاوازی ئەم شتە جوانە لەگەڵ ئەو شتە بە كەڵكە لە بنچینەدا تەنیا لە كەم و زۆری پێویستیدایە] [٨٠: ٢٣٦]

بەڵام هەندێك بیرمەند و فەیلەسوف دژی ئـەم بیروڕایـە دەوەسـتنەوە و بڕوایـان وایـە پێویستی دەبێتە هۆی نەهێشتنی جوانی، (هربت سبنسەر) یەكێكـە لـەو فەیلەسـوفانەی دژی ئەم بۆچوونەن و بڕوای وایە [ئەو ئامانجەی لە پێویستییەوە سەرچاوە دەگرێت هەموو هەستكردنێكی جـوانی لادەبـات و هەوڵـدان بـۆ هێنانـەدی ئامانجێـك لـە ئامانجـە بـە سوودەكانی ژیان وامانلێدەكات سیفەتی جوانی لەو ئامانجەدا فەرامۆش بكـەین] [١٦٠: ٢٥]

لای مرۆڤ لە پاش نەمان یاخود كەمبوونی هەستی برسێتی یاخود پێویستی" هەستی خۆشەویستی دێتە ئاراوە كە لە هەستی جوانیدا خۆی دەنوێنێت چونكە [توانایی ئێمە لە وەرگرتنی هەستی جوانیدا، پێوەندی بە هەستی جنسی ئێمەوەیە، لانی كەم خۆشەویستی هەرئەوەندە خولقێنەری جوانییە كە جوانی خولقێنەری خۆشەویستییە هەر دۆنكیـشۆتێك خۆشەویستیەكەی (دۆلۆڤینا ) بە جوانترین ژنی سەر زەوی دەزانـێ. (دۆگۆرمـۆن) دەڵـێ: ئەگەر مانای جوانی لە بۆقێك بپرسـی وەڵـام دەداتـەوە مێیەكـەی ئەوەیـە كـە لەسـەرە بچوكەكەیدا دووچاوی گەورەی خڕ دەرپەڕیووە و دەمی پان و كراوەیە و زگی زەرد و پشتی قاوەییە] [٨٠: ٢٣٦]

خۆشەویستی پیاو بۆ ئافرەت هەمیشە وایكردووە كە پیاو بنـەماكانی جـوانی تێـدا بەدی بكات و لەلای لە هەموو شتێكی سروشت جوانتر بێت" (ڤیال پاڤنۆس) ڕوو دەكاتـە پیاو و دەڵێ: [من جوانی ژنم" ئەی شێتی بێ مێشك چۆن دەتەوێ لـە دەسـتم دەربـچی؟ بۆهەركوێ بڕۆی" وێنەی من لـە پـشكوتنی گوڵـەكان و پـەڕینی ئاسـكەكان و دەنگـی



چۆمەكان و تریفەی مانگدا دەبینییەوە و ئەگەرچاوت ببەستی مـن لـە خـەودا دەبینـی] [٨٠: ٢٣٦]

هەندێك بیرمەند و فەیلەسوفی تر جەخت لەسەر پەیوەندی چەمكی جوانی بە ژیانـەوە دەكەنەوە و لەو گۆشەنیگای ژیانەوە ئەم چەمكە لێكدەدەنەوە. (چیرنیشیفسكی) دەڵێـت: [ جوانی ژیانە... جوانی ئەو شتانەیە كـە ژیـانی تێـدا دەبیـنین بـەپێی بۆچـوونەكانمان، هەروەها جوانی ئەو شتەیە ژین دەردەبڕێ یاخود ژیانمان بیردەخاتەوە] [١٤٠: ٢٤]

(جێڕنی شۆسكش)یش [جوانی لە تەواو دەركەوتنی هێزەكانی ژیواریدا دەدیت" واتە جوانی و ژیانی بەیەكەوە دەبەستەوە] [١٠: ١٢]

هەندێك بیرمەنـد و فەیلەسـوفی تـر جـوانی بـە یـاری و گاڵتەوگـەپ و ڕابواردنـەوە دەبەستنەوە و بڕوایان وایە جوانی نموونەیەكی خۆشحاڵی مرۆڤە لـەناو گرفتـەكانی ژیـانی ڕۆژانەدا. (سبنسەر و شیلەر) [لە چالاكی جوانیدا وێنەیەكی باڵایان لە وێنەكانی یـاری و گاڵتەوگەپ پێكهێناوە و وای بۆدەچن كە ڕامانی جوانی نموونەیەكـە لـە كـەیفكردن یـان ڕابواردن لە نێوسەر قاڵبییەكانی ژیاندا] [١٣٩: ٢٢]

(بلینێسكی) دەڵێت: [جوانی خوشكی دڵبەند و بەهەقی ڕەوشت و ئەخلاقە، ئەگـەر بەرهەمێك، بەڕاستی بەرهەمێكی پتەوی هونەریی بێت، ئەوا بەرهەمێكیشە بـە ڕاسـتی ڕەوشـتی و ئەخلاقییـە] [١٠: ١٧] ئـەم بیروڕایـە زیـاتر گۆشـەنیگای بیرمەنـدە كۆمەڵناسەكانە كە جوانی و خێرو ڕەوشت بەیەكەوە دەبەستنەوە .

هەندێك لە ئەدیبە ڕۆمانسیست و سیمبولیستەكان چـەمكی جـوانی و تەمومـژییان بەیەكەوە دەبیەستنەوە، ئەم بۆچوونە لە نووسینەكانیاندا ڕەنگی داوەتـەوە، [ئەمانـە وای دەبینن كە جوانی لەو شتە یـاخود بوونەوەرەدایـە لـە جیـاتی ڕوونـی تەمومـژی دەورەی دابێت] [١٣٩: ٢٣]

ئەم ئەدیبانە تەمومژی بە بنەمای جوانی دادەنێن و لایان وایە بۆ ئەوەی شـتێك یـان دەقێكی ئەدەبی جوان بێت پێویستە تەمومژی دەورەی دابێ، وەك دەڵێن: [دەقی ئەدەبی جوان نییە مەگەر تەمومژاوی بێت كە دركی پێناكرێت تەنها پاش هەوڵدانێكی زۆری بـیر

و کرداره بەردەوامـەکانی بـیر نـەبێ بـۆ شـیکردنەوەی نادیارییـەکانی، هـەروەها مـرۆڤ خۆشەویست بێ یـان هـاوڕێ، جـوان نـابێ مەگـەر لێمـان دووربـێ و تەمومژییـەکان و نهێنیەکان دەورەیان دابێت] [١٣٩: ٢٣]

لەگەڵ ئەم هەموو بۆچوون و پێناسانە دەربارەی چەمکی جوانی، (والتەر پیتەر) پێـی وایە پێناسەکردنی جوانی شتێکی بێ مانایە و ناکرێت ئەم چەمکە پێناسە بکرێت، و لـە پێشەکی (الانبعاث)دا دەڵێت: [جوانی وەکو سەرجەم ڕەفتارەکانی تر لە بـەردەم زانیـاری ئادەمیزاددا دەوەستێت، کێشەیەکی ڕێژەییە بەو پێیەی سیفەتی ئەبستراکتی هەیە پێناسە کردنی بێ واتایە یاخود بێسوودە] [١١١: ١٠]

کەواتە دەتوانین بڵێین: هەموو ئەو بیروڕایانەی دەربارەی چەمکی جوانی خراونەتـەڕوو، هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە ئـەم چـەمکەیان خـستۆتەڕوو، بـەڵام هـیچ یـەکێکیان نەیانتوانیووە لێکدانەوەیەکی تێروتەسەل و بێ کەموکوڕی بخەنەڕوو، ئەمەش دەگەڕێتـەوە بۆ خودی چەمکی جوانی، چونکە ئـەم چـەمکە ڕێژەییـە و نادیـارە و بـەردەوام بـەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و شارستانیەتەوە لێکدانەوەی نـوێی بـۆ دەکرێـت، کـە ئەمـەش زیندوویی و گرنگی چەمکی جوانی دەخاتەڕوو.

### جوانی سروشتی و جوانی هونەری

سروشت یەکەمین سەرچاوەی جوانییە، مرۆڤ یەکەمجار لەناو سروشتدا فێری جوانی بووە، مێژووی مرۆڤایەتی گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن، چونکە [لە ڕواڵەتدا بنچینەی هونەر لاساییکردنەوەیەکی هەڵسەنگێندراوە لەو ڕەنگانەی کە سروشت لەکاتی جووتبوونی پەلەوەرەکان و گیانلەبەراندا بەرهەمی دێنێ تا لەبەر دڵی جووتەکەیدا شیرین بنوێنێ، وەك دیتمان باڵدارەکان هێلانەکانیان بە شتی جوان دەڕازاندەوە، مرۆڤە کۆنەکانیش جەستەی خۆیان بەهەندێ ڕەنگی وەها کە بزوێنەری هەستی سێکسییە دەڕازاندەوە] [٨٠: ٢٣٨]

ئەگەرچی جوانی سروشتی یەکەمین وێنەی جوانییە بەڵام ئەم جوانییە یەك پلە نییە، بەڵکو چەندین پلەی هەیە و لە چەند ئاستێکدا دەردەکەوێ. جوانی سروشت ڕۆڵێکی



گرنگی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا و دەبێتە هاندەرێکی باشی مرۆڤ بۆ داهێنان و ئەفراندن و پاکبوونەوەی دڵ و دەروون لە خراپەکاری و پەرەسەندنی هەستی ڕەوشت بەرزی لای مرۆڤ، چونکە [گرنگیدان بە جوانی سروشت خۆی لە خۆیدا خاسیەتێکی ڕۆحی چاکە. کاتێ مرۆڤ لەسەر ژیانی لێخوردبوونەوە و نقوم بوون لە جوانی سروشتدا ڕادێت، ئەمجۆرە ژیانە دەبێتە هۆی ئەوەی هەستی ڕەوشت بەرزی لای مرۆڤ پەرە بسێنێت، بەڵام مەبەست لە جوانی سروشت ئەو جوانییە ڕواڵەتییە نییە کە تەنها لێ خوردبوونەوەیەکی هەستی ئەزموونی لای ئێمە بەرپا دەکات، بەڵکو جوانی ئەو فۆڕم و دیمەنانەی سروشتە کە جۆرە بایەخێکی عەقڵی و ڕەوشتی پەتی بەرپابکەن] [٥١: ٧٢].

جوانی سروشتی ڕاستییەکی بابەتییە و هیچ پەیوەندییەکی بە سوودخوازی یان مەبەستەوە نییە، مرۆڤ لەبەر ئامانج یاخود مەبەستە تایبەتییەکانی خۆی نییە کە شتەکان بەجوان دادەنێ، چونکە [کاتێ مرۆڤ لە جوانی گوڵێکی کێوی یا پەلەوەرێکی کێوی یا زیندەوەرێکی وێڵ خورد دەبێتەوە، ئەوسا گرنگییەکی عەقڵی ڕاستەوخۆ بە جوانی سروشت دەدا، بەبێ ئەوەی هیچ ڕاکێشانێکی هەستی یا ئامانجێکی کەڵکدار کاری تێ بکات ... مرۆڤێك کە تامەزرۆی جوانی سروشت بێت ئەو جوانییە لە هیچ بەرهەمێکی لاسایی کراوەدا بەدی ناکات] [٥١: ٧٢]

سروشت سەرچاوەیەکی سەرەکی بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییە، لەبەر ئەوەی هونەرمەند خاوەن هەستێکی ناسکە و بە وردبوونەوە لە جوانییەکانی سروشت و دیاردەکانی دەتوانێ داهێنان بکات و کارەکەی بەرەو ئاستی باڵا بەرێ، هەروەها [زۆربەی خەڵك حەزدەکەن لە ئەدەبدا ئەو کەس و شتانە ببینن کە لە سروشتدا خۆشیان دەوێن هاوشانی شێوازی نایاب و پێکهاتەی پتەو. بۆ نموونە خەڵك حەز دەکەن لە چیرۆك و شانۆگەریدا وێناکردنی پاڵەوانە نیشتمانییەکان، یان نموونە جوامێرەکان، یاخود کەسایەتی لایەنگری مرۆڤایەتی ببینن و نایانەوێت کەسایەتیە دوژمنە سەرسەختەکاتی مرۆڤایەتی ببینن هەرچەندە وێناکردنەکەی پتەوبێت و نووسەرەکان بە شێوەیەکی نایاب پێشکەشیان کردبێت] [١٥٨: ٣٥٧]

بێگومان لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە پتەوەی نێوان مرۆڤ و سروشت کۆمەڵە چەمکێکی نوێی جوانی دروست دەبن و [ئەو چەمکانەی جوانی کەلە ئاکامی پەیوەندی ئادەمیزاد لەگەڵ سروشتدا لەدایك دەبن لە هونەردا ڕەنگ دەدەنەوە، بە مانایەکی تر بڕیاردانی جوانی و دزێوی شتەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئادەمیزاد خۆی و جۆری هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ بابەتەکە و هەڵوێستی تایبەتی خۆی بەرامبەری، لێرەوە زۆرجار هونەرمەند بابەتی ناشرین و دزێویش دەکات بەبابەتی هونەرەکەی و لەبۆتەی جوانیدا دادەڕێژێت] [٥١: ١٥]

سروشت دەبێتە دەبێتە کەرەستەی هونەر، بەڵام پێویستە هونەرمەند بەشێوەیەکی داهێنەرانە ئەم سروشتە لە بەرهەمەکەیدا بەکاربهێنێ، چونکە [جوانی ئەم سروشتە نییە کەوا دەکات کاری هونەری جوان بێت، لەبەر ئەوەی ئەو شتە جوانانەی کەلە هونەردا دەردەکەون شتی وایان تێدایە لەخودی خۆیاندا دزێون. جوانی یان دزێوی لەکاری هونەریدا ئەو جوانی یان دزێوییە هاوشێوەیە نییە لە سروشتدا، بەڵکو شتێکە بۆ ئەو جوانی و دزێوییەی لە سروشت دا هەیە زیاد دەکرێت] [١٣٥: ١٦٥]

جوانی سروشتی بە دیمەنە دڵڕفێنەکانی دەبێتە هۆی جوڵاندنی هەستەکانی هونەرمەند، بەڵام [ئەوەی لێرەدا ڕوونە شتێك یاخود دیمەنێکی سروشتی نییە چوارچێوەیەکی هەبێت سەرەتا و کۆتاییەکەی دیاری بکات. هونەرمەندی داهێنەر ئەو کەسەیە ئەم چوارچێوەیە دروست دەکات، پاشان هەرکارێکی هونەری لەڕووی هونەرییەوە تەواو ترە لەو بەشە سروشتییەی کەلە حاڵەتی سروشتی خۆیدایە لەناو بەشەکانی تری سروشتدا] [١٣١: ١٧ - ١٨]

ئەو جوانییەی کەلە ئەنجامی پەیوەندی هونەرمەند بە سروشتەوە لەدایك دەبێت [لای هونەرمەندی هەستیار چڕبووەتەوە لە خەیاڵی داهێنەرانەیدا .. داهێنانێکی هونەری، وێنەیەکی نوێ دروست دەکات کە سیفەتەکانی جوانی تێدا کۆدەکاتەوە و لەسەر بنەماکانی کردارەکانی هەڵبژاردن و لێکدانەوە و ڕێکخستن دامەزراوە، کە ئەمەش پێچەوانەی گواستنەوەی ڕاستەوخۆی جوانی سروشتییە] [١٣١: ٢٧]



بەمجۆرە دەردەکەوێت کە جیاوازییەکی ئاشکرا و ڕوون لەنێوان جوانی سروشتی و جوانی هونەریدا هەیە، [چونکە جوانی سروشتی دەستکردی سروشتە و جوانی هونەری دەستکردی مرۆڤە، واتە جوانییەکی داهێنراوە، دۆزراوەیە، دروستکراوە، ڕەنگدانەوەی دەروونە لەسەر سروشت، یان هەستانی دەروونە لەناو دڵی سروشتدا و دۆزینەوەی ڕاستییەکانە، کە زانست ناتوانێت بیدۆزێتەوە یاخود دانی پێدابنێت. لەجوانی سروشتدا ڕاستی گاڵتەپێکەرە، بەڵام ڕاستی لە جوانی هونەریدا نهێنی و ئاشکرایە، هەربۆیە ئەوەی لە بوونەوەردایە کەرەستەی جوانی هونەرییە .. هونەر ئەوەی کە جوانە یان دزێوە لە سروشتدا دەگۆڕێت بۆ جوانی]. [١٧٩: ٣٠]

سەبارەت بەوەی کە جوانی سروشتی بەرزترە یاخود جوانی هونەری بیروڕای جیاواز هەیە، هەندێك لە بیرمەندان بڕوایان وایە جوانی سروشتی بەرزترە لە جوانی هونەری، لەوانە (ئەفلاتون)* کە بڕوای وایە هونەر لاساییکردنەوەی سروشتە و شتی لاساییکراوەش هەمیشە لە شتی لاساییکەرەوە بەرزترە، بەڵام زۆربەی بیرمەند و فەیلەسوفەکان بڕوایان وایە جوانی هونەری لە جوانی سروشتی بەرزترە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێیان وایە جوانی هونەری پێشکەشکردنی جوانییە بۆ شتێك کە ڕەنگە لە خودی خۆیدا دزێو بێ، لەکاتێکدا جوانی سروشتی پێویستە خۆی ڕەگەزی جوانی تێدابێت.

## چەمکی دزێوی

بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی دروست لە جوانی بکەین، پێویستە باس لە بابەتێکی پەیوەست بە جوانییەوە بکەین کە (دزێوی)یە، چونکە [جوانی ناتوانێت لە ڕەهادا یاخود لە بۆشاییدا دەرکەوێت لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی سروشتی پەیوەستە بەشتێکەوە کە ناوی (دزێوی)یە. (دزێوی) بووەتە کەرەستەیەك بۆ هەمەجۆرکردنی جوانی و هونەری نوێی لەسەر دامەزراوە بەو پێیەی سیفەتێکی داهێنانیی ڕێژەیی پێشکەوتووە بە بۆچوونی هیگڵی] [١٦٠: ١٩]

* بڕوانە: (٧: ٤٧١- ٥٠٠)

(ڕوز غەریب) لە بارەی (دزێوی)یەوە دەڵێ: [(دزێوی) ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی هونەر، لە سەردەمە کۆنەکانەوە بەشێکی زۆری کەرەستەی خاوی هونەری لێ پێکدێت کە سروش بە هونەرمەندان دەبەخشێت، مەبەستمان لە (دزێوی) هەموو بابەتێکە کە ناتەواوییەکانی سروشت و کۆمەڵ وەردەگرێت لە جێگەی جوانییەکانی. لای یۆنانییەکان و عەرەبە کۆنەکان هونەری تایبەت بە (دزێوی) دەبینین، لەوانە: هەجوو، گاڵتەجاڕیکردن، ئەم هونەرانە لای یۆنان پێشکەوتوون بۆ هونەری شانۆیی ناسراو بە کۆمیدیا، کە (دزێوی)یەکانی کۆمەڵ و گاڵتەجاڕییەکانی دەخاتەڕوو] [١١٣: ١٢٤]

گرنگیدان بە (دزێوی) مێژوویەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانیەکان، [ئەرستۆ جوانی کاری هونەری گەڕاندووەتەوە بۆ سەرکەوتنی لاساییکردنەوە بەچاوپۆشین لەشتی لاساییکراوە (جوان بێت یاخود دزێو)] [١٣١: ٥٨]

لە ئەورپا و لە سەدەی هەژدەم پاش بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی هونەرمەندان گرنگییەکی زۆریان بە (دزێوی) داوە و لەپاش ئەوانیشەوە سیمبولیستەکان و سوریالیستەکان هەمان ڕێچکەی ڕۆمانسیستەکانیان گرت لە گرنگیدان بە بابەتە و ئەمەش لەبەرئەوەی باوەشیان کرد بە بنەمای سۆفیزم (یەکێتی بوون)دا، و بەهۆی ئەم بنەمایەوە بڕوایان بە یەکسانی لەنێوان جوانی و دزێوی، خێر و شەڕدا هێنا و بڕوایان وابوو لە بوونەوەردا (شەڕ)ی ڕاستەقینە نییە، لەبەرئەوەی دزێوی دەبێت بە جوانی و جوانی بە دزێوی، لە خێرەوە شەڕ سەوز دەبێت و لە شەڕیشەوە خێر. [١١٣: ١٢٧] پاشان (دزێوی) [لە سەدەی نۆزدەهەم گەشەی کرد و گەورە بوو، بووە بەشێکی دانەبڕاوی تیۆری ئیستاتیکی، بەڵکو ئەوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم جیادەکاتەوە زاڵبوونە بەسەر کێشەی دزێویدا و گواستنەوەیەتی لە ئەبستراکتەوە بۆ هەست پێکراو] [١٣١: ٥٧] ئەمەش دەرگایەکی تری داهێنان بوو بەڕووی هونەرمەندا کرایەوە و [سروشتی دەربڕینی دەربارەی بەها ئیستاتیکییە نوێیەکان پێبەخشی] [٩٨: ٨٥] بەجۆرە (دزێوی) نەك هەر بووە بەشێك لە ئیستاتیکا، بەڵکو هەندێك هونەرمەند لە جوانی زیاتر گرنگیان پێیدا، چونکە [بڕوایان وابوو کە وێناکردنی (دزێوی) ئازارەکان لە هونەردا کاریگەری لەسەر



دەروون زیاترە لە وێناکردنی جوانی و بەختەوەری و بەتواناتریشە لەسەر جوڵاندنی سۆزەکان. ڕەخنەگرانی کۆن لەسەر ئەوەن (دۆزەخی - دانتی) مەزنترین بەشە لە (کۆمیدیای یەزدانی) دا ... تۆڵستۆی لە دەستپێکی (ئان کارینا)دا دەڵێ: بەختەوەرەکان یەك چیرۆکیان هەیە ناگۆڕێت، بەڵام بەدبەختەکان هەریەکەیان چیرۆکی تایبەت بەخۆیان هەیە] [١١٣: ١٢٥] هەروەها (بۆدلێر) زیاتر گرنگی بە دزێوی دەدا و [لەجیاتی ئەوەی لە جوانی بگەڕێت لە ناشرینی دەگەڕا، لەجیاتی ئەوەی لە باشە بگەڕێت لە خراپە و (فەساد) دەگەڕا. پێویستیشە بەشێوەیەکی فەلسەفی لە بۆچوونەکانی بۆدلێر لەمەڕ شیعرەوە تێبگەین. ئەو مەبەست لە بۆدلێر- ە خۆی بە ئیستاتیکای ناشرینەوە خەریك دەکرد، ئەمەش دیسانەوە جوانیی خۆی هەیە. ئەنجامیش جوانترین و دەگمەنترین شیعری بە زمانی فەرەنسی بۆ بەجێهێشتووین] [٦٦: ١٩]

(ڕۆزەنکرانز- Rozenkronz) ئازادی بە بنەمای جوانی و نەبوونی ئازادیش بە بنەمای دزێوی دادەنێت و بڕوای وایە کاتێك دزێوی دەچێتە ناو بواری هونەرەوە یاساکانی جوانی وەردەگرێت. لەم بارەیەوە لە لێکۆڵینەوەی (ئیستاتیکای دزێوی The Aesthetic of the ugly)دا دەڵێ: [دزێوی راستەقینە مەرجەکانی تێدا بەدی نایەت هەتاوەکو تایبەتمەندی نەبوونی ئازادی لەو بوونەوەرەدا بەدی نەکەین، کە توانای ئازاد بوونی هەیە ... ئەگەر دزێوی بچێتە ناو بواری هونەرەوە وێنەیەکی نموونەیی وەردەگرێت کە یاسا گشتییەکانی جوانی دەیداتێ وەکو ڕێکبوون و گونجان و هێزی تاك دەربڕینی، ئەمەش مەبەست سووککردنی جوانی یاخود گۆڕینی نییە بە ئاگاداری کردنی، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە مەبەست جەخت کردنە سەر سروشتی ڕەسەنی نایابییەتی] [١٣١: ٦٠)

بەجۆرە وردەوردە [بەهاکانی ناتەواوی و دزێوی بەهای ئیستاتیکی خۆیان وەرگرت و چوونە بواری جوانییەوە، نەك هەر ئەوە بەڵکو بوونە شێوەیەکی تر لە شێوەکانی جوانی و بوارێك بۆ چێژی هونەری و دەربڕینێك بۆ خودی مرۆڤ و ئاوێنەیەك بۆ ناخی، کە پڕە لە نهێنییەکان] [٩٨: ٨٥]

## تەوەری دووەم
## گەشەسەندنی مێژوویی ئیستاتیکا

### ئیستاتیکا لای یۆنان

یۆنانەکان یەکەمین نەتەوەن" کە بۆ یەکەمجار بناغەیەکی فەلسەفییان بۆ سەرجەم زانستەکان دانا لە ناویشیاندا جوانی و هونەر. یۆنانییەکان هەستیان بە جوانی کرد و پەیوەندی ئەم جوانییەیان بە خێر و حەقەوە لێکدایەوە و رۆڵێکی بەرچاویان بینی لە گەشەکردنی جوانیدا.

لەسەردەمی یۆناندا زۆر گرنگی بە جوانی درا و [بیرە جوانییەکان لە سەردەمی کلاسیکیدا گەیشتە چلەپۆپەی گەشەکردنی. واتە لەماوەی نێوان سەدەکانی شەشەم و سێیەمی پێش زاین. لەم ماوەیەدا داستانەکانی هۆمیرۆس (ئەلیازە و ئۆدێسە) و داستانە شیعرییەکانی (هیسیودوس) دەرکەوتن، هەروەها شیعرە عاتیفییەکان و دراما و یاداشتە مێژووییەکان و هونەری دواندەری بوژایەوە] [١٤٩: ٩ – ١٠]

**شاعیرەکانی یۆنان:** یەکەمینی ئەوانەن کە توانیان لە شیعرەکانیاندا ئاستێکی بەرز و دەربڕینێکی جوان و ناوەڕۆکێکی پتەو بەرجەستە بکەن و گرنگییەکی زۆر بە بنەما و شێوازە جوانەکان بدەن و بۆ یەکەمجار زاراوەکانی پەیوەست بە ئیستاتیکایان بەکارهێنا و جەختیان لەسەر جوانی ڕەوشتی و جوانی ڕۆحی کردووەتەوە و بڕوایان وایە [جوانی ڕەوشتی هاوشانی جوانی لاشەییە، هەروەها جەخت لەسەر بڵندی چەمکی جوانی ڕۆحی دەکەنەوە، و لەلایان جوانی هەستی پەیوەستە بە جوانی هونەرییەوە]. [١٦٠: ٩٣]

١- **هۆمیرۆس** لەو شاعیرانەیە کە بۆ یەکەمجار زاراوەکانی ئیستاتیکا (جوان و هاوسەنگ و گونجاو)ی بەکارهێناوە. هەروەها هونەریش بە پیشە دەزانێ و داهێنانی هونەری بە کارێکی لاشەیی بەرهەمهێنەر دادەنێت و [کاتێك دەربارەی داهێنانی



هونەری قسە دەکات وەکو پیشەیەك لێی تێدەگات. هۆمیرۆس لە (ئەلیازە و ئۆدێسە)دا وەسفی سەما دەکات و دەربارەی کاریگەری مۆسیقا و گۆرانی لە ژیانی خەڵکی یۆناندا دەدوێ و چیرۆکێك دەربارەی (دیمۆدۆك)ی گۆرانیبێژ دەگێڕێتەوە کە بە گۆرانییەکانی کاریگەری لەسەر جەنگی (تەروادە) و خودی (ئولیس) کردووە و گریاندوویەتی] [١٤٩: ١١ – ١٢]

٢- **سیمۆندز** (Simonides 556 – 468 پ.ز) شاعیرێکی یۆنانییە و وەسفی شیعر بە وێنە دەکات و دەڵێ: [وێنە شیعرێکی بێ دەنگە و شیعریش وێنەیەکە بە دەنگ دەردەبڕدرێت] [١٤١: ٤٦] هەروەها لە چامەکانیدا وێنەی دیمەنێك دەکێشێت کە گفتوگۆ لەگەڵ گشت هەستەکاندا دەکات.

**هیراقلیتس** (٥٣٠ – ٤٧٠ پ.ز) یەکەم فەیلەسوفە کە فەلسەفەکەی لەسەر بنەمایەکی ماتریالی بنیاد ناوە و دیالێکتیکی لە فەلسەفەکەیدا بەکارهێناوە. هیراقلیتس بڕوای وایە هەموو شتەکان ڕێژەیی و گۆڕاون و هیچ شتێکی سەقامگیر لە بوونەوەردا نییە، بەڵام ئەم ڕێژەیی بوونە لەسەر بنەمای جۆرەکانە، لەم بارەیەوە دەڵێ: [جوانترین مەیمون دزێوە بە نسبەت ڕەگەزی مرۆڤەوە، هەروەك جوانترین مرۆڤیش کاتێك بە یەزدان بەراورد بکرێ وەکو مەیمون وایە لە زیرەکی و جوانیدا] [١٤٩: ١٤] هەروەها هیراقلیتس بە پێچەوانەی فیساگۆرسەکانەوە جەخت لەسەر گونجانی دژەکان ناکاتەوە، بەڵکو جەخت لەسەر بەربەرەکانییان دەکاتەوە، کاتێك دەڵێ: [لە بوونەوەردا شتێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی نییە هەموو شتێك دەگۆڕێ و دەڕوات، هەموو شتێکیش لە ئەنجامی بەربەرەکانییەوە بەرهەم هاتووە] [١٤٩: ١٤]

هیراقلیتس بڕوای بە ڕێژەیی بوونی جوانی هەیە و [لە یەزدانەوە نموونەیەکی تەواو و باڵای بۆ جوانی داناوە و وای دەبینێ سەختە زانستێکی تایبەت بتوانێ چارەسەری جوانی بکات، ئەمەش لەبەر ڕێژەیی بوونی جوانییەکانە لای خەڵك] [١٦٩: ٢٦]

**فیساگۆرسیەکان:** رۆڵیان لە بەرەو پێش چوونی ئیستاتیکادا هەبووە و بنەمای هەموو شتەکانیان بۆ سیستەمی ژمارەکان دەگەڕاندەوە و لایان وابوو ژمارەکان

جەوهەری شتەکان پێکدەهێنن. دامەزرێنەری فەلسەفەکەیان (فیساگۆرس)ە کە [بیرکاریزان و مۆسیقار بووە، و ئەوەی سەلماندووە کە دەنگەکان پاشکۆی درێژی شەپۆلە دەنگییەکانن و تایبەتمەندیەکانیشی پشت بە بنەڕەتە ژمارەیەکان دەبەستن و هەموو بونەوەرێك لە ژمارەکان پێکدێت. سروشت بەپێی ژمارەکان و پێوەرە دیاریکراوەکان پێکدێت، شتەکانیش سەمفۆنیای مۆسیقی لەگەڵ ئاوازدا پێکدێنن کە یاسای بونەوەرە و گونجانیش لە یەکێتی جۆرەکاندایە] [١٦٠: ٩٣]

هەروەها دەتوانرێت ڕامانی فەلسەفی و چێژی هونەری مۆسیقی بە خاڵی سەرەتایی دیاری کردنی بیروڕای فیساگۆرس دابنرێت لە جوانی هونەریدا، هەروەها ئەم تیۆری هونەرەی لەسەر مۆسیقا جێ بەجێ کرد. [٩٩: ٢٦]

فیساگۆرسیەکان ئایدیایی بوون لە ڕوانگەی بۆچوونە فەلسەفیە ئایدیەکەیانەوە هەوڵیان دەدا بنەمای هەموو شتێك بگەڕێننەوە بۆ ژمارەکان و بڕوایان بە بیری زۆرانبازی هەبوو لە نێوان دژەکاندا و لایان وابوو ئەم بیرە لە کۆتایدا دەبێتە هۆی دروست بوونی یەکێتی و گونجان و هاوپەیمانی نێوان شتەکان چونکە [دەگونجێت ئەم بیری هاوپەیمانی یان گونجانە بیرێکی ڕێکوپێکی تیۆری فیساگۆرسەکان بێت لە دژەکاندا، چونکە فیساگۆرسی فەلسەفەیەکە بوون بۆ دوو ئاست جیا دەکاتەوە ئاستی بوونی ماقوڵ و ئاستی بونی هەست پێکراو، هەروەها بڕوایان بە دوانەی لاشە و دەروون هەیە و ئەم فەلسەفەیە دە تایبەتمەندی نێوان دوو لایەنە بەرامبەرەکاندا جیا دەکاتەوە] [٩٩: ٢٧]

**دیموکریتس** (٤٦٠ — ٣٧٠ پ.ز) بیروڕا جوانییەکانی (دیموکریتس) لە بیروڕاکانی (فیساگۆرسیەکان و هیراقلیتس) نزیك دەبێتەوە. جوانی لای (دیموکریتس) [ڕێکبوونە لەهەموو ڕووەکانییەوە و لەسەر سیستەمێکی پتەو دامەزراوە و ڕێکبوون و گونجانە لەنێوان بەشەکان و لە لۆگاریتمی ڕاست دایە، بەڵام گرنگترین بیروڕاکانی هەوڵدانییەتی بۆ دانانی لێکدانەوەیەکی سروشتی بۆ هونەر] [١٦٠: ٩٤]



دیموکریتس جەخت لەسەر لاساییکردنەوە دەکاتەوە و بڕوای وایە مرۆڤ یەکەمجار لە لاساییکردنەوەی سروشتەوە دەست پێدەکات و سروشتیش بە مەرجێکی سەرەکی بوونی هونەر داناوە.

**سۆفستاییەکان:** سۆفستایی لەنیوەی یەکەمی سەدەی (٥ پ.ز) بەو کەسانە دەگوترا کە ڕەوانبێژی و سیاسەت و وەرزشیان بە پارە فێری خەڵك دەکرد. سۆفستاییەکان بڕوایان بەڕێژەیی بوون هەیە و مرۆڤ بە سەرچاوەی هەموو شتێك دادەنێن و [هەڵوێستی ڕەخنەئامێزیان بۆ کەلەپوور هەبوو، هەروەها سەرجەم بەهاکانی هاوشێوەی بەها ڕەوشتییەکان و بەها هونەرییەکانیان دەگەڕێننەوە بۆ سەرچاوەی مرۆڤی و لەسەر ئەم بنەمایە هونەریان وەك دیارەیەکی مرۆڤایەتی سەیردەکرد کە ناگەڕێتەوە بۆ بنەڕەتێکی یەزدانی یان سەرچاوەیەکی پیرۆز، و ڕوونیان کردەوە کە بەها جوانییەکان دەکرێ بە گۆڕانی بارودۆخی ژیانی مرۆڤ و جیاوازی کات و شوێن بگۆڕێن] [٩٩: ٢١]

**پرۆتاگۆراس** (٤٨٠ — ٤١٠ پ.ز) یەکێکە لە فەیلەسوفە گەورەکانی سۆفستایی و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دەرکەوتن و دیاریکردنی چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ ئیستاتیکا. (پرۆتاگۆراس) بە توندی جەختی لەسەر ڕێژەیی بوونی شتەکان دەکردەوە و گومانی لە گەیشتن بە دڵنیایی (یقین) دەکرد و بڕوای وابوو [زانیاری تەنها پەیوەستە بە مرۆڤەوە و پێوەری هەموو شتەکانە و حەق و دڵنیاییش لە چوارچێوەی ئەم مرۆڤە دان، واتە حەق و دڵنیایی ڕێژەیین] [١٢٦: ٥١]

**سوقرات** (٤٧٠ — ٣٩٩ پ.ز) فەیلەسوفێکی گەورە و ناوداری یۆنانە. گرنگییەکی زۆری بە بیری جوانی داوە و بە پێشەنگی ئەم بوارە دادەنرێت. (سوقرات) [لە بیروڕا ئیستاتیکییەکانیدا بە تەواوی لە ماتریاڵی ساکار دوور کەوتبووەوە و ڕووی لە ئایدیا کردبوو، ... لەلایەنەکانی کردارەکان و ڕەفتارەکان و ئارەزووەکانەوە گرنگی بە مرۆڤ داوە و لە گۆشەنیگای مرۆڤناسییەوە بابەتە جوانییەکانی لێکداوەتەوە] [١٤٩: ١٦] ئەمەش لەبەرئەوەی بڕوای وابوو هەموو چالاکییەکی مرۆڤ ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە، کە بەرزترینی ئەو ئامانجانە خێری ڕەهایە.

سوقرات لە سەرووی هەموو جوانییەکەوە جوانییەکی تر دادەنێت کە جوانی بەرز و باڵا" جوانی یەزدانییە و دەڵێ: [جوانی سیفەتێکی تایبەتی نییە کە بە سەدان یاخود هەزاران شتەوە بەسترابێتەوە. خەڵك، ئەسپ و قیسارە هەموویان جوانن، بەڵام لە سەرووی هەموو ئەمانەوە جوانی خۆی هەیە] [١٦٠: ٩٥]

پوختەی بیروڕاکانی سوقرات لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆ دەبێتەوە:

١- بڕوای وایە دوو جیهان هەیە: جیهانی ئایدیاڵ و جیهانی ماتریاڵ.

٢- لە فەلسەفە جوانییەکەیدا جەختی لەسەر بنەمای ئامانجداری دەکردەوە.

٣- جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان هونەر و سروشت دەکاتەوە.

٤- هونەرمەندی داهێنەر ئەو هونەرمەندەیە کە دەروونی لە ناتەواوییە هەستییە ماتریالییەکان پاکدەکاتەوە و بەرەو جیهانی ئایدیا هەڵدەکشێ. [١٦٤: ١٧ - ١٧]

**ئەفلاتۆن** (٤٢٧ — ٣٤٧ پ.ز) فەیلەسوفێکی گەورەی یۆنانە. خاوەن بیروباوەڕێکی فەلسەفی ئایدیاییە. بڕوای وایە [بیر هۆکاری پێکهاتنی شتەکانە، شتە هەستپێکراو و بەرجەستەکان ڕەنگدانەوەی بیرە ئایدیاییەکانن کە هەستیان پێناکرێت و بەرجەستە نین] [١٤٩: ٢٠] ئەم بۆچوونە ئایدیاییەی ئەفلاتۆن بنەمای سەرجەم بیروڕاکانییەتی بە بیروڕای جوانیشەوە.

ئەفلاتۆن دەڵێ: [ئەگەر هەوڵماندا بۆ گەڕان بەدوای جوانیدا لە شتە هەستییە بینراوەکاندا ئەوا نایدۆزینەوە، چونکە جوانی شۆخیی سەرگەردان نییە ... بەڵکو ئەو جوانییەی کە پێویستە فەیلەسوف لێی بکۆڵێتەوە جوانی ڕەهای ماقوولە کە هیچ دزێوییەکی تێکەڵ نابێت، ئەویش جوانی خود یان جوانی ئایدیاییە] [٩٨: ٨٧]

لای ئەفلاتۆن ئەو جوانییەی لە جیهانی هەستپێکراودا هەیە ڕەنگدانەوەی یاخود سێبەری جوانی ئایدیاییە، ئەمەش پلەپلەیی و زینجیرەیی جوانی ئەفلاتۆنی دەگەیەنێت کە لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر دەڕوات تاکو دەگاتە جوانی ئایدیایی. ئەم پلەپلەییەی جوانی ئەفلاتۆنی (٣) قۆناغی هەیە:



١- جوانی شێوەیی: واتە جوانی شێوەکان (جوانی هەستی).

٢- جوانی ڕەوشتی و عەقڵی: واتە جوانی بیرەکان کە (جوانی زانیاری)یە.

٣- جوانی ڕەها: واتە جوانی هەمیشەیی (جوانی ئایدیایی). [١٦٠: ٩٧]

لای ئەفلاتۆن ڕێگای گەیشتن بە جوانی ئایدیایی خۆشەویستییە، چونکە وای دەبینێ کە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان خۆشەویستی و جوانیدا هەیە و لە زۆربەی وتووێژەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە. [ئەفلاتۆن پێمان ڕادەگەیەنێ خۆشەویستی گەڕانە بەدوای جوانی ڕەها و نەمری و ڕۆحی خواوەند و گەڕانە بەدوای ڕاستی سروشت و حەز بوونە لە نەمری پاك. ئەمیش جیهانی بەرجەستەی هەستپێکراوە بەهۆی خودی جوانی خۆی مرۆڤ دەتوانێ بگاتە خواوەندی ڕەهایی] [٦٤: ٣٣]

ئەفلاتۆن دەڵێ: [ئەگەر گوڵێکی جوان، یا ئینسانێکی جوانت خۆشویست ئەوا لە حەقیقەتدا فکرەی خۆشویستنی جوانییەکەت لەسەردایە کە ئینسانەکە، یا گوڵەکە تەمسیلی کردووە][٣٤: ٤٢٦]

ئەفلاتۆن بڕوای بە لاساییکردنەوە هەیە و هونەر بە لاساییکردنەوەی سروشت دادەنێت، بەڵام لاساییکردنەوەی سروشت دوور کەوتنەوەیە لە حەقیقەت، چونکە دارتاش کاتێك مێزێك دروست دەکات هەنگاوێك لە حەقیقەت دوور دەکەوێتەوە، چونکە ئەوەی دارتاش دروستی دەکات ماهیەتی مێزەکە نییە بەڵکو دارتاش شتێك دروست دەکا هاوشێوەی حەقیقەتەکەیە کە هەمان شت نییە. [٧: ٤٧٥]

کەواتە حەقیقەت تەنها لە جوانی ئایدیایی دایە و شتە ماتریالییەکانی جیهانیش سێبەر و لاساییکەرەوەی نموونەی ڕاستەقینەی جیهانی ئایدیان و هونەرمەندیش کاتێك لاسایی شتەکان دەکاتەوە" لاسایی لاساییکراوە دەکاتەوە و بەمەش دوو هەنگاو لە حەقیقەت دوور دەکەوێتەوە، بەم شێوەیە [هونەرمەند نەك تەنها لە واقیع دوور دەکەوێتەوە، بەڵکو دەبێتە کۆسپێکیش لەڕێگەی تێگەیشتنی حەقیقەتی بوون، چونکە زۆرجار هونەرمەند شتی وا دەردەبڕێت کە دزێو و خراپن. بۆ نموونە هونەرمەند

دیمەنی کەسێکی سەرخۆش یا تاوانکار یا هیچ و پوچ دەکێشێ .. کاری خراپ دەکاتە سەر بینەران و گوێگران و بۆ ئەم کارە بەدانە پاڵیان پێوە دەنێت] [٥١: ٢٤]

ئەفلاتۆن باوەڕێکی زۆری بەوە هەیە کە هونەر کار دەکاتە سەر خەڵك. [هەر بۆیەش لە کۆمارە نموونەییەکەیدا کۆتێکی گەورە دەخاتە پێی هونەر و پەیڕەوێکی توندوتۆڵ دادەنێ کە نابێ هونەرمەندان لێی دەرچن. ئەفلاتۆن بەچاوێکی پڕ مەترسییەوە دەڕوانێتە شیعر. شیعر ئەو هەوەس و ئارەزووانە هاردەکا، کە پێویستە دامرکێنرێن، لەبەرئەمە ئەفلاتۆن شاعیران شار بەدەر دەکا و لە کۆمارە ئایدیالییەکەی خۆیدا جێیان ناکاتەوە] [٥١: ٢٤]

**ئەرستۆ** (٣٨٤ — ٣٢٢ پ.ز) فەیلەسوفێکی یۆنانییە و خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمە [هەندێك دەڵێن ژمارەی بەرهەمەکانی خۆی لە (١٠٠٠) بابەت دەدا و هەندێ دەڵێن (٤٠٠) کتێبی هەبووە] [٥: ١١] بەڵام گرنگترین بەرهەم لەدوای خۆی بەجێ مابێت (هونەری شیعر - Poetica)ە، کە دەبارەی هونەرە. [ئەرستۆ لەو کتێبەدا زیاتر دەربارەی (ڕەخنەی ئیستاتیکی) یا هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکی دەدوێ، لەوەی بێت و پێناساندنی (جوانی) یا شتی جوان خۆی بکات و خاسیەتەکانی باس بکات و حەقیقەت و جەوهەری دەستنیشان بکات] [٥١: ٢٨] ئەرستۆ یەکێکە لە قوتابییەکانی ئەفلاتۆن و لەژێر کاریگەری فەلسەفە ئایدیاییەکەی دایە، ئەگەرچی هەندێك جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام نەیتوانیوە بە تەواوی خۆی لە فەلسەفەکەی رزگاربکات [بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش ئەوەندە بەسە بگەڕێینەوە بۆ بیروراکانی لە لاساییکردنەوەدا کە لە ئەفلاتۆنەوە وەری گرتووە و قووڵی کردووەتەوە و دیاریکردووە لەبواری فەلسەفەی هونەردا] [٩٨: ٩٠]

ئەگەرچی ئەرستۆ ڕەخنەی لە فەلسەفە ئایدیاییەکەی ئەفلاتۆن گرتووە، بەڵام خۆیشی وەك فەیلەسوفێك [لەنێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزمدا هەڵدەسوڕا و لە ئەنجامدا زیاتر بەلای ئایدیالیزمدا شکایەوە و بڕوای بە بوونی ئەو خوایە هێنا کە نابزوێت و هەموو شتێك دەبزوێنێت] [١٤٩: ٢٣]



ئەرستۆ لە (هونەری شیعر - Poetica)دا باسی لاساییکردنەوە دەکا و بە خوویەکی زگماکی مرۆڤی دادەنێت و بڕوای وایە مرۆڤ چێژ لە لاساییکردنەوە وەردەگرێت و لەم ڕێگەیەوە فێری شتەکان دەبێ، لەم بارەیەوە دەڵێ: [لاساییکردنەوە بۆ خۆی شتێکی زگماکییە لە مرۆڤدا هەر لە منداڵییەوە دەردەکەوێ. مرۆڤ بەوەدا لە گیانلەبەرانی تر جیادەکرێتەوە بەڕادەیەکی تایبەتی توانای لاساییکردنەوەی بەدەستهێناوە. لەلایەکی ترەوە ئەو خۆشییە لاساییکردنەوە بە مرۆڤی دەبەخشێ و دەیگاتێ، بەڵگەیەکە تاقیکردنەوە ساخی کردۆتەوە][٥: ٢٨]

ئەرستۆ شاعیر و مێژوونووس لە یەکتر جیادەکاتەوە و کاری شاعیر بە بەرزتر دادەنێت لە کاری مێژوونووس، چونکە بڕوای وایە [جیاوازی مێژوونووس و شاعیر لەوەدا نییە یەکێکیان ڕووداوەکان بە شیعر دەگێڕێتەوە، ئەوی تر بە پەخشان، بەڵکو جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە مێژوونووس ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە ڕوویان داوە، بەڵام شاعیر ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە دەشێ ڕووبدەن، لەبەر ئەمە پلەی شیعر لە پلەی مێژوو بەرزترە] [٥١: ٢٨]

لەلای ئەرستۆ ئەو بابەتەی شاعیر هەڵی دەبژێرێ بۆ ئەوەی لاسایی بکاتەوە ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە دیاریکردنی جۆری شیعرەکە. لەم بارەیەوە دەڵێ: [شیعر بەپێی سروشتکاری تایبەتی نووسەرەکانی دابەشبووە، جوامێرەکان کرداری چاکی پیاوچاکان و پایە نزمەکان کرداری خراپیان لاساییکردۆتەوە، ئەمانە لە سەرەتادا شیعری گۆرانی سەرزەنشتیان (هەجوو) داناوە، کەچی ئەوانی تر شیعری سروود و شیعری ستایشیان داناوە] [٦: ٣٠]

ڕێکخستن و گونجان دوو بنەمای سەرەکی جوانین لای ئەرستۆ و پێویستە شتی جوان ڕێکخستن و گونجان لەنێوان بەشەکانیدا هەبێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی قەبارەی شتەکە، چونکە [شتی جوان چ زیندەوەرێکی زیندوو بێ چ ماددەیەك بێ و لە چەند بەشێك پێکهاتبێ، پێویستە نەك هەر لە ڕێکخستنی بەشەکانی ڕێکوپێك بێ، بەڵکو دەبێ قەبارەیەکی گونجاویشی هەبێ. چونکە جوانی پەیوەستە بە ڕێکخستن و قەبارەیەکی تایبەتییەوە] [٥: ٢٣ - ٢٤]

## ئیستاتیکا لای رۆمان

رۆمانییەکان زۆر کاریگەربوون بە یۆنانییەکان و هەوڵیان دەدا شوێن پێیان هەڵگرن، ئەمەش وایکرد چەمکە ئیستاتیکییەکانی یۆنان کاریگەرییەکی زۆریان هەبێ لەسەر چەمکە ئیستاتیکییەکانی رۆمان. فەیلەسووفە گەورەکانی رۆمان داوای لاساییکردنەوەی بەرهەمە بەرزەکانی یۆنانیان دەکرد.

**لۆکریشیوس** (٩٩ — ٥٥ پ.ز) فەیلەسووفێکی رۆمانییە، خاوەنی چامەی (لە سروشتی شتەکانەوە)یە، کە یەکێکە لە بەرهەمە گەورەکانی سەردەمی رۆمانی و لۆکریشیوس لەم بەرهەمەدا [هەندێك بابەتی ئیستاتیکی لەسەر بنەمای ماتریالی بۆ جیهان چارەسەر کردووە و بڕوای وایە هونەر پێویستییەکی مرۆڤایەتییە و بەهۆی پێویستی مرۆڤەوە بۆی پەرەدەسێنێت و لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا دەرکەوتووە و مۆسیقا و وێنە و سەما و گۆرانی وەك پێویستییەکی تەواوکەری ژیان دەرکەوتوون، کە ئەم هونەرانە لە لاساییکردنەوەی سروشتەوە دەرکەوتن] [١٤٩: ٣٢]

**هۆراس** (٦٥ — ٨ پ.ز) رەخنەگر و شاعیرێکی بەناوبانگی رۆمانییە، شارەزاییەکی زۆری ئەدەب و فەلسەفەی یۆنان بووە، خاوەنی کتێبی (هونەری شیعر)ە. ئەم بەرهەمەی هۆراس بەڵگەی ئەوەیە کە هۆراس [رووناکبیر و شاعیر و ئەدیب و رەخنەگر و شارەزای ئەدەب و فەلسەفەی یۆنان بووە، سوارچاکانە پشت ئەستوور بە کەرەسەیەکی بەپێزی فیکری” ئەسپی لەم مەیدانە بەرینەدا تاوداوە و چەند رێ و شوێن و بگرە رێبازی بۆ ئەدەب و هونەر و مۆسیقا و شانۆگەری داناوە کە بنەڕەتێکی پتەو و قایمیان هەیە و رەسەنایەتییان پێوە دیارە] [٦٢: ٨]

هۆراس بڕوای بەسوودخوازی و چێژگەیاندن هەیە و پێی وایە شاعیران لە شیعرەکانیاندا مەبەستییان سوودگەیاندن یان چێژگەیاندنە و دەڵێ: [مەبەستی شاعیران یان سوود بەخشینە یاخود لەزەت پێگەیاندنە یان لەیەك کاتدا ئارەزوو بزواندن و لێکدانەوەی پەندەکانی ژیانە] [٦٢: ٣٤]



**ئەفلۆتین** (٢٠٤ — ٢٧٠ ز) فەیلەسوفێکی ئایدیاییە، بیروڕاکانی گوزارشت لە رووخانی ئیمبراتۆرییەتی رۆمانی و شارشتانییەتی کۆن دەکات. ئەفلۆتین لەژێر رۆشنایی فەلسەفە ئایدیالییەکەیدا لە ئیستاتیکای کۆڵیوەتەوە و بڕوای وایە [جوانی لە گیان یان رۆح دایە نەك لە مادەدا، بۆیە بابەتی جوانی خۆشەویستی رۆحە و هەتاوەکو رۆح زیاتر لە گەرد و تۆزی ماتریاڵ پاك بێتەوە زیاتر لە جوانی نزیك دەبێتەوە] [٥١: ٣٧]

لە پاش ئەفلۆتین فەلسەفەی کۆن وردەوردە بەرەو کۆتایی رۆیشت ، بەهۆی بڕیارەکەی ئیمبراتۆر (جۆستیان)ەوە کە لە ساڵی (٥٢٩ ز) دەریکرد و بڕیاری داخستنی قوتابخانە فەلسەفییەکانی دا و [ئەم هەنگاوە بە کۆتایی فەلسەفەی کۆن و شارستانییەتی کۆن دادەنرێت، بەڵام کاریگەری ئەم فەلسەفەیە لە سەردەمەکانی دوای خۆی زۆر گەورە و روونە] [١٤٩: ٣٦]

## ئیستاتیکای سەدەکانی ناوەڕاست

بیری ئیستاتیکی لە سەدەکانی ناوەڕاست بە دوو قۆناغدا تێپەڕی:

### قۆناغی یەکەم

سەدەکانی سەرەتای لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحە (د.خ)، کە لەم ماوەیەدا بیری ئاینیی مەسیحی هێشتا باڵادەست نەبووبوو، هونەریش پەیوەندییەکی پتەوی بە فەلسەفەی یۆنانی و رۆمانییەوە مابوو. هونەر لەم قۆناغەدا [گوزارشتی لە ژیانێك دەکرد کە هەڵچوون و دوودڵی دای پۆشیبوو، کە لە ئەنجامی بارودۆخی پەژارەیی و ستەمکارییەوە هاتبووە ئاراوە و خەڵك لەو سەردەمەدا تێیدا دەژیان] [١٦٠: ١٠٧]

### قۆناغی دووەم

لە سەدەی چوارەمەوە و لە ساڵی (٣٢٥ ز) دەست پێدەکات کاتێك ئیمبراتۆر (قوستەنتین) ئاینی مەسیحی بەشێوەیەکی فەرمی کردە ئاینی وڵاتی رۆمانی و لە

دوای ئەم بەروارەوە ئیتر وردەوردە ئاینی مەسیحی لە ناو هونەردا ڕەگی دایەوە و زاڵبوو بەسەریدا. هونەری ئەم قۆناغە [بە گوزارشتکردن لە ڕۆحانییەت و ئەبستراکتی دەستی پێکرد، کە لە ڕێکخستندا کەشیشەیی بوو" لەژێر دەسەڵاتی پیاوانی کەنیسەدا بوو. بە ئارەزووی دەربڕینی لایەنی ڕۆحی و گوزارشتکردن لە فکر دەستی پێکرد، بەبێ گرنگیدان بەڕواڵەتی دەرەوەیی] [١٦٠: ١٠٧]

هەروەها لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا دوو بۆچوونی سەرەکی دەربارەی هونەر دەرکەوتن. بۆچوونێك دژی هونەر دەوەستایەوە و بڕوای وابوو کە [هەر کاتێك هونەر پێش بکەوێ ئەوا کاریگەری پێچەوانەی خراپ لەسەر دڵ و عەقڵ دەنوێنێت]، [١٦٩: ٣٩] (فاسیلی) و (یۆحەنا زلاتۆست) و (یەرۆنیم) خاوەنی ئەم جۆرە بۆچوونەن.

**فاسیلی** (٣٢٩- ٣٧٩ز) بەتوندی دژی هونەرو لێکۆڵەرانی هونەر دەوەستێتەوە و بڕوای وایە [ئەوانەی هەوڵی لێکۆڵینەوەی هونەر دەدەن خۆبەزل زان و ڕقاوی و کافرن، و پێویستە مرۆڤ ژیانی لەنێو نوێژو ڕۆژوودا بەسەر بەرێت] [١٤٩: ٧٥]

**یەرۆنیم** (٣٣٠ — ٤١٩ ز) بەهەمان شێوەی پیاوانی کەنیسە دژی هونەر دەوەستایەوە، لەنامەیەکیدا بۆ هاوڕێیەکی داوای پەروەردەکردنی ڕۆح و هاندانی ترسی خوا دەکات، یۆنیم دەڵێ: [پێویستە ڕۆح پەروەردە بکەین تاوەکو ببێتە ئەو جێگە پیرۆزەی کە خودا تێیدا جێگیر دەبێت٠ کچەکەت فێر بکە چۆن ببیستێ و قسە بکات دەربارەی هەر شتێك کە دەبێتە بانگکردن بۆ ترس لەخودا ٠ پێویستە وشە خراپەکان لەبیر بکات و گۆرانیە دنیایەکان نەزانێت و دەمی پاکی تەنها سوپاسی خوا بکات] [١٤٩: ٧٥]

بۆچوونی دووەم کە لە بیروڕای (ئۆگۆستین) و (تۆما ئەکوینی)دا دەردەکەوێ. هەوڵ دەدا هونەر لە خزمەتی بیروباوەڕی ئاینی مەسیحی و پەیڕەو و زانینەکانی کەنیسەدا بەکار بهێنێت:



**ئۆگۆستین** (٣٥٤ — ٤٣٠ ز) یەکێکە لە بیرمەندەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و مەسیحیەکی کاسۆلیکییە و [قووڵبووبووەوە لەناو ئەفسانەی یۆنانیدا و هەوڵی داوە بیروباوەڕی مەسیحی و فەلسەفەی ئەفلاتۆنی لەیەکتر نزیك بکاتەوە]. [١٢٦: ٤١ - ٤٢] لەژێر کاریگەری بیروڕاکانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆدایە، هەوڵیداوە بۆچوونە جوانییەکانی لەڕێگەی بۆچوونەکانی مەسیحیەتەوە و بەپێی ئەم ئاینە دەربڕێ، کە داوای وازهێنانی جوانی دنیایی و گرنگیدان بەجوانی خودایی دەکات.

جەوهەری بیری ئیستاتیکی ئۆگۆستین ئەوەیە کە سروشت بەکاری هونەری خودا دادەنێت و خوداش بە هونەرمەندی بوونەوەر و لەم بارەیەوە لە کتێبی (دانپیانان)دا دەڵێ: [خودا ئەو هونەرمەندە مەزنەیە کە شێوە و جوانی و سیستەم بەهەموو شتێك دەبەخشێ بەپێی یاسا تایبەتیەکانی ٠ خودا حەقیقەتی هەموو جوانیەکە و بەرزترین جوانیشە] [١٤٩: ٧٥ - ٧٦]

ئۆگۆستین سەبارەت بە جوانی ئەو پرسیارە دەووروژێنێت: شتەکان جوانن لەبەرئەوەی شادی بەخشن، یاخود شادی بەخشن لەبەرئەوەی جوانن؟ هەرخۆیشی وەڵام دەداتەوە [ئەو شتە شادی بەخشە لەبەرئەوەی جوانە، چونکە ئەو شتە جوانە بەشەکانی لەیەکدەچن و یەك گونجانیش یەکی خستون] [١٣١: ٤٧]

**تۆما ئەکوینی** (١٢٢٥ — ١٢٧٤ز) فەیلوسوفێکی تری سەدەکانی ناوەڕاستە، هەوڵی دەدا بیروڕاکانی ئەرستۆ لەگەڵ بیروباوەری مەسیحیەتدا بگونجێنێت٠ لەلاساییکردنەوەدا شوێن پێی ئەرستۆی هەڵدەگرت و بڕوای وابوو [شتی جوان ئەوەیە کە بەووردی لاسایی شتە بنچینەییەکە دەکاتەوە با شتە بنچینەییەکە دزێویش بێت، بەو واتایەی شتە دزێوەکان جوان دەبن ئەگەر بەشێوەیەکی جوان لاساییکرانەوە] [١٦٠: ١٠٨]

ئەکوینی دەڵێ: [جوانی شتەکان لەخودی شتەکاندایە، جوانی لەخودی تابلۆدایە، لەخودی مۆسیقادایە] [١٣٤: ٥٢] واتە جوانی بنەمایەکی بابەتی هەیە و جوانی شتەکان و کارە هونەریەکان واقعین و لەخودی خۆیاندان و بڕوای وایە کە جوانی پێویستە چوار مەرجی تیا بەدی بێ بۆ ئەوەی جوان بێت:

١- پێیستە تەواوبێت
٢- گونجاو بێت
٣- ڕوون بێت
٤- لاسایی واقع بکاتەوە. [١٣٤: ٥٢]

## ئیستاتیکا لەسەردەمی ڕێنیسانسدا

پاش ئەوەی لەسەدەکانی ناوەڕاست هونەر بەتەواوی کەوتبووە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی کەنیسەوە و کەنیسە چوارچێوەیەکی سنورداری لەژێر ڕۆشنایی بیروباوەری ئایینی دا بۆ هونەر دانابوو، کە هونەرمەندان نەیاندەتوانی لەو سنوورە دەربچن و بۆ ماوەی چەند سەدەیەك بەردەوام بوو، لەبەر ئەمە زۆربەی نووسەران بەسەدەکانی تاریکی ناوی دەبەن٠ هەر بۆیە دوا قۆناغەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بووە هۆی تەقینەوە بەڕووی دەسەلاتی کەنیسەدا و سەرهەڵدانی سەردەمێکی تر، کە لە مێژووی ئەوروپا بە سەردەمی ڕێنیسانس ناسراوە.

دانتی و پەترارك و پۆکاشێو سێ پێشەوای ڕێنیسانسن. ئەم نووسەرە گەورانەی ڕێنیسانس توانیان ڕووبەڕووی پیاوانی کەنیسە بوەستنەوە و بەتوندی ڕەخنە لەستەم و زوڵم و زۆریان لە خەڵکی هەژار و پرۆلیتار بەناوی دینەوە بگرن و بە بەرهەمەکانیان [بەردی بناغەیان بۆ ئیستاتیکای سەدەیەکی نوێ دامەزراند کە بە سەدەی بووژانەوە (ڕێنیسانس) ناسراوە] [٤٨: ٦٤]

یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی چەمکی ئیستاتیکی سەردەمی ڕێنیسانس [پەیوەندی ڕاستوخۆیی بەرهەمی هونەرییە، ئەم بۆچوونە تەنها بۆچوونێکی فەلسەفی سیمبوولی(ڕەمزی) نەبوو ، بەڵکو بۆچوونێکی جوانی واقعی بوو کەئامانجی چارەسەرکردنی کێشە دیاریکراوەکانی هونەر بوو] [١٤٩: ٨٥]

ڕێنیسانس بەشێوەیەکی گشتی بۆ سێ قۆناغ دابەش دەبێ:



قۆناغی یەکەمی ڕێنیسانس سەردەمی (دانتی) و (پۆکاشێو) و (پەتراك) و (ئەلبێرتی)یە، و قۆناغی دووەمی ڕێنیسانس کە بە قۆناغی ڕێنیسانسی گەورە ناسراوە سەردەمی (لیۆناردۆ داڤنشی) و (میکایل ئەنجیلۆ) و (ڕۆفائیل) و (ڕابل) و (ئازما ڕۆیتر دامسکی)یە، و قۆناغی سێیەمیش سەردەمی شەکسپیرو سێرڤانتسە [١٤٩: ٨١]

**دانتی** (١٢٦٥- ١٣٢١ز) یەکێکە لەپێشەوایانی ڕێنیسانس و یەکەمین مژدەدەری ڕێنیسانسە. دانتی داوای دەکرد هەر گەل و نەتەوەیەك بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێ و بنووسێ، چونکە نووسەران ئەگەر بە زمانی زگماکی خۆیان بنووسن زیاتر کاریگەرییان لەسەر خەڵك دەبێت نەك بە زمانی لاتینی. [ئەم بانگەوازەیش لەناو ڕۆشنبیرانی (فلۆرەنسا)دا بەجۆرێك دەنگی دایەوە ڕۆشنبیران وەك خۆیان دەیانگوت: هەستیان بەتام و چێژی شێوەی نوێ دەکرد. لەسەرەتاوە نووسینەکانی دانتی ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا و ئەم ڕێبازە تازەیان چەسپاند]. [٤٨: ٦٥]

دانتی بەرهەمی زۆرە ، لەوانە (لەبارەی زمانی زارەکییەوە)و (ژیانی نوێ)و (داوەت) ، بەڵام گەورەترین بەرهەمی دانتی (کۆمیدیای یەزدانی)یە کە بە بەرزترین و نایابترین شاکاری ئەدەبی ئەو سەردەمە دادەنرێ لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە، کە لە(١٠٠) سروود و (١٤) هەزار بەیت پێکهاتووە و [تێیدا ئادەمیزاد و سروشت بەجوانترین شێوەی هونەری نیشان دەدا و لەسەر ئاوازێکی مۆسیقایی ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵ مشت و ماڵی دەکا. ئەمە جگە لەو کەش و هەوا ڕۆحییەی بەو شێوازە قەشەنگە پێکی دەهێنێ و بەسەرهاتەکانی تێدا هەڵدەسورێنێ] [٤٨: ٧٠]

**فرانچیسکۆ پەترارك** (١٣٠٤- ١٣٧٤ز) شاعیر و نووسەرێکی سەردەمی ڕێنیسانسە و ئەم نووسەرە زۆر گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەستنووسە کۆنەکان دەدا و [زۆربەی تەمەنی خۆی بۆ ساغکردنەوەی تەرخان کرد و لەم ڕێگەیەوە توانی زۆر دەستنووسی نەناسراوی زانا کۆنەکان بدرۆزێتەوە ، وەك ئەوانەی نووسەر و بوێژی

سیاسی ڕۆمان (شیشرۆن (١٠٦- ٤٣ پ.ز) کە بە ئەندازەیەکی دیار سەرنجی ڕاکێشا] [٤٨: ٧٥]

بەرهەمەکانی پەتراك بریتین لە [ (گیانی بەرز) کە باس لە ڕاپەڕینەکەی ڕۆما دەکا، (ئیتالیای نیشتمانم) کە بانگ بۆ یەکێتی ئیتالیا دەدا، (ئەفریقا) کە گیانێکی نیشتمان پەروەرانەی تێدا بەیان کراوە، (نامە بێ ناونیشانەکان) ڕەخنە لە لایەنە خراپەکانی کڵێسا دەگرێت] [٤٠: ٤٠]

**جیوڤانی پۆکاشێو** (١٣١٣- ١٣٧٥ز) یەکێکی ترە لە نووسەرە پێشەنگەکانی ڕێنیسانس ، ئەگەرچی لەسەرەتا بە لێکۆڵینەوەی زانستی ئایدیاوە خەریك بوو، بەڵام لەدوایدا [کەوتە ژێر کاریگەری نووسەرانی گریگی وەکو هۆمیرۆس و پلاتۆن. بیرکردنەوەی پۆکاشێو سیمایەکی نەتەوەیی و دیموکراسی و نیشتمان پەروەرانەی هەبوو، دەیویست هەمان پەیامی دانتی و پەترارك بگەیەنێتە جێ] [٤٠: ٤١]

بەرزترین بەرهەمی پۆکاشێو شاکاری (دیکامیرۆنە) کە لە لوتکەی داهێنانی هونەریدایە و لە (١٠٠) چیرۆك پێکدێت کە حەوت کوڕ و سێ کچ لەکاتی ڕشانەوەکەی ساڵی (١٣٤٨ز) فلورەنسا بەجێ دەهێڵن و لە ڤێللایەکی دەرەوەی شاردا دە ڕۆژو دە شەو دەمێننەوە و هەریەکەیان ڕۆژی چیرۆکێك دەگێڕنەوە. [بابەتەکانی دیکامرۆن باسی سەرچڵی و چاونەترسی هەندێ بازرگان دەکەن لە هەندەران. هەندێکیشیان بەشێوەیەکی زۆر جوان لە داستان و چیرۆکی فۆلکلۆری دەماودەم و حیکایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی پڕ مانا وەرگیراون و سەرلەنوێ دارێژراونەتەوە] [٤٨: ٨٠]

**لیۆرناردۆ داڤنشی** (١٤٥٢- ١٥١٩ز) نیگارکێش و پەیکەرتاش و نووسەری گەورەی ئیتالیایە و [کەم ڕێککەوتووە مرۆڤایەتی بلیمەتێکی وەك (داڤنشی) بەخۆیەوە دیبێ، کە لە هەموو مەیدانەکانی هونەر و زانست و ئەدەب و فیکردا سوارچاك بووبێ و بەلێهاتوویی بەناوادارترین بلیمەت و داهێنەری سەردەمی ڕێنیسانس لەقەڵەم بدرێ] [٤٨: ٩٣]



داڤنشی بڕوای بە جوانی سروشت هەیە و داوا لەهونەرمەندان دەکات کە ئاگاداری ئەم جوانیە بن بەتایبەتی لەو کاتانەی کە تەواوی جوانیەکی دەردەکەوێت. لەم بارەیەوە دەڵێ: [ئاگاداری شەقامەکان بن لەئێوارانداو ڕووخساری پیاوو ژنەکان لە کەشوهەوا خراپەکاندا کە جوانی و ناسکیەکی ڕوون لەسەر ڕووخساریان دەبینن] [١٤٩: ١٠٠]

## ئیستاتیکای سەردەمی ڕۆشنگەری

### ١- ڕۆشنگەری ئینگلیزی

ڕۆشنگەری ئینگلیزی لەسەدەی حەڤدەهەم سەری هەڵدا و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیروڕا ئیستاتیکییەکان هەبوو، [سیفەتەکانی میانڕەوی و ئارەزووی پێکهاتن و واقعی بوون لە دیاریکردنی کاراکتەری ماتریالی، لە سیفەتەکانی ڕۆشنگەری ئینگلیزین ، ئەم سیفەتانەش کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر چەمکی جوانی ئینگلیزی هەبوو، هەروەك چۆن کاریگەریشی لەسەر ڕۆشنبیری ئینگلیزی هەبوو] [١٤٩: ١٢١]

ئیستاتیکای ڕۆشنگەری ئینگلیزی چەند تایبەتمەندییەکی دیار و بەرچاوی هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- شیکردنەوەیەکی واقعیانەی مرۆڤ و بەرگری کردن لەو بنەما عاتیفی و ئەزموونیانەی کە تۆزێك موتربەکراوی ماتریالن.

٢- نەیاری و دژایەتی کردنی پۆریتانیزم (Anti- Puritanism) چونکە پۆریتانیزم دژایەتی هونەری دەکرد بەتایبەتی شانۆ، لەبەر ئەوەی پۆریتانیزم بڕوایان وابوو شانۆ دەبێتە هۆی بێئاگابوون لە نوێژ و توشی تەمبەڵی بوون و تێکچوون و هۆکاری مایەپوچی مرۆڤ و تێکدانی سیستەم.

٣- دانانی هونەر وەکو ڕێبەر و ڕێنوێنی کەری ڕەوشتە بەرزەکان. [١٤٩: ١٢١]

**جۆن لۆك** (١٦٣٢ — ١٧٠٤ز) بە دامەزرێنەری ڕۆشنگەری ئینگلیزی دادەنرێت. لۆك بڕوای وایە [مرۆڤ هەر بە غەریزە بیروبۆچوونی خێر یان شەڕی لەگەڵ خۆیدا

هەڵنەگرتووە، و هەموو شتێکی گەڕاندەوە بۆ ژینگە و مرۆڤەکان. مرۆڤ خۆی بەرپرسی یەکەمە لە ئاسوودە بوون یان بەدبەخت بوونی مرۆڤ] [٤٠: ٨٧]

لۆك لە کتێبی (هەوڵێك لە تێگەیشتنی مرۆیی)دا [بەدوای ئەسڵی بیردا گەڕا و گەڕاندییەوە بۆ ئەزموونی هەست ئامێز، نەفس لە ئەسڵدا وەك تابلۆیەکی صەقل کراو وایە کە هیچی تێدا نەخش نەکراوە، تەنیا ئەزموون نەخشی مانا و پرانسیپی تێدا دەکات] [٤٦: ٢٦١]

لۆك گرنگییەکی وای بە بابەتە ئیستاتیکییەکان نەداوە، ئەگەرچی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەم بوارەدا ئەمەش لەڕێگەی تیۆرە فەلسەفییەکەیەوە (تیوری زانیاری – gonsiological)* لەبەر ئەوەی (لۆك) بیروبۆچوونەکانی خێر و شەڕ دەگەڕێنێتەوە بۆ مرۆڤ" بۆیە تەنها گرنگی بە یەك بابەتی ئیستاتیکی داوە کە پەروەردەی هونەرییە و [لە گۆشەنیگای گشتییەوە سەیری ئەم بابەتە دەکات کە پەیوەستە بە پەروەردە و تیوری تایبەتی ڕەوشتەوە و ئەم تیورەی بە تاکی دادەنێت. (لۆك) بڕوای وایە کە گرنگترین پاڵنەرەکانی ڕەوشتی مرۆڤ و تێگەیشتنی ڕاستی ئارەزووە خودییەکانە و چەمکە ڕەوشتییەکان بۆماوەیی نین لە مرۆڤدا، بەڵکو مرۆڤ لەڕێگای ئەزموون و چاودێرییەوە وەریان دەگرێت] [١٤٩: ١٢٦ - ١٢٧]

**شیفستبری** (١٦٧١ — ١٧١٣ز) یەکێکە لە گەورە تیۆریستە ئیستاتیکییەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری. ئەم فەیلەسوفە جوانی بە خێر پێناسە دەکات و لەم بارەیەوە دەڵێت: [خێر" جوانییە. جوانیش گونجان و هاوتاییە] [٨٥: ٢٧] هەروەها جوانی و حەقیقەتیش بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بڕوای وایە هەموو شتێکی جوان بۆخۆی حەقیقەتێکە.

*- تیوری زانیاری: (تیورێکی فەلسەفییە لەسەر ئەو بناغەیە دارێژراوە کە مرۆڤ دەتوانێ لە واقع تێبگات و لە سەرچاوە و شێوە و ڕێگاکانی زانیاری و لە حەقیقەت و ڕێگاکانی بەدەستهێنانی بکۆڵێتەوە لەسەر بنەمای ماتربالّی سەرەتایی) بڕوانە: م. اوفسیانیکوف و ز. سمیرنوفا، موجز تاریخ النظریات الجمالیة، ت: باسم السقا، ص١٢٦



**هنری هیوم** (١٦٩٦ — ١٧٨٢ز) بیرمەندێکی تری ڕۆشنگەری ئینگلیزییە و زانینی هەستی دابەشدەکات بۆ دوو بەش کە بریتین: لە زانینە سەرەکییەکان و زانینە لاوەکییەکان. زانینە سەرەکییەکان هەستەکانی بینین و بیستن لەخۆی دەگرێ و زانینە لاوەکییەکانیش هەستەکانی بەرهەستکەوتن و چەشتن و بۆنکردن لەخۆی دەگرێت. [١٥٦: ١٩]

هەروەها جوانیش دابەشدەکات بۆ دوو جۆر: [جوانی لە خودی خۆیدا و جوانی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ شتەکانی تردا، جۆری دووەمی جوانی ئەوەیە خاوەن بۆچوونی سوودخوازییە و دەکرێ لە ڕێگەی عەقڵەوە هەستی پێبکرێت، لەکاتێکدا جۆری یەکەم جوانی لەڕێگەی هەستەکانەوە هەستی پێدەکرێت] [١٤٩: ١٢٣]

**ئەدمۆن بیورك** (١٧٢٩- ١٧٩٧ز) فەیلەسوفێکی ڕۆشنگەرییە، خاوەنی کتێبی (لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی لە بنچینەی بۆچوونەکانمان دەربارەی مەزن و جوان)ە، کە بیروڕا ئیستاتیکییەکانی تێدا دەربڕیوە.

بێرك گرنگییەی وا بە هارمۆنییەت و گونجانی نێوان بەشەکانی شتی جوان نادات و هارمۆنییەت و گونجان بە مەرجی جوانی دانانێت، لەم بارەیەوە دەڵێ: [شتی جوان ئەوە نییە کە پێویستە گونجان لەنێوان بەشەکانیدا هەبێت، بەڵکو جوانی ئەوەیە کە گیرۆدەمان دەکات بە چاوپۆشین لە گونجانی نێوان بەشەکانی. هەروەها تەواوی لاشە و لێوەشاوەییەکەی لە نیشانەکانی جوانی نین و پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو جوانییەی کە پەیوەستە بە خۆشەویستییەوە لەگەڵ ئەو سەرسوڕمانەی بەرامبەر هەندێ لە شتە تەواوەکان هەستی پێدەکەین هەتا ئەگەر حەزیشمان لێی نەبێت] [١٦٠: ١١٥]

بێرك لە بەرهەمەکانیدا حەوت تایبەتمەندی بۆ جوانی داناوە:

١- دەگمەنی ڕێژەیی شتەکان.
٢- بریقەداری ڕووی شتەکان.
٣- هەمەڕەنگی لە دانانی بەشەکاندا.

٤- بەیەکگەیشتنی شتەکان پێویستە لەڕێگەی گۆشەکانەوە نەبێ، بەڵکو لە ڕێگەی ترەوە بێت.

٥- بنیادی ناسك بێت.

٦- ڕەنگی پاکی ڕۆشن، کە نابێت کاڵ یان زۆر ڕۆشن بێت.

٧- پێویستی ڕێککەوتنی ڕەنگی کاڵ لەگەڵ ڕەنگەکانی تردا، ئەگەر بەکارهێنانی ئەم ڕەنگانە پێویست بوو. [١٤٩: ١٣٦]

## ٢– ئیستاتیکای ڕۆشنگەری فەڕەنسی

ئیستاتیکای ڕۆشنگەری فەڕەنسی ڕەنگدانەوەی ئەو بیرانە بوو کە لەو سەردەمەدا و لە ئەنجامی ڕاپەڕینی سێیەمی بۆرژوازیەوە دژی سیستەمی دەرەبەگایەتی دەرکەوت· تایبەتمەندیە دیارەکانی چەمکی ئیستاتیکای ڕۆشنگەری فەرەنسی بریتییە لە: [زیرەکی دیالێکتیکی – الذكاء الجدلي – ، هەستی بەهێز، هەوڵدان بۆ دانانی هونەر و ئەدەب لە خزمەتکردنی تێکۆشانی سیاسیدا] [١٤٩: ١٤١]

**فرانسوا ڤۆلتێر** (١٦٩٤- ١٧٧٨ز) بە دامەزرێنەری بزووتنەوەی ڕۆشنگەری فەرەنسی دادەنرێت. ڤۆلتێر لە کارەکانێدا زۆر سوودی لە ڕۆشنگەری ئینگلیزی وەرگرتووە، وەك خۆی لە کتێبی (نامە فەلسەفیەکان)دا ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێ: [من لەڕێگەی سوود وەرگرتن لەسەرچاوەی بەریتانیاوە هێرشم کردە سەر سیستەمی فەرەنسی و خاڵە لاوازەکانی و بێ دادیە فەرەنسیەکان ، لێبوردنی ئاینی ، ئازادیخوازی لەسیاسەت و بازرگانیدا، پایە بڵندی زانست و فەلسەفە لە بەریتانیادا سەرنجی منیان ڕاکێشابوو] [٤٠: ٨٩]

ڤۆلتێر بەرهەمێکی زۆری لەپاش خۆی بەجێهێشتووە و ژمارەیەکی یەکجار زۆری نامە کە بۆ پیاوە گەورەکان و ئافرەتانی سەردەمەکەی ناردوویەتی، لەگەڵ شانۆگەری (ئۆدیب و نامە فەلسەفییەکان) و سەرجەم بەرهەمەکانی لە (٧٠) بەرگدا کۆکراوەتەوە. [١٢٦: ٢١٠]



**شارل لوی مۆنتیسکۆ** (١٦٨٩- ١٧٥٥ز) فەیلەسوفێکی ڕۆشنگەری فەرەنسییە. بیروڕا ئیستاتیکیەکانی لە کتێبەکانی (ئەزموونی چەشنی داهێنانی سروشتی و هونەری)و (نامە فارسیەکان) و (ڕۆحی یاساکان)دا دەربڕیووە، ئەم بیروڕایانەشی [لەفەلسەفە گشتییەکەی و بیروڕا کۆمەڵایەتیەکانییەوە وەرگرتووە و وای دەبینێ کە هەموو شتێك یاسای تایبەت بەخۆی هەیە کەئەم یاسایانە لە هونەریشدا هەن] [١٦٠: ١١٢]

یەکێك لەکارە گرنگەکانی مۆنتیسکۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە کە بە هاوکاری دیدرۆ نووسیویەتی بەناونیشانی (ئەزموونی چەشتنی داهێنانی سروشتی و هونەر)، کە تیایدا [ڕۆڵێکی گەورە بەشێوەیەکی گشتی دەداتە هونەر و بەشێوەیەکی تایبەتیش شانۆگەری" لە پەروەردەی ڕەوشتی و سیاسیدا، هەروەها وای دەبینێ کە پەروەردەی هونەری بەپێی سیستەمە سیاسیەکان ملکەچ و گوێڕایەڵە بۆ دروستکردنی ئەو مرۆڤەی کە بڕوای بەنموونە و بەهاکانی سیستەمی سیاسی هەیە و بەرگری لێدەکات] [١٦٠: ١١٢]

مۆنتیسکۆ بڕوای وایە سەرجەم هونەرەکان دیاری و بەرهەمەکانی سروشت دەبنە مایەی خۆشحاڵی مرۆڤ ، لەم بارەیەوە دەڵێ: [شیعر و وێنە و پەیکەرتاشی و بیناسازی و مۆسیقا و سەما و سەرجەم جۆرەکانی یاری و لە کۆتاییدا بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی سروشت وامان لێدەکەن هەست بەخۆشیەکی زۆر بکەین] [١٤٩: ١٤٤ - ١٤٥]

**دیدرۆ** (١٧١٣- ١٧٨٤ز) دیارترین فەیلەسوفی ڕۆشنگەری فەرەنسیە، [تایبەتمەندییەکانی ئیستاتیکای سەردەمی ڕۆشنگەری فەڕەنسی زۆر بەڕوونی لەلای دیدرۆ دەردەکەوێت...و (هنری لۆڤەر) بەداهێنەری ئیستاتیکای نوێی دادەنێت] [٨٥: ٢٨]

ديدرۆ خاوەن كۆمەڵێك بۆچوونی ئیستاتیكییە ، لێرەدا دیارترین بیرە ئیستاتیكیەكانی دیدرۆ لەم خالانەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:-

١- تەمەنی مرۆڤ و ئەو سەردەمەی تیایدا دەژی و پلەكانی شارستانیەت و كاریگەرییەكی گەورەی هەیە لەسەر هەستكردنی مرۆڤ بۆ جوانی.

٢- شتی جوان ئەوە سەرنجی مرۆڤ ڕادەكێشێ و وایلێدەكات كە هەوڵ بدات بۆ زانینی پەیوەندییەكانی نێوان بەشەكانی.

٣- دیدرۆ جیاوازی لەنێوان جوانی و خۆشیدا دەكات و هەستەكانی چەشتن و بۆنكردن لەهەستكردنی جوانی دەردەكات.

٤- هیچ شتێك بە جوان وەسف ناكرێ مەگەر لە شوێنی گونجاوی خۆیدا دابنرێت.

٥- هونەر تەواوكەری سروشتەو لاساییكردنەوەی ڕاستەوخۆ كاری هونەرمەند نییە، هونەرمەند پێویستە ڕەگەزەكانی سروشت بەرهەم بهێنێتەوە و سەرلەنوێ ڕێكیان بخاتەوە.

٦- جەخت لەسەر چەشتن و عاتیفە دەكاتەوە و بە دوو شتی گرنگی دادەنێ لە كرداری داهێنانی هونەریدا، هەروەها عەقڵ و هۆش ڕۆڵێكی گەورەیان هەیە لەئەزموونی جوانیدا. [١٦٠: ١١٤]

**جان جاك ڕۆسۆ** (١٧١٢- ١٧٧٨ز) بیرمەند و نووسەرێكی گەورەی ڕۆشنگەری فەرەنسییە. ڕۆسۆ [زۆر بەفراوانیەوە جەختی كردە سەر پێویست بوونی خۆ ئازادكردن لەدەست نێڵی دابوونەریتەكانی كۆمەڵ و ڕەفزكردنەوەی دەستورو یاساكانی كۆمەڵگای كلاسیزم] [٤٠: ٥٦] هەروەها لە بەرهەمەكانیدا ئامانجەكانی چینەكانی خوارەوە بەڕوونی ڕەنگیداوەتەوە و داوای یەكسانی دەكرد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە [ڕۆسۆ سەركردایەتی ئەو ئاراستە ئەدەبیەی فەرەنسای سەدەی هەژدە بكات كە پێی دەوترا سۆزداری (ڕۆسۆیزم) كە تایبەتمەندییەكانیان بریتییە لە(ڕاستگۆیی و سادەیی و خۆبەكەم زانین و دڵسۆزی سروشتی)] [١٤٩: ١٥٦]



### ٣- ئیستاتیكای ڕۆشنگەری ئەڵمانی

ئیستاتیكای سەردەمی ڕۆشنگەری ئەڵمانی لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمەوە دەستی پێكرد تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم درێژ بووەوە، كە لەم ماوەیەدا گەورەترین فەیلەسوفەكانی ئەڵمانیا دەركەوتن، وەكو: باومگارتن و گۆتە و فیختە و كانت و شیلەر و هیگل، كە ڕۆڵێكی سەرەكیان بینی لەبەرەو پێشبردنی ئیستاتیكا لە ئەڵمانیا و جیهاندا لەسەدەی هەژدەو نۆزدەدا.

**ئەلسەندەر باومگارتن** (١٧١٤- ١٧٦٢ز) یەكێكە لە گەورەترین تیۆریستی ئیستاتیكی ئەڵمانی سەردەمی ڕۆشنگەری كە بۆ یەكەمجار وشەی ئیستاتیكای لەكتێبەكەیدا (ڕامان لە شیعر Reflections on Poetry) لەساڵی ١٧٣٥ بەكارهێناوە كە [لەو كتێبەدا باسی مەسەلەكانی زەوقی هونەری و پێكهێنەرەكانی دەكات. ئینجا ئەم وشەیە [ئیستاتیكا] لەلایەن فەیلەسوفان و هونەرمەندان و ڕەخنەگرانەوە بەمەستی گەیاندنی مانای (فەلسەفەی جوانی) یان بەیەكەوە گرێدانی (جوانی و هونەر) بەكارهێنراوە] [٥١: ١٢]

باومگارتن تیۆری زانیاری دابەش دەكات بۆ دوو بەش: ئیستاتیكاو لۆژیك، كە [ئیستاتیكا تیۆری زانیاری وەسفی هەستییە، بەڵام لۆژیك تیۆری زانیاری باڵای عەقڵییە..... و بڕوای وایە كە ئامانجی ئیستاتیكا گەیشتنە بەتەواوی لەڕێگەی زانیاری هەستییەوەو ئەو تەواوییەشی لەم ڕێگایەوە پێی دەگەین (جوانی)یە] [١٥٦: ٢٠]

باومگارتن هەوڵدەدات بنەمایەكی بابەتی بۆ جوانی دیاری بكات و پێی وایە مرۆڤ دوو بیروڕای هەیە كە لۆژیكی و عاتیفین. [یەكەمیان جەخت لەسەر بیرە ڕوونەكان دەكاتەوە و دووەمیش جەخت لەسەر بیرە تەمومژاویەكان دەكاتەوە. ئەوەی جەخت لەسەر بیرە ڕوونەكانی دەكاتەوە ناوی دەنێ بیروڕای عەقڵ ، بەڵام ئەوەی جەخت لەسەر بیرە تەمومژاویەكان دەكاتەوە ناوی دەنێ بیروڕای چەشتن] [١٤٩: ١٦١]

باومگارتن پێناسەی [جوانی بەتەواوی زانیاری هەستی و حەق بەتەواوی زانیاری عەقڵی و خێر بەتەواوی خواستنی خۆ (ارادي) دەكات و وای دەبینێ جوانی

سیستەمی پەیوەندییە ئالۆگۆڕەکانی نێوان بەشەکان و پەیوەندی هەموو بەشێك بەگشتەوە] [١٦٠: ١١٢]

**گۆتهۆلد لیسینگ** (١٧٢٩- ١٧٨١ز) فەیلەسوفێکی تری ڕۆشنگەری ئەڵمانیە بە دامەزرێنەری ئیستاتیکای ئەڵمانی دادەنرێ و [ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لەبەرەو پێشبردنی ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەب و تیۆرە ئیستاتیکیەکاندا][١٥٦: ٢١]

لیسینگ یەکەمین فەیلەسووفی ئەڵمانیە کە کێشەی جەماوەری بوونی هونەری خستۆتە ڕوو، هەروەها جەختی لەسەر واقعی بوونی هونەر کردووەتەوە و لێکۆڵینەوەی (لاوکۆنی)ی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە. [ئەم لێکۆڵینەوەیە بە قۆناغێکی گرنگی گەشەکردنی ئیستاتیکای کلاسیزمی ئەڵمانی دادەنرێ، کە ڕەنگە بۆیەکەمجار بێ گوزارشت لە ڕاڤەکردنێکی ئەکادیمی بکات دەربارەی جیاوازییەکانی نێوان نیگارکێشی و ئەدەب]. [١٤٩: ١٦٩]

**فریدریك شیلەر** (١٧٥٩- ١٨٠٥ز) شاعیرێکی گەورەی ئەڵمانیە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە گەشەکردنی ئیستاتیکای ئەڵمانیدا. شیلەر پێناسەی جوانی دەکا بەوەی [وێنەی ئاشکرای حەقە، ئەمەش واتای ئوەیە کەهێمایەکی ئاشکرای بەخشییە فۆرم، فۆرمی جوانی شێوەی حەقە“ حەق ناوەرۆکە، ئەگەر جوانی وێنەی حەقە و وێنەی ژیانە، کەواتە حەق ژیانە بەو وەسفەی بنەمایەکی پێویستی کاریگەرە لەهەموو بووندا، بەجۆرە جوانی بەلای شیلەر: پێکهێنان یان کۆکردنەوەیە لەنێوان ژیان یاخود شێوەدا]. [١٦٠: ١١٧]

شیلەر دژی هەموو کارێکی شۆرشگێری دەوەستێتەوە و داوای پەروەردەی ئیستاتیکی دەکات و بڕوای وایە گەیشتن بە ئازادی تەنها لەڕێگەی جوانییەوە دەبێت، شیلەر دەڵێ: [مرۆڤ بە دوو ڕێگە لە ئامانجی خۆی دوور دەکەوێتەوە: یان دەبێتە قوربانی توندوتیژی یان ڕیسوا دەبێ و دەپلیشێتەوە. پێویستە جوانی مرۆڤ ڕزگار بکات و بیگەیەنێتە ڕێگای ڕاست، دوور لەم دوو ڕێگە هەڵەیە]. [١٤٩: ٢٠٠]

پوختەی بیروڕا ئیستاتیکیەکانی شیلەر لەم خالآنەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:



١- هونەر لاساییکردنەوەی سروشتە.
٢- سروشت ئازادییە.
٣- ئازادی جوانییە.
٤- جوانی یاریکردنە.
٥- یاریکردن مرۆڤە. [١٥٠: ٩٦]

**یۆهانگ فۆلفهانگ گۆتە** (١٧٤٩- ١٨٣٤ز) فەیلەسوفێکی دیاری ڕۆشنگەری ئەڵمانییە و کاریگەرییەکی زۆری لە گەشەکردنی ئیستاتیکادا هەیە. گۆتە جەخت لەسەر لاساییکردنەوەی سروشت لە هونەردا دەکاتەوە و دەڵێ: [من هاوار دەکەم سروشت سروشت، ئایا شتێکی مەزنتر لە سروشت هەیە!]. [١٤٩: ٢١٠]

گۆتە جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان هونەرو واقع دەکاتەوە و بڕوای وایە هەر واقعێکی ژیان جۆرێك هونەری دەوێ، لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کاریگەرییان لەسەر هونەر هەیە هونەر بەدواندەری (خطابة) دەچوێنێت، گۆتە دەڵێ: [بەرهەمی هونەری بەپێز وەکو دواندەری بەپێز وایە کە لە ئەنجامی بارودۆخی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێ، نووسەر وەکو پیاوی کار وایە ئەو بارودۆخە دروست ناکات کە تیایدا لەدایك بووە و لە ماوەیدا چالاکی دەبێ، هەموو مرۆڤێك هەتا مرۆڤی بەتواناش (بلیمەت) لە هەندێ لە دانراوەکانیدا تووشی تێکشکان دەبێ بەهۆی سەردەمەکەیەوە و بەپێچەوانەشەوە لە هەندێ لە بەرهەمەکانیدا سەرکەوتن بەدەست دێنێ بەهۆی بارودۆخی دیاریکراوەوە] [١٤٩: ٢١٤ - ٢١٥]

**ئێما نوئێل کانت** (١٧٢٤- ١٨٠٤ز) فەیلەسوفێکی گەورەی ئەڵمانیە، [بەدامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئیستاتیکا دادەنرێ، و چەمکی ئیستاتیکای (Aesthetic) لە کتێبی (ڕەخنە لە عەقڵی بێ خەوش)دا بەکارهێناوە بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی تیۆری لە شێوە دەروونیەکانی هەست، مەبەستی لەمەش دوو سیفەتی کات و شوێنە، بەڵام لە کتێبی (ڕەخنەی بڕیار)دا ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی دیاریکراو بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی بڕیارەکانی هەڵسەنگاندنی پەیوەست بەکاروباری جوانییەوە بەکار دەهێنێت] [١٦٠: ١١٦]

کانت گرنگی بە جوانی سروشتی دەدا و کە باسی ئەم جوانییەی سروشت دەکا [وا پێناسەی دەکات وەکو دیاردەیەك سەرنج کێش دەکات (بەبێ چەمك) و دەبێ بینەر بەشێوەیەکی بالاَ و ئەستراکت تێی بروانێت]. [١٤: ١٢] کانت باسی جوانی هونەری دەکات و لە جوانی سروشتی جیای دەکاتەوە و بڕوای وایە [جوانی لە سروشت شتێکی جوانە، بەڵام جوانی هونەر مانای وێناندنی شتەکانە بەشێوەیەکی جوان] [٥١: ٦٥]

هەروەها پێناسەیەکی ورد بۆجوانی هونەر دەکات و دەڵێ: [بریتییە لە گونجان لەنێوان تێگەیشتن و خەیاڵ، ئەو شتانەی کە بڕیار دەدەین لێیان تێدەگەین تەنیا لەخەیاڵی ئێمەدا دروست دەبێت، لە ڕاستیدا نییە]. [٦٤: ٣٣] بەمجۆرە کانت سیفەتی ڕێژەیی بوون دەبەخشێتە جوانی و جوانی بەتایبەتی جوانی هونەری دەگەڕێنێتەوە بۆ مرۆڤ، هەروەها [لە کتێبی (ڕەخنە لەعەقڵی بێ خەوش)دا چێژی جوانی بەستایەوە بەسەرنجدەرەوە نەك بەبابەتەکەوە، هەروەها بەبۆچوونی کانت ئامانجی جوانی بابەتەکەش و هەستی خۆشیەکەش هەر لەخودی سەرنجدەرەوە پەیدا دەبێ نەك لەبابەتەکەوە] [٤٠: ٥٤]

کانت چەمکی جوانی وچەمکی (سوودخوازی) لەیەکتر جیا کردەوەو بڕوای وایە جوانی دەبێ سەربەخۆ بێ لە هەموو سوودێك، بۆیە دەڵێ: [کاتێ قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کەفلان شت جوانە، کەس باسی ئەوە ناکا ئایا ناوەڕۆکی ئەو شتە هیچ سوودێکی بۆمان هەیە یان نا. بەم شێوەیە جوانی ئەو شتەیە هەموو کەس لەفۆرمە دیاریکراوەکەیدا پێی خۆش بێت بەبێ ئەوەی کەس بەرژەوەندی لەمەداهەبێ] [٤٠: ٥٥]

لەم ڕوانگەیەوە کانت جوانی دابەش دەکات بۆ دوو جۆر: [جوانی ئازاد: کەلەم جۆرەدا هیچ چەمك و مەبەست و سودێك نییە. و جوانی هاوەڵ: لەبەرئەوەی جوانی ئازاد هیچ چەمکێکی دەربارەی چییەتی شتەکە پێویست نییە، ئەوا جوانی هاوەڵ ئەو تێگەیشتنەی پێویستە لەگەڵ بەدیهێنانی شتەکە بەشێوەیەك کە هاوجووتی ئەم چەمکە بێت] [١٤٩: ٢٥٧]



کانت چەشەی ئیستاتیکی بەهەست و زانینەوە دەبەستێتەوە و ماوەکانی بڕیاردانی چەشەی هەستی دابەش دەکات بۆ چوار بەش:-

١- لەڕووی چەشنەوە.
٢- لەڕووی چەندێتیەوە.
٣- بەپێی ئامانجە بەرچاو گیراوەکانی.
٤- بەپێی ڕادەی لەزەت بردن لەبابەتەکە. [٥١: ٥٩ - ٦٤]

**فریدریك هیگڵ** (١٧٧٠ — ١٨٣١ز) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە و یەکێکە لە نووسەرە ئایدیالیستە گەورەکانی بواری ئیستاتیکا، کە بڕوای وایە جوانی شتێکی ئایدیاییە و بەپێچەوانەی (کانت)ەوە زیاتر جەخت لەسەر ناوەڕۆك دەکاتەوە و ناوەڕۆکی هونەر بە شتێکی ئایدیایی دادەنێ و فۆرمیش تەنها ڕووپۆشێکی ئەم ئایدیایەیە و دەڵێ: [جوانی ئەو شێوە هەستیارە هونەرییەیە کە بنچینەی بیرکردنەوەیە لە ناوەڕۆکدا، بەڵام شێوەی جوانی وێنەگرتنی هەستی وێنەگرە بۆ بیرکردنەوە. بۆ ئەوەی بگەینە بابەتێکی هونەری دەبێ ناوەڕۆك لێك بدەینەوە بەشێوەیەکی زانستی] [٦٤: ٣٤]

هیگڵ جەخت لەسەر پلەپلەیی جوانی دەکاتەوە و بڕوای وایە یەکەمین وێنەی جوانی سروشتە و [حەقیقەتی جوانی لە نزمترین ئاستیدا لە وێنەی بێگیان لە سروشتدا دەردەکەوێت، لە ڕووەکەکانیشدا جوانی ڕوونتر دیارە، ئینجا گیانلەبەر و پاشان مرۆڤ دێت، تا بەرزتر بێتەوە جوانیش بەرزتر و درەوشاوەتر دەبێت] [٨٥: ٣٢- ٣٣]

ڕێژەیی بوون و خودی بوونی جوانی و دابڕینی ئەم جوانییە لەهەموو بنەمایەکی بابەتی لە بیروڕاکانی (هیگڵ)ە و پێی وایە [هیچ شتێك لە واقعدا نییە ناوی جوان یان ناشرین بێ، یان باش یان خراپ، تەنیا پێوەری خەیاڵی ئێمە دەریان دەبڕێ] [٦٤: ٣٤]

هیگڵ جوانی هونەری بە بەرزتر لە جوانی سروشتی دادەنێ و دەڵێ: [جوانی هونەری بەرزترە لە جوانی سروشتی، چونکە جوانی هونەری بەرهەمی ڕۆحە، لەبەر ئەوەی ڕۆح بەرزترە لە سروشت بۆیە بەرزییەکەشی دەگوازرێتەوە بۆ بەرهەمەکانی و بۆ هونەریش]. [١٧٠: ٦] بەجۆرە هیگڵ جەخت لەسەر ڕۆح دەکاتەوە و بە بنەمایەکی سەرەکی پێکهێنان و دروستکردنی جوانی دادەنێ.

هیگڵ دوو هەستەکانی بینین و بیستن بە ئەندامە هەستیارەکانی جوانی دادەنێ، چونکە ئەم دوو هەستە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە عەقڵەوە و دەڵێ: [ڕواڵەتی هەستیی هونەر تەنها ئاماژە بۆ دوو ئەندامی هەستی دەکا کە بینین و بیستنە، لەبەر ئەوەی هەستەکانی بۆنکردن و چەشتن و شعور زۆر دوورن لەوەی ببنە سەرچاوەی خۆشی هونەری، چونکە هەستەکانی بۆنکردن و چەشتن و شعور ڕەفتار لەگەڵ ماتریاڵدا دەکەن] [١٥٠: ١١٤ - ١١٥]

بیری جوانی لای (هیگڵ) بەپێی قۆناغەکانی پەرەسەندنی جوانی بۆ (٣) قۆناغ دابەش دەبێ:

١- قۆناغی ڕەمزی: کە لە هونەری ڕۆژهەڵاتی و میسریدا دەردەکەوێ و تیایدا ماتریاڵ زاڵبووە بەسەر بیردا و هونەری ئەم قۆناغە بیناسازییە.
٢- قۆناغی کلاسیزم: کە لە هونەری یۆنانیدا دەردەکەوێ و تیایدا بیرو ماتریاڵ هاوسەنگ بوون، هونەری ئەم قۆناغە هەڵکۆڵینە.
٣- قۆناغی باڵادەستی مەسیحییەت یان قۆناغی ڕۆمانتیکییەتە، کەتیایدا بیر زاڵبوو بەسەر ماتریاڵدا و هونەرەکانی شیعر و مۆسیقا لەگەڵ ئەم قۆناغەدا دەگونجێ. [١٥٨: ٣١١]

هەروەها تایبەتمەندییەکانی کاری هونەری لەم خاڵانەدا کۆدەکاتەوە:
١- بەرهەمی هونەری بەرهەمی سروشت نییە، بەڵکو دەسکەوتی چالاکی مرۆڤە.
٢- بەرهەمی هونەری تەنها بۆ مرۆڤ و لەزەت و هەستەکانی مرۆڤە.
٣- بەرهەمی هونەری لە خۆیدا بێ کۆتایە. [٨٢: ٢]



**ئارسەر شوپنهاوەر** (١٧٨٨ — ١٨٦٠ز) فەیلەسوفێکی ئایدیاییە و وەکو هیگڵ جەخت لەسەر جوانی ڕۆحی دەکاتەوە و بڕوای وایە [ڕامان لە جوانیدا، ڕامانێکی ڕۆحی پوخت و دابڕاوە لەهەر مەبەستێك، کە ئەم تایبەتمەندی هەستکردن بە جوانییە و ئەم ڕامانە ڕێگە بۆ سۆفێتی ڕەها خۆش دەکات] [١٥٨: ٣٠٥]

لای شوپنهاوەر جوانی ڕێژەییە و بە جیاواز بوونی کات و شوێن و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری مرۆڤ دەگۆڕێ و دەڵێ: [کاتێك دەڵێین شتێك جوانە تێدەگەین ئەو شتەخودییە بۆ بابەتی جوانیناسی، واتە بابەتەکە گێڕانەوەیەکی خودییە و ئێمە نەك وەك تاکێکی ئاسایی، بەڵکو وەك تاکێکی ئەبستراکت بەبێ کەڵك وەرگرتن لە ئیرادە دەیبینین، لەلایەکی دیکەوە ئێمە ئەو شتە بەشێوەی شتێکی تایبەت نابینین، بەڵکو وەك نموونەیەك لە ئایدیادا وێنای دەکەینەوە] [٨٢: ٣]

### ئیستاتیکای مارکسیزم

ئیستاتیکای مارکسیزم لەسەر بنەما تیۆرییە گشتییەکەی فەلسەفەی مارکسیزم بنیادنراوە، کە لە پەرەسەندنی مێژوویدا خۆی دەنوێنێت" لەگەڵ گاریگەری ژێرخان لەسەر سەرخان. مەبەست لەژێرخان لایەنی ئابوورییە و سەرخانیش سەرجەم بوارەکانی ژیانە و لە ڕەوتە ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ئاینی و هونەری و فەلسەفییەکاندا دەردەکەوێ و [لەگەڵ دەرکەوتنی بنەما تیۆرییەکانی مارکسیزم (ماتریالیزمی دیالێکتیکی و ماتریالیزمی مێژوویی) سەردەمێکی نوێ لە گەشەکردنی زانیاری مرۆڤایەتی دەستی پێکرد. سەردەمی تێگەیشتنی زانستی ڕەسەنی بڕیارەکانی گەشەسەندنی سروشت و کۆمەڵ و بیری مرۆڤایەتی] [١٤٩: ٤٢٧]

ئیستاتیکای مارکسیزم [ئەو زانستەیە کەوا یاسا و پێوەندییە جوانناسییەکان دەخاتە ناو چوارچێوەیەك بۆ بەیەك بەستنەوەی مرۆڤ بە جیهانی دەوروبەرەوە و دیراسەکردنی هەموو شێوەکانی پێوەندی ئاڵوگۆڕکراو لەنێوان توێژەکانی کۆمەڵ].

[٦٤: ٣٤] بەجۆرە بواری لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکای مارکسیزم (٣) بابەتی پەیوەست بەیەکەوە دەگرێتەخۆ:

١- لێکۆڵینەوەی ڕەگەزی جوانی لە حەقیقەتی بابەتیدا.
٢- لێکۆڵینەوەی سروشتی جوانی خودی (جوانی هەستی).
٣- لێکۆڵینەوەی ئەو هونەرانەی کە لە حەقیقەتی دوو بابەتەکەی پێشوو و ڕەهەندەکانیان لە ڕواڵەتە بەرجەستەکانیاندا دەکۆڵێتەوە. [١٦٠: ١٢١]

**مارکس و ئەنگلز:** دوو فەیلەسوفی گەورەی ماتریالین، کە بڕوا ئیستاتیکییەکانیان بە شێوەی تیۆرە فەلسەفییەکانیانە کە تیۆرێکی ئیستاتیکی ماتریالی گونجاویان پێکهێنا.

مارکس و ئەنگلز هونەر بە بەشێك لە واقعی ماتریالی دادەنێن و گەشەکردنیشی بەستراوەتەوە بە گەشەکردنی کۆمەڵگاوە و بڕوایان وایە [حەقیقەت و گەشەسەندن و پەرەسەندنی هونەر تەنها لەڕێگەی شیکردنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە زانراوە][١٤٩: ٤٢٨]

مارکس پێی وایە دەقە ئەدەبی و هونەری و فەلسەفییەکان دوو جیهانبینی واقعیان هەیە:

١- جیهانبینی چینی کرێکار کە گوزارشت لە ئستاتیکی واقعی پێوەندییەکانی جیهانی ڕاستی دەکاتەوە.
٢- جیهانبینی سەرمایەداری کە تێکدەر و ئیفلیج کردنی هەموو ڕاژە کۆمەڵایەتییەکان و پێوەندییەکانی تاکیی کۆمەڵە، ئەمەش ئەنتی ئیستاتیکایە و بۆ زێدەبایی بەرژەوەندی خۆی کاردەکات. [٦٤: ٣٤]

مارکس و ئەنگلز لەپاڵ بیرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکانیاندا خزمەتێکی زۆری بواری ئیستاتیکا و هونەریان کردووە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- هونەریان وەکو چەکێکی هاوکار بۆ ناسین و گۆڕینی جیهان دادەنا.
٢- بەتوندی پارێزگارییان لە چەسپاندنی هونەری پرۆلیتاری دەکرد.



٣- بە چەندین ڕێگە هەوڵیان دەدا پاشماوەی هونەری پێشکەوتنخواز لە بەرژەوەندی چینی پرۆلیتار بەکاربهێنن.
٤- هەستی جوانییان وەکو یەکێك لە لایەنەکانی پەیوەندی هەستی پراکتیکی مرۆڤ بە واقعەوە دانا.
٥- داهێنان (بەپێی یاساکانی جوانی) لەسەر بنەمای چالاکی پراکتیکی دامەزراوە و تەواوکەری ئەم چالاکییەیە. [١٤٩: ٤٤١ - ٤٤٢]

**چیرنیشیفیسکی:** فەیلەسوفێکی مارکسیستە و پێناسەی جوانی بە ژیان دەکات و دەڵێ: [جوانی ژیانە... جوانی ئەو شتانەیە کە ژیانی تێدا دەبینین بەپێی بۆچوونەکانمان، هەروەها جوانی ئەو شتەیە ژین دەردەبڕێت یاخود ژیانمان بیردەخاتەوە] [١٤٠: ٢٤]

چیرنیشیفیسکی بەم دیاریکردنەی جوانی توانی گۆڕانکارییەك لەبواری چەمکی جوانیدا بکات و بۆچوونی ئایدیای خستە کەنارەوە، چونکە ئەگەر ئایدیالیستەکان بڕوایان وابوو کە [جیهانی ڕۆحی مرۆڤ ڕەنگدانەوەیەکی تایبەتی لەجۆری خۆی پێکدێنێت لە واقعی بابەتیدا، ئەوا بەپێی گۆشەنیگای چیرنیشیفیسکی جوانی لە هونەردا ڕەنگدانەوەی ئەو جوانییەیە کە مرۆڤ لە ژیادا تووشی دەبێت] [١٠٢: ٢٦٩]

چیرنیشیفیسکی بڕوای وایە چەمکی جوانی لە هونەر فراوانترە و [جوانی حەقیقەتێکی بابەتییە، شتێکی واقعییە، هونەر جوانی وەکو شتێکی نامۆ ناخاتە جیهانەوە، بەڵکو کاری هونەر دووبارە بەدیهێنانەوەی جوانییە] [١٠٢: ٢٦٩] بەجۆرە چیرنیشیفیسکی چەمکی جوانی لە هونەر ئازادکرد.

**ڤلادیمێر ئیلیچ لینین (١٨٧٠ – ١٩٢٤ز):** فەیلەسوفێکی واقعییە و ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە گەشەدان بە بیرورا مارکسییەکان و [ لە بارودۆخێکی نوێی مێژووییدا هەستا بە نوێکردنەوە و گەشەپێدان و دەوڵەمەند کردنی بیرورا مارکسییەکان و ڕوونکردنەوەی گرنگترین بابەتە بنەڕەتییەکانی" لەنێوانیشیاندا بابەتە ئیستاتیکییەکان. بۆ نموونە هەستا بە لێکۆڵینەوەی گرنگترین بابەتە ئیستاتیکییەکان

لەژێر ڕۆشنایی چارەسەری بابەتە پراکتیکییەکانی شۆڕشی پرۆلیتاری و بنەمای کۆمەڵگای شیوعی] [١٤٩: ٤٤٣ - ٤٤٤]

لینین جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان ئیستاتیکا و لایەنە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان دەکاتەوە و دەڵێ: [زانستی ئیستاتیکا پێوەندییەکی توندی بە مێژووی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی و هۆشیاری کۆمەڵایەتییەوە هەیە و پێوەندی بە دەروونزانی هەیە، چونکە دیراسەی یاساکانی ڕەوشتی گۆڕاوی مرۆڤ دەکات، بۆچوونەکانی ئیستاتیکا لەسەر ئایدۆلۆژیایەك بەند نابێت، بەڵکو زیاتر دەربڕینە لە خودی ڕەوشتی چینەکان] [٦٤: ٣٥]

لینین بڕوای وایە کە دەبێ هونەرمەند داهێنانەکانی خۆی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵێنجێ و ململانێ چینایەتییەکان بخاتەڕوو، چونکە هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەو هونەرمەندەیە لەگەڵ ئازارەکانی گەلەکەیدا دەژێ و داخوازی و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو و هەروەها داوا لە هونەرمەندان دەکات [بەتوندی پەیوەست بن بە ژیانی گەلەوە و زانیارییەکی قوڵیان هەبێت دەربارەی کێشە سیاسی و ڕەوشتی و فەلسەفی و ئیستاتیکییە هاوچەرخەکان و گرنگیدان بە کێشەکانی سەردەم، کە بوونەتە هۆی دڵەڕاوکێ و سەرقاڵبوونی مرۆڤ و لەهەمان کاتدا پێویستە بابەتی هاوچەرخ بابەتی سەرەکی هونەر بێت] [١٤٩: ٤٤٨ - ٤٤٩]

## ئیستاتیکای ڕێبازە ئەدەبییەکان

### ئیستاتیکای کلاسیزم

کلاسیزم یەکەمین ڕێبازی ئەدەبییە کە لەدوای ڕێنیسانس سەری هەڵدابێت. فەرەنسا بە لانکەی لەدایکبوونی ئەم ڕێبازە دادەنرێت و نووسەران و لێکۆڵەرانی فەڕەنسی ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لەم ناوەدا و گرنگیەکی زۆریان بەساغکردنەوە و توێژینەوەی دەقە کۆنەکانی یۆنانی و ڕۆمانی دا و بانگەشەیان بۆ بووژاندنەوەی ئەو بنەمایانە دەکرد کە یۆنان و ڕۆمان بۆ ئەدەبیات دایان نابوو، ئەمەش بووە هۆی



سەرهەڵدانی ئەدەبێکی نوێ کە [بەناوی (کلاسیکی نوێ)وە خۆی ناساند لەسەر بنەڕەتی کلاسیکییە کۆنەکەی ئەو دوو نەتەوەیە، پاشان (نوێ)یەکەش بوویەوە و بەئەدەبی کلاسیکی ناسرا] [٤٥: ٥٣ - ٥٤]

کلاسیزم دەستوورو بنەماکانی لە چەند سەرچاوەیەکی ئیستاتیکیەوە هەڵهێناوە کە گرنگترینیان: هونەری شیعری ئەرستۆ و هونەری شیعری هۆراس و بەرهەمی نووسەرانی سەردەمی (ڕێنیسانس)ە، [بەتایبەتیش کاتێ لەساڵی ١٦٧٤ دا ڕەخنەگری فەرەنسی نیکۆلا بوالۆ (١٦٣٦- ١٧١١ز) کتێبە گرنگەکەی خۆی (هونەری شیعر- Artpoethigue )ی بڵاوکردەوە و دەستوورو بنەماکانی کلاسیزمی تێدا شیکردەوە و چەسپانی، توانی گیانێکی هاوچەرخانە بە ڕێبازەکە بدات و کتێبەکەی وەکو سەرچاوەیەکی تیۆری گرنگی کلاسیزم پێشکەش بکات][٤٠:١٧]

کلاسیستەکان زۆر گرنگیان بە عەقلانیەت دەدا، چونکە بنەمایەکی سەرەکی و بنچینەیی فەلسەفەی جوانیە لای کلاسیزم، کلاسیستەکان عەقڵیان بە بڕیاردەری باڵای کاری هونەر دادەنا، چونکە بڕوایان وابوو [عەقڵ تیشکدانەوەی حەقیقەتە ، حەقیقەتیش لەهەموو کات و شوێن و سەردەمێکدا هەر ئەوەیە کە هەیە، عەقڵ پەیامی کۆمەڵایەتی شاعیر دیاریدەکات و یاساکانی هونەر دەچەسپێنێت، عەقڵ وا لەمرۆڤ دەکات پەیڕەوی یاساکانی گشتی بکات و خۆشی و کەڵك بەیەکەوە ببەستێتەوە]. [٥١: ٢١٢] ڕەخنەگری فەرەنسی (بوالۆ) لەبەشی یەکەمی (هونەر شیعر)ەکەیدا دەڵێ: [عەقڵ و لۆژیکتان خۆش بوێت و هەمیشە گەورەترین زینەت و بایەخی بەرهەمەکانتان لەعەقڵ وەربگرن] [٤٠: ٣٢]

هەروەها کلاسیستەکان گرنگییەکی زۆریشیان بە لاساییکردنەوە دەدا کە (ئەرستۆ و هۆراس و بوالۆ) جەختیان لەسەر کردووەتەوە. کلاسیکەکان لاسایی سروشت دەکەنەوە، بەڵام تەنها شتە باش و لایەنە بەرزەکانی سروشت و ڕەفتاری مرۆڤیان وەردەگرت و شتە خراپ و بێکەڵکەکانیان فەرامۆش دەکرد. بوالۆ دەڵێ: [تەنانەت بۆ یەك ساتیش لە سروشت غافڵ نەبن] [٢١: ٢٩] هەروەها لاسایی کردنەوەی

كۆنینەكان لای كلاسیزم پێویستە گرنگی پێبدرێ و ئەمەش بەڕوونی لەبەرهەمی نووسەرانی كلاسیزمدا دەبینرێ، چونكە [كلاسیكیەكان دەڵێن: بۆ دۆزینەوەی جوانی نەمر پێویستە ئێمە لەناو بەرهەمی نووسەرە كۆنینەكاندا بگەڕێین، واتە پێویستە بەرهەمی نووسەرە یۆنانی و لاتینیەكانی وەك ئۆرپید Euripide و ڤێرژێل و سۆفۆكلێس و ئیزۆپ Esope و هۆمیرۆس و هۆراس و ئەرستۆ بكرێنە سەرمەشق] [٤٠: ٣٠]

مەرجێكی دیكەی ئیستاتیكی لای كلاسیزم ڕوونی و ئاشكراییە لەبابەتی هونەریدا، كە پێویستە هونەرمەند لەڕووی زمانی دەربڕین بیرو شێوازی هونەری و بابەتیشەوە ڕوونی و ئاشكرایی پەیرەو بكات، چونكە بەرهەمی چاك ڕوون و ئاشكرایە. (بوالۆ) بەتوندی جەخت لەسەر ئەم بنەمایە دەكاتەوە و بەبڕوای ئەو [پێوەری جوانی" ڕوونی و ئاشكراییە و شتە نادیارو شاراوەكان، جوان نین] [١٤٩: ١١٢]

هارمۆنیەت بنەمایەكی تری كلاسیزمە كە پێویستە هەموو توخمە پێكهێنەرەكانی بابەتی ئەدەبی هارمۆنیەتیان لەنێوان خۆیاندا و لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا هەبێت، واتە هارمۆنیەتی بابەتی ئەدەبی پێویستە لەدوو ئاستدا بێت:

١- هەر دانەیەك لە توخمە پێكهێنەرەكانی جوانی لەبەرهەمی كلاسیكدا (واتە هەموو ئەو شتانەی جوانن) پێویستە هارمۆنیەتیان لەگەڵ یەكتردا بێت ...

٢- بەرهەمە هونەریەكە بەسەرجەم توخمە پێكهێنەرەكانی خۆیەوە، پێویستە لەگەڵ سروشتی میللەت و دابوونەریتەكان بگونجێن. [٤٠: ٣٤ - ٣٥]

كۆرنیەو ڕاسین و ڤۆلتێرو لافۆنتێن لە گەورە نووسەرانی فەرەنسای سەدەی حەڤدەن، كە پەیوەست بوون بەبنەماكانی فەلسەفەی كلاسیزمەوە و گەورەترین كاری هونەرییان پێكەش بەبوونەوەر (مرۆڤایەتی) كردووە. [١٤٩: ١١٧]

## ئیستاتیكای ڕۆمانسیزم

ڕۆمانسیزم ڕێبازێكی ئەدەبییە لە كۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم وەكو كاردانەوەیەك بۆ ڕێبازی كلاسیزم هاتە ئاراوە. ڕۆمانسیزم نەك هەر



كاردانەوەیەكی كلاسیزم بوو، بەڵكو گۆڕانێكی بنچینەیی بەسەر بنەما ئیستاتیكی و هونەرییەكاندا هێنا كە تا ئەو كاتە لە ئەدەب و هونەردا پەیڕەو دەكران.

ڕۆمانسیزم سەرەتا لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٧٩٧ز لەسەر دەستی گۆتێ وشیلەر و هۆڵدێرن و هۆفمان، لە ئینگلستاندا لەساڵی ١٧٩٨ز لەسەر دەستی ۆردزۆرث، بلاك، كۆلرێدج، ئینجا لە فەرەنسا لە ساڵی ١٨٢٠ز لەسەر دەستی لامارتین و هوگۆ، پاشان لە ئیتالیا لەسەر دەستی مانزۆنی و لیۆپاردی، ئینجا لەدواییدا لە ئیسپانیا و وڵاتانی ئەسكەندەناڤیدا سەری هەڵدا. [٤٠: ٥١] كە بیروڕا ئیستاتیكییەكانی هەندێ بیرمەند و فەیلەسوف بەتایبەتی (كانت و هیگڵ و جان جاك ڕۆسۆ) كاریگەرییەكی ڕاستەوخۆیان لە سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم هەبوو.

ڕۆمانسیزم زۆر گرنگی بە ئازادی تاكەكەس دەدا و بە بنەمایەكی سەرەكی داهێنانی هونەری دادەنا و جوانی بەرهەمە هونەرییەكانی لە گۆشەنیگای تاكەوە دەبینی" نەك كۆمەڵ، واتە مرۆڤ بە تەنها خۆی بڕیار لەسەر جوانی و دزێوی شتەكان دەدا. هونەرمەندی ڕۆمانسیست ئازادە لەوەی [هەر گۆشەیەكی ژیان، چ جوان و چ ناشرین، چ بەرز و چ نزم، بكات بە بابەت و كەرەسەی خۆی. دەتوانێت سوود لەهەر سەردەمێكی مێژوویی و لەهەر جۆرە دیمەنێكی دنیا وەربگرێ] [٢١: ٥٩]

ئەندێشە و خەیاڵ لای هونەرمەندی ڕۆمانسیست گرنگییەكی زۆری پێدەدرا و هەوڵیان دەدا لەڕێگەی خەیاڵەوە ئەو ژیانە خۆشەی كە بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی و قەرەباڵغ بوونی شارەوە لە دەستیان چووە بەدەستی بهێننەوە و [بەشێوەیەكی وا هۆگری خەیاڵ بووبوون ئەو جیهانە ئەندێشەییەی كە لە مێشكیاندا دروستیان كردبوو دەیان ویست بەم خەون و خەیاڵە ئامانج و مەبەستەكانیان بەدی بهێنن، چونكە لە خەون و خەیاڵەكانیاندا هەستیان بە جۆرە چەشە و خۆشییەك دەكرد و بە هیچ جۆرێك نەیان دەویست لێی جیاببنەوە] [١٩: ٤٠]

هەروەها ڕۆمانسیستەكان گرنگیان بە هەست و سۆز دەدا و بڕوایان وابوو پێویستە بڕیاردان لەسەر بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەكان بە پێوەری هەست و سۆز

بێت، نەك عەقڵ و لۆژیك، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەست و سۆزیان لەسەرووی عەقڵەوە دادەنا. (ئەلفرید دی موسێ) بڕوای وابوو شاعیر دەبێ وڕینەکانی بنووسێتەوە، واتە [ئەوەی پێویستە بەیان بکرێ سۆز و گوداز و هەڵچوونی شاعیرە و ئەوەی پێویستە بەدەست بهێنرێ جۆش و خرۆش و هەڵچوونی خەڵکییە. دڵ دەبێ بێ کۆت و زنجیران قسە بکات و بێ قەید و مەرج فەرمانڕەوایی بکات] [٢١: ٦٠]

ڕۆمانسیستەکان هەوڵی گەڕانەوەیان بەرەو سروشت و ڕاکردن لە ژیانی شار دەدا، چونکە بە ژیانی تەنیایی و شڵەژاوی کۆمەڵ و شار و ژیانی میکانیکی زۆر دڵتەنگ دەبوون، [هەر بۆیە لە ئەدەبەکەیاندا زۆر قسەیان دەربارەی ژیانی زگماکی و نیشتەجێ بوونی دارستان و جەنگەڵ و نەتەوەکانی سەرەتایی دەکرد کە لە ژیانی سادەی خۆیاندا حۆشحاڵ و کامەران بوونە][١٥٧: ١٧٠]

## ئیستاتیکای پەرناسیزم (هونەر بۆ هونەر)

پەرناسیزم لە وشەی (پەرناس)ەوە وەرگیراوە کە لە بناغەدا ناوی چیایەکە لە یۆنان و لە ئەفسانەکانی کۆنی یۆنانیدا شوێنی نیشتەجێ بوونی (ئەپۆلۆ)ی خواوەندی شیعر بووە و شاعیران لەوێوە ئیلهامی شیعریان وەرگرتووە و لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بووە ناو بۆ ئەم ڕێبازە ئەدەبییە، (تیوفیڵ گۆتییە ١٨١١ - ١٨٧٢ز) و (لوکونت دو لیل ١٨١٨ - ١٨٩٤ز) دوو دامەزرێنەری دیاری ئەم ڕێبازەن. ئەم ڕێبازە پشتی بە دوو بنەمای فەلسەفی بەستووە و بریتین لە فەلسەفەی ئیستاتیکی ئایدیالی کانت و فەلسەفەی ڕیالیزمی ئەزموونی کە تا نیوەی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەوروپا باوبوو. [٥١: ٢٢٢]

پەرناسەکان زۆر گرنگیان بە دەستەواژەی (هونەر بۆ هونەر) دەدا و دژی ئەوە بوون هونەر بۆ هەر مەبەستێکی تری جگە لە جوانی بەکاربهێنرێ و بەتوندیش دژی فەلسەفەی سوودخوازی (سانت سیمۆن) دەوەستانەوە. پەرناسەکان [لەژێر گوشاری ئیستاتیکای (هونەر بۆ هونەر) لە نووسینەکانی خۆیاندا پەیڕەوی بینینی بۆدلێر و



بیری جوانیناسیی مالارمێیان دەکرد. تیۆری (هونەر بۆ هونەر) سەرچاوەی یەکەمی ئەو نووسەر و شاعیرە گەنجانە بوو" دەیانویست لە بورجی عاجی خۆیان و لە گۆشەگیریدا، لە ڕیتمی ژیان دووربکەونەوە و بەناو ڕۆحی خۆیاندا سەفەر بکەن] [٤٠: ١٢٩]

پەرناسەکان بڕوایان وابوو پێویستە ئەدەب ئازاد و سەربەخۆ بێت و لەهەموو لایەنێکی سوودخوازی دوور بکەوێتەوە و تەنها ئامانجی ئەفراندنی جوانی بێت، (تیوفیڵ گۆتییە) لەم بارەیەوە دەڵێ: [ئێمە بڕوامان وایە پێویستە هونەر سەربەخۆ بێ، هونەر لای ئێمە هۆکار نییە" بەڵکو ئامانجە و وای دەبینین هەر هونەرمەندێك هەوڵ بۆ جگە لە جوانی بدا هونەرمەند نییە، ئێمە هەرگیز ناتوانین جیاوازی لەنێوان بیر و فۆڕمدا بکەین و هەموو فۆڕمێکی جوان بیرێکی جوانە] [١٥٨: ٢٨٩ - ٢٩٠]

(لوکونت دو لیل) لە بەرهەمەکانیدا دژی ڕۆمانسزم وەستایەوە و بەتوندی ڕەخنەی لێ گرتن بەهۆی ئەو ون بوون و ڕۆچوونەیانەوە لە تاکڕەوی خۆیان و بایەخدان بە خودی خۆیان و کێشە تایبەتییەکانیانەوە، [لەبەرامبەر ئەمەدا بڕیاری دا کە ئەدەب دەبێت بابەتیانە و گشتی بێت و تەنها بایەخ بە جوانی بدات، و ئەدەبیش هیچ ئامانجێکی نییە، چونکە ئەو بۆخۆی ئامانجە، بۆیە نابێت ئەدیب ئەدەبەکەی بکاتە هۆکارێك بۆ پیشاندان و چارەسەر کردنی کێشە تایبەتییەکانی و نابێ خەڵك بەرەو دید و بۆچوونێکی دیاریکراو بەرێت و شتێکیان فێربکات] [٤٥: ٨٤ - ٨٥]

پەرناسییەکان زۆر گرنگیان بە فۆڕم دەدا و ناوەڕۆکیان هێندە گرنگ نەبوو لایان و هەوڵیاندەدا لەڕێگەی فۆڕمەوە جوانی بخوڵقێنن و بڕوایان وابوو فۆڕمی جوان خۆی ناوەڕۆکێکی جوان بۆ خۆی دروست دەکا، واتە بڕوایان وابوو کە نابێت جوانی فۆڕم بکرێتە قوربانی ناوەڕۆك. هەروەها لە شیعردا گرنگییەکی زۆریان بە کێش و سەروا دەدا و بە یەکێك لە بنەما ئیستاتیکییەکانی شیعریان دادەنا و (تیودور دو بانڤیل) کە شاعیرێکی سەر بەم ڕێبازەیە سەبارەت بە سەروا دەڵێ: [قافیە[سەروا] وەکو مێخێکی زێڕین وایە کە خەیاڵاتی شاعیری پێ دادەکوترێ] [٢١: ١٤٩]

## ئیستاتیکای سیمبولیزم

سیمبولیزم ڕێبازێکی ئەدەبییە و لە کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دەرکەوت و [لە دەوروبەری ساڵی ١٨٨٠ دا چەند گەنجێك، لەوانە ستێڤان مالارمێ و بۆدلێر و ... هەندێ نووسەری دیکەش کە پێشتر هەموویان پێکەوە ڕۆڵیان لە دامەزراندنی پەرناسدا هەبوو، نیگا بەرینەکەیان هێروەتر لە چوارچێوەی پەرناس هەڵفڕی. هەنگاویان بەرەو جیهانێکی فراوانتر هەڵنا: جیهانی پەنهانی ڕۆح] [٤٠: ١٤١]

بنەمای هەرە سەرەکی و گرنگی سیمبولیزم باوەشکردنە بە ڕەمز (سیمبول) دا و داهێنان و ئەفراندنی جوانییە لەڕێگەی ڕەمزەوە. سیمبولیستەکان بڕوایان وایە جیهان بێشەیەکی پڕ لە ڕەمزە و مرۆڤی ئاسایی ناتوانێ لێی تێبگات و تەنها هونەرمەندی سیمبولێ لێی تێدەگات لە بەرهەمەکانیدا بەرجەستەی دەکا و بەبڕوای (بۆدلێر ١٨٢١ - ١٨٦٧ ز) [دنیا بێشەیەکی لێوانلێوی هێما و ئاماژانە، حەقیقەت لە خەڵکی ئاسایی پەنهانە و تەنیا شاعیر بە زەبری ئەو ئیدراکەی هەیەتی، لە ڕێگەی تەفسیر و ڕاڤە و شرۆڤەی ئەو هێما و ئاماژانەوە هەستی پێدەکات] [٢١: ١٥٦]

سیمبولیستەکان بەتوندی جەخت لەسەر جوانی دەکەنەوە و بڕوایان وایە [کە بەتەنها جوانی بابەتی شیعرە و ماف و خێر و خۆشەویستی لەگەڵ جوانیدا لەناو شیعردا کۆ ئەبنەوە، بەڵام ئاستی خێر و خۆشەویستی و ماف لەپلەی دووەمدایە. واتە ئامانجی شیعر هەڵچوون و جوانییە و بەس] [٥٧: ٦٤]

سیمبولیستەکان دژی واقع دەوەستانەوە و لە ناخی خۆیاندا هەوڵی گەڕانیان دەدا بەدوای حەقیقەتدا، چونکە بڕوایان وابوو واقع هەڵخەڵەتێنەرە لە ئاماژەکردنی حەقیقەتدا و بەربەستە لەبەردەمیدا و دایدەپۆشێ و مرۆڤ هەڵدەخەڵێتێنێ [١٠١:٣٤٤] و ئەمەش وای لە سیمبولیستەکان کرد لەلایەنی ڕۆحی و سۆفیزم نزیك ببنەوە بەرەو ئاینی مەسیحی بڕۆن و باوەشی پێدا بکەن. سیمبولیستەکان دەڵێن: [بۆچوونی ئێمە دەربارەی سروشت، بریتییە لە ژیانی ڕۆحی خۆمان، ئێمەین کە هەست دەکەین و نەخشی ڕۆحی ئێمەیەکە لە شتاندا ڕەنگدەداتەوە، کاتێ مرۆڤ



ئەو دیمەنانەی کە دیونی، بەو پەڕی ناسکی دەرك دەکات، بەرجەستەی دەکات، لە ڕاستیدا نهێنییەکانی ڕۆحی خۆی ئاشکرا دەکات] [٢١: ١٦٣ - ١٦٤]

سیمبولیستەکان هەوڵیاندا کێش و سەروا تێك بشکێنن و شیعر لە بەندی ئەم هونەرە ڕزگار بکەن و ئەمەش بووە هۆی لەدایك بوونی شیعری ئازاد. کە [دەرکەوتنی ئەم جۆرە شیعرە خاڵی وەرچەرخان بوو لە شێوازی تەقلیدی هەڵبەست و کرانەوەیەکی تازەبوو لە جیهانی شیعردا، کە ڕەنگە (گۆستاڤ کان Gustave Khan) یەکەمینی شاعیرە سیمبولیستەکان بووبێ کە شیعری ئازادیان داهێنا و بڕوای وایە کە مۆسیقای شیعر شتێکی خودیی پوختە] [٩٧: ٣٠]

## بۆچوونە هاوچەرخەکان و ئیستاتیکا

### ١- بۆچوونی حەدەسی

**هێنری برگسۆن** (١٨٥٩- ١٩٤١ز) فەیلەسوفێکی ناوداری فەرەنسییە، هونەر بەجۆرێکی زانین دادەنێ و بڕوای وایە [جوانی بریتیە لە جوانی ناوەوەیی لە ماتریاڵ و شێوەکانی و دیاردەکاندا، دوور لە ڕووکارە هەستی و عەقڵییەکان بەشێوە تەقلیدیەکەی] [١٦٤: ٩٣)، هەروەها پێی وایە ئەم جوانییە لەناو شتەکاندا [هیچ شتێ بۆ بوونی بابەتەکەی خۆی زیاد ناکات ، بەڵام دەشێ بەدیار بکەوێ کاتێ بیری ئادەمیزاد لەدەست بەسەراگرتنی ئەو بووەدا ئەو جوانییە بەدی بهێنێت] [٥١: ١٠٤]

برگسۆن دەڵێ: [هونەر تەنیا ئەو شتە دووپات دەکاتەوە کەتێڕامانێکی ڕاستەوخۆیە بۆ ڕاستی، بەڵام پاکی ئەم تێگەیشتنە هەستییە ئەو دابڕانە دەخوازێ لەنێوان مرۆڤ و دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکانی، دەبێ هەستی ئیستاتیکی هیچ ئامانجێکی کەسایەتی و پوولەکی نەبێ لەهەستەوەرەکانی و ویژدانیدا].[٦٨: ٤٨]
برگسۆن بەمجۆرە هونەر لەئەرکە کۆمەڵایەتیەکان و بنەمای سوودخوازی دادەبڕێت و ئەگەر هونەرمەند لەکاتی داهێنانی هونەریدا سەرکوتووبوو ئەوا [هونەرمەندێکی بێ

وێنەی لێ دەردەچێت، چونکە ئەوسا دەتوانێ فۆرمەکان و ڕەنگەکان و دەنگەکانی جیهانی فیزیکی لە پاکێتی و ڕوونییە پەتییە هاوەڵییەکەیاندا ببینێ] [٥١: ٩٧]

**بندیتۆ کرۆچێ** (١٨٦٦- ١٩٥٢ز) فەیلەسوفێکی ئیتالیە، کاریگەری زۆری لەسەر ئیستاتیکا هەیە و خاوەنی کتێبی (ئیستاتیکا)یە.

کرۆچێ پێناسەی ئیستاتیکا بەوە دەکا کە [زانستی زمانەوانیە گشتییەکانە، لەبەرئەوەی گرنگی بەهۆکاری کاری دەربرین دەدات، هەروەها زانستێکی فەلسەفیشە، فەلسەفەی زمانەکە هاوواتای فەلسەفەی هونەرە] [٩٩: ٢٢٩]. لەم پێناسەی ئیستاتیکادا (کرۆچێ) گرنگی بەدەربڕین دەدات و هەوڵدەدات ئیستاتیکا لە دەربڕیندا کورت بکاتەوە.

کرۆچێ دەڵێ: [جوانی پێکهێنانی عەقڵی وێنەیەك یان زنجیرە وێنەیەکە کە جەوهەری شتە سەرنجدراوەکان بگرێت] [٥١: ١٠٩]. لێرەدا کرۆچێ جوانی دەبەستێتەوە بەو شێوازەی دەربڕینەی کەمرۆڤ یان هونەرمەند دەری دەبڕێت لەئەنجامی سەرنجدان لەجەوهەری شتەکان ، لێرەدا بەلای (کرۆچێ)وە گرنگ نییە شتە سەرنج دراوەکە لەخودی خۆیدا جوان بێ یان دزێو.

کرۆچێ جوانی کاری هونەری لەدەربڕیندا دەبینێت، و [پێناسەی جوانی بەدەربڕینێکی سەرکەوتوو دەکات ، دزێویش دەربڕینێکی ناسەرکەوتوو] [١٣١: ٦١] هەروەها جەخت لەسەر دوو ڕووی ناوەڕۆك و ڕوخساری کاری هونەری دەکاتەوە و ئەو بۆچوونانە ڕەتدەکاتەوە کە تەنها جەخت لەسەر ڕووخسار یاخود ناوەڕۆکی کاری هونەری دەکەنەوە و بڕوای وایە [سازکردنی جوانی پێکهاتووە لە عاتیفە و وێنە ، یان شێوەو ناوەڕۆك لەسەر شێوەی حەدەسی بەبێ هیچ کێشانە و پێوانەیەك، لەمەدا هاوڕای (کانت)ە کە دەڵێ: عاتیفە بەبێ وێنە کوێرو نابینایە، وێنەش بەبێ عاتیفە ناوەڕۆك بۆشە] [١٦٤: ١٠٤].

هەروەها کرۆچێ دژی ئەوەیە هونەر کارێکی سوود بەخش بێت یان کەڵکێکی هەبێت بۆ مرۆڤ، لەم بارەیەوە دەڵێ: [ناکرێت کاری هونەر پەیوەست بێت



بەبەدەستهێنانی سوود یاخود چێژێکی دیاریکراوەوە، تینوێتی شکاندن و هەوای پاك هەڵمژین هونەر نییە، بەڵکو زۆرجار ئەوەی دژایەتی هونەری باش دەکات ئەوەیە کە ببێتە هۆی بەدەستهێنانی چێژ بۆمان. دەکرێت کارێك لەڕووی هونەرییەوە باش بێت لەگەڵ ئەوەشدا هیچ چێژێکی تیا نەبێت] [٩٩: ٢٣٣].

کرۆچێ بڕوای وایە بەرهەمهێنانی کاری ئیستاتیکی بەچوار قۆناغدا تێپەر دەبێت:

١- ئیمپرێشنەکان (impressions)

٢- دەربرین یان پێکهێنانی ئیستاتیکی دەروونی (بڕبڕەی پشتی هەر چوار قۆناغەکەیە)

٣- خۆشی هیرۆنی یان ئیستاتیکی

٤- گۆرینی حەقیقەتە ئیستاتیکییەکە بۆ دیاردەیەکی سروشتی. [٥١: ١١٢]

## ٢- بۆچوونی بوونگەرایی (وجودی)

بۆچوونی بونگەرایی تێگەیشتنێکی نێگەتیڤی هەیە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی و بڕوای وایە ژیان هیچ شتێکی بەهادار و گرنگی تیا نییە و هەموو شتەکانی ژیان و خودی ژیانیش هیچ و بێ هودەن، [نووسەرانی وجودیەت بەشێوەیەکی گشتی ئایدیای هیچێتی (عەبەسی)و بێ هودەیی بوونی ئینسانی پەرەپێ دەدەن، مرۆڤ لای ئەوان (سارتەر sarter، کامۆ camee، بیکیت، سیمون دی بوڤوار،...هتد) مەخلوقێکی بێ باوەڕو بێ ئایدیا لە عەبەسی و هەستدارە تاڕادەیەی نەخۆشی، بەسەریدا سەپێنراوە کە ژیانی تەنیایی لەنێوان مرۆڤانی تردا بەسەر بەرێت و بەوپەڕی پەشۆکاویەوە چاوەڕوانی ڕوودانی کارەساتەکە - مردن - بکات] [٥١: ٢٨٠].

بوونگەراییەکان زۆر گرنگی بەبیری ئازادی دەدەن و ئازادی بەلایەنێکی کاریگەری ژیان دەزانن تا ئەو ڕادەیەی کە هەندێکیان ژیان بەرامبەر ئازادی دادەنێن، ئەمەش لەبەر ئەوەی [بنەمای خۆشحاڵی مرۆڤ و بنەمای مرۆڤایەتی هەستکردنە بەئازادی، هەتا ئەگەر ئەو ئازادیە ئاڵۆزو نادیار یاخود بێ هیچ بنەمایەکی بنچینەیی بێت.

ئازادی لای بوونگەراییەکان ئامانج و نەمری و بەردەوامییە و بنەمای بوونی مرۆڤایەتیە] [١٦٤: ١٢٤].

**جان پۆل سارتەر** (١٩٠٥- ١٩٨٠) فەیلەسوفێکی بوونگەرایە، هیچ دانراوێکی لەسەر ئیستاتیکاو هونەر نییە، بەڵام لەناو بەرهەمەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە کردووەو لەڕوانگەی (خەیاڵکردن و بەرپرسیارێتیەوە) لێکی داوەتەوە.

سارتەر جەخت لەسەر خەیاڵکردن دەکاتەوە و بەبنەمای کاری هونەری و بابەتی ئیستاتیکای دادەنێ و بڕوای وایە [بابەتی ئیستاتیکی بابەتی خەیاڵکردنە، کە هۆشیاری ڕۆڵی تێدا دەبینێ بەجۆرێك کە بابەتی ئیستاتیکی لەخۆوەیی داهێنانی نییە، هەروەها واقعیش نییە، بەڵکو کۆکردنەوەیە لەنێوان خەیاڵ و هۆشیاریدا] [١٥٤: ٢٥٩].

سارتەر جوانی بە ناواقعیەوە دەبەستێتەوە، کەئەمەش وا لە جوانی دەکا لە واقع جیابێتەوە، چونکە [جوانی بوونەوەرێك نییە ببێتە بابەتێکی هەست کردن، لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا جیایە لە جیهان و ئێمە ناتوانین بەتیشك خستنە سەری بیدۆزینەوە، چونکە ئەوەی تیشك دەخەینە سەری پێکهاتنەیەکە نەك بابەتە جوانەکە] [١٦٤: ١٢٩].

هەروەها پێی وایە ناوەڕۆك لەکاری هونەریدا پلەی سەرەکی هەیەو جوانی لەپلەی دووەم دێ، چونکە لای سارتەر هیچ بەهایەکی ئیستاتیکی پێشوەختە نییە، لەم بارەیەوە دەڵێ: [وێنەیەکی دیاریکراو نیە لەواقعدا، ئەو وێنەیەی پێویستە دروست بکرێ، بەتەواوی ئەو وێنەیەیە کەدروست کراوە ، جوانیش دەربڕینی ئەوەنیە کە هەیە، بەڵکو دەربڕینی ئەوەیە کە پێویستە هەبێت] [١٥٠: ١٢٩].

سارتەر ئەدەب و بەرپرسیارێتی بەیەکەوە دەبەستێتەوەو بڕوای وایە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیەو دەبێ ئەدەب ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ببینێ، ئەمەش وایلێکرد کە جوانی و ڕەوشت بەیەکەوە ببەستێتەوە، سارتەر لەم بارەیەوە دەڵێ: [ئەگەر چی ئەدەب شتێکە و ڕەوشتیش شتێکی ترە، بەڵام شتێکی ڕەوشتی هەیە، کە بنەمای هەموو بەرهەمێکی ئیستاتیکییە][١٥٠: ١٢٩]



**ئەلبێر کامۆ** (١٩١٣- ١٩٦٠) بیرمەندێکی بوونگەراییە، دژی واقعی ژیانی مرۆڤایەتی دەوەستێتەوە و بەلایەوە [تراژیدیای مرۆڤایەتی لەناماقووڵی ژیان دایە، ئەو ناماقووڵیە تەنها لەوەوە سەرهەڵنادات کە مرۆڤ بەرامبەر مردن وەستاوە، بەڵکو لەبەرئەوەشە کە لەنێو ئاژاوەدا (chaos) و لەنێوبێداری و ناعەدالەتیدا دەژیت] [٥١: ٢٨٢].

کامۆ هونەر و یاخی بوون بەیەکەوە دەبەستێتەوە و داوا لە هونەرمەندان دەکا ڕووبەرووی هیچێتی واقع بێتەوە و لێی یاخی بن، چونکە [پێویستە مرۆڤ فەیلەسوف بێ یان هونەرمەند ڕووبەرووی ئەو هیچێتییەی (کەلەبوونەوەردا زاڵە) ببێتەوە و بەهەموو توانای ئازادی و یاخی بوون و توانای داهێنان ، بەمەش پەیوەندی لەنێوان هونەرو یاخیبووندا دروست دەبێ، یان بەدەربڕینێکی تر لەنێوان هونەر و ڕەتکردنەوەی مرۆڤ بۆ ئەو حاڵەی کە تیایەتی دروست دەبێت، چونکە لەسەر مرۆڤ پێویستە دووبارە جیهان لە کارە هونەرییەکەیدا دروست بکاتەوە].

[١٥٤: ٢٥٧] واتە لەسەر هونەرمەند پێویستە ئەو دزێوی و هیچێتیەی لەجیهاندا دەیبینێ ڕەتی بکاتەوە و لە هونەرەکەیدا جیهانێکی نوێ دروستبکاتەوە بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت.

# بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم
## زمانی شیعر

یەکێك لە بنەما سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤایەتی (زمان)ە. زمان گرنگترین هۆکاری بەیەکگەیشتن و لێکگەیشتنە. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەهۆی (زمان)ەوە دەتوانن چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام بدەن و شارستانییەت بەرەو پێش بەرن. [زمان کەرەستە و بەخششێکی خوداییە و دەسەڵاتی دەربڕین و هێزی گیانی دەدا بە خۆویستی شیعر، شیعریش یەکپارچەیە لە خۆویستی و خوڵقاندنی شیعرییەت و مانا لە زمان و جوانیدا، زمان و جوانی ڕووبەرێکن خود و خەیاڵ خۆش دەکەن و بیریانتێدا دەکرێتەوە، ئاست و جیاکارییەکان دەردەکەون] [٧١: ١٠٦] هەر بەهۆی (زمان)ەوە مرۆڤ فێری زانست و زانیاری دەبێ و زۆربەی داهێنانەکانی خۆی سەرەتا بە شێوەی تیۆری دەردەبڕێ و پاشان دەیخاتە بواری پراکتیکییەوە. زمان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، [چونکە بێ زمان بەکارهێنان" هاریکاری و هەرەوەزی کە بەردی بناغەی کۆمەڵە پێك نایەت. دیسان بێ بوونی زمان شارستانییەتی بەردەوام نابێت، چونکە زمان تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی کەلتوور و زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر] [٥٨: ٣]

ئەگەرچی زمان لای مرۆڤ هۆکاری پەیوەندی کردنە و هەموو خەڵك تێیدا هاوبەشن، بەڵام زمان لە شیعردا جگە لەوەی هۆکارە" ئامانجیشە. شاعیر لە شیعرەکانیدا هەوڵدەدا توانا و لێهاتوویی خۆی لە جوانکاری وشەکان و یاریکردن بە وشەکان و بەکارهێنانی زمانێکی تایبەت بەخۆی پڕ لە وشە و زاراوە و خەیاڵی فراوان و هێما و ڕەمز و وێنەی شیعری جوان و ڕازاوە نیشان بدات کە دەبێتە ئامانجی شاعیر. [زمان لای خەڵك شتێکی گشتی ڕۆژانەیە، هەر لەسەرەتای بوونیانەوە هۆکاری هاوبەشی لە یەکگەیشتن و بیرکردنەوەیان بووە، بەڵام لە شیعردا سروشتێکی



تایبەتی وەردەگرێت. ئەرکی شاعیر بەرزکردنەوەی زمانە لە شێوە گشتییەکەیەوە بۆ دەنگێکی تایبەتی کەلە ڕێگای جیهانبینی و بەهرەی خۆیەوە لە کاریگەرترین شێوەدا ڕێکی دەخات و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی نیشانەکانی و دەنگەکانی و ئاوازەکانی بەشێوەیەکی ناوازە .. هەرچەندە شاعیر بەتوانا بێت لە داهێنانی زمانە تایبەتەکەی" داهێنانەکەی زیاتر دەردەکەوێت] [١٣٠: ٩]

زمانی شیعر لە زمانی ئاسایی جیادەبێتەوە و [شیعر ئەو شتانە دەردەخات کە لەنێو زمانی ئاساییدا شاردراونەتەوە، لێرەوە شیعر قودرەتی ناولێنان دەردەخات، شیعر ناولێنانێکی بنەڕەتی بوونەوەر و جەوهەری گشت شتەکانە، شیعر وا لە زمان دەکات ئەو زمانە بە دەربڕینە جۆراوجۆرەکانییەوە هەمیشە زمانێکی مومکین بێت، ئەمە دەسەڵاتی ناولێنان و سەلماندنی زمانی شیعرییە] [٦١: ٥٦]

بێگومان جیاوازی نێوان زمانی شیعر و زمانی ئاسایی بەهۆی وشە و زاراوە و دەستەواژەکانەوە نییە کە لە زمانی ئاسایی یاخود لە زمانی شیعردا بەکاردەهێنرێن، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی بەکارهێنان و ڕێکخستنی وشەکان لە ناو سیاقی ڕستەدا. شاعیر هەوڵدەدات واتایەکی قووڵ و تایبەتی بداتە وشەکانی ناو شیعرەکەی و بەهۆیەوە ئاستی شیعرەکەی بەرەو ئاستی باڵا دەبات، چونکە لە دەقی شیعریدا [زمان شێوازێکی گرنگی دەربڕینی هونەرییە، ئەم گرنگییەش لەتایبەتمەندی زمانەوە دێ وەك ئەوەی زمان ماددەیەکی بنەڕەتی (دەق) پێکدەهێنێ. ئەو کاتەی زمان دەچێتە ناو سنعەتی دەقەوە ئەوسا دەگۆڕێ و دەبێ بە زمانێکی تر] [٦١: ٦٨]

ئەفلاتون لە کۆماردا باسی شیعر و زمانی شیعری کردووە و دەڵێ: [شاعیریش بەهۆی وشە و ڕستەکان ڕەنگی گونجاو دەبەخشێتە هەریەك لە پیشە جۆراوجۆرەکان، کەچی جگە لە تەقلید زیاتر کارێکی تری نەکردووە و ئەو کەسانەش کە سەرنج دەدەنە کارەکەی تەنیا لەسەر وشەکان بڕیاری خۆیان دەدەن و لەبەر ئەوەی بەیارمەتی کێش و نەزمی شیعر و ئاواز قسەدەکا ... چونکە ئەگەر بەرهەمی شاعیرەکان وەرگرین و ڕەنگی شیعری لێدابڕین بەشێوەیەك کە وشەکانی بە تەنیایی و سادەیی

دەربڕڕین پێم وایە ئەو کات دەزانی چ ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە] [٧: ٤٨٤). لێرەدا (ئەفلاتون) دژی شیعر و شاعیران دەوەستێتەوە و بە نەزان ناودێریان دەکات، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شاعیر بەهۆی زمانەوە داهێنان دەکات ئەگەرچی ئەو داهێنانە لای (ئەفلاتون) شتێکی هەڵخەڵەتێنەریش بێت.

ئەرستۆ گرنگی بە زمانی شیعر داوە و بڕوای وایە کە دەبێ زمانی شیعر ڕوون و پاراو بێ. (ئەرستۆ) دەڵێ: [گەورەترین خەسیەتی چاکی زمانی شیعری ئەوەیە کە ڕوون و ئاشکرابێ، بێ ئەوەی سواو بێ. زمانی شیعری ئەو کاتە ڕوون و ئاشکرا دەبێ کە لە وشەی ڕۆژانە دروست بێ، بەڵام ئەمەیان شتێکی سواوە ... لەلایەکی ترەوە ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تێدا بەکاربێ، بەرزی و شکۆمەندی تێدایە و لەسەرووی زمانی ڕۆژانەوەیە. مەبەستم لە (وشەی ناباو) وشەی خوازراوە و وشەی درێژکراوە و هەر شتێکی ترە کە لە حاڵەتی ئاسایی بەدەربێ] [٥: ٨٣]

ئەگەرچی (هۆراس) ناوەڕۆك و بابەت بەسەرچاوەی زمانی شیعری و دەربڕینی شیعری دادەنێت، لەهەمان کاتدا جەخت لەسەر گونجانی نێوان وشەکان دەکاتەوە و بڕوای وایە کە شاعیر دەتوانێت بە دەربڕینە شیعرییە جوانەکانی وشە کۆنەکان نوێ بکاتەوە و دەڵێ: [ئەگەر هاتوو لەوانە بوویت کەلە گونجانی وشەکانیاندا هونەرمەندن، دەرفەتی ئەدەن دەبێت کە دەربڕینی وا سازبکەیت وشەی کۆن لە ناویاندا بێن بە وشەی نوێ و سەرئەنجام ئەگەیتە پلەی ڕەوانبێژی] [٤٤: ٢٧]

(ستیڤن مالارمیە) بڕوای وایە شیعر لە دەربڕین پێکدێ و دەڵێ: [شیعر لە بیر دروست نابێ بەڵکو دەربڕین و وێنەیە] [٥٠: ٥]

(یاکۆبسن) شیعر بە: [ئەرکی جوانناسانەی زمان و هێرشی ڕێکخراو و شارەزایانە بۆ سەر زمانی ڕۆژانە ناودێر دەکات] [١٨٣: ٩٤]

هەروەها لای (جان کۆهین) زمانی شیعر و دەربڕینی شیعری پێوەری شیعرن، و بڕوای وایە [شاعیر وشە دادەهێنێت نەك فیکر" هەر بۆیە گوتن پێوانەی شاعیرێتییە نەك بیرکردنەوە] [١٦: ١٥٤]



(پۆل ڤالیری)یش گرنگییەکی زۆر بە زمانی شیعر دەدات و شیعر بە زمانێکی دیکەی ناو زمان دادەنێت، لەم بارەیەوە دەڵێ: [شیعر زمانە لە ڕێگەی زمانەوە] [١٣٢: ١٣٠]

(یۆری لۆتمان) بڕوای وایە شیعر تەنها لێکۆڵینەوەیەکی یاسا زمانییەکانە و دەڵێ: [شیعر توێژینەوەیەکی لەخۆوە (automatic)ی یاسا زمانییەکانە، بەهۆی ئەوەی کە یەکێکە لەشێوازە فرمانییەکانی زمان] [٨١: ٦٥]

(سەعید غانمی)یش ئیستاتیکا و جوانکارییەکانی شیعر لە زمانی شیعردا کۆدەکاتەوە و دەڵێ: [شیعر تەنیا نەخشێکی جوانە لەسەر دیواری زمان] [٧٢: ٦٩]

(ئەرشیبالد ماکلش) دەڵێت: [وشەکان لە شیعردا بەهایەکی زۆرتریان هەیە لە بەهای هەمان وشە کاتێك لە قسەکردنی ئاساییدا یاخود لە لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەدا تووشی دەبین هەتا تەنانەت لە لاپەڕەیەکی پەخشانیشدا. ئێمە لە شیعردا چڕکردنەوەیەك لە واتاکاندا دەبینین کە ڕەنگە ئەم بەها زۆر و چڕکردنەوەیە یەکەمین کاری شاعیری لێهاتوو بێ، لەبەر ئەوەی کاری شاعیر پاککردنەوەی زمانی باوە کە بەرهەمی ژیانی پراکتیکییە و بەرزکردنەوەیەتی بە هەوڵ و کۆششی تایبەتی خۆی بۆ داهێنانێکی نموونەیی] [١٥١: ١٧٥]

(د. عیزەدین ئیسماعیل) زمان بە دیاردەی یەکەمی هەموو بەرهەمێکی هونەری دادەنێت و بڕوای وایە زمان کلیلی زێڕینی کردنەوەی هەموو دەرگاکانە و لەم بارەیەوە دەڵێ: [زمان یەکەمین دیاردەیە لە هەموو کارێکی هونەریدا کە وشە وەکو هۆکارێك (أداة) بۆ دەربڕین بەکاردێنێت. زمان یەکەمین شتە تووشی دەبین، و ئەو پەنجەرەیەیە کە لێیەوە دەڕوانین و بەهۆیەوە هەناسەدەدەین. زمان کلیلی بچووکی زێڕینی کردنەوەی هەموو دەرگاکانە و ئەو باڵە نەرمونیانەیە کە دەمانگوازێتەوە بۆ زۆربەی ئاسۆکان] [١٣٢: ١٧٣]

[(هۆگۆ، بۆدلێر، تیوڤڵ گۆتییە) ڕۆچوون لە بەکارهێنانی گوتەی گەورەی خاوەن ڕووی هەمەجۆر و نیگای بەهێزدا. ڕەمزییەکان هەوڵیان دەدا گوتەی ئاوازداری نادیار

هەڵبژێرن کە شتێکی دیاریکراو نەگەیەنێت. (مالارمییە) داوای دەکرد زمانی شیعری نوێی ئازاد لە لاساییکردنەوە دروست بکرێت و (ڕامبۆ)ش وای نیشان دەدا کە شاعیری ڕاستەقینە دەتوانێ ژیان لەناو گوتەکانیدا کۆبکاتەوە] [١١٣: ٢٥٣]

کلاسیستەکان داوایان دەکرد ئەو زمانەی کەلە شیعردا بەکاردێ پێویستە زمانێکی ناوازە و بەرز و باڵا (زمانی پادشا و میرەکان) بێ و جیاوازبێ لە زمانی ئاسایی خەڵك یاخود زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ. کلاسیستەکان بڕوایان وابوو کە هەروەك چۆن چینەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی جیاوازن، بەهەمان شێوە زمانیشیان جیاوازە، هەروەها بڕوایان وابوو کە نابێت لە شیعردا هەموو جۆرە وشەیەك بەکاربێ و دەبێت زمانی شیعری دووربێ لە وشەی ناجۆر و ناقۆڵا و کلاسیزم [پشتی بە شێوازی چینە ئەرستۆکراتییەکان دەبەست و زاراوەکانی دابەشدەکرد بۆ (خانەدان) و (ناخانەدان — بازاڕی) هەروەك چۆن لە چینەکانی خەڵکدا هەیە و وای دەبینێ زمانی شیعری حەق و نموونەیی ڕاستەقینەی شیعری ڕاست لە زمانی پادشا و دەست و پێوەندەکان و خانەکاندا دەردەکەوێت] [١٥١: ١٧٢] ئەمەش وایکرد کە وشەکانی زمانی شیعری لای کلاسیزم دیاریکراو و سنووردار و کەم بن، [دەڵێن کە (ڕاسین) لەهەموو بەرهەمەکانی خۆیدا زیاتر لە (٨٠٠) وشەی بەکارنەهێناوە. نووسەری کلاسیك لە بەکارهێنانی وشەدا زۆر دەستی گرتۆتەوە، وشەی ناباو و جۆراوجۆری کەم بەکارهێناوە] [٤٠: ٣٣]

بەڵام ڕۆمانسیستەکان بە پێچەوانەی کلاسیستەکانەوە داوایان لە شاعیر دەکرد زمانی ڕۆژانەی خەڵك وەربگرن تەنانەت ئەوانەش کە ناجۆر و ناقۆڵا و بازاڕی یاخود فەرامۆش کرابوو و بڕوایان وابوو نابێت جیاوازی لەنێوان وشەکاندا بکرێ و دەکرێ شاعیر هەموو جۆرە وشەیەك لە شیعرەکانیدا بەکاربهێنێ بەبێ جیاوازی کردن یاخود هەڵبژاردنی وشەکان. (ۆردز ۆرد) لە پێشەکی کۆمەڵە شیعری (الاقاصیص الشعریة الوجدانیة)ی ساڵی ١٨٩٠ز [داوای ئەوە دەکات کە ئەو زمانەی لە دەمی خەڵکەوە وەردەگیرێ لە ژیانی ڕاستەقینەدا، ئەوە زمانی شیعرە] [١٥١: ١٧٣] بەڵام ئەمەش



واتای ئەوە نییە کە شاعیری ڕۆمانسیست لاساییەکی ڕاستەوخۆی زمانی ئاسایی خەڵك بکاتەوە و هەمان شێوازی بازاڕی بەکاربهێنێ. (ئەلیوت) لەم بارەیەوە دەڵێ: [ئێمە نامانەوێت شاعیر لەشێوازی خۆیدا تەنها لاساییکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆی زمانی ئاسایی و شێوازی خێزانەکەی و هاوڕێکانی بکاتەوە، بەڵکو ئەوەی لە بوونەوەردا دەیبیستێ دەبێتە کەرەستەی خاو، کە پێویستە شاعیر شیعرەکەی لێ پێك بهێنێت] [١٥١: ١٧٤]

بەجۆرە زمانی شیعر دەبێتە زمانێکی چڕ و پڕ لە ئیحا و ئاماژە کە ماناکان لەنێو جەنگەڵە چڕەکانی دەقدا بە ڕێگە پێچاوپێچەکاندا دەهێنێ و دەبا و مانا شاراوەکان لە تاریکی دەهێنێتە دەرەوە، ئەمە دەست بەسەراگرتنێکی سیستماتیکانەیە و لێکدانێکیشە لە ئاخاوتنی ئاسایی. [٦١: ١٧ - ١٨]

کەواتە زمانی شیعر: زمانێکی پاراو و ڕازاوە و پڕ لە جوانکاری و ئیستاتیکایە جیاوازە لە زمانی ئاسایی، چونکە زمانی شیعر جگە لەوەی هۆی گەیاندنە (کە ئەرکی سەرەکی زمانی ئاساییە) لەهەمانکاتدا ئامانجیشە کە لایەنە جوانکاری و ئیستاتیکییەکانێتی، هەروەها شیعر جگە لەواتای فەرهەنگی واتای تر دەداتە وشەکانی ناو شیعر بەپێی جیهانبینی شاعیر کە ئەمەش دەبێتە جیهانێکی ئیستاتیکی تایبەت بە شاعیر و گەیاندنی چێژ و خۆشی بە هەوادارانی شیعرەکە.

شاعیرانی کلاسیزمی کوردی بەگشتی پەیڕەوی زمانێکی تێکەڵاو بە وشە و زاراوەی بێگانەیان کردووە و هەوڵیان داوە لەڕێگەی ئەم زمانەوە داهێنانەکانیان پێشکەش بکەن، ئەم دیاردەیەش لە (باباتاهیری هەمەدانی)یەوە تا شاعیرانی قوتابخانەی نالی* درێژ دەبێتەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم. بەڵام شاعیرانی نوێی کورد بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هاتە ئاراوە و لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی تورکیدا هەوڵیان دا خۆیان لەو زمانە دووربخەنەوە کە شاعیرانی کلاسیکی بەکاریان دەهێنا و لەجێگەی

*- تەنها قوتابخانەی کلاسیکی شێوەزاری گۆران نەبێت.

ئەو زمانە زمانێکی کوردی دوور لە وشە و زاراوەی بێگانە بەکاربهێنن شاعیرانی نوێی کوردی داوای گەڕانەوەیان بۆ ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و کردنی بە سەرچاوەی زمانی شیعری دەکرد و لەم بوارەدا (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) لە پێشەنگەکانی ئەم گۆڕانکارییەن و توانیان گۆڕانێکی بنچینەیی لە زمانی شیعری کوردیدا بکەن

(پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران)یش وەکو سەرجەم شاعیرانی دنیا گرنگیان بە زمانی شیعری داوە و هەوڵیان داوە لەم ڕێگەیەوە جوانکاری و داهێنانەکانیان پێشکەش بکەن و سەرکەوتنی گەورە ئەنجام بدەن و توانییان زمانی شیعری کوردی لە زمانێکی کوردی تێکەڵاو بە وشە و زاراوەی بێگانەوە بەرەو زمانێکی کوردی پەتی بەرن. دەتوانین (٣) قۆناغی سەرەکی لە زمانی شیعری ئەم شاعیرانە دیاری بکەین:

١- قۆناغی لاساییکردنەوەی زمانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی
٢- قۆناغی کاریگەربوون بە ئەدەبیاتی تورکی
٣- قۆناغی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی

**١- قۆناغی لاساییکردنەوەی زمانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی**

(پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) لەم قۆناغەدا لاسایی زمانی شاعیرانی کلاسیکییان دەکردەوە. ئەم قۆناغە دەکەوێتە سەرەتای دانانی شیعری لای ئەم شاعیرانە، ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە هەموو شاعیرێك لەسەرەتادا هەوڵدەدات بە شوێن شاعیرانی پێش خۆیدا هەنگاوبنێت و داهێنان بکات، پاشان وردەوردە ڕێچکەی تایبەتی خۆی دەگرێ لە داهێنان و ئەفراندندا.

پیرەمێرد وەکو شاعیرێکی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و سەرەتای شیعری نوێی کوردی شیعرەکانی بەزمانێکی تێکەڵاو بە وشە و زاراوەی بێگانە داناوە و لەم ناوەدا داهێنانی جوانی کردووە، بەڵام ئەوەی پیرەمێرد لە شاعیرانی تری ئەو



سەردەمە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە زمانی شیعری پیرەمێرد لە زمانی شیعری کلاسیکیەوە نەچووە بۆ زمانی شیعری کوردی پەتی، بەڵکو تا کۆتایی تەمەنی شیعری بەهەردوو شێوە زمانەکە (زمانی شیعری کلاسیك، کوردی پەتی) شیعری داناوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پیرەمێرد زۆر هۆگری شاعیرانی کلاسیك بووە بەتایبەتی (نالی). پیرەمێرد سەبارەت بە (نالی) دەڵێ: [ئەگەر شیعر بە غایە، بە وەسیلە نا، عەدەد بکرێت و ئەگەر شیعر عیبارەت بێت لە سنعەتێکی بەرزی بەدیعی، و ئەگەر لە شیعردا ئیبداع شەرطێکی ئەعظەم بێت، بێگومان (نالی) گەورەترین شاعیری کوردە] [٣٧: ١٠٣]

پیرەمێرد لە شیعری (بۆ حاجی عەلی ئاغا)دا دەڵێ:

موحیببی ئالی (کاك ئەحمەد) سەدیقی نەسلی گەیلانی
ئەنیسی عالیم و فاضل ، جەلیسی شێخی عوسمانـــــی
چرایێکی سلێمانی بوو ، شەوقی دابووە بەغـــــــدا
لە جێی پەروانە خۆی بوو بووبە خزمەتکاری ئینسانـی [٣٧: ٣١٩]

لەم شیعرەدا وشەکانی (موحیب، سەدیق، ئەنیس، عالیم، فاضل، جەلیس، شەوق، ئینسان،...) وشەی بێگانەن و لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکارهاتوون، پیرەمێردیش لەژێر کاریگەری کلاسیکدا ئەم زمانە شیعرییە تێکەڵاو بە وشە و زاراوەی بێگانەیەی بەکارهێناوە. هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێ:

پەچەت لادە لە ڕوو بنوارە وەی حەشری حەسرەتکـــار
لە حەشرا ترسی ئاگر لێرە شەوقی ئاگری ڕوخســار
کە بێیتە باغەوە ئاگر دەخەیتە جەرگی گوڵ ئەوســا
پەڕەی گوڵ دەبنە پەروانە بە دەورتدا وەکو پەرگــار
کەدەنگی تۆم لەگوێ بێ وەك غەرامافۆن ڕەگی ڕووحـم
وەری دەگرێ و شەوی تەنیایی دیسان بۆم دەکا تیکـرار [٣٧: ٣٠١]

ئەم شیعرەش یەكێكی ترە لەو شیعرە بەرزانەی شاعیر كە زمانێكی كوردی تێكەڵاو بە وشەی بێگانەی تێدا بەكارهاتووە، [لەگەڵ ئەوەشدا تازەیی پێوە دیارە كە لەنیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا وتراوە، بەتایبەتی وشەی (گرامافۆن)ی خستۆتە ناو شیعرەكەوە] [٥٤: ١٤٥]

شێخ نوری شێخ ساڵح لە قۆناغی یەكەمی شیعریدا لەسەر ڕێچكەی كلاسیك و بە زمانێكی تێكەڵاو بە وشە و زاراوەی بێگانە دەستی پێكرد، ئەمەش وەكو شاعیرێك كە لەناو جیهانی كلاسیكدا دەستی بە داهێنانەكانی كردووە شتێكی ئاساییە بەو جۆرە بنووسێت. شێخ نوری سەرەتای دەستپێكردنی شیعری شاعیر لەژێر كاریگەری شاعیرە كلاسیكییەكانی كورددا بووە بە تایبەتی قوتابخانەی (نالی) و زۆربەی ئەو وشە و زاراوانە بەكاردەهێنێ كە لە زمانی شیعری ئەو قوتابخانە كلاسیكییە بەكارهاتوون.

شێخ نوری لە شیعری (عەسكەر)دا ئەم شێوازەی بەكارهێناوە و دەڵێ:

صەف صەف كە دێن و تێئەپەڕن چست و باویقار
مـــازی لـە صـیدقـی ئـێـوە، ئـەبـیـنـم ئـەكـا فـیـرار
صوبحێكی پاك و بێ غەش، ئەبینم وەكو بەهـــــار
موستەقبەلێكی بێ لەكە ، پڕ كەیف و نەشئـــەدار
بێ تۆز و بێ غوبـــــار [٢: ١٠٠]

وشەكانی (صەف صەف، باویقار، مـــازی، صـیدق، فـیـرار، صوبح، موستەقبەل، نەشئـــە، غوبـــــار، ...) وشە و زاراوەی بێگانەن، شاعیر بەكاری هێناون و بووەتە هۆی ئەوەی زمانی شیعرەكەی زمانێكی تێكەڵاو بە وشەی بێگانە بێ كە لە شیعری كلاسیكیدا بەكارهاتووە. هەروەها شاعیر لەشیعرێكی تردا بەناوی (چاوم كە دوو مفتاحی كوتبخانەیی سەرمە) ئەم وشە بێگانانەی بەكارهێناوە (مفتاح، كوتب، تەفسیر، حەواشی، موحتاجی موتاڵا، دەفعە،...)



چاوم كە دوو مفتاحی كوتبخانەیی سەرمـــــــە
قوربانی دوو چاوت بێ، كە ئاڵوودەیی شەرمـــــە
تەفسیری حەواشی خەتی نەو ڕستەیی كوڵمـــــت
موحتاجی موتاڵا نیە، یەكدەفعە لەبەرمـــــــە [٢: ١٧٨]

گۆران لە قۆناغی یەكەمی شیعری خۆیدا كە دەكەوێتە سەرەتای دەستپێكردنی شیعرییەوە بە زمانێك شیعری نووسیوە كە شاعیرانی كلاسیك شیعریان پێداناوە و هەوڵی داوە لاسایی شاعیرانی كوردی (نالی و سالم و كوردی) بكاتەوە و لەسەر ڕێچكەی ئەوان داهێنان بكات. [هەتا ساڵەكانی ١٩٣٠ گۆران لە شیعرەكانیدا بەشێكی زۆری وشەی بێگانەی بەكاردەهێنا كە ئەمەش شتێكی ئاساییە، لەبەر ئەوەی ئەو دەوروبەرە ئەدەبییەی گۆران چاوی تێدا كردەوە بە ئەندازەی بەكارهێنانی ئەو وشە عەرەبی و فارسیانە دانی بە شاعیرییەتی شاعیر دادەنا و شاعیر فەرامۆش دەكرا، مەگەر شیعرەكەی بكردایەتە پێشانگایەكی گەورەی كۆمەڵەیەكی مەزن لەم وشانە] [١٠٩: ١٨١]

گۆران سەبارەت بەشیعرەكانی ئەم قۆناغەی خۆی دەڵێ: [بەشی زۆری كۆنەكان بە وەزنی عەرووز و كوردییەكی كۆنی تێكەڵاو بە زمانی بێگانە نووسراون. ئوسلووبیشیان كۆنە یان وەك هی (سالم) و (نالی) لەسەر پێوشوێنی غەزەل هەڵبەستراون، یان ئەو جۆرە ئوسلووبەیان تیا كراوە بە سەرمەشق كە مامۆستا (م. نووری) و هاوڕێكانی لە ئەدیبە تازەكانی توركی عوسمانییان وەرگرت و لە سەردەمێكی سنوردارا (١٩٢٠- ١٩٣٠) شیعری كوردی ناوچەی سلێمانییان پێ تازە كردەوە] [١٢: ٤٠] گۆران لە شیعری (بۆ سالم)دا دەڵێت:

بە یادی تۆ ئەگرێ دەستی عاجزم خامە
دەهایی ڕۆشن و بەرزت ئەگاتە ئیمدادم
هونەر نییە كە ئەناڵێ ڕووبابی ئینشادم
تەزەكورەت سەبەبی سانیحات و ئیلهامە [١٢: ١١٠]

لەم شیعرەدا وشەکانی (عاجز، ئیمداد، ئینشاد، سانیحات، ئیلهام،...) وشەی بێگانەن و شاعیر لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون و زمانەکەی هەمان زمانی شاعیرە کلاسیکەکانی کوردە. هەروەها شاعیر لە شیعری (لە بەختی تار)دا ئەم وشە بێگانانە (شیکایەت، شەبیە، نیهایەت، لەهیب، حوب، حیکایەت، مورغ،...)ی بەکاهێناوە.

لە بەختی تاری شەو ناکەم شیکایــەت
شەبیهە چونکە بەو زوڵفی سیایــەت !
نییە قابیل بڕینی ڕاهــی دووری
وەکو پرچت کشاوە بێ نیهایەت !
بەهیچ خاکستەرێ ناگەم نەکا بۆم
لە ئەنجامی لەهیبی حوب حیکایەت[١٢: ٨١]

## ٢- قۆناغی کاریگەربوون بە ئەدەبیاتی تورکی

لەم قۆناغەدا (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی تورکی عوسمانی دا دەستیان بە تازەگەری کردووە لە شیعردا. ئەم کاریگەربوونە بە ڕوونی بە شیعرەکانی (شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران)ەوە دیارە، بەڵام بە شیعری پیرەمێردەوە ئەم کاریگەرییە دیار نییە و لەڕووی زمانەوە [هیچ جۆرە تارماییەکی زمانی تورکی لە بەرهەمیدا بەدی ناکرێ] [٥٤: ١٠٥] بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە پیرەمێرد سوودی لە ئەدەبیاتی تورکی وەرنەگرتبێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر سوودی لێ وەرگرتووە، بەڵام بە ڕوونی بە شیعرەکانییەوە دیار نییە.

شێخ نوری شێخ ساڵح لە قۆناغی دووەمی شیعریدا لەژێر کاریگەری ئەدەبی تورکیدا دەستی کرد بە نوێکردنەوەی شیعر، ئەمەش لەبەر ئەوەی تورکییەکی باشی زانیووە و کاریگەر بووە بە ئەدەبیاتی تورکی، توانیویەتی سوودێکی زۆر لەم ئەدەبیاتە وەربگرێ لە تازەکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا و [یەکەم هەنگاوی نوێکردنەوە ئەو ئاشنایەتییە بوو کە لەگەڵ شیعری عوسمانی پێشکەوتووی نیوەی دووەمی سەدەی



نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لەناوەوە بوو. نووری خۆی و هاوڕێکانی ئەو شیعرە نوێیەی عوسمانیان کردبوو بە ڕێبەر کە شیعریان بەو شێوازە دەنووسی و ناویان نابوو (لاسایی شیعری عوسمانی)، لەوەوە ئیتر بەرەبەرە لە کلاسیکە لاساییەکە دوورکەوتنەوە] [٥٥: ٣٥٦]

گۆران دەڵێت: [نووسەر و شاعیرانی ئەوسا بەتایبەتی شێخ نوری و ڕەشید نەجیب و من کە پێکەوە بە ئەدەبی تورکی موتەئەسیر بووین و پێکەوە ئەماننووسی. بەڵام تەنها شێخ نووری شیعرەکانی بڵاوئەکردەوە و من بڵاوم نەئەکردەوە و ئەو لەم بارەیەوە نشاطی دەردەکەوت، وە ئەدەبی تورکی قوتابخانەی شیعری تازەی تیا پەیدابببوو کە پێیان ئەوترا (ئودەبای فەجری ئاتی) لەوان تۆفیق فکرەت و جەلال ساهیر بوون، وە ئەدیبێکی تری تورك کە (عبدالحق حامد)ە ئەگەرچی لەم کۆمەڵەیە نەبوو بەڵام دیسان هەر پێی موتەئەسیر بووین] [٧٤: ]

شێخ نووری لە شیعری (عیلمت میللەت)دا دەڵێ:

عیلمت میللەت نائیلی جاهو شکۆهو شان ئەکا
دایەیی پاکی وەتەن، پڕ نەشئە و خەندان ئەکا
واسیتەی عیلمە بەشەر ئەمڕۆکە مامەندی طیور
وا بەسەر ئەوجی سەماوە سەیر ئەکا و طــەیران ئەکا
واسیتەی عیلمە کە ئەمڕۆ هەروەکو ماسی، بەشەر
کەشفی قەعری بیکرانی ، بەحری بێ پایان ئەکا
واسیتەی عیلمە کە (قولومب) ناوی دایم زیندووە
واسیتەی عیلمە کە (واسقۆ) کەشفی هیندستان ئەکا [٢: ٣٣]

ئەم شیعرەی شاعیر زمانێکی تێکەڵاو بە وشەی بێگانەی تێدا بەکارهاتووە کە هەمان زمانی شیعری کلاسیکی کوردییە، بەڵام ئەوەی ئەم شیعرە جیادەکاتەوە لە شیعری کلاسیکی ئەوەیە کە شاعیر لەژێر کاریگەری ئەدەبی تورکیدا تازەگەرییەکی

تێدا کردووە وشەکانی (قولومب، واسقۆ)ی بەکارهێناوە کەلە زمانی تورکییەوە وەریگرتووە.

هەروەها گۆران لەم قۆناغەی شیعری خۆیدا و لەژێر کاریگەری ئەدەبی تورکیدا هەندێك وشەی عەرەبی بەکارهێناوە کە لە ئەدەبی تورکی عوسمانیدا بەکارهاتووە و بەشێوەیەکی داهێنەرانە توانیویەتی سەرکەوتووانە لەگەڵ وشە و زاراوە کوردییەکاندا بەکاری بهێنێت و داهێنانێکی بەرز بکات کە خاڵی وەرچەرخان و سەرەتای دەرکەوتنی تازەگەرییە لای شاعیر. گۆران لە شیعری (ئەی شەوقی گەلاوێژ)دا ئەم زمانە شیعرییەی بەکارهێناوە و دەڵێ:

ئەی شەوقی گەلاوێژی بەیان نوری نیگاهـــــــــــــت
ئەی عەتری سەبا بۆی نەفەسی زوڵفی سیاهــــــــت
ئەی حوسنی تولووع وێنەیەکی فەیزی حـــــــوزورت
ئەی حوسنی غرووب ڕۆژی ڕەشی دووری تەباهـــــت [١٢: ٧٩]

وشەکانی (نور، عەتر، زوڵفی سیاهت، حوسنی تولووع، حوسنی غرووب، ...) وشەی بێگانەن و شاعیر سەرکەوتووانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون و شیعرەکە [نوێگەرییەکی تەنکی پێوە دیارە بەوەی هەندێ وشەی عەرەبی بەکارهێناوە کە لە شیعری نوێی ڕۆمانتیکی عوسمانی بەکاردەهێنران و چووبوونە ناو فەرهەنگی شیعرییانەوە] [٥٥: ٥٨٢]

### ٣- قۆناغی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی

لەم قۆناغەدا (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) گەڕاونەتەوە بۆ زمانی کوردی پەتی و دەستبەرداری وشە و زاراوە کلاسیکییەکان بوونە و توانیویانە داهێنانی گەورە ئەنجام بدەن کە بووە سەرەتایەك بۆ ئەدەبی نوێی کوردی، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم شاعیرانە هەستیان بەوە کردووە کە [دۆزینەوە و ئاشکراکردنی لایەنە نوێیەکانی ژیان پێویستی بە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی زمانی نوێ هەیە،



چونکە هیچ ماقوڵ نییە، یاخود لەوانەیە لۆژیکی نەبێت، کە زمانی کۆن گوزارشت لە ئەزمونی نوێ بکات. هەروەها ڕوون بووەتەوە کە هەموو ئەزموونێك زمانی خۆی هەیە و ئەزموونی نوێش تەنها زمانی نوێیە، یان پەیڕەوێکی نوێیە لە کارکردن لەگەڵ زماندا] [١٣٢: ١٧٤]

پیرەمێرد لەم قۆناغەدا هەوڵی داوە زمانی شیعری خۆی لە وشە و زاراوەی بێگانە پاك بکاتەوە و بە زمانێك بنووسێ، کە زمانی خەڵکی کوردستان بێت. [بناغەی ڕوناکبیریی و بەهرە و چێژی خۆی لە ئەدەبیاتی تورك و فارس و ئەدەبیاتی گەلانی تریش کە لەڕێی ئەو دوو زمانەوە شارەزایان بووبوو پتەو کردبوو، لەماوەی ئەو چارەکە سەدەیەدا کە لە تورکیا بوو هەوڵی فراوانکردنی ئاسۆی ڕووناکبیری خۆی بەباشی دابوو، نەك هەر ڕووناکبیرە تورکەکان، بەڵکو هەڵسوکەوتی لەتەك شاعیر و ئەدیبە بێگانەکانیشا دەکرد تا لەنزیکەوە شارەزای ئەدەبەکەیان ببێ] [٣٧: ٨٨]

پیرەمێرد سوودی لە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و تورکی و ئەدەبیاتی ئەوروپی وەرگرتووە و توانیویەتی لە ئەزموونی شیعری خۆیدا سودیان لێ وەربگرێت. شاعیر هەوڵی داوە زمانی کوردی لە وشە و زاراوەی بێگانە پاك بکاتەوە، [ئەم کارەشی لە ڕێگەی ئاوڕدانەوە و بایەخدان بە سامانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و سوود وەرگرتن لە وشە و دەربڕینە جۆر بەجۆرەکانی زار و شێوەزارەکانی کوردی و نزیکبوونەوە لە زمانی خەڵك، ئەمانە پێش هەوڵەکانی (گۆران) و شاعیرانی تری دەوری (گۆران) کەوتوون] [١٣: ٣٠٩ - ٣١٠]

گۆران لەم بارەیەوە دەڵێ: [ئەگەر بەراوردێك بکەین لەبەینی شیعرەکانی ئەو و هی قوتابخانەکەی ئێمە ئەبینین شیعری ئەو (قەومی)تر بوو، صنعاتی کوردی و هەستی کوردی زیاتر پیشان ئەدا، بەڵام کوردی پەتی نووسین لە نووسینەکانی ئەوا کە لە بێژنگ بدرێ لە شیعردا بەقەد من و لە پەخشانیشدا بەقەدەر (شاکر فەتاح) و (ئیبراهیم ئەحمەد) نییە. ئەو ئەیهێنا وشە کوردییە نەبیستراوەکانی بڵاوئەکردەوە .. وەکو ناوی گژوگیا و گوڵ و شتی تر .. بێگومان ئەم کردەوەشی تەئسیری هەر هەبوو،

تەئسیرەکەشی لەلایەن ئیحساساتی نەتەوایەتییەوە بوو نەك لەلایەن هونەرەوە" کە خەڵکی هان ئەدا کوردی پەتی بنووسن، ئەگینا زۆرجار وشەی فارسی و عەرەبی ڕەقی بەکارئەهێنا] [٧٤: ٣٠)

پیرەمێرد یەکێکە لە شاعیرە یەکەمینەکانی کورد کە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە شیعری بەم زمانە شیعرییە داناوە. پیرەمێرد لە شیعری (من و ئەستێرەکان)دا دەڵێ:

ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بەشەو
وەك من بەداخەوەن، ئەسرەوتیان هەیە نەخەو
چەندساڵە ئاشنای شەوی بێداری یەکترین
وەك سەرسەرین، شەوێ سەر ناکەینە سەر سەرین
من خوار و ژوور لە دەست چووەکەی بێوڵەت ئەوان
وەك خێڵی خوار و ژوورکەری کورد، وێڵی ئاسمان [٣٧: ١٩١]

زمانی ئەم شیعرە زمانێکی هەڵقولاوی کوردەوارییە، زمانی سادەی خەڵکە، زمانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەتا بڵێی شیعرێکی بەرز و ناوازەیە و لە لوتکە دایە. (ڕەفیق حلمی) سەبارەت بەم شیعرە دەڵێ: [لەم شیعرە بەرزانەدا بگەڕێین بۆ وشەی بێگانە، بۆ واتایەکی ناپەسەند، بۆ لاری و چەوتییەك و سرنجی ئەوە بدەن کە شاعیر ئایا خۆی تەنگەتاو کردبێ و مێشکی گووشیبێ بۆ یەکخستن و ڕێکخستنیان و لەدوای ئەمە لەو صنعەت و بەلاغەتەی وردبنەوە کە تیایەتی. پیرەمێرد هەروەکو لە شیعرەکانیا لاسایی کەسی نەکردووەتەوە و بەڵکو ویستویەتی کە خۆی ببێ بە ئیمامی شاعرە کوردەکانی ئەم عصرە، لەلایەکی تریشەوە لە شعرا، کوردی پەتی تاقیکردۆتەوە و بۆی دەرخستوین کە زمانەکەمان زمانێکی دەوڵەمەند و شرینە] [٢٢: ٨٩ - ٩٠]

هەروەها شاعیر لە شیعری (کوردی ڕەوان)دا دەڵێ:

بەیانی بوو، لەخەو هەستام کە ڕوانیم بەفرە باریوە
سلێمانی ئەڵێی بەڵقیسە، تارای زیوینی پۆشیوە



دەمێکە چاوەڕێی بەفرێکی وا بووم، موژدەبێ باری
سەرم بەفرە، کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری
لەبیرمە شێرەبەفرینەکەم دەکرد سواری دەبووم بێ زین
نسێ بوو، جێگەی دەی بەست، دەما، تاکو دەمی هاوین [٣٧: ٣٣٤ ]

ئەم شیعرە یەکێکە لەو شیعرە جوانانەی کە دەرگای بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی لەسەر شیعری کوردی کردەوە. پیرەمێرد لەم شیعرەدا بە زمانێکی پەتی دوور لە وشە و زاراوەی بێگانە و بەزمانێکی سادەی خەڵك توانیویەتی ئەم داهێنانە گەورەیە بکات، ئەگەر سەیری وشەکانی شیعرەکە بکەین بە زۆری وشەی سەرزاری خەڵکی ئاسایین و هەموو کوردێك دەتوانێ بە ئاسانی لێی تێبگات و چێژ لە لایەنە جوان و ئیستاتیکییەکانی وەربگرێت. (کاکەی فەلاح) سەبارەت بە شیعرەکە دەڵێ: [لەسەردەمی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمود دا و لەگرتنی شاری سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، کاربەدەستە داگیرکەرەکان، بۆ مەبەستی سیاسیانەی خۆیان، تۆزقاڵە جووڵە و برەوێکیان بە زمانی کوردی و ڕۆژنامەگەری کوردی دا، بۆ یەکەمجار بەهۆی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی ئەو سەردەمەوە موسابەقەی کوردی پەتی نووسین هاتەکایەوە و شێخ نوری شێخ ساڵح و جەمیل سائیب و مستەفا سائیب دەرچوون. پیرەمێردی ڕەحمەتیش هەر شیعری (بەیانی بوو، لەخەو هەستام)ەکەی هەر بەهەوای ئەو موسابەقەیەوە دوای چەند ساڵێك نووسی، لەو ڕۆژگارەوە مەسەلەی بە کوردی پەتی نووسین و بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە سەری هەڵدا و بایەخی پێدرا] [١٥: ٤٧] بەمجۆرە پیرەمێرد دەبێتە یەکێك لە شاعیرە پێشەنگەکانی کورد کە ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەبووە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بە جۆرێك دەکرێت بە سەرمەشقی شاعیرانی نوێخوازی کورد دابنرێت.

پیرەمێرد لە شیعری (بۆ شەهیدانی ٢٤ ئایار)دا سێ شێوەزاری کوردی (کرمانجی خوارووی، کرمانجی ژووروو، شێوەزاری گۆران) بەکارهێناوە و دەڵێ:

| | |
|---|---|
| گولاڵە بە ڕەنگ سوور ئەکاتەوە | |
| وەك من داغدارە لە بنیاتەوە | |
| لە جورعەی شەونم خوێن ئەخواتەوە | |
| شەهیدەکانم بیر ئەخاتەوە | کرمانجی خواروو |
| ئۆف، ئۆف، ئۆف | |
| پاییز ڕەنگی ماتەمە | |
| دونیا تاریك و تەمە | |
| نووری چاوانم کەمە | |
| گەزیزەی پاییز چوون من ڕوو زەردەن | |
| جە گوڵی گوڵان جوداییش وەردەن | |
| ئاه جەو بۆنەوە خاسیش دەربەردەن | شێوەزاری گۆران |
| سەر نەپای فیرار شەهیدان کەردەن | |
| ئۆف، ئۆف، ئۆف | |
| دڵ ژ ژین تەوەللایە | کرمانجی ژووروو |
| نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵایە | |
| بە دەستا تورك خنکایە | [٣٨: ٢٦٣] |

پیرەمێرد لەم شیعرەدا لەڕووی زمانەوە تازەگەری کردووە بەبەکارهێنانی سێ شێوەزاری کوردی، سەرەتا لە کۆپلەی یەکەمدا بە (کرمانجی خواروو) دەستی بە شیعرەکەی کردووە، پاشان لە کۆپلەی دووەمدا دەچێتە سەر شێوەزاری (گۆران) و لە کۆپلەی سێیەمیشدا بەشێوەزاری (کرمانجی ژووروو) و کۆتایی بە شیعرەکەی هێناوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت پیرەمێرد تەنها لەم شیعرەدا ئەم شێوازەی بەکارهێناوە کە ڕەنگە ئەمەش تەنها بۆ دەرخستنی توانای خۆی بێت، چونکە ئەگەر پیرەمێرد بەردەوامبوایە لەسەر ئەم کارەی و لە شیعرەکانی تریدا پەیڕەوی بکردایە ئەوا ڕەنگە ببوایەتە سەرمەشق بۆ داهێنانی زمانی یەکگرتووی کوردی.



شێخ نوری لەم قۆناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ زمانی کوردی پەتی و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی سادەی سەر زاری خەڵك و ئەدەبی میللی کوردی و فۆلکلۆر و توانیویەتی سەرکەوتووانە بەم وشە کوردییانە ئەفراندن و ئیستاتیکا و جوانی و ڕازاوەیی بەرجەستە بکات، هەر ئەمەیشە وای لە (ڕەفیق حلمی) کردووە کە (شێخ نووری) بە (زەعیمی ئینقلابی) شیعری کوردی ناوچەی سلێمانی و دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری نوێی کوردی دابنێ. [٢٣: ٢٠٦] ئەمەش [بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی شاعیر بەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی شیعری کوردیدا هێنا بەتەواوی ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم شاعیرە تا چ ڕادەیەك کاری داهێنەرانەی خۆی لە هەوڵەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی ئەنجام داوە. کە یەکێك لە دیارترین ئەم لایەنانە ئەو زمانە شیعرییە بوو کە لە سەرەتای دەست پێکردنی تاقیکردنەوە شیعرییەکەیدا گرنگییەکی تایبەتی هەبوو و وایلێکرد لە شیعری کلاسیکی دووربکەوێتەوە و پێ بنێتە قۆناغێکی نوێی شیعری کوردییەوە] [١٣: ٣٠٤] ئەم شیعرەی خوارەوە نموونەیەکی شیعری نوێی (شێخ نووری)یە:

پەپوولە

خۆزگە ئەمزانی تۆ بۆ ؟
وا خۆت کردووە ڕەنجەڕۆ ؟
پەپوولەی باڵ هەڵوەریو !
بە تیشکی گڕ داڕزیو
باڵداری جوان و ڕەنگین
ئێسك سووك و باڵ نەخشین [٢: ٣٣٥]

ئەم شیعرە زمانێکی سادەی خەڵك، زمانی ئەدەبی فۆلکلۆری، کوردی پەتی، نووسراوە. شاعیر هەوڵی داوە وشەی کوردی پەتی بەکاربهێنێت. وشەکانی (ڕەنجەڕۆ، داڕزیو، تیشکی گڕ، ئێسك سووك، باڵ نەخشین، ...) وشەی کوردی سەر زاری خەڵکن و شاعیر بەهۆی توانا و سەلیقەی خۆیەوە و بەهۆی ئەم وشانەوە داهێنانی

کردووە و شیعرێکی بەرز و جوانی بەم کوردییە پەتییە پێشکەش کردووە. (ڕەفیق حلمی) سەبارەت بەم شیعرە دەڵێ: [(پەپوولە)ی نووری لەو شیعرە تازانەیە کە چە بە (مەوزوع) و ئسلوب وە چە بە وەزن و ئاهەنگ و مۆزیقەیا لە شیعری کلاسیکی دەوری کۆن ناچێ. بە وشەی کوردی پەتی و بە سەلیسی تەعبیر و ماناشیا، بەتەواوی شیعرێکە بەپێی چەشکەی ئەدەبی ئەم چەرخە] [٢٣: ٢٠٦] هەروەها لە شیعری (هەناسەی ساردی، شەوینی ژینی تاڵ)دا دەڵێ:

هەناسەی ساردی، شەوینی ژینی تاڵ
خۆ تۆ تیژتری لە سروەی شەماڵ
هەڵسە و داوێنت، بکە بەلادا
وەك تەتەر برۆ بە ڕێی هەوادا
بە ئەرزا مەڕۆ، ڕێگەت لێ بەسرا
بە ئاسمانا، برۆ بۆ بەسرا [٢: ٣٩٦]

شاعیر لەم شیعرەدا کۆمەڵە وشەیەکی کوردی پەتی هێناوە و زمانی شیعرەکەی پێ خولڵقاندووە و شیعرەکە نموونەیەکی بەرزی زمانی کوردی پەتییە.

شێخ نوری لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی بەکارهێنانی زمان، بەڵام لەهەندێ شیعردا هەست بەلاوازی زمانەکەی دەکرێ، ئەمەش لەبەر ئەوەی شاعیر لەو شیعرانەدا پێشوەختە بڕیاری نووسینی شیعرەکەی داوە و زۆرلەخۆ کردنی پێوە دیارە، لەکاتێکدا (کیتس) گوتەنی: [پێویستە شیعر بەشێوەیەکی سروشتی وەك پەلکی دار بێتەدەر ئەگینا نەبوونی باشترە] [٥٠: ٧]

شیعری (جووت و گا) نموونەی ئەم جۆرە شیعرەیە:

شارەزوور تاکو بڵێی جێگەیێکی بەردارە
خۆڵی ڕزیو، ئاوی بەدێراو ئەڕژێنێ پارە
کوردە تۆ بۆچی ئەڵێی: ڕووتم و بێ لانە و بان
خاوەنی جووت و ماڵات و مەڕ و ڕان و شوان



بایی تارانییەکە وێژەبەرە و ئاسنەکەت
پارە دەرهێنەرە لەو ئەرزە ڕەقە گاسنەکەت [٢: ٤٢٦]

گۆران لە قۆناغی سێیەمی شیعری خۆیدا هەر بەردەوامبوو لەسەر پاککرنەوەی زمانی شیعری لە وشەی بێگانە و گەڕانەوە بۆ زمانی کوردی پەتی و زمانی دەوڵەمەندی ئەدەبی فۆلکلۆری و زمانی سادەی خەڵك. ئەگەرچی (پیرەمێرد و شێخ نوری) لەم لایەنەوە پێش گۆران کەوتوون، بەڵام گۆران توانیویەتی بەشێوەیەکی کاریگەر و سەرەکی ڕۆڵی چەسپاندنی ئەم شێوازە نوێیەی زمانی شیعری بدات. گۆران زۆر سەرکەوتووانە توانی لە وشە و زاراوە سادە و ساکارەکانی زمانی خەڵك زمانێکی شیعری بەرز دابهێنێ و لەم لایەنەوە سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە و لەماوەیەکی کەم و دیاریکراودا [ئاودانی و جەوهەری تیغی زمانەکەی بە بڕشتی بژارکردن و بەخێوکردن و گەشەپێدان بەو خێراییە پێشکەوت و ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی ئەو وشە و دەربڕینە بێگانانە کەم و کەمتر دەبوونەوە، تا وای لێهات ئەو هەموو ئاهەنگ و زەمزەمە و پێزە، لەماوەیەکی زۆر کەمدا بخاتە بەرهەمەکانییەوە لەڕێگای بەکارهێنانی وشەی پەتی کوردی و دەربڕینی خۆماڵی و بایەخدانێکی تایبەتی بە بەخێوکردن و دەرخستنی هێز و پێزی زمانی زیندووی کوردی لە شیعردا] [٤٨:١٥] گۆران هەوڵی داوە بە زمانێکی سادەی خەڵك بنووسێ و بۆ ئەم مەبەستەش سوودی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و زمانی ڕۆژانەی خەڵك وەرگرتووە و زۆر شارەزایانە و بەبێ زۆر لەخۆکردن لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردووە. هۆی ئەمەشە کە [زمانی گۆران پوخت و ساغ و پتەو و جوان و ڕەوانە، زۆر لەخۆکردنی تێدانییە و ڕەسەنی خۆی لە زمانی خەڵك و سامانی بەپیتی نەتەوەوە وەردەگرێ. گۆرانیش شارەزای ئەم زمان و سامانە بوو و ئەمەش قووڵی و ڕەنگینی بە شیعرەکانی بەخشیووە] (٣٦: ١٤٩) هەر ئەمەشە وای لە (ڕەفیق حلمی) کردووە کە گۆران بە ڕچەشکێنی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی بزانێت و لەم بارەیەوە دەڵێ: [تا پێش دەوری گۆران وا زان ئەکرا کە لە وشەی پەتی و ساکاری کوردی شعری بەرز

ناوترێ. بەڵام بەهۆی ئسلوبێکی دای هێنا لە (فەن)ی شعرا، گۆران ئەو باوەڕەی گۆڕی] [٢٣: ١٦٩]

گۆران لە شیعری (لە درزی پەچەوە)دا دەڵێ:

جادە چۆڵ و سێبەر بوو ، کات بەیانی،
ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی
بۆ سەوزایی دەوروپشتم ، بۆ ئاسمان،
بۆ شاخی بەرز ، خانووی تازە ، دنیای جوان
ئەڕۆیشتم بە ئەسپایی ، کش و مات،
لاشە سست و دڵ کەیلی تاسە و ئاوات !
لەپڕ ، نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی،
بەرامبەرم بەژنێك دەرکەوت وەك پەری ! [١٢: ٥٨]

لەم شیعرەی سەرەوەدا شاعیر زمانێکی بەکارهێناوە کە زمانی سادەی خەڵکە. وشەکانی (چۆڵ و سێبەر، خەیاڵاوی، شاخی بەرز، خانووی تازە، دنیای جوان، لاشە سست، کەیل،...) هەموو وشەی سادە و ساکارن و شاعیر لە زاری خەڵکەوە وەری گرتوون. ئەم شیعرە بەرز و ناوازەیەی لێ دروست کردووە. هەروەها شاعیر لە شیعری (ئافرەت و جوانی)دا دەڵێ:

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە،
لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە،
شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە،
لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە،
پەلکەزێڕینەی پاش بارانی زۆر،
چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر،
هەتاوی نەورۆز، مانگی جۆدرەو
زۆر هاتوون و چوون بە ڕۆژ و بەشەو [١٢: ٤٣]



وشەکانی (باخچەی بەهار، شەونمی درەخت، زەردەی زۆر کەل، پەلکەزێڕینە، هەتاوی نەورۆز، مانگی جـۆدرەو،...) وشەی سادە و ساکاری کوردین و گۆران لەم شیعرەدا زۆر وەستایانە توانیویەتی لەڕێگەی ئەم زمانە کوردییە پەتییەوە ئیستاتیکایەکی بەرز بەرجەستە بکات. عەلائەدین سەجادی لەبارەی ئەم شیعرەوە دەڵێ: [ئەم وشانە وشەیەکی ساکاری کوردین، بۆ دانانەکەیان هیچ خۆ عەزیەت دانێکی تێدا نییە، بەڵام کاتێ کە سەیری گوشادی گوزارەکانیان ئەکرێ، لەم شوێنەدا ئەوترێ ئەمە (پەرجۆ)یەکە و گۆران لە ئەدەبی کوردیدا دروستی کردووە] [٣١: ٣٢٥]

لەگەڵ ئەم زمانە بەرزەی گۆران" لەهەندێ لە شیعرەکانیدا هەست بەلاوازی زمانەکەی دەکرێ، ئەمەش لەبەر ئەوەی شاعیر پەیوەستە بە حیزب و سیاسەتەوە و لەو شیعرانەدا [زمانی سیاسی و دروشمە سیاسییەکانی گواستووەتەوە بۆ ناو شیعرەکەی و دەستدەکات بە دانانی ئەو دەربڕینانەی کە لە شێوەی نیمچە تابلۆ ڕێکلامییەکاندایە، جەخت لەسەر هەڵوێستی سیاسی شاعیر دەکاتەوە] [١٥١: ١٨٢] ئیلتیزامی سیاسی شیعر لاواز دەکات، بەها ئیستاتیکی و جوانییەکانی ناهێڵێ یان لاوازی دەکات، چونکە [شیعر بەهیچ جۆرێك سانسۆر ناکرێ، ئەگەر شیعر لغاو بکرێ، بێشك هونەرەکەی لاواز دەبێ، کە هونەرەکەشی لاوازبوو هەڵوێستەکەشی دەفەوتێ و ناتوانێ ڕۆڵی گیانی خۆی ببینێ، ئەدیب کە ملتەزم بوو ئازایەتی و بوێری نامێنێ، دەبێتە ئامرازێك و حیزبەکەی بە ئارەزووی خۆی هەڵی دەسوڕێنێ].[٥٠: ٥] (مارکس و ئەنگڵز) سەبارەت بەم شێوازە دەربڕینە دەڵێن: [هونەری ڕێکلامی هاوارکەر (صارخ) هونەرێکی لاواز و بێ کاریگەرییە، لەکاتێکدا هونەر لەسەر زیندەگی و خەیاڵ و شێواز و کارامەیی بنیاد نراوە] [١٥١: ١٨٤]

گۆران لە شیعری (ڕێگای لەنین)دا دەڵێ:

لەگەڵ کۆتر شوێن ڕووناکیی ڕۆژ کەوتم
نە ڕۆژ ، نە شەو ، نەخەوتم
چیاوچیا ، دەشتاودەشت ، دەریاودەریا

پێوانەم کرد بەرەو باکور ڕووی دنیا
فڕیم بەناو هەوری بەرزی ئاسمانا
بەسەر هەزار هەزار دیمەنی جوانا
تا گەیشتمە بەر دەروازەی کرەملن
ژێر سێبەری پەیکەری بەرزی لەنین !
ڕووی سەرنجم کردە هەر کوێ لەنین بوو،
هەر خۆی باوك، سەرۆك، مامۆستای چین بوو... [١٢: ٢٢٧]

زمانی شیعری ئەم شیعرەی گۆران زمانێکی ئاسایی ڕۆژانەیە، شاعیر لەبەر گەیاندنی مەبەستەکەی هێندە گرنگی بەلایەنی ئیستاتیکی زمانەکەی نەداوە، بێگومان زمانی ڕۆژانە و زمانی شیعر زۆر لەیەکتر جیاوازن، هەر ئەم لاوازییە وای کردووە (د. کەمال مەعروف) کردووە پاش ڕیزکردنی ناوی چەند شیعرێکی گۆران بڵێ: [گۆران لەم شیعرانەدا ئەگەر بەشیعری دابنێین، زۆر مولتەزیمانە هەڵسوکەوت دەکات و ئەرکی حیزبایەتی بەجێ گەیاندووە، بۆیە ڕووخساری قوربانی ناوەڕۆك کردووە] [٥٠: ٧]

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: زۆربەی شیعرەکانی گۆران زمانێکی کوردی پەتییان تێدا بەکارهاتووە و شاعیر ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لە پەرەسەندنی زمانی شیعری نوێی کوردیدا، چونکە [گۆران ئەو شاعیرە داهێنەرەیە کە لە شیعرەکانیدا واقعی تێپەڕاندووە و جیهانێکی شیعری تایبەتی ئاشکراکەری ئەو بوونە ڕاستەقینەیەیە] [١٤٧: ١٧٣]

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین: (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالّح و گۆران) لەماوەی ئەدەبی خۆیاندا داهێنانیان لە زمانی شیعریدا کردووە و لە شاعیرە پێشەنگەکانی کوردن کە ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان هەبووە لە نوێکردنەوەی زمانی شیعری کوردیدا بە جۆرێك کە بە سەرمەشقی شاعیرانی نوێخوازی کورد دادەنرێن. زمانی شیعری لای ئەم سێ شاعیرە زمانی ئەفراندن و جوانکارییە، زمانێکی بەرز و بالآیە،



زمانێکە هەموو سیمایەکی نوێگەری پێوەدیارە. ئەم سێ شاعیرە توانیویانە لە هەموو قۆناغەکانی بەکارهێنانی زماندا سەرکەوتوو بن، بەتایبەتی لە قۆناغی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتیدا، کە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیان تۆمارکردووە و بۆ یەکەمجار توانیان چەندین وشە و زاراوەی سادە و ساکاری کوردی بخەنە ناو شیعرەوە کە بۆ ئەو سەردەمە دیاردەیەکی تەواو نوێ و پڕ لە تازەگەری بوون. ئەم سێ شاعیرە داهێنانیان لە زمانی کوردیدا کردووە و لەڕێگەی شیعرەکانیانەوە زمانی کوردییان نوێ کردووەتەوە، [چونکە لە شیعردا زمان نوێ دەکرێتەوە و نەشونما دەکات ... و هەموو شاعیرە داهێنەرەکانیش داهێنانیان لە زماندا کردووە و بەردەوام نهێنییەکانیان دۆزیوەتەوە] [٣: ٧٠] پیرەمێرد لەشیعری (بۆ شەهیدانی ٢٤ ئایار)دا شێوەزارەکانی (کرمانجی خواروو، کرمانجی ژووروو، گۆران) بەکاردەهێنێ و ئەگەر بەردەوام بووایە ئەوا بناغەیەکی باشی بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی دادەنا. (شێخ نووری و گۆران)یش لەگەڵ ئەوەی هەندێ شیعری لاوازییان لە ڕووی زمانەوە هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زمانی شیعرەکانیان زمانێکی داهێنەرانە و ئیستاتیکییانەیە و ئەو زمانی شیعرییەی ئەم سێ شاعیرە بەکاریان هێنا" بووە بناغە و سەرەتایەك بۆ زمانی ئەدەبی نوێی کوردی.

## تەوەری دووەم
## مۆسیقای شیعر

### مۆسیقای شیعر

مۆسیقا یەکێکە لە پێکهاتە ئیستاتیکی و ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی شیعر. مۆسیقای شیعر [هەر شتێکە لە شیعردا کە تایبەتمەندی دەنگی هەبێ و خاوەن کاریگەری ئیستاتیکی یان گوزارشتی بێت] [١٣٧: ٦] شیعر پەیوەندییەکی پتەوی بە گۆرانییەوە هەیە، چونکە شیعر و گۆرانی [پێکەوە لە سۆز و عاتیفەوە دەردەچن و گوزارشتیشی لێدەکەن، هەروەها هۆکارەکانی گۆرانی هەمان هۆکارەکانی شیعرن، لە گۆرانیدا مۆسیقای ئاوازەکان هەیە و لە شیعریشدا مۆسیقای وشەکان و کێشەکان] [١١٧: ٢٣٦] بە درێژایی مێژوو شیعر بەبێ مۆسیقا نەبووە، جا مۆسیقای دەرەوە بێت یان مۆسیقای ناوەوە. چونکە [شیعر لە حەقیقەتدا تەنها ئاخاوتنێکی مۆسیقییە و دەروونەکان دەبزوێنێ و دڵەکان پێی کاریگەر دەبن] [٨٩: ١٧] لێکۆڵەران مۆسیقای شیعر بەخاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعر و پەخشان دادەنێن و بڕوایان وایە کە ئەوەی شیعر لە پەخشان جیادەکاتەوە تەنها مۆسیقایە، چونکە [کێش تایبەتییەکی بنچینەیی ناسینەوەی شیعرە کە ئەمە لە پەخشاندا نیە یان بەو جۆرە نیە]، [٢٩: ٦٧] عەلائەدین سەجادیش دەڵێ: [ئەگەر هۆنراوێك خاڵی بێ لەو پەردە ڕواڵەتییە کە عەرووزە بۆ هەندێ هۆنراو، وەیا ژمارەی پەنجە و سەروایە بۆ هەندێکی تر، ئەوە لە هۆنراو دەرچووە!] [٣١: ٣٢٩]

(پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) زۆر گرنگیان بە مۆسیقای شیعری داوە و هەوڵیان داوە لەم ڕێگەیەوە ئاوازێکی جوان و ڕازاوە بە شیعرەکانیان ببەخشن. هەروەها لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی وڵاتانی دراوسێ و ئەورووپیدا توانییان تازەگەری و گۆڕانی بنچینەیی لە مۆسیقای شیعری کوردیدا بکەن.



### ١- مۆسیقای دەرەوەی شیعر

هەموو ئەو لایەنە ئیستاتیکیانە دەگرێتەوە کە ئەرکی ڕێکخستنی ڕووکاری دەرەوەی شیعر لە خۆ دەگرن، کە بریتین لە کێش و سەروا.

#### أ- کێش

کێش کۆڵەکەی سەرەکی مۆسیقای دەرەوەی شیعرییە، کە ڕەگەزێکی بنەڕەتی شیعر پێکدەهێنێ و هیچ شیعرێك بەبێ کێش نابێت. [کێش ئەرکی پێکهێنانی مۆسیقای دەرەوەی شیعر لە ئەستۆ دەگرێ و دەبێتە چوارچێوەیەکی پتەو بۆی کە لە پەرش و بڵاوی دەیپارێزێت] [١١٢: ٢١]

(شێخ نوری شێخ ساڵح) سەبارەت بە کێشی شیعر دەڵێ: [وەزن لە لغتدا بەگرانی ثقلت ئەڵێن. فەقەط نەظـەر بە ئیضاحاتی سەرەوە لە لیسانی ئەدەبیاتدا کەلیمەیەکە لە معنای معیار مقیاس تەرازوو دایە. لەم ئیضاحاتەوە وا دەرئەکەوێ کە وەزن (تەرازووی ئاهەنگە) مەقصەد لەم تەرازووە ئەوەیە لە وەقتێکدا کە سلسلەی ئەفکارمان بەیان کرد و نووسی، جوملەکانی موعەیەن و بە طـەرزێکی ئاهەنگدار تەقسیم بکا] [٧٣: ١٦]

گۆرانیش سەبارەت بە کێش دەڵێ: [کێش لە هەڵبەستە جیهانییەکاندا، لە هەموو زمانەکانی دنیادا هەڵبەت هەیە و هەڵبەستی هەر زمانەش بەپێی تایبەتییەکانی (خصائص)ی خۆی جۆرە مۆسیقایەکی جیاواز لە مۆسیقاکانی پەخشانی هەیە،... ئەگەر بێت و چاو بە کێشی هەڵبەستی زمانە پێشکەوتووەکانی کۆن و تازەی دنیادا بگێڕین ئەبینین چی لەناو گەلانی ڕۆژئاوادا کێشی هەڵبەست لە ڕێکخستنی قسە پەیدا بووە، لەسەر بنەڕەتی دەستەدەستەکردنی دەنگەکانی بەدانانی شوێنی پشوودان لە ناوەندی هەموو ڕیزە ڕستەیەکدا... ئەم دەستە قسانە کە لەمەوپاش (پێی هەڵبەست)یان پێ ئەڵێین لەسەر بنەڕەتی بڕگەکانی دەنگ ڕێکخراون] [٨: ١٥٥]

دیارترین جۆرەکانی کێشی شیعری (٤) کێشن کە بریتین لە:

١- کێشی چەندی: لەم کێشەدا دێڕە شیعرییەکان لە ژمارەیەك پێ پێکدێن و هەر پێیەك بریتیە لە کۆمەڵێك بڕگەی کورت و درێژ بەپێی جۆری کێشەکە.

٢- کێشی لەنگەر (سترێسی): ئەم کێشە لە ژمارەیەکی دیاریکراوی بڕگەی لەنگەدار و بێ لەنگر پێکدێت بەشێوەیەکی یەکسان لە هەموو دێڕەکاندا، بەڵام مەرج نییە ژمارەی بڕگەکان یەکسان بن.

٣- کێشی هیجا (سیلاب - ژمارەیی): لەم کیشەدا هەر دێڕێك لە ژمارەیەکی یەکسانی بڕگە پێکدێت، بەبێ گرنگیدان بە کورتی و درێژی بڕگەکان. [٢٥: ١٣- ١٤]

٤- کێشی پەیژەیی: ئەوەیە کە لە سیستەمی دووبارەبوونەوەی پلە و تەبەقەی دەنگ دروست دەبێ. [٢٩: ٨٥]

**کێش لە شیعری (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران)دا**

(پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) لەڕووی کێشەوە: (کێشی عەرووزی عەرەبی و کێشی سیلابی خۆماڵی)یان بەکارهێناوە و بەتایبەتی گرنگییەکی زۆریان بە کێشی سیلابی خۆماڵی داوە و زۆربەی قاڵبەکانی ئەم کێشەیان بەکارهێناوە. ئەمەش لەبەرئەوەی کێشی ڕەسەنی خۆماڵی کوردییە.

(پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) لە شیعرەکانیاندا (٢)جۆر کێش و (٣) شێوازی بەکارهێنانی کێشیان لەلا دەردەکەوێ کە بریتین لە:

١- کێشی عەرووزی عەرەبی

٢- کێشی سیلابی خۆماڵی

٣- تێکەڵکردنی کێشی عەرووزی عەرەبی و کێشی سیلابی خۆماڵی



**١- کێشی عەرووزی عەرەبی**

(پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) ئەم کێشەیان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی کە لە سەرەتای دەست پێکردنی شیعریاندا نووسیویانە.

پیرەمێرد لەسەرەتای دەستپێکردنی شیعریدا لەژێر کاریگەری شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکێشی عەرووزی عەرەبی شیعری داناوە. [شیعری عەرووزی دیوانی پیرەمێرد لە (٤٠) پارچە شیعر زیاتر پێکهاتووە، ئەمە ژمارەیەکی کەم نییە لە هەموو بەرهەمە شیعرییە ڕەسەنەکانی. بە زۆری بەحری موزاریع و هەزەج و ڕەمەلی بەکارهێناوە. تاکە تاکەش بەحرەکانی موتەقاریب و ڕەجەز و موجتەس و خەفیفیش لە شیعریدا بەرچاو دەکەون] [٥٤: ١٠٤] هەروەها ئەوەی پیرەمێرد لە شاعیرانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە پیرەمێرد تا کۆتایی ژیانی بە کێشی عەرووز و کێشی سیلابی خۆماڵی شیعری داناوە. د. مارف خەزنەدار لەم بارەیەوە دەڵێ: [پیرەمێرد یەکێکە لەو شاعیرە دەگمەنانەی کورد کە سنووری لەنێوان شیعری نوێ و شیعری کلاسیکی لاسایی دانەناوە، واتە لەنێوان کێش و قافیەی عەرووزی و سیلابی میللی، ئەمانەی تێکەڵ بەیەکتری کردووە. ئەمڕۆ شیعرێکی تازە بابەتی میللی داناوە و سبەینێ لە شیعرێکی دیکەدا پێڕەوی بەحری عەرووزی و یەکێتی قافیەی کردووە] [٥٤: ١٠٤]

پیرەمێرد لە شیعری (ئەم ڕۆژی)دا کێشی عەرووزی بەکارهێناوە کە دەڵێ:

ئەم ڕۆ ژی سا ڵی تا زە یە نەو ڕۆ زە ها تە وە

ـــ ـــ ب / ـــ ب ـــ ب /ب ـــ ـــ ب /ـــ ب ـــ

جەژ نێ کی کۆ نی کور دە بە خۆ شیو بە ها تە وە

ـــ ـــ ب /ـــ ب ـــ ب/ب ـــ ـــ ب/ـــ ب ـــ

[٣٧: ٢٠٧]

مفعول/فاعلات/مفاعیل/فاعلن موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف

شێخ نوری شێخ ساڵح ئەم جۆرە کێشەی لەو شیعرانەدا بەکارهێناوە کە لە لاساییکردنەوەی ئەدەبی کلاسیکیدا نووسیونی. شاعیر چەندین کێشی عەرووزی تاقیکردۆتەوە و [(١٣١) هۆنراوەی بە کێشی عەرووزی جیاجیا نووسیوە: هەزەج (٦٤)، ڕەمەل (٣٢)، موزاریع (١٦)، موجتەس (١٢)، خەفیف (٥)، ڕەجەز (١) و سەریع (١)] [٣٠: ٣٩٨] شاعیر لە شیعری (پەچە)دا دەڵێ:

گوێم لە نا ڵی نی ك چێ بوو دوێ نێ ئەی لا وا نە وە

ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ب

وا بە تەئـ سی رو بە سۆز ئەی وت د ڵی ئەت وا نە وە

ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ـــ ـــ / ـــ ب ب[٢: ٤٣٣]

فاعلاتن / فاعلاتن / فاعلاتن / فاعلن ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەحزووف

گۆران کێشی عەرووزی عەرەبی بەکارهێناوە و سەبارەت بە کێشی شیعرەکانی دەڵێ: [بەشی زۆری کۆنەکان بە وەزنی عەرووز و کوردییەکی کۆنی تێکەڵاو بە زمانی بێگانە نووسراون. ئوسلووبیشیان کۆنە یان وەك هی (سالم) و (نالی) لەسەر پێوشوێنی غەزەل هەڵبەستراون، یان ئەو جۆرە ئوسلووبەیان تیا کراوە بە سەرمەشق کە مامۆستا (م. نووری) و هاوڕێکانی لە ئەدیبە تازەکانی تورکی عوسمانییان وەرگرت و لە سەردەمێکی سنوردارا (١٩٢٠- ١٩٣٠) شیعری کوردی ناوچەی سلێمانییان پێ تازە کردەوە] [١٢: ٤٠]

گۆران لەسەجەم شیعرەکانیدا (٤٠)شیعری بەکێشی عەرووزی عەرەبی داناوە و تەنها (٧) دەریای ئەم کێشەی وەرگرتووە کە بریتین لە: [کێشی هەزەج (٧) قاڵب، کێشی موجتەس (٣) قاڵب، کێشی ڕەمەل (٢) قاڵب، کێشی خەفیف (٢) قاڵب، کێشی موزاریع (١) قاڵب، کێشی ڕەجەز (١) قاڵب، کێشی موتەقاریب (١) قاڵب] [٢٦: ١١٥]

گۆران لە شیعری (تاوێ نەگەڕا) دەڵێ:



تا وێ نە گە ڕا چەر خی مو خا لیف بە حی سا بم

ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ

بێ نا ڵە نی یە سا نی یە یەك تا ری ڕو بـا بم

ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ ب / ب ـــ ـــ[١٢: ٨٠]

مفعول/مفاعیل/مفاعیل/فعولن هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف

**٢- کێشی سیلابی خۆماڵی**

بەشی زۆری شیعرەکانی پیرەمێرد بە کێشی سیلابی خۆماڵی دانراون [شاعیر هەموو کێشە خۆماڵییە میللییەکانی کە لە دیالێکتی گۆراندا بەکاردێن لە شیعریدا بەکاری هێناون، بەزۆری کێشە سووکەکانی بەکارهێناوە وەکو (٧) بڕگەیی و (٨) بڕگەیی و (١٠) بڕگەیی، زۆرترین لەم بابەتانە (١٠) بڕگەییە وەستانیان لە ناوەڕاستدایە (٥ + ٥) لە ڕووی قافیەوەش دیارە هەموو ئەو شیعرانە جووت سەروا (مەسنەوی)ن] [٢٦: ١٠٥]

کێشی (٧) بڕگەیی شەپۆلی (٤ + ٣)

تیپی کیژان لەو دەشتە
وێنەی حۆری بەهەشتە
کوڕگەل ئەبەن لەخشتە
سەر لە ڕێبوار شێواوە [٣٨: ١٣٦]

کێشی (٨) بڕگەیی شەپۆلی (٤ + ٤)

ئەی نەوجەوانانی وەتەن
سا پێشکەون ئازا بڕۆن
ئێوە بەرەو زانین بڕۆن
دەی تێکۆشن دوا مەکەون

له سێبەری سەربەستیدان  [٣٧: ٢٠١]

کێشی (١٠) بڕگەیی شەپۆلی (٥ + ٥):

یاران فەرهادم یاران فەرهادم
بە وێنەی فەرهاد هەر ڕەنج وەبادم
هەم مەجنوونیشم، لە هۆش ئازادم
کوردێکی پەتیم بۆیە ناشادم  [٣٩: ١٠١]

شێخ نوری لە شیعرەکانیدا کێشی سیلابی خۆماڵی بەکارهێناوە. شاعیر لە شیعرەکانیدا بەزۆری قاڵبەکانی (٧)بڕگەیی شەپۆلی (٤ + ٣) و (٨) بڕگەیی شەپۆلی (٤ + ٤) و (١٠) بڕگەیی شەپۆلی (٥ + ٥) کە بەزۆری ئەم قاڵبەی کۆتایی بەکارهێناوە.

کێشی (٧) بڕگەیی شەپۆلی (٤ + ٣):

شەبەق ئەدا بەیانی
لەگوێ جۆگە و سەرکانی  [٢: ٣٣٦]

کێشی (٨) بڕگەیی شەپۆلی (٤ + ٤):

خولە پیزەی چەتەی مەشهوور
جوتیارێ بوو لە شەڕ بە دوور  [٢: ٢٨١]

کێشی (١٠) بڕگەیی شەپۆلی (٥ + ٥):

چواردەی تەمموز و ڕۆژانی دوای ئەو
کەس نەی ئەوێرا ببیبینێ بە خەو  [٢: ٣٠٦]

گۆران لە زۆربەی شیعرەکانیدا کێشی سیلابی خۆماڵی بەکارهێناوە و لەژێر کاریگەری ئەدەبی تورکیدا بەرەو بەکارهێنانی ئەم کێشە ڕۆیشتووە و بە سوود وەرگرتن لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و زمانی سادەی خەڵك گۆڕانێکی گەورە داهێنانێکی مەزنی لەم بوارەدا کردووە. گۆران لەم بارەیەوە دەڵێ: [شیعرە تازەکان بە وەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون، کە هەرچەند شیعر دۆستەکانی کۆن بە



خوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە و لەگەڵ خەسائیسی زمانەکەمان چاتر ڕێك ئەکەوێ بە پێویستم زانی لەماوەی تەقەلای ئەدەبی خۆما، ڕۆژبەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم، تا لەم چەند ساڵەی دواییدا وەزنی عەرووزم بە تەواوی و لام وایە بۆ ئێجگاری بەرەڵڵا کرد] [١٢: ٤٠]

گۆران زۆربەی قاڵبەکانی ئەم کێشەی بەکارهێناوە وەکو قاڵبەکانی (٥ بڕگەیی، ٦ بڕگەیی، ٧ بڕگەیی، ٨ بڕگەیی، ٩ بڕگەیی، ١٠ بڕگەیی، ١١ بڕگەیی، ١٢ بڕگەیی، ١٣ بڕگەیی، ١٤ بڕگەیی، ١٥ بڕگەیی، ١٦ بڕگەیی)، بەڵام بەزۆری کێشەکانی (٨) بڕگەیی و (١٠) بڕگەیی بەکارهێناوە.

کێشی (٥) بڕگەیی شەپۆلی (٥):

ئەی بەرخۆڵەکە
نەرم و نۆڵەکە
سپی و خرپنی
وەك کلۆی لۆکە [١٢: ٣٢١]

کێشی (٦) بڕگەیی شەپۆلی (٣ + ٣):

بێ خشپە و زیاندار
ئەکشێم چەشنی مار  [١٢: ٣٢١]

کێشی (٧) بڕگەیی شەپۆلەکانی (٤ + ٣) و (٣ + ٤):

شەپۆلی (٤ + ٣):  منیش لای خۆم هەمیشە
شیعرم کردووە بە پیشە[١٢: ١٠٣]

شەپۆلی (٣ + ٤):  وەك یاری وەفادار بە
بەڕاستی خەفەتبار بە[١٢: ٩٥]

کێشی (٨) بڕگەیی شەپۆلی (٤ + ٤)

ئازادیخواز گری گری
کەوتە ژێر پێی درنج پەری[١٢: ١٨٥)

کێشی (٩) بڕگەیی شەپۆلی (٣ + ٣ + ٣)

بنووسە بپرسە مەترسە
چەند دێڕێ شیعری جوانت بەسە [٦٣: ٢٦٥]
کێشی (١٠) بڕگەیی شەپۆلی (٥ + ٥):
کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش
ئاسمانی شینی گرتۆتـــــــە بـــاوەش [١٢: ١١٧]
کێشی (١١) بڕگەیی شەپۆلەکانی (٤ + ٤ + ٣) و (٣ + ٣ + ٥):
شەپۆلی (٤ + ٤ + ٣): شیعری جوانت ئەوێ قوربان شیعری جوان
شیعرێك گەشە و زەردەخەنە با بە ژیان [١٢: ١٠٩]
شەپۆلی (٣ + ٣ + ٥): کوردستان جێگامی جێی هەزار ساڵەم
پەروەردەی ئەم دۆڵ و سەر لوتکە و یاڵەم [١٢: ١٥٢]
کێشی (١٢) بڕگەیی شەپۆلەکانی (٣ + ٣ + ٣ + ٣) و (٤ + ٤ + ٤):
شەپۆلی (٣ + ٣ + ٣ + ٣):قژ کاڵی ئاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کـــــــاڵ
ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێك ئاڵ [١٢: ٦٥]
شەپۆلی (٤ + ٤ + ٤):بلێین بە یار بلێین بە یار یاری نازدار
سەد هەزار جار خۆزگەم بەپار منی هەژار [١٢: ٥٠]
کێشی (١٣) بڕگەیی شەپۆلی (٤ + ٤ + ٥):
تاوانم کرد گەل پێوەی نام مۆری ناپاکی
بۆ زیندانە کۆچی ژینم دنیای ڕووناکی[١٢: ١٦٨]
کێشی (١٥) بڕگەیی شەپۆلی (٥ + ٥ + ٥):
ئەم لا یەك پەڵە، ئەو لا یەك پەڵە، هەوری ڕەنگاوڕەنگ
لە ناوەڕاستا، بەدەم ئاسۆوە، ڕۆژی شۆخ و شەنگ [١٢: ١٣٨]
کێشی (١٦) بڕگەیی شەپۆلی (٤ + ٤ + ٤ + ٤) هەروەها شەپۆلی (٨+٨)یش دەبێ:
بە کوڵ گریان لە چاوم دێ گوڵی لاولاوی ڕەنگاوڕەنگ



لەبەرچی سیس ئەبی وا زوو چییە ئەسبابی ژاکانت [١٢: ١٧٤]

**٣- تێکەڵکردنی کێشی عەرووزی عەرەبی و کێشی سیلابی خۆماڵی:**

پیرەمێرد لە شیعری (شیعری سەربەست)دا کێشی عەرووز و کێشی سیلابی بەکارهێناوە. شاعیر لەم شیعرەدا [چەند بەحرێکی عەرووز و چەند کێشێکی سیلابی خۆماڵی بەکارهێناوە. لە عەرووزییەکان بەحری موجتەس و خەفیف و هەزەج، لە کێشە سیلابییەکانیشدا بە زۆری دە بڕگەیی و هەشت بڕگەیی و هی دیکەی بەکارهێناوە]. [٥٤: ١١٠] پیرەمێرد لەم شیعرەدا دەڵێ:

ب رووس کە بیێك کە لە پڕ دێت لە چاو تە وە تیش کی
ب ـــ ب ـــ /ب ب ـــ ـــ / ب ـــ ب ب / ـــ ـــ
ئە دا تە چا و مو بی نا یی دی دە مە دی دەم
ب ـــ ب ـــ /ب ب ـــ ـــ /ب ـــ ب ب / ـــ ـــ

مفاعلن / فعلاتن / مفاعلن / فعلن موجتەسی هەشت هەنگاوی مەخبونی مەحزووف

گیانە ! نەغمەی نەشیدەکەی نازت
ـ ب ـ ـ/ ب ـ ب ـ/ ـ ـ
بەندی لای لایێکە بۆ ڕۆحم
ـ ب ـ ـ/ ب ـ ب ـ/ ـ ـ
فاعلاتن / مفاعلن / فعلن خەفیفی شەش هەنگاوی مەخبوون
لەگەڵ چشتێ بە دڵتا ڕادەبووری
ب ـ ـ ـ/ ب ـ ـ ـ/ ب ـ ـ
دەمودەست وا لە دڵما بووینە یەك دڵ
ب ـ ـ ـ/ ب ـ ـ ـ/ ب ـ ـ
مفاعیلن / مفاعیلن / فعولن هەزەجی شەش هەنگاوی مەحزووف

تەلی چراێیك لە عەشقی تۆوە

بۆ بەندی دڵم ڕاکێشراوە          کێشی سیلابی خۆماڵی (١٠)بڕگەیی

ئەو دەمەی کە تۆ دەنگت کز ئەبێ

چرای دڵی من کوژاوەتەوە کێشی سیلابی خۆماڵی (١٠)بڕگەیی[٣٧: ٣٤٣]

شێخ نوری لە شیعری (دلاوەران)دا کێشی عەروزی عەرەبی و کێشی سیلابی خۆماڵی بەیەکەوە بەکارهێناوە [کێشە عەرووزییەکە کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف (مەقصوور)ە. لە هەندێك پارچەدا کێشەکە بە (مەحزووف - فعولن) کۆتایی دێت وەکو (باوك، مناڵەکان، کچەکان) لە پارچەکانی تردا کێشەکە بە (مقصور - فعولان) کۆتایی دێ وەکو (دلاوەران، دایك، ئافرەت بە مناڵەوە، چەك بەدەستان)] [٨٨: ١٣٦]

ئەو لا دی وە تەن ئێ مە کە وا میل لە تی کور دین

— — ب / ب — — ب / ب — — ب / ب — —

بۆ  غا یە یی ئا سا ی شی میل لەت هە موو کور دین

— — ب / ب — — ب / ب — — ب / ب — —

شێ را نە ئە وا مەع رە کە ئا را یی وە غا بووین

— — ب / ب — — ب / ب — — ب / ب — —

بۆ ڕش ت نی خویّ نا وی عە دوو حا ز ری راە بووین

— — ب / ب — — ب / ب — — ب / ب — —

مفعول/مفاعیل/مفاعیل/فعولن  هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف

لە پێشمانەوە هەروا ،

بەیداخی ظـەفەر ئەڕوا          کێشی سیلابی خۆماڵی (٧) بڕگەیی

ڕیشەیی عەدوو با دەربێنین ،          [٢: ٤٣٣]



حەق بە دەستی خۆمان بستێنین  کێشی سیلابی خۆماڵی (٩) بڕگەیی

گۆران لە شیعری (ئاواتی دووری)دا کێشی عەرووزی عەرەبی و کێشی سیلابی خۆماڵی تێکەڵ یەکتر کردووە. کێشە عەرووزییەکە (موزاریعی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)ە و کێشە سیلابییەکانیش (٨ بڕگەیی و ٦ بڕگەیی و ٥ بڕگەیی)ن

ئەی چا و چەش نی با زی قە فەس هەڵ وە ری پە ڕت

— — ب / — ب — ب / ب — — ب / — ب —

کوا  با لە تی ژە کا نی  نی گای حوس نی دول بە رت

— — ب / — ب — ب / ب — — ب / — ب —

مفعول / فاعلات / مفاعیل / فاعلن  موزاریعی   هەشت   هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف

کوانێ دوو چاوی مەست کوانێ

کوانێ برۆی پەیوەست کوانێ   کێشی سیلابی خۆماڵی (٨) بڕگەیی

کوانێ زوڵفی ڕەش

کوڵمی ئاڵو گەش    کێشی سیلابی خۆماڵی (٥) بڕگەیی

کوا هەیکەلی جەمال

کوا حوسنی بێ میسال  کێشی سیلابی خۆماڵی (٦) بڕگەیی [١٢: ٤٥]

### ب- سەروا:

سەروا بنەمایەکی تری مۆسیقای دەرەوەی شیعرییەکە لایەنێکی ئیستاتیکی و جوان و مۆسیقایەکی ڕەوان بە دێڕە شیعرەکان دەبەخشێ و بریتییە لە دەنگێك یاخود کۆمەڵە دەنگێك کە لە کۆتایی هەموو دێڕەکاندا یان دوو نیوە دێڕدا یاخود کۆپلەیەکدا دووبارە دەبێتەوە و ئاواز و مۆسیقایەکی جوان دەبەخشێتە سەرجەم شیعرەکە.

عەلادین سەجادی دەڵێ: [سەروا بریتییە لەو پیتانە — بەدەنگ یان بێدەنگ — کە ئاوازەکانیان وەکو یەکە و کەتوونەتەوە دوایی هەر دوو نیوە هۆنراوەکەوە. ئەمە لەکاتێکا وایە کە سەرتاپای دەستە هۆنراوەکە دووتاکی بێ... خۆ ئەگەر دووتاکی نەبوو ئەوە دیارە دوایی دوونیوە هۆنراوەی یەکەم و دوایی نیوەی دووەمی هۆنراوەکانی تر هەمموولەم سەرادا وەکو یەك بن] [٣٣: ١٠٣ - ١٠٤]

هەروەها (د. مارف خەزنەدار) لە پێناسەی سەروادا دەڵێ: [دێڕە شیعرەکانی شیعر بە وشەیەك دواییان دێ ئەم وشانە لەلایەن کێش یان ئاوازەوە لەیەکتری ئەکەن، وە بەلای کەمییەوە ئەبێ تیپی دوایی هەمموو ئەم وشانەی دێڕە شیعرەکان یەك بن، ئەم وشانە قافیەیان پێ ئەڵێن، ئەمە بەنسیەت ئەو شیعرەی یەك قافیەی هەبێ، بەڵام ئەگەر هاتوو لە شیعرێکدا قافیەکان گۆڕان ئەو کاتە هەر بەشی قافیەیەکی لەیەك چوو وتەی سەرەوەی بەسەرا تەتبیق ئەکرێ] [٥٣: ٥٦]

(د. دڵشاد عەلی)یش سەبارەت بە سەروا دەڵێ: [دەنگێ یان زیاتری دووبارەکراوەی ناو بنیاتی هەڵبەستێکە و بەگشتی دەکەونە دوا پێی ئەو دانە ئاوازەییانەی نەغمەیەکی دڵگیًشە و بەشێك لە ئاهەنگ و ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستەکە بەدی دەهێنێ] [٢٠: ١٠٢]

ئەگەرچی کێش بنەمایەکی سەرەکی شیعری هەمموو زمانەکانی جیهانە، بەڵام سەروا ئەم تایبەتمەندییەی نییە و لە هەمموو زمانەکانی دنیادا بەکارنایەت و هەندێ زمان دەتوانن چاوپۆشی لێ بکەن، (ڤۆلتێر) لەم بارەیەوە دەڵێ: [ئیتالیەکان ئەتوانن چاو لە قافیە بپۆشن، چونکە هەر زمانە و تایبەتێتی خۆی هەیە، ئێمەی فەرەنسی گەلێ پێویستمان بەوە دەبێت کە هەندێ دەنگی تایبەتی لە شوێنی تایبەتیدا دووبارە بکەینەوە تا هۆنراوە و چەخشانمان تێکەڵ بەیەك نەبن، لەکاتێکدا جۆری خوێندنەوەی هۆنراوە لای ئیتالی و ئینگلیزەکان بەسە بۆ ئەوەی برگەی درێژ و کورت دەستنیشان بکات، ئەم خوێندنەوەیەش پارێزگاری ئاوازی هۆنراوە دەکات بەبێ ئەوەی پێویستی بە قافیە هەبێت] [٢٠: ٩٦]



هەروەها لە هەندێ زمانی تردا سەروا گرنگییەکی وەهای نییە و شاعیرەکان گرنگی پێنادەن. بۆ نموونە لە زمانی (ژاپۆن)یدا شاعیر ناتوانێت سەروا وەك لایەنێکی جوانکاری و ئیستاتیکی و دیاریکردنی کۆتایی دێڕە شیعر بەکاری بهێنێ، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی لە زمانی (ژاپۆن)یدا سەروا نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە سەروا لە زمانی ئاسایی خەڵکدا بەردەوام بەکاردەهێنرێت و هیچ بایەخێکی ئیستاتیکی نەماوە. [١٠٣: ٧٢]

### سەروا لە شیعری (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران)دا

(پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) لە ڕووی سەرواوە سوودیان لە (سۆنێتە)[١]ی ئەوروپی وەرگرتووە و توانیویانە گۆڕانکاری و تازەگەری لە سەروای شیعری کوردیدا بکەن. (سۆنێتە) لەچەند قاڵبێك پێکهاتووە[٢]، ئەم شاعیرانە سوودێکی زۆریان لە سەروای بەش و قاڵبەکانی وەرگرتووە و گۆڕانکاری و تازەگەرییەکەیان پێ ئەنجام داوە.

---

١- سۆنێتە: [هونەرێکی شیعری ئەوروپییە ژمارەی لەتەکانی دیارە و بابەت و کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە، لە ڕووی دابەشبوونی ناوەڕۆك و سەرواوە جۆری جیاجیای هەیە] (عەزیز گەردی (د.)، سەروا، چ ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩ ، ل ٢٩٤ )

٢- سەروای قاڵبە گرنگەکانی سۆنێتە ئەمانەن:

١- سۆنێتەی پترارکی: لە هەشتینەیەکی (ABBA ABBA) و شەشینەیەکی (CDECDE یان CDCDCD یان هەرجۆرێکی تر تەنیا مەسنەوی نەبێ) پێکدێ

٢- سۆنێتەی سپنسەری: لە سێ چوارینە و مەسنەوییەك پێکدێ و سەرواکەی بەمجۆرەیە (ABAB BCBC CDCD EE)

٣- سۆنێتەی شەکسپیری: ئەمەش لە سێ چوارینە و مەسنەوییەك پێکدێ بەڵام سەرواکەی بەمجۆرەیە (ABBA CDCD EFEF GG) (عەزیز گەردی (د.)، سەروا، ل ٢٩٤ )

(پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) لە شیعرەکانیاندا چەندین جۆر سەروایان بەکارهێناوە:

### ١- سەوای یەکگرتوو

پیرەمێرد سەروای یەکگرتووی لە بەشێکی شیعرەکانیدا بەکارهێناوە بەتایبەتی ئەو شیعرانەی بە کێشی عەرووزی عەرەبی دایناون، لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر لە هەندێ لەو شیعرانەشدا کە بە کێشی سیلابی خۆماڵی دایناون سەروای یەکگرتووی بەکارهێناوە. پیرەمێرد دەڵێ:

ئەڵێم دەرچم لە دنیادا، بکە ڕەحمێ هەتا ماوم A
لە حەڵقەی زوڵفی شێوادا، کەوا گیرۆدەیی داوم A
نەماوە هۆش و عەقڵم، ئیختیاریشم لەدەس چوو B
بە تیشکی ڕۆژی ڕوخسارت، سەراپا هەڵ پڕووزاوم A [٣٧: ١٩٩]

شێخ نوری لە بەشێك لە شیعرەکانیدا سەروای یەکگرتووی بەکارهێناوە بەتایبەتی ئەو شیعرانەی لەژێر کاریگەری کلاسیکی کوردیدا نووسیونی. شێخ نوری لە شیعری (شەو)دا دەڵێ:

خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵ بریندارانی شەو A
نەك خودا ناکەردە گیرابێ، دوعای ناڵانی شەو A
یاوەرو یار و ئەنیسم، ئاهو ئەشکی حەسرەتە B
ئافەرین ئەی بارەك اللە، دیدەیی گریانی شەو A [٢: ٢٢٧]

گۆران ئەم جۆرە سەروایەی لەو شیعرانەدا بەکارهێناوە کە لەژێر کاریگەری ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا نووسیویەتی. شاعیر لە شیعری (ئەڕۆی ئۆغر)دا دەڵێ:



کڵاوڵار، گورجی کەو ڕەفتار ! نەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر ؟ A
لە تیری ئاهی ناکامیم حەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر ؟ A
بە دووتا ئەشکی حەسرەت خوێن ئەیارێنێ بەسەر دەشتا، B
تەماشای لالەزاری ڕاگوزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر ؟ A
[١٢: ٧٧]

### ٢- جووت سەروا

بەشی هەرە زۆری شیعرەکان پیرەمێرد ئەم جۆرەی سەروایان تێدا بەکارهاتووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر لەڕووی هەستی نەتەوایەتییەوە ئەم سەروایەی بەکارهێناوە، چونکە لەگەڵ کێشی سیلابی خۆماڵیدا دەگونجێت.

ڕەبیعی عەرەب، نەو بەهاری کورد A
دەست لەملانیان لە نەورۆزا کرد A
جەژنی مەولوودی پێغەمبەرمانە B
وا مەولوودمان کرد بە نەورۆزانە B [٣٨: ٧٨]

شێخ نوری لەو شیعرانەدا کە بە کێشی سیلابی خۆماڵی نووسیویەتی جووت سەروای بەکارهێناوە. شاعیر لە شیعری (بولبول فیداتم)دا دەڵێ:

ئاواتە خوازم ڕۆژی هەزارجار A
چۆن شەماڵ ئەدا لە چیا و نزار A
بە سروە دڵم فێنك کاتەوە B
خەمی کۆن و نوێم لەبیر باتەوە B [٢: ١٩٥]

زۆربەی ئەو شیعرانەی گۆران بە کێشی سیلابی خۆماڵی دایناون جووت سەروای تێدا بەکارهێناون. گۆران لە شیعری (هەڵبەستی دەروون)دا دەڵێ:

هەرچەن ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم، A
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم ! A

لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم: B
بۆچی وەها دوورن لەیەك ؟ نازانم ! B [١٢: ١١٣]

٣- هەروەها پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالّح و گۆران گرنگیان بە چەندین شێوازی تری سەروا داوە و ئیستاتیکایەکی بەرزیان پێی خولّقاندووە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

**أ- سەروای چوارین**

پیرەمێرد لەو شیعرانەیدا کە بە چوارین نووسیویەتی ئەم قالّبانەی سەروای بەکارهێناوە: AAAA : [٣٧: ١٦٤- ١٦٥- ١٨١ ...] ، [٣٨: ٣٢-٣٣ ...] ، [٣٩: ١٢ -٩٢ ...]

AABA : [٣٧: ١٦٤ ...] ، [٣٨: ١٩٦ ...] ، [٣٩: ٣٩ -١٣٠...]
AABB: [٣٧: ٢٩٦...] ، [٣٩: ١١٣ -١١٥ -١١٨- ١١٩ -١٢١...]
AAAB : [٣٨: ١٣٦ ...] ، [٣٩: ٨ -١٢...]

بەلّام لەناو ئەم (٤) قالّبانە زیاتر (٢) قالّبی بەکارهێناوە، کە بریتین لە (AAAA , AABB). پیرەمێرد لە شیعری (ئەستێرەی بەختم)دا دەڵێ:

ئاسمانەکەی ! جێی ئەستێرەی بەرز A
ئەدرەوشێتەوە بە شوعلەی سەد تەرز A
ئەو دەمەی تیشکی ڕۆژ ئەدا لە ئەرز A
بۆچ ئەستێرەکان دێنە ترس و لەرز A [٣٧: ١٦٤]

هەروەها لە شیعری (کارێزەکەی وەستا شەریف)دا دەڵێ:

ئەو ئاوە جوانە، لەو دەشتە وێڵە A
چاوی قرژانگی لە چاوا لێڵە A
هاڕە هاڕی دێ لەو کوڕە شیوە B
وەك سەرچۆپیکێش، بێتە قریوە B [٣٩: ١١٥]



شێخ نوری لە چوارینەکانیدا ئەم قالّبانەی سەروای بەکارهێناوە:

AAAA: [٢: ٢١٩ ...]
AABA: [٢: ١٣٦ - ٢١٩ - ٣٢٤ ...]
AABB: [٢: ١١٠]
AAAB: [٢: ٢٩١ ]
ABAB: [٢: ٣٠٠ ]
ABBB: [٢: ٢١٦ ...]
ABBA: [٢: ٣٠٠]
ABCB: [٢: ٣٢٣ ...]

بەلّام لەهەموویان زیاتر ئەم قالّبەی بەکارهێناوە: (AABA ). شێخ نوری لە شیعری (بۆ تەئریخی وەفاتی قادر ئاغا)دا دەڵێ:

کۆچی (قادر)بۆ جیهانێ ماتەم و ڕەنجوری یە A
پڕ لە ئێش و سوێی برین و شیوەنی مەجبوری یە A
لەفز و مەعنای شیعرەکانم شین و ئازاری دڵە B
ساڵی مەرگی بۆیە (شیعری ناتەواناى نووری یە) A [٢: ١٣٦]

گۆران لە چوارینەکانیدا ئەم قالّبانەی سەروای بەکارهێناوە:

AAAA: [١٢: ٥٧ - ٦٨ — ١٤٥ ...]
AABA: [١٢: ٣٢١ ٤٠١ ...]
AABB: [١٢: ٤٩ ٦٧ ...]
ABAB: [١٢: ٤٩ - ٦٢ — ٨٥ - ٩٨ — ١١١ ...]
ABBA: [١٢: ٦٢ - ٨٣ - ٩٨ — ١١٠ — ١٣٩ ...]

بەلّام زیاتر ئەم قالّبانەی (ABAB, ABBA) بەکارهێناوە. گۆران لە شیعری (بۆ گوڵی لاولاو)دا دەڵێ:

به کولْ گریان له چاوم دیْ، گولْی لاولاوی ڕەنگاوڕەنگ !A
لەبەرچی سیس ئەبی وا زوو ؟ چییە ئەسبابی ژاکانت ؟ B
هەموو تاوێکە ڕۆژ هەڵهاتووە، بۆچی وەها بێدەنگ A
ئەژاکێی ؟ تو خوا، ئەی گولْ، سەبر، دەستم بە دامانت ! B
[١٢: ١٧٤]

هەروەها لە شیعری (شەهید)دا دەڵێ:

لە باوەشتا پشووی عومرم نەدی تاوێ بە سەربەستی، A
هەتا مردن زڕەی زنجیری دیلی بوو لە گەردنما، B
ژیانم عار و زیللەت بوو لەژێر پێڵاوی دوشمنمان B
بە خوێن بێ و گلْ هەڵێلوشێ، کەوابێ، هەیکەلی هەستی !... A
[١٢: ٢٠٠]

**ب- سەروای موستەزاد:**

پیرەمێرد لەو شیعرانەیدا کە بە موستەزاد نووسیویەتی ئەم قاڵبانەی سەروای بەکارهێناوە:

دوو دێڕی درێژ و دێڕێکی کورت : (AAB) [٣٧: ]
دوو دێڕی درێژ و دوو دێڕی کورت: (AAAA) [٣٧: ٢٤٠ – ٣٢٤ ...]
سێ دێڕی درێژ و دێڕێکی کورت : (AAAB) [٣٧: ٢٩٤ ...]
چواردێڕی درێژ و دێڕێکی کورت : (AAAAB) [٣٩: ٩٠]

پیرەمێرد لە شیعری (نەشیدی ماتەم)دا دەڵێ:

ئەوا پایزە گوڵستان ڕەنگی زەردە A
گەڵای دار وەری ، بای سەحەر ئاهی سەردە A
پەڕەندە لە هەردە A
دڵی پڕ لە دەردە A [٣٧: ٢٤٠]

شێخ نوری لە شیعرە موستەزادەکانیدا ئەم قاڵبانەی سەروای بەکارهێناوە:



دێڕێکی درێژ و دێڕێکی کورت : AA[٢: ١٠٩ ...]
AB [٢: ١١٣]
دوو دێڕی درێژ و دێڕێکی کورت : AAA:[٢: ٩٩ ١٠٣ ...]
ABA: [٢: ١٠٣ ... ]
AAB:[٢: ٩٩ ]
ABB:[٢: ١٠٣ ١٠٦ ...]
سێ دێڕی درێژ و دێڕێکی کورت : ABBB: [٢: ١٠٩]
چوار دێڕی درێژ و دێڕێکی کورت :AAAAA : [٢: ١٠٠ - ١١١ ...]
ABABB: [٢: ١١٢]
چوار دێڕی درێژ و دوو دێڕی کورت: ABABBB: [٢: ١١١]
پێنج دێڕی درێژ و دێڕێکی کورت : AAAAAA : [٢: ١٠٧]
شەش دێڕی درێژ و دێڕێکی کورت:ABAAABB :[٢: ١٠٧]
ABCACBB :[٢: ١٠٨]
ABABCCC: [٢: ١٠٨]

شێخ نوری لە شیعری (لە "شێخ نوری"ەوە بۆ "زێوەر")دا دەڵێ:

ئەی بادی سەبا ! پەیکی خەیاڵاتی ئەدیبان A
ئەی میروەحەی فێنکی زامی دڵ سووتاو B
ئەی بادی خەرامان.. A [٢: ١٠٣]

گۆران لە شیعرە موستەزادەکانیدا تەنها ئەم قاڵبەی سەروای بەکارهێناوە: (AB). گۆران لە شیعری (سکاڵا)دا دەڵێ:

لە سەمای بەرزی ناوبانگی حوسنا A
تاقە ستارە B
نەبووی لە وزەی دەستکورتیی منا A
ئاشکرا و دیارە B [١٢: ٥٢]

**پ- سەرروای کۆپلەی پێنجی:**

پیرەمێرد لەو شیعرانەیدا کە بە کۆپلەی پێنجی نووسیویەتی ئەم قاڵبانەی سەرروای بەکارهێناوە:

AAAAA: [٣٧: ٢٠١ - ٢٨٧...] ، [٣٨: ١٢ - ٤٢...] ، [٣٩: ٥٥ - ٨١...]

AAAAB: [٣٧: ٢٩٩ - ٣٦٥...] ، [٣٨: ١٤ - ٤١...] ، [٣٩: ٨٢ - ٩٩...]

ABBAC: [٣٧: ٢٠١]

پیرەمێرد لە شیعری (گەردشی دەوران)دا دەڵێ:

گوڵم ناشتبوو، لە ساقی جوانا A
پاراستم لەناو سەرمای زستانا A
ئەهاتنە سەیری لەبەر هەیوانا A
خۆم هەڵدەکێشا لەناو یارانا A
ئاخ چاوی پیسی لێکەوتبووە کار B [٣٨: ٤٢]

شێخ نوری لە کۆپلە پێنجییەکانیدا ئەم قاڵبانەی سەرروای بەکارهێناوە:

AAAAA: [٢: ٢١٧ - ٣١٢ ...]

AAAAB: [٢: ٣١٢ - ٣١٤ ...]

AAABA: [٢: ٣١٤]

AABBC: [٢: ٣١٤]

ABBAA: [٢: ١٦٣]

ABBAC: [٢: ١٦٣]

ABABA: [٢: ٢٢٩ - ٢٣٠]

ABCAB: [٢: ٢٢٩]

AABBB: [٢: ٣١٣ - ٣٣٩]



شێخ نوری لە شیعری (وا موبەدەل بوو بوو بە خۆشی دەوری ئیـضـمیحلالی کورد)*دا دەڵێ:

وا موبەدەل بوو بوو بە خۆشی دەوری ئیـضـمیحلالی کورد A
خاتیمەی هات و نەما، ئەیامی ئیستیزلالی کورد A
بۆ گەیشتن بەم دەمە، بەم ڕۆژە بوو ، ئامالی کورد A
حەمد بێ حەدد بوو، خودا دایم ڕۆژی ئیستیقلالی کورد A
پڕ ضیا و ڕەخشندە هەڵهات کەوکەبی ئیقبالی کورد A [٢: ٣١٢]

گۆران ئەم قاڵبانەی سەرروای بەکارهێناوە:

AAAAA: [١٢: ٢٩٦ - ٢٩٨ - ٣١٧]

AAAAB: [١٢: ٣١٠]

AABBC: [١٢: ٣٠١]

AABAC: [١٢: ٣١٧]

گۆران لە شیعری (کوردستان)دا دەڵێ:

کوردستان" کوردستان! A
نیشتمانی جوان! A
هەر بژی بە شادی A
سەربەستی و ئازادی A
هەر بژی! هەر بژی! هەر بژی! A [١٢: ٣٠١]

**ت- سەرروای کۆپلەی شەشی:**

پیرەمێرد لەو شیعرانەیدا کە بە کۆپلەی شەشی نووسیویەتی ئەم قاڵبانەی سەرروای بەکارهێناوە:

AAAAAA: [٣٧: ٢٤٩] ، [٣٨: ٣٠٤ – ٣٣٢ - ٣٣٣] ، [٣٩: ١٠٦]

AAAAAB: [٣٨: ٢٣٩ - ٢٤٠ - ٢٤١] ، [٣٩: ١٠٦]

---

* لەگەڵ (کەمال عەلی باپیر)دا بەیەکەوە ئەم شیعرەیان دایانناوە.

AAAABB: [٣٧: ٢٤٩]

پیرەمێرد لە شیعری (بالۆرەی نەسرین)دا دەڵێ:

نەسرین گوڵە نەسرینە A
چووزەرەی یاسەمینە A
خنجیلە و خوێن شرینە A
دەمی بە پێکەنینە A
کەیفی بە هەڵپەڕینە A
دەستە خوشکی پەروینە A [٣٨: ٣٣٢]

شێخ نوری لەو شیعرانەدا کە بە کۆپلەی شەشی نووسیویەتی ئەم قاڵبانەی سەروای بەکارهێناوە:

AAAAAA: [٢: ١٦٧ - ١٩٦ - ٢١١]
AAAAAB: [٢: ١٦٧ - ١٧٣]
AAAABB: [٢: ١١٩ - ٢١١ — ٢٢٥]
AAABBB: [٢: ١٩٦ - ١٩٧]
ABCBCB: [٢: ١٩٦ - ١٩٧]

شێخ نوری لە شیعری (دڵی من)دا دەڵێ:

لەو ڕۆژەوە تۆی دیوە پەرێشانە دڵی من A
سەودا زەدە و بێ سەر و سامانە دڵی من A
پیشەی خەفەت و شیوەن و گریانە دڵی من A
گا وێڵی کەژ و کێو و بیابانە دڵی من A
گا دەربەدەری کوچەیی شارانە دڵی من A
سەرسامی پەڵ و بەردی مناڵانە دڵی من A [٢: ١٦٧]



گۆران لەو شیعرانەیدا کە بە کۆپلەی شەشی نووسیویەتی ئەم قاڵبانەی سەروای بەکارهێناوە: AAAAAA: [١٢: ٣٠٤]

AAAABB: [١٢: ١٣٥]
AAABBB: [١٢: ٣١١ - ٣١٢]
ABABCC: [١٢: ١٦٤ — ٣٠٤ - ٣٠٦]
ABACBC: [١٢: ١١٢ - ١٤٠ - ١٧٦]
ABBACC: [١٢: ٢٣٩]
ABCCBA: [١٢: ١٣٩]

گۆران لە شیعری (پاییز)دا دەڵێ:

من فرمێسکم، تۆ بارانت“ A
من هەناسەم، تۆ بای ساردت“ A
من خەم، تۆ هەوری گریانت A
دوایی نایە: دادم، دادت، A
هەرگیز، هەرگیز، B
پاییز! پاییز! B [١٢: ١٣٥]

**٢- مۆسیقای ناوەوەی شیعر:**

مۆسیقای ناوەوەی شیعر کە ڕیتمی شیعر پێکدەهێنێ لایەنێکی گرنگی مۆسیقای شیعرییە و لەگەڵ مۆسیقای دەرەوەی شیعردا مۆسیقای گشتی هەڵبەست پێکدەهێنن. مۆسیقای ناوەوەی شیعر خۆی لە ڕێکخستنێکی ورد و جوانی وشەکانی ناو دێڕە شیعر و پاش و پێش کردنیان و دووبارە کردنەوەیاندا دەردەخات و بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێ، کە هەندێ جار لە مۆسیقای دەرەوەی شیعر کاریگەرترە. مۆسیقای ناوەوەی شیعر [بریتییە لە ئاوازی دەنگەکان و لێکدان و

پێکەوە گونجاندنیان و پاش و پێش خستنی وشە و بەکارهێنانی هەندێك لە ئامرازە زمانییەکان بەجۆرێك کە زۆرجار لە کێشەکان کاریگەرتر دەبن] [١١٢: ٢١]

هەروەها زۆرجار مۆسیقای ناوەوەی شیعر ئاستی داهێنانی شاعیر و پلەی بەراوردی نێوان شاعیران دیاریدەکات. [ئاوازی هەڵبەست جگە لەدیوی دەرەوەی کە یاساکانی عەرووز و قافیە دیارییان کردووە، هێشتا بەتەواوی دەستنیشان نەکراوە، چونکە لەودیوی ئەو ئاوازە ئاشکرایەی کە ئەو یاسایانە دیاری دەکەن ئاوازێکی شاراوە هەیە کە لە هەڵبژاردنی وشەکان لە پێوەندی پێکەوە گونجاندنی نێوان پیت و دەنگەکانیانەوە هەڵدەقوڵێ، هەر ئەم ئاوازەشە کە پلەی بەراوردی نێوان شاعیران دیاریدەکات] [٢٠: ٨٩]

(ڕەفیق حلمی)یش ئاماژەی بۆ مۆسیقای ناوەوەی شیعر کردووە بەڵام بەناو ناوی نەهێناوە، کاتێك دەڵێت: [ئەوانەی کە لە ئاوازی موزیقە تێ ئەگەن وە لە مۆزیقەی شعرا شارەزاییان هەیە، ئەڵێن: ئینسان وەکو ئاو وەکو هەوا ئاتاجە بە مۆزیقە. لەکانی دڵا بەرامبەر بە دەنگەکان (مەیل)ێك هەیە کە نازانێ لەبەر چییە؟ گرمەی هەورە تریشقە و خوڕەی ئاو و لەرینەوەی گەڵای دارەکان، هەر یەکە بەجۆرێ کاری تێ ئەکا... لە هەندێ دەنگ دڵ ڕائەچەنێ وە ئەگوشرێ، لە هەندێکیشیان خۆشییەکی پێ ئەگا وە ئەگەشێتەوە. ئینجا ئەدەب ئەم دوو چەشنە دەنگانە لەیەك جیائەکاتەوە] [٢٣: ١٦٦ - ١٦٧]

پیرەمێرد ئەم جۆرە مۆسیقایەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە و بەمەش جوانی و ڕازاوەیی زیاتری داوەتە شیعرەکانی و شیعرەکانی بەرەو ئاستی باڵا بردووە. ئەگەر بەوردی چاو بەشیعرەکانی پیرەمێرددا ئەوا دەردەکەوێ شاعیر لە زۆربەی شیعرەکانیدا بە مەبەست بووبێت یاخود بەبێ مەبەست ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوە. شاعیر لە شیعری (لەترەنی ڕێی ئەستەمولدا) دەڵێ:

هەوای تەختی سلێمانی هەیە بادی ترەن بابێ
باد بابێ لە(شەهبا)بێ لە(فەیحا)بێ لە (زەورا)بێ [٣٧: ٢٣٨]



شاعیر لەم شیعرەدا سەرەتا بەهۆی پیتی (ی)ەوە لە وشەکانی (هەوای، تەختی، سلێمانی، بادی) مۆسیقایەکی ناوەوەی جوانی بۆ نیوە دێڕی یەکەم دروست کردووە. هەروەها وشەکانی (بابێ، شەهبا بێ، فەیحا بێ، زەورا بێ) مۆسیقایەکی ناوەوەیی ڕازاوەیان بۆ شیعرەکە پێکهێناوە کە لەگەڵ مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکەدا مۆسیقایەکی گشتی ناوازەیان بۆ شیعرەکە دروست کردووە. هەروەها لە شیعری (لاسایی توحفەی توفاحی شاعیرێکمان)دا دەڵێ:

ئەو کچە جوانەی کە (بەسێ)ی ناوە
لە (سینی)ی سینەی، کە زیوی خاوە
دوو (سێو)ی تازەی تیا دانراوە
لە کردەوەی خوا سەرم سووڕماوە
لە قاڵبی (نوور) سێو داڕژاوە
ڕیشەی جەرگمی، پێ ڕاکێشراوە[٣٧: ٢٤٩]

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا بەهۆی وشەکانی (بەسێ، سینی، سینەی، سێوی، سەرم، سوڕماوە) مۆسیقایەکی ناوەوەی ڕێك و جوانی بۆ کۆپلە شیعرەکە ڕێکخستووە.

شێخ نوری گرنگییەکی زۆری بە مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی داوە و بەمەش ئاوازێکی جوانی بە شیعرەکانی بەخشیوە. شاعیر بەشێوەیەکی زیرەکانە ئەم جۆرە مۆسیقایەی بەکارهێناوە و تێیدا سەرکەوتوو بووە. شاعیر لە شیعری (لە (شێخ نوری)یەوە بۆ (زێوەر)دا دەڵێ:

گەر تۆ نەئەبووی، ئەی ئەسەری قودرەتی لاهووت
چۆن پێ ئەکەنی خونچە دەمی صوبحی بەهاران؟
ئەی نەی زەنی بیسان [٢: ١٠٣]

شاعیر لەم شیعرەدا بەهۆی پیتی (ی)ەوە لە وشەکانی (نەئەبووی ، ئەی ، ئەسەری ، قودرەتی ، پێ ئەکەنی ، دەمی ، صوبحی ، نەی ، زەنی)دا مۆسیقایەکی

جوانی ناوەوەی شیعری دروست کردووە کە لەگەڵ مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکەدا مۆسیقایەکی گشتی ڕازاوەیان پێکهێناوە.

هەروها شاعیر لە شیعری (ئەی دولبەری جانی)دا دەڵێ:

یاقووتی لەبت، قووتی منی ڕووتە بەقوربان
ڕووت دەرخە کە بڕوا شەو و بێ وەختی بەیانی

لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی (یاقووتی، قووتی، ڕووت، قوربان) مۆسیقایەکی جوانی ناوەوەیان دروست کردووە ئاوازێکی ڕازاوەی ناوازەیان بە شیعرەکە بەخشیووە.

گۆران لە زۆربەی شیعرەکانیدا گرنگییەکی زۆری بە مۆسیقای ناوەوەی شیعر داوە کە جوانی و ڕازاوەیی بە شیعرەکان بەخشیووە. گۆران لە شیعری (ئەی شەوقی گەلاوێژ)دا دەڵێ:

ئەی شەوقی گەلاوێژی بەیان نووری نیگاهت !
ئەی عەتری سەبا بۆی نەفەسی زوڵفی سیاهت ! [١٢: ٧٩]

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر بەهۆی پیتی (ی)ەوە لە وشەکانی (ئەی، شەوقی، گەلاوێژی، نووری، عەتری، بۆی، نەفەسی، زوڵفی) مۆسیقایەکی ناوەوەی جوانی دروست کردووە کە لەگەڵ مۆسیقای دەرەوەدا ئاوازێکی ڕازاوەیان بۆ دێڕە شیعرەکە دروست کردووە.

هەروەها شاعیر لەشیعری (خۆزگەم بەپار)دا دەڵێ:

بڵێن بە یار، بڵێن بە یار، یاری نازدار،
سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار، منی هەژار [١٢: ٥٠]

گۆران لەم دێڕە شیعرەیشدا بەهۆی وشەکانی (یار ، نازدار ، هەزار ، جار ، پار ، هەژار) مۆسیقایەکی جوانی ناوەوەی دروست کردووە کە جوانییەکی تایبەتی بە شیعرەکە بەخشیووە.

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین: (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالح و گۆران) زۆر گرنگیان بە مۆسیقای شیعری داوە و توانیویانە لەم ڕێگەیەوە ئاوازێکی جوان و ڕازاوە



بە شیعرەکانیان ببەخشن. ئەم شاعیرانە لە ڕووی کێشەوە کێشی (عەرووزی عەرەبی) و (کێشی سیلابی خۆماڵی)یان بە سێ شێواز لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە و توانیویانە شۆڕشێك بەسەر کێشی (عەرووزی عەرەبی)دا بکەن و بەرەو کێشی سیلابی خۆماڵی بگەڕێنەوە کە لە ئەدەبیاتی میللی کوردی و ئەدەبیاتی شێوەزاری (گۆران)دا بەکارهاتوون و بناغەیەکی خۆماڵی پتەویان بۆ کێشی شیعری کوردی دروستکرد. گۆران لەم ناوەدا دەستێکی باڵای هەبوو، چونکە زۆربەی کێشە سیلابییەکانی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە هەر لە (٥ بڕگەییەوە تا ١٦ بڕگەیی). لەڕووی (سەروا)شەوە ئەم سێ شاعیرە دیسان گۆڕانێکی بنچینەییان بەسەر (سەروا)دا هێنا و سەروای قاڵبە شیعرییە کلاسیکییەکانیان بەپێی ویستی خۆیان داڕشتەوە وەکو (سەروای چوارین و سەروای موستەزاد و سەروای پێنج خشتەکی و...). هەروەها لەڕووی (مۆسیقای ناوەوەی شیعری)شەوە توانیویانە ڕیتمێکی ناوازەی شیعری بە شیعرەکانیان ببەخشن و شاعیرییەتی خۆمان بسەلمێنن.

# بەشی سێیەم

## تەوەری یەکەم
## وێنەی شیعری

### چەمك و زاراوەی وێنەی شیعری:

وێنەی شیعری پێکهاتەیەکی تری ئیستاتیکی و ڕەگەزێکی ترە لە ڕەگەزەکانی شیعر. [زاراوەی وێنە (image) لە وشەی (imagination) وەرگیراوە، کە مانای ئەندێشە دەگەیەنێ] [٧٩: ١١٩] واتە هەردوو وشەکە یەك سەرچاوەیان هەیە. وێنەی شیعری [ئەو هێزە جادووییە پێکهاتووەیە کە تەنها خەیاڵ دەتوانێ دروستی بکا] [٩٣: ٥٤] هەر بۆیە خەیاڵ ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە پێکهێنانی وێنەدا، چونکە [یەکەم توخم لە توخمەکانی پێکهێنانی وێنەی شیعری خەیاڵە کە هەڵدەسێ بە ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهێنانیدا لە ڕێگەی کۆکردنەوەی توخمە جیاوازەکانی تر لە سەرچاوەکانیانەوە و دووبارە گونجاندن لەنێوانیاندا بۆ ئەوەی ببێتە وێنەیەکی جیهانی شیعری تایبەت بە شاعیرێك، کە گوزارشت لە هەستەکانی و دەروونی بیری، واتە گوزارشت لە هەڵوێستی بکات] [٩٥: ٤٢٤]

وێنەی شیعری لە پرۆسەی شیعریدا هیچ شتێك نانوێنێ یاخود نابێتە ڕەمزی هیچ شتێك و تەنها گوزارشت لە خۆی دەکا، چونکە وێنەی شیعری پێگە و قورسایی خۆی هەیە و هەر بەتەنیا و بۆخۆی ژیان و بوونی خۆی دەپارێزێ. [٦٦: ١٥]

وێنەی شیعری ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگی هەیە و هەندێ جار سەرتاپای شیعر دەگرێتەوە و دەبێتە تاکە ڕێگەی ئەفراندن لە شیعردا. هەربۆیە ڕەخنەگرانی نوێ بە بنەمایەکی سەرەکی شیعری دادەنێن. وێنە پەیوەندییەکی پتەو و ڕاستەوخۆی لەگەڵ شیعردا هەیە، هەر ئەم پەیوەندییە پتەوەشە وای کردووە هەندێك نووسەر و شاعیر چەمکی شیعر لە وێنەدا کورت بکەنەوە. بۆ نموونە: شاعیری یۆنانی کۆن (سیمۆندز Simonides 556 – 468 پ.ز) دەڵێ: [وێنە شیعرێکی بێ دەنگە و شیعریش



وێنەیەکە بە دەنگ دەردەبڕدرێت] [١٤١: ٤٦] هەروها (جاحظ)یش لە کتێبی (الحيوان)دا باسی لەم پەیوەندییەی نێوان شیعر و وێنە کردووە و دەڵێ: [شیعر دارِشتنێکی تایبەتییە و جۆرێکە لە وێنەکێشان] [١٣٨: ١٣١] ئەمەش لەبەر ئەوەی [شاعیر مرۆڤێکی هونەرمەندە، هونەرەکەی وێنەکێشانە، بەڵام نەك بە کەرەسەی ڕەنگ، بەڵکو بە وشە جیهانە هونەرییە تایبەتییەکەی خۆی ئاوەژوو و ئاوەدان دەکات. هەرچەندە لە دۆزینەوەی وێنە بەردەست و بەرچاوەکانی جیهانی واقیع دوور دەکەوێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی (خەون) لەلای ئەو تەواوکەری واقیعە، بۆیە بە دروستکردنی وێنەی شیعری دی شیعرەکەی دەڕازێنێتەوە] [٣: ١٤١]

### پێناسەی وێنەی شیعری:

وێنەی شیعری لەبەر ئەوەی گرنگییەکی زۆری هەیە لە شیعردا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

(سی دی لویس) دەڵێ: [وێنەی شیعری لە سادەترین واتایدا وێنەیە بە وشە، وەسف و خوازە و لێکچوون وێنە دروست دەکەن] [١١٨: ٢١]

(ئەرزا پاوەند) بڕوای وایە وێنە [ڕواڵەتێکە لە تێکەڵکردنی سۆز و هۆش لە ساتێك لە ساتەکانی ژیاندا] [١١٥: ٢٤١]

(درایدن) جەخت لەسەر گرنگی وێنەی شیعری دەکاتەوە بە ژیانی شیعری ناوزەد دەکات و دەڵێ: [وێنە لەخودی خۆیدا بەرزی و بڵندی و ژیانی قەسیدەیە] [١١٨: ٢٠]

(ڕۆبرت ئەندوز) بڕوای وایە وێنەی شیعری نەك هەر ڕەگەزێکی گرنگ و سەرەکی شیعرە، بەڵکو بە جەوهەر و گیان و لاشەی شیعری دادەنێت و دەڵێ: [ڕاست نییە کە وێنە کۆڵەکەیەکی شیعرە، بەڵکو جەوهەر و گیان و لاشەی شیعرە] [١٦٧: ٢٦]

(ستیڤن مالارمیە) بڕوای وایە شیعر لە دەربڕین و وێنە پێکدێ و لە وەڵامی پرسیارێکی (دیجا)ی هونەرمەندا کە دەڵێ: ئەو بیرەی لە مێشکمدایە بۆم ناکرێتە شیعر، دەڵێ: [ئازیزم (دیجا) شیعر لە بیر دروست نابێ بەڵکو دەربڕین و وێنەیە] [٥٠: ٥]

(محەمەد غنێمی هیلال) وێنەی شیعری بە گرنگترین هۆکاری گواستنەوەی ئەزموونەکانی شاعیر دادەنێت و دەڵێ: [هۆکاری جەوهەری هونەری بۆ گواستنەوەی ئەزموون وێنەیە لە هەردوو واتای (بەشی و گشتی)دا. ئەزموونی شیعری بەتێکڕا وێنەیەکی گەورەی هەمەلایەنە] [١٥٨: ٤١٧]

**سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لای شاعیران:**

بەشێوەیەکی گشتی سێ چاوگە هەیە دەبنە سەرچاوەی هەڵهێنجانی وێنەی شیعری لای شاعیران:

١- بینینە تایبەتییەکان و ئەزموونە کەسییەکانی شاعیر.

٢- گواستنەوە لە ڕێگەی بیستن یان خوێندنەوەوە، شاعیر لەم حاڵەتەدا سوود لە ئەزموونی کەسانی تر وەردەگرێت.

٣- توانای شاعیر لە دروستکردنەوەی وێنە کۆنەکان و گونجان لەنێوانیاندا بۆ ئەوەی وێنەیەکی نوێی داهێنراوی لێ دروست بکات و لەم حاڵەتەدا جوانی ئەم وێنەیە لەسەر سروشتی عەقڵی شاعیر و فراوانی خەیاڵی و ڕەهەندی دوورییەکەی ڕاوەستاوە. [١٢٢: ٨٥ - ٨٦]

**وێنەی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری و گۆران:**

(پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) لە دروستکردن و پێکهێنانی وێنەی شیعریدا دەستێکی باڵایان هەبووە و زۆربەی جۆر و شێوەکانی وێنەی شیعرییان پێکهێناوە.

پیرەمێرد یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خاوەن خەیاڵ و ئەندێشەیەکی داهێنەر و بیرێکی ورد و جوانە، خەیاڵیش بنەمایەکی سەرەکی وێنەی شیعرییە" بۆیە شاعیر گرنگی بە وێنەی شیعری داوە و وەکو لایەنێکی ئیستاتیکی شیعرەکانی پێ ڕازاندووەتەوە و زۆر سەرکەوتووانە و بەشێوەیەکی کاریگەر وێنەی سروشتی کوردستان



و جوانی ئافرەت و خۆشی و ناڕەحەتی و دەرد و مەینەتییەکانی گەلی کوردی لە شیعرەکانیدا بەرجەستەکردووە. (خورشید ڕەشید) لەم بارەیەوە دەڵێ: [لە باسی وێنە و تابلۆی جوانی سروشتدا پیرەمێرد دەستێکی باڵای هەبووە لە وێنەکێشانی دیمەنە دڵڕفێنەکانی کوردستاندا، چونکە پیرەمێرد خۆی لەخۆیدا دڵتەڕبووە... توانایەکی هونەری وەهای هەبووە کە لە شێوەی (مەولەوی) تابلۆ و دیمەنی گەشی سروشتی کوردستان بکێشێت و بیخاتە چوارچێوەی سۆز و ئەندێشەیەکی ڕەنگینەوە و لە ڕوخسارێکی هونەریدا دەریبڕیون] [١٩: ١٧٨ - ١٧٩]

پیرەمێرد وەك شاعیرێکی لێهاتوو، وێنەگرێکی بە توانا زۆربەی شیعرەکانی بە وێنە و تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاندووەتەوە، کە نیشانەی لێهاتوویی شاعیرن.

هەروەها شێخ نوری شێخ ساڵح گرنگییەکی زۆری بە وێنەی شیعری داوە و بە مەبەستی جوانکردن و ڕازاندنەوەی شیعرەکانی پشتی پێ بەستووە. چونکە شاعیر خاوەن ئەزموونێکی زۆر و خەیاڵێکی فراوان و بیرێکی ناسکە، کە ئەم شتانەش بنەما سەرەکییەکانی پێکهێنانی وێنەی شیعری سەرکەوتوون.

گۆران یەکێکە لەو شاعیرە بەتوانایانەی کە دەستێکی باڵای هەبووە لە دروستکردن و بەدیهێنانی وێنەی شیعری جوان و ڕازاوە. شاعیر خاوەن ئەندێشەیەکی فراوان وبیرێکی قووڵ بووە، لە ئەنجامی ئەو ژیانە پڕ لە ئازار و دەردەسەری و ناخۆشەی بەسەری بردووە ئەزموونێکی باشی شیعری وەرگرتووە، هەروەها ئەو گەشتانەی لە ناوچەکانی کوردستاندا بەسەری بردووە و لە ئەنجامی وردبوونەوە لە سروشتی جوانی کوردستان چەندین دیمەن و بیرەوەری و یادگاری و ئەزموونی لا دروست بووە و تابلۆی جوانی لێ دروست کردوون، هەروەها لەبەر ئەوەی شاعیری ئافرەت و جوانییە، بۆیە هەر بەبینینی ئافرەت چەندین وێنەی جوان و ڕازاوەی ئەفراندووە. گۆران هیچ دیمەنێکی سروشت یان ئافرەتی ڕاستەوخۆ نەگواستووەتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی لێهاتووانە ئەمانەی تێکەڵ بە ئەندیشە و بیری خۆی کردووە و وێنەکانی پێ دروستکردووە. [شاعیر زۆر بەوردی و زیرەکی ڕەفتاری لەگەڵ وێنەکاندا

کردووە و توانای بەسەریاندا شکاوە و بەهیچ جۆرێك هەست بە زۆر لەخۆکردن ناکرێت. وێنەکان لە ئەندێشە و سۆز و هەڵچونی خۆیەوە، لە بیرەوەری و یادەکانییەوە، لە مێشکی خۆیەوە خولقاون و بە ئاسانی و ڕێکوپێکی هاتوونەتە بەرهەم. گۆران توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەبووە لە دروستکردنی وێنەدا بەهۆی بەپێزی ئەندێشە و زیرەکی و لێهاتووی و وردبینی و خولیای جوانی ویستییە وە وای کردووە کام دیمەن جوان و دڵگیرە شیعرەکانی پێ برازێنێتەوە] [٨٧: ١٢٣]

کاکەی فەلاح سەبارەت بە سەرکەوتوویی گۆران لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا دەڵێ: [سروشت بە تایبەتی سروشتی کوردستان، بە هەموو تەلیسمێکی جوانی و کەم هاوتاییەوە، ئافرەتبە هەموو پرشنگە دیار و نادیارەکانی جوانی و شۆخییەوە، وای لێکردبوو هەر شیعرێکی وتبێت لە دنیای ڕۆمانسیانەدا وێنە و تابلۆی کەم وێنەی شیعری کوردی بێت. هەر بەیت و شیعرێکی ئەو سەردەمە بەپیتەی دەگریت، دوای خوێندنەوە، دەڵێیت ڕاستەوڕاست لە بەردەمی تابلۆیەکی تەواو (مجسم) و زمان پژاودا ڕاوەستاویت] [١٥: ٣٩]

وێنەی شیعری چەند جۆر شێوازی بنیادنانی هەیە، کە شاعیر بەپێی پێویستی بارودۆخی شیعرەکەی" بەبێ ئاگایی یان بە ئاگاییەوە پێکیان دەهێنێت. لێکۆڵەران ئەم جۆرانەیان دەست نیشان کردووە:

**شێوازەکانی پێکهێنانی وێنەی شیعری:**

وێنەی شیعری بە چەندین شێواز پێکدەهێنرێ، لەوانە لێکچواندن و خواستن و درکەیە، ئەگەرچی ئەم هونەرانە لە ڕەوانبێژی کلاسیکیدا هەن، بەڵام تایبەت نین تەنها بەم ڕەوانبێژییەوە، چونکە ئەم هونەرانە لە ئەدەبیاتی کۆن و نوێی جیهانیدا بەرچاو دەکەون و بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی نوێدا دەبنە ڕەگەزی سەرەکی وێنەی شیعری. (سی دی لویس) دەڵێ: [وەسف و خوازە و لێکچوون وێنە دروست دەکەن] [١١٨: ٢١] هەروەها ڕەخنەگرە شێوازگەرەکان [جیاوازی لەنێوان زاراوەی وێنە



(Image) و زاراوەی وێنەی هونەری (Imagery)دا دەکەن و وایدادەنێن ئەو پێناسانەی سەرەوە لەسەر وێنە جێبەجێ دەبن نەك وێنەی هونەری، چونکە بە بڕوای ئەم ڕەخنەگرانە وێنەی هونەری هاوواتای شێوەکانی ڕوونبێژییە لە لێکچوون و خواستن و درکە و ڕەمز] [١٦٦: ٦٩] ئەمەش واتای ئەوە نییە کە وێنەی شیعری تەنها بەم هونەرانە پێکدەهێنرێ، چونکە [بۆی هەیە وێنەکە بە واتای نوێ هەر هیچ خوازە [ و لێکچوون و خواستن و درکە]ی تێدا نەبێ و وشە و دەستەواژەکان بە واتای دروستی خۆیان بەکارهاتبن و لەگەڵ ئەوەشدا وێنەیەك دروست بکەن کە بەڵگەی خەیاڵێکی بەپێز بێت] [١٣٦: ٣٥]

**لێکچواندن و وێنەی شیعری:**

لێکچواندن هونەرێکە بەشداری لە پێکهێنانی وێنەی شیعریدا دەکات و بریتییە لە چواندنی شتێك بە شتێکی تر، کە لە سیفەتێکدا یان چەند سیفەتێکدا هاوبەش بن. ئەمەش بەمەبەستی بەخشینی بەهای ئیستاتیکی بەو شتە یاخود ڕوونکردنەوەی شتەکەیە بۆ کەسی بەرامبەر. [هەرچەندە دووری ئەو دوو شتە لەیەکەوە زیاتر بێ، ئەوا لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا زیاتر پەسەندتر و خۆشتر دەبێ] [١٢٩: ١١٢]

عەزیز گەردی دەڵێ: [لێکچواندن بەستن و پەیداکردنی وێکچونێکە لەنێوان دوو شتا یا زیاتر، بەمەبەستی بەشداری کردنیان لە شێوەیەك یا زیاتر بە ئامرازێك بەو بارەی کە قسەکەر مەبەستێتی] [٢٨: ٢٢] چونکە مەبەست لە لێکچوون [هەڵدانەوەی پەردەیە لەسەر شتێکی نادیار، ئەمەش بۆ ئەوە کە شتی نادیار لە ئارادا نەمێنێ و ئاشکرایی بێتە مەیدانەوە] [٣٢: ٤٤]

لێکچواندن (٤) بنەمای هەیە کە بریتین لە (لێیچوو، لەوچوو، لێکچوون، ئەوزار) کە مەرج نییە هەموویان بەیەکەوە لە ڕستەدا بێن، بەڵام [نابێ خاڵی بێ لە هەموویان وەیا لە هەندێکیان] [٣٢: ٤٤]

لێکچواندن بەشێوەیەکی گشتی دوو لایەن لەخۆی دەگرێ، یان ئەوەتا [کەم بە زۆر، ناتەواوی بە تەواو، نزم بە بەرز، بچووك بە گەورە، بێباکی بە چالاکی، ... بگەیەنرێ ئەمەشیان لە پیا هەڵدانا ئەبێ ... خۆ ئەگەر باس باسی خوسپ و داشۆرین بێت بە زەبری سروشتی باسەکەوە ئەبێ لێکچواندنەکە ڕێچکەیەکی پێچەوانە بگرێت واتە: ئەبێ گەورە بە گچکە، بەرز بە نزم، باش بە خراپ، ڕەند بە گەند،... بچوێنرێ] [٢٨: ٢٢ - ٢٣]

پیرەمێرد لە شیعری (تاڤگەی زەڵم)دا دەڵێ:

ئاوە جوانەکەی سەرچاوەی زەڵم !
بۆچ بەهار لێڵی و پایز سەربەتەم ؟
ئەڵێی سەرچاوەی بەختی کوردانی
جێ بە خۆت ناگری، وێڵی هەردانی [٣٧: ١٧٤]

پیرەمێرد لەم شیعرەدا وێنەیکی شیعری ڕازاوەمان لە ڕێگەی لێکچواندنەوە بۆ دروست دەکا، کە (لێیچوو: سەرچاوەی ئاوی زەڵم، لەوچوو: سەرچاوەی بەختی کوردان، ئەوزار: ئەڵێی، لێکچوون: وێڵی). شاعیر سەرچاوەی ئاوی زەڵم بە سەرچاوەی بەختی کوردان دەچوێنێ لە ڕووی وێڵی سەرگردانی و نەسرەوتنەوە.

هەروەها شێخ نووری لە شیعری (ئامۆژگاری)دا دەڵێ:

یاری کۆن هەروەك شەرابی کۆنە تابێ چاك ئەبێ
قەت نەکەی هەرگیز بە یاری تازەوە خۆت سەرگران [٢: ١٥٨]

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا لەڕێگەی لێکچواندنەوە وێنەیەکی شیعری دروستکردووە، کە (لێیچوو: یاری کۆن، لەوچوو: شەرابی کۆن، ئەوزار: هەروەك، لێکچوون: چاکی). شاعیر یاری کۆن بە شەرابی کۆن دەچوێنێ، ئەمەش لەبەرئەوەی شەراب هەتا زیاتر بمێنێتەوە چاکتر دەبێت، هەربۆیە یاریش تا کۆنتربێت چاکتردەبێت. یار و شەراب زۆر لەیەکەوە دوورن و ئەم دوورییەش زیاتر جوانی بە شیعرەکە بەخشیووە.



گۆرانیش لە شیعری (دەروێش عەبدوڵڵا)دا دەڵێ:

بەڵێ، دیارە، لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار
وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لێخندا [١٢: ١١١]

لەم دێڕە شیعرەدا دوو لێکچواندن هەیە: یەکەمیان قەومی بەسیت بە حەوزی لێخن چوێنراوە و سەنعەتکاریش بە مانگ. شاعیر لەم شیعرەدا لەڕێگەی لێکچواندنەوە وێنەیەکی شیعری پێکهێناوە و مرۆڤی سەنعەتکار کە بە مانگ دەیچوێنێ، لای قەومی بەسیت کە بە حەوزی لێخنی چواندووە وەکو عەکسی مانگ وایە لەم حەوزە لێخنەدا، چونکە هیچ ڕێزی ناگیرێت و قەدری سەنعەتەکەی نازانرێت.

**خواستن و وێنەی شیعری:**

خواستن هونەرێکی ڕەوانبێژییە، بەشداری لە پێکهێنانی وێنەی شیعریدا دەکات و لقێکە لە خوازەی زمانی. خواستن ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە، کۆڵدرج سەبارەت بە وێنەی خوازەیی لە شیعردا دەڵێ: [شیعر بەبێ خوازە [کە خواستن بە شێکە لێی] وەکو پارچەیەکی بێگیان (كتلة جامدة) وایە، چونکە وێنەی خوازەیی بەشێکی پێویستی ئەو وزەیەن کە ژیان بە شیعر دەبەخشێت] [٩٦: ٥٩]

خواستن: [بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەك بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بێجگە لە مانای دروستی وشەکە بە مەرجێ پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی وشەکە وێکچوون بێ، ئەبێ نیشانەیەکیش هەبێ کە ئێمە مەبەستمان بەم وشەیە مانا خواستراوەکەیە نەك مانا دروستەکە] [٢٨: ٦٩]

(عبدالقاهر الجرجاني) دەڵێ: [خواستن لە ڕستەدا ئەوەیە کە وشەیەك واتا زمانییەکەی بزانرێ و بەڵگە هەبێ لەسەر ئەوەی ئەو واتایە بۆ ئەو وشەیە دانراوە گەر لە شوێنی خۆی بەکاربێ، پاشان شاعیر یان کەسانی تر بۆ واتایەکی تری جگە لە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی بەکاری دێنن] [١٢٩: ٣٢]

هەروەها (سید احمد الهاشمی) سەبارەت بە خواستن دەڵێ: [بەکارهێنانی وشەیەکە لە جگە لە شوێنی خۆیدا و پەیوەندی لێکچوون هەبێت لەنێوان واتای بۆ گواستراوە و واتای ڕاستەقینەی وشەکە خۆی و لەگەڵ بوونی نیشانەیەك کە مەبەست لەم وشەیە واتا ڕاستەقینەکە نییە] [٩٤: ١٨٤]

(عەلائەدین سەجادی)یش دەڵێ: [خواستن ئەوەیە کە وشەیەك لە شتێکا بەکارهێنراوە، کە ئەو شتە چوێنراوە بە گوزارەی ڕەسەنی وشەکە لەبەر بوونی پەیوەندییەکی لێکچوون] [٣٢: ٦٤]

هەروەها ئەوروپییەکانیش پێناسەی خواستنیان کردووە کە نزیکە لە پێناسەی ڕەوانبێژییەکان و خواستن بە خوازەیەکی ڕەوانبێژی دادەنێن، کە بەهۆیەوە واتایەکی ئەبستراکت دەگوێزێتەوە بۆ دەربڕینێکی بەرجەستەکراو بەبێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر ئامراز و ڕووی لێکچوون. [٨٦: ٨٢]

هەموو پێناسەکانی سەرەوە جەخت لەسەر دوو خاڵ دەکەنەوە:

١- پێویستە وشەیەك بۆ مانایەکی تر بەکاربهێنرێ جگە لە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی.

٢- بوونی نیشانەیەك ئەوە دەربخات کە مەبەست لە واتای ڕاستەقینەی وشەکە نییە، بەڵکو مەبەست لە واتا خواستراوەکەیە.

خواستن (٤) بنەمای سەرەکی هەیە کە ئەمانەن:

١- بۆخواستراو: ئەو شتەی کە واتاکەی بۆ دەخوازرێ.

٢- لێخواستراو: ئەو شتەی کە واتاکەی لێ دەخوازرێ.

٣- خواستراو: واتاکەیە کە لێخواستراوەوە دەخوازرێ بۆ بۆخواستراو.

٤- نیشانەی خواستن: ئەمەش ئەو نیشانەیەیە کە ئەوە دەردەخات وشەکە بۆ واتای خواستراو بەکارهێنراوە نەك بۆ واتا ڕاستەقینەکەی.

(پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) لە ڕێگەی خواستنەوە چەندین وێنەی شیعری بەرزیان دروستکردووە، کە نموونەی جوانی و ڕازاوەیین.



پیرەمێرد لە شیعری (کۆستی نوێ)دا لەڕێگەی خواستنەوە وێنەیەکی شیعری جوانی پێکهێناوە کە باس لە گەڕانەوەی دوو تەرمی شەهیدانی ١٩٤٧/٦/١٩ دەکا کە هێنرانەوە بۆ سلێمانی و خەڵکیش پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردن:

دیسان وا کۆستی نوێمان کەوتەوە
گەڕی گەردوونە کوردی گرتەوە
ئەم دوو دار تەرمە دوو نەڕەشێرە
زنجیریان پچڕان گەیینەوە ئێرە
لەڕێی ئێمەدا گیانیان فیداکرد
ناوی بڵندیان وا بۆ خۆیان برد [٣٨: ٦٧]

شەهیدەکان: بۆخواستراوە، نەڕەشێر: لێخواستراوە، ئازایەتی: خواستراوە، ئەم دوو دار تەرمە: نیشانەی خواستنە.

هەروەها شێخ نوری لە شیعری (شیوەنی ئاوڕەحمانی خالۆزای)دا دەڵێ:

بەسەر پەڕەی گوڵی زوو هەڵوەریوی نەوجەوانیتا
چەمەن ئەگری، گوڵ ئەگری، بلبل ئەگری باغەبان ئەگری [٣٨: ١٣٩]

ئاوڕەحمانی خالۆزای: بۆخواستراوە، پەڕەی گوڵی: لێخواستراوە، زوو هەڵوەریو: خواستراوە، نەوجەوانیتا: نیشانەی خواستنە. شاعیر لەڕێگەی خواستنەوە وێنەیەکی شیعری دروستکردووە کە باس لە مردنی کەسێکی نزیکی شاعیر دەکات و بەم هۆیەوە چەمەن و گوڵ و بولبول و تەنانەت باغەوانیش دەگرین.

گۆرانیش لە ئۆپەریتی (ئەنجامی یاران)دا دەڵێ:

بۆ ماڵ و ژنبەژن باوکی چرووکی
لە دێیەکی دوور
لە بەندی پیرێکی توندکرد بە بووکی
ژاکا گوڵی سوور [١٢: ٢٤٠]

یار: بۆخواستراوە، گوڵی سوور: لێخواستراوە، جوانی و ڕازاوەیی: خواستراوە، بووك: نیشانەی خواستنە. گۆران لەڕێگەی خواستنەوە وێنەیەکی شیعری دروستکردووە، کە باس لە زۆڵم و زۆری باوك دەکات لە کچەکەی و ژنبەژن پێکردنی و دانی بە پیاوێکی پیر و دابڕینی لە یاری ڕاستەقینەی خۆی.

**درکە و وێنەی شیعری:**

درکە هونەرێکی ڕەوانبێژییە، بەشداری لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا دەکات. (عەزیز گەردی) دەڵێ: [درکە ئەوەیە کە ڕاستەو ڕاست ناوی شتێك نەبەی، بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی کە پەیوەندی بە مانای یەکەمەوە هەبێت بۆ ئەوەی پیاو لەو مانا باسکراوە بۆ مانا مەبەستەکە بچێ] [٢٨: ٨٨] هەروەها دەڵێ: [درکە ئەوەیە وشەیەك یا کۆمەڵە وشەیەك بێنی کە واتایەکی دروستی خۆی هەبێت هەر لەو کاتەدا لە ڕستەکە مانایەکی تر بدا بەدەستەوە، وە مەبەست ئەم مانایەی بەم دوواییە بێت، دیسان ئەشێ واتا دروست و نەژادییەکەت مەبەست بێ، چونکە هیچ نیشانەیەك نییە بەرهەڵستی ئەوە بکات کە مانا نەژادییەکەت مەبەست بێت][٢٨: ٨٨]

(عەلائەدین سەجادی) سەبارەت بە درکە دەڵێ: [وترا ئەگەر شتێك لە ئارادا نەبوو کە وشەکە ببرێ بەسەر گوزارە ڕەسەنی و نەژادییەکەدا ئەوە درکەیە] [٣٢: ٦١]

(کامل حەسەن بەسیر)یش دەڵێ: [درکە جۆرێکە لە پاشگەزبوونەوە لە بەکارهێنانی واژەی بنەڕەتی بۆ واتایەك و بەکارهێنانی واژەی تر بۆ ئەو واتایە بەهەندێ شیکردنەوەوە، کە دەبێ پەیوەندی لەنێوان ئەو دوو واژەیەدا هەبێت] [١٤٥: ٣٢٨]

(پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) لە ڕێگەی درکەوە وێنەی شیعرییان دروستکردووە. پیرەمێرد لەشیعری (ئاوازی سازی ناسازی زەمان)دا دەڵێ:

ئەم قوڕە ڕەشەی وا تێی چەقیوم
هێزی تەکان و جووڵەی بڕیوم [٣٧: ١٨٠]



پیرەمێرد لەم دێڕە شیعرەدا لە ڕێگەی درکەوە وێنەی شیعری دروستکردووە، (قوڕە ڕەش) درکە یە کە مەبەست لە ئازار و ناڕەحەتی و نەهامەتییەکانی ژیانە.

شێخ نوری دەڵێ:

نوورێکە دیدە حەددی بینینی نیە
ئاگر لە بەرابەری ئاوا تینی نیە
زەڕڕاتی سیفاتی زاتی پڕ کەون و مەکان
نابینرێ بەدیدە ، کە دووربینی نیە [٢: ٣٢٤]

شێخ نوری لەم چوارینەدا لەڕێگەی درکەوە وێنەیەکی شیعری پێکهێناوە کە هەموو ئەم سیفاتانەی لەم دێڕە شیعرەدا شێخ نوری هێناونی سیسفەتی (خوا)ن، چونکە تەنها خوا نوورێکە بەچاو نابینرێت.

گۆران لە شیعری (جەژنی نەورۆز)دا دەڵێ:

بە سوورێکی تر ئەستێرەی ئینسان گر
قەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر [١٢: ٢٤٠]

گۆران لەڕێگەی درکەوە وێنەیەکی شیعری دروستکردووە. (ئەستێرەی ئینسان گر) درکەیە لە زەوی، چونکە تەنها زەوی مرۆڤی لێدەژێت. هەروەها (قەومی کۆن) درکەیە لە میللەتی کورد و (جەژنی ئاگر) درکەیە لە نەورۆز کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی نەورۆز.

**جۆرەکانی وێنەی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران**

**أ – وێنەی شیعری بەپێی پێکهاتنیان:**

١- وێنەی سادە:

وێنەی سادە سادەترین پێکهێنەری وێنەی سەربەخۆیە و لەیەك تاکە وێنەیەك پێکدێت. بەڵام لە وێنەکانی تری ناو شیعرەکە دانەبڕاوە و پێکەوە یەکێتییەکی ئۆرگانی پێکدەهێنن. وێنەی سادە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە و بەشداری بزووتنەوەی

گشتی شیعرەکە دەکات و [بە سادەترین پێکهێنەرەکانی وێنەگرتنی شیعریی دادەنرێ بۆ ئەوەی وێنەیەکی بەشیی دیاریکراو پێشکەش بکات و ئەم وێنە تاکە دەچێتە ناو بنیادی وێنەی گشتییەوە کە لە کۆمەڵە وێنەیەکی تاك پێکدێ و خاوەن بنیادێکی پتەوە، لەرێگەی پەیوەندییە مەعنەوی و دەروونی و ئەندامی و لۆژیکییەکانەوە] [۱۲۰: ٤٢] بەمجۆرە وێنەی سادە [بەشداری بزووتنەوەی گشتی قەسیدە دەکا هەتا دەگاتە چڵەپۆپەی گەشەکردنی] [۱٥٨: ٤٢٢]

پیرەمێرد لە شیعرەکانیدا وێنەی سادەی بە رێژەیەکی زۆر بەکارهێناوە، چونکە ئەم جۆرە وێنەیە ئاسان و حازر بەدەستە. شاعیر لە شیعری (لەتیفەی جنسی لەتیف)دا دەڵێ:

دانیشتبووین لەگەڵ یار
من سەرمەست و ئەو هۆشیار
بە تیلەی چاوی بیمار
دڵمی فڕاند بە یەکجار[۳۸: ۱۲]

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا وێنەیەکی سادەی ڕازاوەمان پێشکەش دەکات و باس لە خۆی و یارەکەی دەکات کە پێکەوە دانیشتوون و یارەکەی بە نیگای چاوەکانی سەرمەستی کردووە و دڵی بردووە.

شێخ نوری وێنەی بە رێژەیەکی زۆر بەکارهێناوە" کە قووڵی وجوانی بە شیعرەکانی بەخشیوە. شاعیر لەشیعری (پەچە)دا دەڵێ:

گوێم لە ناڵینی کچێ بوو، دوێنێ ئەیلاوانەوە
وا بە تەئسیر و بە سۆز ئەیووت، دڵی ئەتوانەوە
دەنگ و ڕەنگی وا نەبیستراوە و نەبینراوە لەکەس
کۆنە قەتماغەی برینی ناو دڵی ئەکولانەوە
ئەیووت، ئەم ڕووپۆشە تەنیا ڕووی نەپۆشیوین و بەس
ڕووبەڕووی خۆمان، حقووقی نایەنە ناو نسیانەوە [۲: ٤٣٣]



شێخ نوری لەم شیعرەدا بە وێنەیەکی سادە باس لە کچێك دەکات کە بەدەست ئازارەکانی دابونەریتی چەوتی کۆمەڵگاوە دەتلێتەوە، کە هەموو مافێکیانی پێشێل کردووە

بەکارهێنانی وێنەی سادە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی گۆرانی شاعیرە. گۆران شیعرەکانی بەچەندین وێنەی سادە ڕازاندووەتەوە. کەم شیعری گۆران هەیە بە وێنەی سادە نەڕازابێتەوە. گۆران لە شیعری (گەشت لە هەورامان)دا دەڵێ:

کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش
ئاسمانی شینی گرتۆتـــــــە بــــاوەش [۱۲: ۱۱۷]

گۆران لەم دێڕە شیعرەدا وێنەیەکی سادە دروست دەکات، کە دیمەنی کۆمەڵە شاخێکی سروشتی کوردستانە دەست لەملانی ئاسمان بووە.

۲- وێنەی لێکدراو:

وێنەی لێکدراو لە دوو وێنە یاخود زیاتر پێکدێ و شاعیر کاتێك پەنای بۆ دەبات کە بە وێنەی سادە نەتوانێ گوزارشت لە مەبەستی خۆی بکات، هەروەها سیمای هونەری وێنەی شیعری [زیاتر لە وێنەی لێکدراودا دەردەکەوێت، چونکە لە وێنەی تاك ئالۆزترە] [۱۷۳: ٦٦]

پیرەمێرد هەندێ جار ناتوانێت بە وێنەی سادە مەبەستەکانی دەربڕێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر وێنەی لێکدراو (کە لەچەند وێنەیەکی سادە پێکدێت) و ئەوەی لە دەروونیدا هەیە دەری دەبڕێت. شاعیر لە شیعری (من و ئەستێرەکان)دا بە وێنەیەکی لێکدراو باسی و خۆی و ئەستێرەکان دەکات و بە هاودەردی خۆی دایان دەنێت، کە هیچیان نە بە شەو خەویان هەیە و نە بەڕۆژ ئارامیان هەیە. پیرەمێرد دەڵێ:

ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بە شەو
وەك من بە داخەوەن، نە سرەوتیان هەیە، نە خەو
چەند ساڵە ئاشنای شەوی بێداری یەکترین

وەك سەرسەرین، شەویٚ سەریٚ ناکەینە سەرسەرین [٣٧: ١٩١]

لەم شیعرەدا شێخ نوری پەنا دەباتە بەر وێنەی لێکدراو بۆ ئەوەی بتوانێت گوزارشت لە مەبەستەکەی بکات.

شێخ نوری لە شیعری (عەسکەر)دا بە وێنەیەکی تێکەڵاو دەیەوێت خۆشحاڵی و شادمانی خۆی دەربارەی سەربازە لاوەکانی (شێخ مەحمود) دەربڕێ و دەڵێ:

صەف صەف کە دێن و تێئەپەڕن چست و باویقار
مازی لە سیدقی ئێوە، ئەبینم ئەکا فیرار
صوبحێکی پاك و بێ غەش ئەبینم وەکو بەهار
موستەقبەلێکی بێ لەکە، پڕ کەیف و نەشئەدار
بێ تۆز و بێ غوبار [٢: ١٠٠]

گۆران لە زۆربەی شیعرەکانیدا وێنەی تێکەڵاوی بەکارهێناوە، لەبەر ئەوەی وێنەی تێکەڵاو لە چەند وێنەیەکی سادە پێکدێت. دوو گەشتەکەی گۆران لە هەورامان و قەرەداغ پڕن لە وێنەی تێکەڵاوی ڕازاوە. گۆران لەشیعری (گەشت لە قەرەداغ)دا بە وێنەی تێکەڵاو باس لە دیمەنی بەرەبەیانی دەکات کە چۆن ئاسمان و ئەستێرەکان چاوەڕێی بەیانین و لە ئەنجامی ڕۆشنبوونەوەی دنیا گڵۆپی سەرجادە و کۆڵانەکان کزکز دەسوتێن و پاشان دیمەنی دەمەو بەیانی نیشان دەدات کە چۆن بە بای بەیانی کولە و پەردەی ماڵەکان دەجووڵێنەوە ...

عاسمانی شین و ئەستێرەکانی
پێدەکەنین بۆ بەری بەیانی"
گڵۆپەکانی سەر جادە و کۆڵان"
زەرد هەڵگەڕابوون، کزکز ئەسووتان.
دەڕژا لەسەردا کزەبای بەیان،
ئەیلەرانەوە کولە و پەردەکان. [١٢: ١٢١]



**ب – وێنەی شیعری لەباری چەسپاوی و جوڵاویدا:**

**١- وێنەی چەسپاو:**

ئەو وێنەیەیە کە لە بارێکی چەسپاو دایە و تەنها یەك دیمەن دەردەبڕێت. وێنەی چەسپاو [ئەو وێنە یەکسەرەیە کە ئاسۆیەکی دیاری بەخۆوە گرتووە، هیچ نرخێکی سروشدار و ناوەکی هەڵنەگرتووە و هێڵەکانی جێگیرن و گەشەکردنی چەسپاوە] [١٦٨: ٦١] وێنەی چەسپاو وەك وێنەیەکی فۆتۆگرافی وایە، ئەمەش لەبەر ئەوەی [لەیەك شوێن و لەیەك باردایە و جوڵە و گۆڕانی دیمەنی تێدا نییە. کاتێکیش سەرنج دەدەینە وشەکانی دەبینین بەزۆری فرمانی ڕستە شیعرییەکانی ڕابردوون یان فرمانی بێهێزن، ڕووپەڕی وێنەکەش تەسکترە لە وێنەی جوڵاو] [٧٧: ١٥]

(کاکەی فەلاح) سەبارەت بە وێنەی چەسپاو دەڵێ: [هەندێك وێنەی شیعریش هەیە کە وێنەگرتنێکی ڕاستەوخۆیە، واتە فۆتۆگرافییە و کەمتر هەست بە جووڵە و درەوشانەوەی دیمەن و تابلۆکان دەکرێت و جاروبار شاعیر بۆ مەبەستی تایبەتی و بەراوردکردن و شکانەوەی نیازی سەرەکی خۆی بەسەر ئەو وێنە فۆتۆگرافییە ڕاستەوخۆیانەدا بەکاریان دێنێ] [٧٦: ٢٦]

پیرەمێرد ئەم جۆرە وێنەیەی زیاتر لەو شیعرانەدا بەکارهێناوە کە ویستوویەتی دیمەنێك ڕاستەوخۆ بخاتەڕوو یان یەك لایەنی دیمەنێك نیشان بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەیاڵێکی بەرز وبیرێکی وردی تیایاندا بەکارهێناوە. شاعیر لە شیعری (فەلسەفەی شیعری کوردی)دا دەڵێ:

کە ئاو داری لەسەر سەر گرتووە ئەی زانی چی تیایە
لەلای نەنگە کە پەروەردەی نوقوم کا ! گەورەیی وایە [٣٧: ١٨٥]

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا وێنەیەکی چەسپاوی پێکهێناوە، کە وێنەی دارێکە بەسەر ئاوەوە ڕاوەستاوە نقووم نابێت. شاعیر بیرێکی فەلسەفی وردی تێدا بەکارهێناوە.

شێخ نوری لای لەم جۆرەی وێنە کردووەتەوە و بەمەبەستی وێناکردنی دیمەنێك وەکو خۆی بەکاریهێناوە و لە شیعرێکدا دەڵێ:

غرووره وا پەچەی داوە بە ڕوویا
ئەگینا جوان ئەبێ هەر ڕوو نوما بێ [٢: ٣٣١]

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا دوو وێنەی چەسپاوی پێکهێناوە، لە نیوە دێری یەکەمدا وێنەی کچێك نیشان دەدات کە پەچەی بە ڕوخساریدا داوە و لە نیوە دێڕی دووەمیشدا وێنەی کچێکی جوان کە ڕوخساری دیارە. شاعیر بەم وێنە شیعرییە چەسپاوانە ڕەخنە لە پەچەی ڕووی ئافرەتان دەگرێ و داوای لابردنی دەکات.

گۆران لە شیعرەکانیدا گرنگی بە وێنەی چەسپاو داوە و لە شیعری (ئافرەت و جوانی)دا دەڵێ:

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە
لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە
شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە
لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە
پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر
چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر [١٢: ٤٣]

گۆران لەم شیعرەدا بە چەند وێنەیەکی چەسپاو و فۆتۆگرافی دیمەنێکی جوانی پێکهێناوە و دیمەنی ڕازاوەی سروشتی کوردستان دەخاتەڕوو، کە بە هۆیەوە دەیەوێت گوزارشت لە جوانی سروشت بکات.

**٢- وێنەی جوڵاو:**

ئەم جۆرە وێنەیە بەپێچەوانەوەی وێنەی چەسپاوەوە ئاسۆیەکی فراوانتری هەیە و چەند دیمەنێك دەردەبڕێ و هەست بەجۆرە گۆڕان و گەشەکردنێك دەکرێت و [وێنەیەکی دینامیکییە و ئیحا و بەردەوامی تێدایە و ڕەنگدانەوەی واتای قەت تێدا ناوەستێ]



[١٧٧: ١٣٨] وێنەی جوڵاو [مەودای کشانی فراوانترە و جوڵانەوە و دیمەن، گۆڕان و گواستنەوە لە بارێکەوە بۆ بارێکی دیکەی تێدایە و گەر هونەرمەندی وریا بیەوێ لە هەموو بارێکیدا وێنەی بگرێ، ئەوا دەبێ کامێرای تەلەفزیۆنی یا سینەمایی بۆ بەکار بێنێ و زنجیرە وێنەیەك بگرێ. فرمانی وێنەی جوڵاو لە ڕستەی شیعریدا بەزۆری ڕانەبردوون یان داخوازین و شوێنی ڕووداویش دەگۆڕێ] [٧٧: ١٣]

پیرەمێرد گرنگییەکی زۆری بەم جۆرە وێنەیە داوە، چونکە ئەگەر وێنەی چەسپاو یەك لایەنی دیمەنێك نیشان بدات، ئەوا لە وێنەی جوڵاودا هەموو لایەنەکانی دیمەنەکە دەدەخات، شاعیر بەمجۆرە وێنەیە زیاتر دەتوانێ گوزارشت لە ناخی خۆی بکات.

پیرەمێرد لە شیعری (نەورۆزی مارتی ١٩٤٨)دا دەڵێ:

وا ڕۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە[٣٧: ٢٠٩]

پیرەمێرد لەم دێڕە شیعرەدا بە وێنەیەکی جوڵاو باس لە هەڵهاتنی ڕۆژی میللەتی کورد دەکات، کە بەرهەمی خوێنی شەهیدەکانە.

شێخ نوری بە مەبەستی گیان بەبەرداکردن و بەخشینی زیندوویی بە شیعرەکانی بەزۆری وێنەی جوڵاوی دروستکردووە و لەشیعری (دڵی من)دا بە وێنەیەکی جوڵاوی ڕازاوە باس لەوە دەکات کە دڵی بەجێی هێشتووە و ئەمیش شاران و وڵاتان و دەشت و دەر و سەحرا بەدوایدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە.

هەرچەندە بەدوویا ئەگەڕێم شار و وڵاتان
دەشت و کەژ و سەحراوو چیا، چۆڵ و بیابان
نایدۆزمەوە بێ سەروشوێن ڕۆییوە دیسان
شێتانە ئەبێ ڕووی لە چ لا کربێ یاران [٢: ١٦٧]

گۆران وێنەی جوڵاوی زۆر بەکارهێناوە و لە شیعری (جوانی بێ ناو)دا دەڵێت:

کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو
لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو

لەلای من جوانترە لە دەریای بێ سنوور

شەپۆلی باتە بەر تیشکی خۆر شلّپ و هورِ [١٢: ٢٥٧]

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا دوو وێنەی جولاّوی دروست کردووە: یەکەمیان دیمەنی کانییەکە کە تیشکی مانگ لێی دەدات و زیخ و چەوی بن کانییەکە دەلەرێنەوە، لە دێڕی دووەمیشدا دیمەنی دەریایەك نیشان دەدات کە شەپۆلەکانی لە قەراغی دەریاکە دەدات. ئەم دوو وێنەیە" دوو وێنەی جوان و ڕازاوەی جولاّون.

**پ – جۆرەکانی وێنە بەپێی زەینی و هەستی:**

**١- وێنەی زەینی:**

ئەگەر وێنەی هەستی بەر یەکێك لە هەستەکان بکەوێت، ئەوا وێنەی زەینی بەر هیچ کام لە هەستەکان ناکەوێت و وێنەیەکی واتاییە و لە ناوەوە هەڵدەقوڵێ و بەهۆی هۆشیارییەوە دەزانرێت. (بندیتۆ کرۆتچە ١٨٦٦ – ١٩٥٢) وێنەی زەینی بە بناغەی هونەر دادەنێ و دەڵێ: [بناغەی هونەر توانای پێکهێنانی وێنەی زەینییە، بەلاّم دەرخستنی وێنەی هەستی کردارێکی دروستکاری بەهرەییە] [١٧٢: ٥٨١]

پیرەمێرد ئەم جۆرە وێنەیەی بەکارهێناوە و لەشیعری (بۆ حەفلەی زەهاوی)دا باس لە ڕۆحی زەهاوی دەکات کە ڕۆحێکی بەرز و بڵندە و ڕۆحی بڵندیش هەرگیز نامرێت.

باوەڕ دەکەمکە ڕۆحی بڵند نامرێ هەر دەژی

جاران بە خەو بوو، ئێستە بە دیمانە هاتەدی [٣٧: ٢٩١]

شێخ نوری وێنەی زەینی جوانی دروستکردووە و لەشیعری (هەناسەی ساردی، شەوی ژینی تاڵ)دا دەڵێ:

هەناسەی ساردی ، شەوی ژینی تاڵ

خۆ تۆ تیژتری لە سروەی شەماڵ

هەڵسە و داوێنت، بکە بە لادا

وەك تەتەر برۆ، بە ڕێی هەوادا



بە ئەرزا مەڕۆ ڕێگەت لێ بەسرا

بە ئاسمانا، بڕۆ بۆ بەسرا [٢: ٣٩٦]

شێخ نوری لەم شیعرەدا وەسفی ئەو هەناسە ساردییە دەکات، کە لەکاتی ناخۆشیدا تووشی مرۆڤ دێت و کە لەلای شاعیر لە بای شەماڵ تیژترە و بۆیە دەیەوێ پەیامێکی پێدا بنرێ بۆ بەسرە بۆ شێخ لەتیف کە لەوێ زیندان کرابوو. شاعیر وێنەیەکی زەینی جوانی پێکهێناوە.

گۆران ئەم جۆرە وێنەیەی کەمتر لە وێنەکانی تر لە شیعرەکانیدا دروستکردووە، لەبەر ئەوەی بەر هیچ کام لە هەستەکان ناکەوێت. گۆران لە شیعری (هاوڕێم بێکەس)دا باسی ڕوخساری ناشرینی بێکەس دەکات، پاشان بە وێنەیەکی زەینی پارسەنگی ئەم دزێوییەی بێکەس دەداتەوە دەڵێت: ئەگەر ڕوخساری جوانیش نەبێت، بەلاّم زۆر ژیر و خاوەن هەست و هۆش و بیرە، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا جوانییە.

بەلاّم پەری تۆ ژیری

خاوەندی هۆش و بیری [١٢: ٩٥]

**٢- وێنەی هەستی:**

ئەو وێنەیەیە کە بەر یەکێك لە (٥) هەستەکانی مرۆڤ دەکەوێ و شاعیر لە دەوروبەریدا هەستیان پێدەکات و بە شێوەیەکی هونەری دەربیان دەبڕێت. زۆربەی وێنە شیعرییەکان بەهۆی هەستەکانەوە دروست دەکرێن، چونکە هۆکاری سەرەکی پەیوەندی مرۆڤن بە دەوروبەرەوە.

**أ - وێنەی هەستی بینین:**

ئەم وێنەیە بەر هەستی بینین دەکەوێ و شاعیر ئەو شتانەی کە لە سروشت و دەوروبەریدا دەیانبینێ وەریان دەگرێ و وێنەی شیعری بەرز و جوانیان لێ دروست دەکات. هەستی بینین لە هەستەکانی تر کاریگەرترە و ئاسۆیشی لە هەموویان

فراوانترە، چونکە [زۆربەی شتە ماتریاڵییەکانی گەردوون بە چاو دەبینرێن، بۆیە هەستی بینین بە دایکی هەستەکان دادەنرێت. وێنەی هەستی بینین ڕەنگ و درەوشانەوە و دوور و نزیکی شتە بەرچاوەکان دەگرێتەوە] [١٦٧: ٦٧)

پیرەمێرد زۆر گرنگی بە وێنەی هەستی بینین داوە، چونکە ئەم هەستە بە دایکی هەستەکانی تر دادەنرێت. شاعیر زۆربەی شیعرەکانی بە وێنەی هەستی بینین ڕازاندووەتەوە. شاعیر لە شیعری (کزەی دەروون)دا دەڵێ:

بە شەدەی لار و کراسی کەتان
وەك مانگ کەتانی جەرگیان ئەسووتان [٣٧: ٥٣]

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا بە وێنەیەکی هەستی بینین وەسفی کچانی عەشرەتی جاف دەکات کە چۆن بە شەدەی لار و کراسی کەتانەوە بە مانگ دەچن و دڵ و جەرگی عاشقان دەسووتێنن.

شێخ نوری وێنەی هەستی بینینی لە وێنەکانی تر زیاتر بەکارهێناوە، چونکە ئەم هەستە لە هەستەکانی تر کاریگەرترە و مەودای فراوانترە و باشتر گوزارشت لە مەبەستی شاعیر دەکات. شێخ نوری لە شیعری (گاڵتەیان پێ دێ بە ئاوی چاوی پڕ گریانەکەم)دا چەند وێنەیەکی بینینی ڕازاوەی دروستکردووە و دەڵێ:

گاڵتەیان پێ دێ بە ئاوی چاوی پڕ گریانەکەم
ئێستە لێم ڕوونە کە کەس نەیدیوە ڕووی جانانەکەم [٢: ١٨١]

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر بەوێنەیەکی هەستی بینین باس لەو هەستە ناخۆشە دەکات کە بەهۆی یارەکەیەوە توشی بووە و هاوەڵانی گاڵتەیان پێکردووە. هەروەها دەڵێ:

لەزەتی مردن بە سەد ساڵی ژیان ناگۆڕمەوە
گەر بزانم تۆ لەگەڵما دێیتە سەر قەبرانەکەم [٢: ١٨١]



وێنەیەکی هەستی بینینی زۆر جوانە و شاعیر باس لەوە دەکات کە ئەگەرچی مردن ناخۆشە، بەڵام ئەگەر یارەکەی لەگەڵ جەنازەکەیدا بچێتە سەر قەبران ئەوا خۆشی ئەو مردنە بە خۆشی هەزار ساڵی ژیان ناگۆڕێتەوە.

گۆران وێنەی هەستی بینینی لە شیعرەکانیدا زۆر بەکارهێناوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە وێنەیە زیاتر دەتوانێ گوزارشت لە مەبەستی شاعیر بکات. گۆران لە شیعری (دوا سرنج)دا دەڵێ:

ئەبینم پەپوولەی نیازی گفتوگۆ
دوودڵ ڕاوەستاوە لەسەر گوڵی لێو
ئاخ، خۆزگە هەڵئەفڕی، ئەمزانی ئاخۆ
ڕاسپێری چی پێیە بۆ گیانی پەشێو [١٢: ١٦٢]

گۆران لەم کۆپلەیەدا بە وێنەیەکی بینراو دیمەنێکی ڕازاوە دەهێنێتە پێش چاو و نیازی گفتوگۆی یار بە پەپوولە دەچوێنێ کە لەسەر گوڵی لێو نیشتووەتەوە و شاعیر ئاخ بۆ ئەوە هەڵدەکێشێ کە بۆچی ئەم پەپوولەیە هەڵنافڕێ و بێت بۆ لای ئەم تابزانێ ڕاسپێری چی پێیە بۆی؟.

**ب - وێنەی هەستی بیستن:**

ئەم وێنەیە بەر هەستی بیستن دەکەوێت و [وێناکردنی دەنگەکان و کارکردنێتی لە دەروون] [١٢٥: ٤٠٩] و سەرجەم ئەو دەنگ و ئاوازە خۆشانەی وەکو (دەنگی مۆسیقا و دەنگی یار و ترپەی پێی خۆشەویست و...)یان بیستنی شتە ناخۆشەکان، وەکو بیستنی هەواڵی (مردنی دۆست و ئازیزان، چەوساندنەوەی گەل و وڵات،...) دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی گوێچکەوە دەبیسترێن" شاعیر وێنەی شیعرییان لێ دروست دەکات.

گرنگی دان بەم جۆرە وێنەیە لای پیرەمێرد لەدوای وێنەی هەستی بینینەوە دێت. پیرەمێرد لە شیعری (سکاڵا لەگەڵ بولبول)دا بە چەند وێنەیەکی هەستی بیستن باس

لە باڵندەکان دەکات کە چۆن بەهۆی ئاوازەکانیانەوە دەرد و مەینەتی و ناخۆشی لە دڵ دەردەکەن.

پەرەندەش لەسەر لقی درەختان
هەریەك ئاوازێ، ئەڵێن بۆ بەیان
کەو قاسپەقاسپ، کۆتر بە هاق هاق
لە دڵ دەردەکەن، مەینەت و فیراق [٣٧: ٣٢٣]

شێخ نوری لە هەستی بیستن وێنەی شیعری جوانی دروستکردووە و لە شیعری (نەورۆز)دا وێنەیەکی هەستی بیستن پێکدەهێنێ، کە بولبول بە خۆشی نەورۆزەوە دەخوێنێ و چریکەی هەموو دنیا دەگرێتەوە.

چەند بە خۆشی بلبلی خۆشخوان ئەخوێنێ بۆ گوڵان
چۆن چریکەی سەرچڵی ، عەرشی عەزیم ئەگرێتەوە [٢: ٢٩٩]

لای گۆران پێکهێنانی وێنەی هەستی بیستن گرنگییەکی زۆری پێدراوە و شاعیر لەشیعری (بۆ بولبول)دا وێنەیەکی هەستی بیستنی جوان دروست دەکات کە چۆن بولبول بەو دەنگ و ئاوازە خۆشەی دنیا دەهێنێتە پێکەنین و گیان و بیر و هۆش دەهێنێتە جۆش.

کام سەرچڵ دڵت گرتی
دەنگی لێ هەڵـــــــــــەبڕی
کام ئاوازە شیرینـــــــــــە،
ڕووناکی و نەشئەی ژینە
بە چواردەوریا ئەپژێنی
دنیـــــــا پێئەکەنێنـــــــی [١٢: ١٠٣]



پ - وێنەی هەستی بۆنکردن:

ئەم جۆرە وێنەیەش بەر هەستی بۆنکردن دەکەوێ و هەموو ئەو بۆن و بەرامە خۆشانەی وەکو (گوڵ و عەتر و میسك و عەنبەر و بۆنی یار و خۆشەویست و...) دەگرێتەوە کە بە لووت بۆندەکرێن و شاعیری لێهاتوو وێنەی بەرزیان لێ دروست دەکات.

پیرەمێرد بە وێنەی هەستی بۆنکردن وێنەی جوان و ڕازاوەی دروستکردووە و لە شیعری (دڵ گەشایەوە)دا دەڵێ:

بۆنی گوڵ ڕۆحی تازەکردەوە
دڵخۆشی تاڵیی لە بیر بردەوە [٣٨: ٤٤]

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا وێنەیەکی جوانی هەستی بۆنکردنی پێکهێناوە کە بەهۆی بۆنی گوڵەوە ڕۆح تازە بووەتەوە و بووەتە هۆی دڵخۆشی و نەمانی خەم و خەفەت.

شێخ نوری ئاوڕی لەم جۆرە وێنەیە داوەتەوە و لەشیعری (لە تەوصیف چاپخانەوە وتراوە)دا باس لە پێشکەوتن و خۆشبەختی میللەتی کورد دەکات بەهۆی چاپخانەوە و چاپخانە بە بۆنی نەسیم دەچوێنێت کە شاعیر بەهۆی ئەم بۆنەوە دڵی دەکرێتەوە و خۆشحاڵ دەبێت.

پێشکەوتنی سەعادەتی کورد، هاتنت بەخێر
غونچەی دڵم بە بۆنی نەسیمت گەشایەوە [٢: ٣٧]

گۆران لای لەم جۆرە وێنەیەش کردووەتەوە و لە شیعری (بێدارییەك)دا دەڵێ:

وەك شوشەی عەتر وشەکانی هەڵبەستم
ئەگرن بۆنی گوڵی لەیلاخی دەستم [١٢: ١٤٦]

گۆران لەم دێڕە شیعرەدا وێنەیەکی هەستی بۆنکردنی جوانی دروستکردووە و دیمەنێك نیشان دەدات، کە وشەکانی شیعرەکەی بە شووشەی عەتر دەچوێنێ و پڕ دەبێ لە گوڵاوی دەستی شاعیر.

**ت – وێنەی هەستی بەرکەوتن:**

ئەمەش لە ڕێگەی بەرکەوتنەوە دروست دەبێ و شاعیر هەندێ جار دەستی یان هەر ئەندامێکی لاشەی بەر شتێك دەکەوێ و هەستێکی ناوازەی لا دروست دەبێ و وێنەی شیعری چێ دەکات.

پیرەمێرد ئەم هەستەشی وەك هەستەکانی تر لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە و لە شیعری (شەو)دا باسی خۆی دەکات کە چۆن چووەتە لای یارەکەی و ماچی خاڵی سەر لێوی یارەکەی کردووە و وێنەیەکی هەستی بەرکەوتنی جوان دروست دەکات.

لەسەرخۆ پێمنا، چوومە سەرینی
ماچمکرد خاڵی لێوی شیرینی [٣٨: ١٥٣]

شێخ نوری ئەم جۆرە وێنەیەشی بەکارهێناوە و لە شیعری (شیوەنی شێخ مەحمودی سەرۆك)دا دەڵێ:

چ نوکی خەنجەرێ بوو وا بڕی ڕیشەی دڵ و گیانم
چ تینی ئاگرێ بوو وا بەجارێ جەرگی سووتانم [٢: ١٤١]

شێخ نوری لەم شیعرەدا بە وێنەیەکی هەستی بەرکەوتن باس لە مردنی شێخ مەحمود دەکات و مردنەکەی بە نووکی خەنجەر دەچوێنێ کە ڕیشەی دڵ و گیانی بڕیووە، یان بە ئاگرێکی دەچوێنێ کە بووتە هۆی سوتاندنی جەرگی.

گۆران ئەم جۆرە وێنەیەشی بەکارهێناوە و لە شیعری (جوانی بێ ناو)دا دەڵێ:

ئەڵێی نەك هەر ئێستا عومرێکی درێژە
بەو دەست و پەنجانەت برینم سارێژە[١٢: ٦٥]

شاعیر بە وێنەیەکی هەستی بەرکەوتن دیمەنێکی ڕازاوەی دروستکردووە، کە کچێکی جوانی بینیووە و کاری لێکردووە وای لێکردووە بڵێ: وا دەزانم ماوەیەکی زۆرە دەستەکانی سارێژکەری برینەکانییەتی.



**ج – وێنەی هەستی چەشتن:**

ئەم جۆرە وێنەیە بەر هەستی چەشتن دەکەوێ و شاعیر بەهۆی چەشتنی شتێکی دیاریکراوەوە وەك (شیرینی و تاڵی و ترشی و سوێری...) وێنەی هونەری دروست دەکات.

پیرەمێرد لای لەم جۆرە وێنەیەش کردووەتەوە و لەشیعری (ئاوازی سازی ناسازی زەمان)دا دەڵێ:

منیش لە داخی نا سازی زەمان
لە جێدا کەوتووم بێ دەست بێ زمان
ڕەگ زەرد و لاواز، بێ یار، بێ غەمخوار
عەیشم لا تاڵە وێنەی ژەهری مار [٣٧: ١٧٩]

شاعیر لەم شیعرەدا باسی خۆی دەکات کە چۆن بەهۆی ناسازی زەمانەوە نەخۆش و بێهێز و ڕەنگ زەرد و لاواز بووە و ژیانی تاڵ بووە. شاعیر وێنەیەکی هەستی چەشتنی جوانی دروستکردووە.

شێخ نوری ئەم جۆرە وێنەیەی پێکهێناوە و لە شیعری (دڵی من)دا وێنەی هەستی چەشتنی جوان دروست دەکات کاتێك کە چاوی یارەکەی بە مەیخانە دەچوێنێت کە بووەتە هۆی سەرخۆشی و سەرهەڵگرتنی دڵی شاعیر و دەڵێ:

سەد خۆزگە بەو ڕۆژە کە نەمبیستبوو ناوت
نەمچێشتبوو تامی مەیی ، مەیخانەیی چاوت [٢: ١٦٩]

گۆران لە شیعری (چیرۆکێکی برایەتی)دا باس لەو ناخۆشی و ئازارە دەکات کە توشی کورد و عەرەب بووە و وێنەیەکی هەستی چەشتنی زۆر جوانی پێکهێناوە و ئەو ئازار و ناخۆشییە بە تاڵی دەچوێنێ کە هەردوو نەتەوە پێکەوە ئەم تاڵییە لەیەك کاسەدا دەنۆشن و برایەتی نێوانیان ئەم تاڵییەی کردووە بە هەنگوین.

برای عەرەبی چاو ڕەشم
تاڵ بوو بەشت تاڵ بوو بەشم

له یەك كاسە تاڵی نۆشین

برایيی كردین بە هەنگوین [١٢: ٢٣٧]

لە كۆتایی ئەم تەوەرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی كە (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) لە ئەفراندن و بەكارهێنان و بەرجەستەكردنی وێنەی شیعری و شێواز و جۆرەكانیدا سەركەوتنێكی گەورەیان بەدەست هێناوە. ئەم شاعیرانە توانیویانە بە وێنەی شیعری ناوازە شیعرەكانیان بەرەو ئاستی باڵا بەرن و وێنەكانیش نموونەی جوانی و ڕازاوەیین. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بكەین ئەوەیە كە لەڕووی دروستكردن و ئەفراندنی وێنەوە جیاوازییان لەنێواندا هەیە و گۆران لەم لایەنەوە پلەی یەكەمی بەردەكەوێت. گۆران دەستێكی باڵای هەبووە لە دروستكردنی وێنەی شیعریدا و لە شیعرەكانیدا پێكهاتەیەكی پتەو و نایابی وێنەی شیعری بەرز و داهێنراوی بە مەبەستی جوانكاری و گەیاندنی مەبەستی تایبەتی خۆی بەكارهێناوە، كە توانیویەتی لە شوێن و جێگەی خۆیدا دایان بنێت، هەر ئەمەشە وایكردووە شیعرەكانی بەردەوام بە جوانی پاراوەیی ڕازاوەیی بمێنێتەوە، هەروەها پیرەمێرد لەدوای گۆران دێت و ئەمیش بە وێنە جوان و داهێنراوەكانی پلەیەكی بەرزی بە شیعرەكانی داوە. پیرەمێرد سەركەوتوانە لە جێگەی خۆیدا وێنەكانی بەكارهێناوە و (شێخ نوری)یش لەدوای هەردووكیانەوە دێت، بەڵام ئەمە واتای ئەوەنییە كە شێخ نووری وێنەی شیعری جوانی نییە، بەڵكو بەپێچەوانەوە وەك لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ كرد هەر سێكیان وێنەی جوان و دڵڕفێنیان هەیە و سەركەوتووانە لە شیعرەكانیادا بەرجەستەیان كردوون، بەڵام جیاوازیش لەنێوانیاندا هەیە.



## تەوەری دووەم
## ڕەمز

### چەمك و زاراوەی ڕەمز:

ڕەمز بەهایەكی ئێستاتیكی تری شیعرە و ڕۆڵێكی گرنگی لە بنیادی شیعردا هەیە. زاراوەی ڕەمز (Symbol) لە بنەڕەتدا [لە كاری (Symballein) ی یۆنانییەوە وەرگیراوە كە بە مانای هاوێشتنی بەیەكەوە دێت و ناوەكەی (Symboloin)ە" واتە (نیشانە، دروشم، ڕەمز، ئاماژە) كە بریتییە لە شتێكی گیاندار یان شتێكی بێگیان كە شتێكی تر دەنوێنێ] [١٨٢: ٦٧١] ئەمەش لەبەر ئەوەیە وشەی (Symballein) لە دوو بەش پێكهاتووە [(sym) بە واتای لەگەڵ و (ballein) بە واتای بایەخپێدان و ڕێزلێنان هاتووە] [١٥٩: ٣٣]

سروشتی ڕەمز سروشتێكی دەوڵەمەند و كاریگەری هەیە، ئەمەش وایكردووە كە لە زۆربەی زانستەكاندا لێی بكۆڵرێتەوە، وەكو زانستی لاهوت و ئەنسرۆپۆلۆجی و دەروونزانی و كۆمەڵزانی و سیمانتیك ... [١٣٢: ١٩٦]

زاراوەی ڕەمز لە زۆربەی زمانە زیندووەكانی جیهاندا بەكاردێ: لە زمانی ئینگلیزی (Symbol) و لە زمانی ئەڵمانی بەهەمان شێوە (Symbol) و لە زمانی فەرەنسی (Symbole) و لە زمانی ئیسپانی (Simbolo) و لە زمانی عەرەبی (الرمز) و لە زمانی كوردیشدا [ڕەمز، هێما، جەفەنگ] [٥٢: ٩٦] بەكاردەهێنرێت.

ڕەمز بەشێوەكی گشتی دوو چەمكی هەیە:

١- هێنانەوەی شتێك لەجیاتی شتێكی تر، یاخود ئیحا بۆ شتێكی تر بكات.

٢- ڕەمز كارلێككردنی نێوان دوو شتە یەكێكیان ئاشكرا و ئەوی تریان نهێنی. [١٦٦: ١٥٠ - ١٥١]

بەکارهێنانی ڕەمز مێژوویەکی کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدە کۆنەکان و هەر لەسەرەتای شارستانییەتی مرۆڤەوە وەك شێوازێکی دەربڕین بەکارهاتووە. سەرەتا وێنەکان ڕەمزی شتەکان بوون، پاشان وشەکان جێگەی وێنەکانیان گرتووەتەوە. ئەم چەمکە لە ئەدەب و هونەریشدا جێی خۆی کردووەتەوە و گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە لای هونەرمەندان و وەکو بەهایەکی ئیستاتیکی یان لەبەر هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و تایبەتی بەکاردەهێنراوە. ڕەمز لە ئەدەبدا [ئاماژەکردنە بە وشەیەك کە واتای شتێکی هەستی یان ژیری دەگەیەنێ و بۆ مانایەکی دیارینەکراو و جیاواز بەپێی خەیاڵی نووسەر بەکاردێت. خوێنەرانیش جیاوازن لە تێگەیشتن و هەستپێکردنی مەوداکەی بەگوێرەی ئاستی ڕۆشنبیری و هەست ناسکییان، هەندێکیان لایەنێکی دەبینن و هەندێکی تر لایەنێکی تری دەبینن]، [١٠٥: ١٢٤]

هەروەها لە زانستی لاهوت (Theology)یشدا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و [وشەی (Symbol) هاوواتای وشەی (Creed)ە، کە بە مانای (دەستووری بیروباوەڕی مەسیحی دێت)، هەر لە کۆنیشەوە لە ڕێوڕەسمە ئاینییەکان و هونەرە جوانەکان بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بەکارهاتووە و ئێستاش خاوەن بەهایەکی ئیشارەت ئامێزە لە لۆژیك و بیرکاری و سیمانتیکدا] [١٥٩: ٣٣]

ڕەنگە ئەرستۆ یەکەم کەس بێ کە وشەی (ڕەمز)ی بەکارهێنابێ لەسەر بنەمای سیمانتیك. ئەرستۆ بڕوای وایە وشەکان ڕەمزن بۆ واتای شتەکان و دەڵێ: [وشە گۆکراوەکان ڕەمزی حاڵەتە دەروونییەکانن و وشە نووسراوەکانیش ڕەمزی وشە گۆکراوەکانن] [١٥٩: ٣٥]

ئەرستۆ ڕەمزی دابەشکردووە بۆ سێ ئاستی سەرەکی:

١- ڕەمزی تیۆری یان لۆژیکی (Theoretical Symbol) کە بەهۆی پەیوەندی ڕەمزییەوە بەرەو زانست دەڕوات.

٢- ڕەمزی پراکتیکی(Practical Symbol) کە بەواتای کردار دێت



٣- ڕەمزی شیعری یان ئیستاتیکی (Poetical or Aesthetic Symbol) کە واتای حاڵەتەکانی دەروون و هەڵوێستێکی عاتیفی و ویژدانی دێت. [١٢٣: ١٩]

ئەرستۆ لەم دابەشکردنەی ڕەمزدا دەگەڕێتەوە بۆ لۆژیك و ڕەوشت و هونەر، بەڵام [لۆژیك ناتوانێت ببێتە پۆلێنێکی ڕەمزی بۆ زانیاری و وێنە تەواوەکان، و ڕەمزی ڕەوشتی پراکتیکیش گرنگی بەو بنەما و یاسایانە دەدات کە ڕەفتار ڕێك دەخەن، بەڵام ڕەمزی ئیستاتیکی دەگەڕێتەوە بۆ ئینتیباعاتی خودی و حاڵەتە ویژدانییەکان کە لە بواری داهێنانی هونەریدا دەردەکەون]. [١٢٣: ١٩]

## پێناسەی ڕەمز:

ڕەمز چەمکێکی ئاڵۆزی هەیە و گرنگییەکەشی وای لێکردووە چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ بکرێت و هەر نووسەر و ڕەخنەگرێك بەپێی تێگەیشتنی خۆی بۆ ئەم چەمکە پێناسەی بکات:

فەرهەنگی ویبستەر (Webester) لە ڕووی زمانەوانییەوە پێناسەی ڕەمز دەکا کە [واتا یان ئاماژەیە بۆ شتێك لە ڕێگەی بوونی پەیوەندی لە نێوانیاندا] [١٨٤: ٥]

لویس هۆرتیك (Louis Hourticq) بڕوای وایە شیعر بەبێ ڕەمز نابێ و دەڵێ: [شیعرێك نییە کە تۆزێك ڕەمزی تێدا نەبێت] [١١٣: ٢٢٩]

بۆدلێر (١٨٢١ - ١٨٦٧ ز) بڕوای وایە [دنیا بێشەیەکی لێوانلێوی هێما و ئاماژانە، حەقیقەت لە خەڵکی ئاسایی پەنهانە و تەنیا شاعیر بە زەبری ئەو ئیدراکەی هەیەتی، لە ڕێگەی تەفسیر و ڕاڤە و شرۆڤەی ئەو هێما و ئاماژانەوە هەستی پێدەکات] [٢١: ١٥٦]

ئەرنست کاسیرەر ( Arnst Cassirer1874 - 1945) لە پێناسەی ڕەمزدا دەڵێ: [ڕەمز بەرهەمێکی ڕۆشنبیرییە، دەچێتە ناو چوارچێوەی سیستەمی دەربڕین و

لێکدانەوەی تایبەت بە مرۆڤەوە] [١١٤: ١٠٤٤] هەروەها بڕوای وایە [هونەر ئاشکراکردنی واقع و گوزارشتکردنە لەم واقعە لە وێنەی ڕەمزیدا] [١٥٥: ٩٩]

ڕ. لاکرۆز (R.Lacroze) بڕوای وایە ڕەمز گوزارشت لە بیری مرۆڤ ناکات بەڵکو جێگەی دەگرێتەوە و دەڵێ: [ئەرکی سەرەکی ڕەمز ئەوە نییە گوزارشت لە بیر بکات بەڵکو بە پێچەوانەوە جێگەی دەگرێتەوە، بەمجۆرە ڕەمز دەبێتە بەربەست لە ڕێگەی گەیشتن بە ناوچەی هۆشیاری ڕوون] [٩٧: ٢٤]

یتس (Yeats) ڕەمز بە تاکە گوزارشتی گونجاو دادەنێ بۆ دەربڕینی نەبینراو و دەڵێ: [ڕەمز تاکە گوزارشتی گونجاوە بۆ جەوهەری نەبینراو، وەك چرایەکی تەنك لە دەرەوەی ڕووناکییەکی گیانی، هونەری، ڕەمزی، سنوری خۆ و جیهانی فیزیکی تێدەپەڕێنێ و بەرەو شتێکی بزوێنەر لەو دیوی هەستەکانەوە هەنگاو دەنێت] [١٦٣: ١٥٠]

(روز غریب) پێی وایە [هەموو شیعرێك یان دەربڕینێکی خاوەن بیرێکی قووڵی دوو واتایی یان نهێنی ئاماژە دەچێتە خانەی ڕەمزەوە] [١١٣: ٢٢٩]

ڕەمز لای شاعیرانی سەر بە ڕێبازی سیمبولیزم بریتییە لە ئیحا گەیاندن. [ئیحاش بریتییە لە دەربڕینی ناڕاستەوخۆ لەو لایەنە قووڵانەی دەروونەوە کە گوایە زمان بە واتا (وضعی)یەکانی ناتوانێ دەریان ببڕێ. ڕەمز پەیوەندی نێوان خود و جەوهەری شتەکان دەردەبڕێ] [٥١: ٢٣٧]

زۆربەی ئەم پێناسە و بیروڕایانەی سەرەوە سەبارەت بە ڕەمز جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ڕەمز شتێکە و ئاماژە بۆ شتێکی تری نادیار دەکات، کە ئەمەش جەوهەری ڕەمز پێکدەهێنێت.

**هۆکارەکانی بەکارهێنانی ڕەمز:**

بەکارهێنانی ڕەمز چەند هۆکارێکی هەیە کە گرنگترینیان بریتین لە:



١- مەبەستی ئیستاتیکی: هونەرمەند بەمەبەستی بەخشینی بەهایەکی ئیستاتیکی بەرز و ئاستێکی ناوازەی هونەری بە بەرهەمەکەی و دەرخستنی توانا و ئەفراندنەکانی پەنا بۆ ڕەمز دەبات.

٢- مەبەستی سیاسی: هونەرمەند زۆرجار بەهۆی مەبەستی سیاسی و ترسی لە دەسەڵات" لە بەرهەمەکانیدا ڕەمز بەکاردەهێنێ بەمەبەستی گوزارشتکردن لە بیروڕای خۆی و خۆ پاراستن لە ستەمی دەسەڵاتداران.

٣- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان: هەندێ جار هونەرمەند بەهۆی ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکانەوە ناتوانێ بە ئاشکرا هەندێ شت دەربڕێ و ڕەمز بەکاردەهێنێت.

**ڕەمز و نیشانە:**

ڕەمز و نیشانە دوو شتی جیاوازن لە یەکتری. ئەگەرچی زۆر لەیەکەوە نزیکن و زۆرجار دەچنە ناو یەکەوە، چونکە هەموو نیشانەیەك دەچێتە خانەی ڕەمزەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو ڕەمزێك نیشانە بێت. (کارل یۆنگ — Carl Jung) لە ڕووی وێناکردنەوە جیاوازی نێوان ڕەمز و نیشانەدا دەکات و [وای دادەنا ڕەمز هەمیشە ئەو دەربڕینەیە هەڵی دەبژێرین کە باشترین وەسف یان داڕشتنێکی شیاوە بۆ حەقیقەتێکی نادیار بەشێوەیەکی ڕێژەیی، حەقیقەتێك کە هەستی پێدەکەین و بڕوامان بەبوونی هەیە. وێناکردنی ڕەمزی ئەوەیە کە ڕەمز لێکدەداتەوە بەو وەسفەی باشترین داڕشتنی شیاوە بۆ شتێکی نادیار بەشێوەیەکی ڕێژەیی و ناکرێ کە زۆر ڕوون (ئاشکرا) بێت] [١٢٣: ٢٠]

**ڕەمز و ئیشارەت:**

ڕەمز و ئیشارەت دوو شتی لەیەکتر جیاوازن و ئەرنست کاسیرەر ( Arnst Cassire) جیاوازی لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا دەکات و هەریەکەیان بۆ جیهانێکی

جیاواز لەوی تر دەگەڕێنێتەوە. ئەرنست کاسیرەر دەڵێ: [ئیشارەت بەشێکە لە جیهانی بوونی ماتریالی، بەڵام ڕەمز بە شێکە لە جیهانی گوزارەیی مرۆڤایەتی] [٩٧: ٢٥] هەروەها بڕوای وایە ڕەمز لە ئیشارەت فراوانترە، و ئیشارەت چوارچێوەیەکی دیاریکراو و چەسپاو و نەگۆڕی هەیە، لەکاتێکدا [ڕەمز لە کرۆکییەوە سروشتدارە، تەنیا بە وێنەکێشانی شتە ماتریاڵییەکان ناوەستێ، بەڵکو هەوڵدەدات بە گواستنەوەی ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر دەروون هەیە پاش ئەوەی هەست وەریدەگرێ، هەروەها بایەخ بە دەربڕینی کەشە نادیارەکان دەدا، کە بۆ قووڵایی ناخ شۆڕدەبنەوە، ئامانجی شاعیری ڕەمزیش گەیشتنە بە داهێنانی بارێکی دەروونی دیاریکراو لە کەشی قەسیدەکەدا. کاتێ زمانی ئاسایی نەتوانێ بارە دەروونییە حەشاردراوەکان بگوێزێتەوە، ئەو کاتە شاعیر ڕوودەکاتە ڕەمز، کە توانایەکی هەیە لە چوونە ناو جیهانی نەستەکانەوە] [١٠٠: ١٢]

**ڕەمز و تەمومژ:**

ڕەمز و تەمومژ پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە و هەموو ڕەمزێك هەندێ تەمومژی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە" کە ئەمەش زیاتر بەهای ئیستاتیکی بە ڕەمزەکە دەبەخشێ، چونکە [ڕەمزییەت کاریگەرە بە تەمومژ لە دەربڕیندا، و ئەم تەمومژەش دەروون پێوەی دەناڵێنێ و لێی تێناگات، بەڵام لێڵییەکی داخراو یان شتێکی کوێرانە نییە، بەڵکو حاڵەتێکی سروشتییە لەسەرەتای بەدیهێنانیدا پەیوەستە بە دەروونەوە پێش ئەوەی بچێتە ناو بینینی جیهانی دەرەوە. هەروەها بە نیسبەت ڕەمزییەوە پێویستە ئەزموونی شیعری تەمومژاوی بێت تاوەکو شتێکی داهێنەرانە بێت] [١٠١: ٣٤٦]



**ڕەمز و خوازە:**

ڕەمز و خوازە پەیوەندییەکی پتەویان لەنێواندا هەیە، چونکە بەهۆی خوازەوە ڕەمز دروست دەبێت، هەر ئەم پەیوەندییە پتەوەیە وای لە (ماریۆ پرانس) کردووەکە بڵێ: [ڕەمز و خوازە بەری دارێکن] [١٤٤: ٤٩]

خوازە: [بریتیە لەوە کە وشەیەك بۆ مانای دروستی خۆی بەکارنەبرێ، بەڵکو بۆ مانایەکی تر بخوازرێ و مەبەستێکی تر بگەیەنێ] [٢٨: ٦٧]

(پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) بەهۆی هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە گرنگیان بە ڕەمز داوە و لەڕێگای ڕەمزەوە بەهایەکی ئیستاتیکییان بە شیعرەکانیان بەخشیووە. پیرەمێرد لە شیعری (فەلسەفەی شیعری کوردی)دا دەڵێ:

ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا، لە ڕاستی مووچەخۆری خۆی
سوراحی سەر فرۆ دێنێ لە بۆ پیاڵە کە تێ کا بۆی [٣٧: ١٨٥]

بەخشندە خوازەیە وەکو ڕەمزێك بۆ شێخ مەحمود بەکارهاتووە.

گۆران لە شیعری (ڕەوتێکی جوان)دا دەڵێ:

پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا
جوانێ لە بەژنێکی بەرزا [١٢: ٤٤]

جوانێ خوازەیە و شاعیر وەکو ڕەمزێك بۆ ئافرەت بەکاری هێناوە. یاخود لە شیعری (گەشت لە قەرەداغ)دا دەڵێ:

کوڕگەل ! هەمیشە گیان و دڵ شیرین،
دەست لەملانی بووکی مراد بن"
نۆرەی خۆتان کرد، شیرین هەڵپەڕین،
ئاسمانتان لەرزان بە تەوژم و تین !
نۆرەی ئافرەتە ئەمجا هەڵپەڕێ،
سا هێز دەست بەردا، جوانی دەست بگرێ ! [١٢: ١٢٧]

لەم کۆپلە شیعرەدا وشەکانی (هێز ، جوانی) خوازەن و شاعیر وەکو ڕەمز بەکاری هێناون. (هێز) ڕەمزە بۆ پیاو، چونکە پیاو هەمیشە بە بەهێز و خاوەن دەسەڵات ناسراوە و (جوانی)یش خوازەیە و ڕەمزە بۆ ئافرەت، چونکە ئافرەت بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی سەرچاوەی جوانی و ناسکی و میهرەبانییە.

**ڕەمز و خواستن:**

ڕەمز و خواستن پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، چونکە خواستن بەشێکە لە خوازە (خوازەی زمانی). خواستن بەشدارییەکی ئەکتیڤ لە دروستکردن و پێکهێنانی ڕەمزدا دەکات و [ئەوەی پێویستە لەشیعری نوێدا تێبینی بکرێ ئەوەیە کە شیعری نوێ جیاوازی لەنێوان لێکچواندن و خواستندا دانانێ و هەر یەکێکیان وێنەیەکی ڕەمزی بارگاویکراو بە واتا دروست دەکەن].[١١٣: ٢٢٦]

(د. فەرهاد نازر زادەی کرمانی) سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خوازە و خواستن و ڕەمز دەڵێ: [بیرتان دەهێنمەوە، زاراوەیەکی ئەدەبی تر بەناوی "مجاز" وەرگرتن "الاستعارة" (Allegory) لەنێوەندە ئەدەبییەکەدا لە ئارادایە، کە لە پەیوەندییدایە لەگەڵ "هێما"(Symbol)دا و لەیەکەوە نزیکن، ئەم دوو مانا دروستکراوە ئەدەبییە بۆ ڕۆچوون بەنێو مانا ئەدەبییەکاندا بەکاردەهێنرێن] [٤١: ١٥] بەڵام جیاوازی لەنێوان خواستن و ڕەمزدا هەیە و جیاوازییەکەشیان لەوەدایە [خواستن پارێزگاری ئەو دوالیزمە دەکات کە لە یەکێتییەکەیدایە، بەڵام ڕەمز ئەو دوالیزمە ناهێڵێ و ئاماژە بۆ زیاتر لە واتایەك یان بیرێك یاخود سوزێك دەکا و بەمەش دەبێتە دەربڕینێ کە ناتوانرێ گوزارشتی لێبکرێت] [٩٧: ٢٦]

(پراین) بڕوای وایە جیاوازی خواستن و خوازە لەگەڵ ڕەمزدا لەوەدایە [کە لە مەجازدا لەبەر خودی جوانی بایەخ بە وێنە جوانەکان نادرێت بەتەنها مانا ناوەکییەکەیان گرنگە، لەکاتێکدا شاعیری سیمبۆلیزم گرنگییەکی لە ڕادەبەدەر



دەدات بە وێنە جوانە هێماگەریەتییەکان و لەبنەڕەتدا یەکێك لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی سوود لە هێما وەربگرێت، جوانی و وێناندنەکانیەتی] [٤١: ١٦]

پیرەمێرد لە شیعری (بۆ سانیحەی ئەمین زەکی بەگ)دا دەڵێ:

ئەستێرەیەکی گەش بە ضیای مانگی بەدرەوە
سەر گۆیژە کەوت و بۆ وەتەنی خۆی چرای شەوە [٣٧: ١٩٤]

ئەستێرەیەکی گەش خواستنە و شاعیر وەکو ڕەمزێك بۆ (سانیحەی ئەمین زەکی بەگ) بەکاری هێناوە کە ئافرەتێکی ڕۆشنبیر و نیشتمان پەروەر بووە.

شێخ نوری لە شیعری (بۆ ماتەمی شەشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠)دا دەڵێ:

ئەم باغە بۆ بەجارێ وەها بوو بە گۆمی خوێن ؟
بۆ مەنزەرەی لەتافەتی بۆ بوو بەم قەساوەتە ؟ [٢: ٣٨٦]

وشەی باغ خواستراوە و ڕەمزە بۆ بەردەرکی سەرای سلێمانی، کە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکی سلێمانی بەگشتی و لاوان بە تایبەتییە.

گۆران لە شیعری (یادی بێکەس)دا دەڵێ:

ئەمویست (بێکەس) ئیستا بەسەر بژیایە،
ئەم گەرمییەی برایەتی بدیایە.
بیزانیایە برا گەورەی عەرەبمان،
چەن دڵسۆزە بۆ خزمەتی ئەدەبمان.
بیزانیایە گەوهەری نرخی بێکەس
براکانی چۆن ئەیگێڕن دەساو دەس ! [١٢: ٢٥٢]

وشەی گەوهەر خواستراوە و شاعیر وەکو ڕەمزێك بۆ شیعرەکانی (بێکەس) بەکاری هێناوە، کە شاعیرێکی نیشتمان پەروەری کوردە.

**ڕەمز و لێکچواندن:**

لێکچواندن هونەرێکی ڕەوانبێژییە و بەشداری لە پێکهێنانی ڕەمزدا دەکات، چونکە [لێکچواندن تێکەڵ بە قووڵایی بوونی مرۆڤ دەبێ و هەوڵی ڕاوکردنی ڕاستییەکان و لێچوو و لەوچوو دەکا و زۆر دووبارەبوونەوەی لێچوو و لەوچوو پەیوەندی ڕەمزی دەگەیەنێ دوور لە پەیوەندی نێوان دوو لایەن] [١٦٥: ١٠٦] (ابن المعتز) لێکچواندن بە جەوهەری شیعر دادەنێ و بڕوای وایە لێکچواندن [جەوهەر و کرۆکی شیعرە] [١١٩: ١٢٤]

پیرەمێرد لە شیعری (وڕێنە)دا دەڵێ:

خاڵی ئەو مامی هێنا نوقتەدار
ئەو بەهارە و من پاییز گەڵای دار [٣٨: ٣٧]

بەهار ڕەمزە بۆ خۆشی گەشەکردن و نەشونما کردن و شاعیر یارەکەی خۆی پێدەچوێنێ، هەروەها خۆیشی بە پایز دەچوێنێ کە ڕەمزی لەناوچوون و فەوتان و کزی و لاوازی ناخۆشی و نەهامەتییە.

شێخ نوری لە شیعری (شیوەنی مەلا مەحمودی بێخود)دا دەڵێ:

بە هەوری ماتەمی ڕۆژی دڵم وەها گیرا
بەحاڵ تروسکە ئەدا، چەشنی چاوی تانە لەسەر [٢: ١٢٥]

هەوری ماتەم وشەیەکی لێکدراوە لەسەر بنەمای لێکچوون دروستکراوە و ڕەمزە بۆ ناخۆشی و ئازارو خەمباری. هەروەها (ڕۆژی دڵم)یش وشەیەکی لێکدراوە لەسەر بنەمای لێکچوون دروستکراوە و ڕەمزە بۆ ئاوەدانی و ڕۆشنی و ئاسوودەیی و شاعیر بەهۆی کۆچی دوایی (بێخود)ەوە بەو هەوری ماتەمە ڕۆژی دڵی گیراوە.

گۆران لە شیعری (تیروکەوان)دا دەڵێ:

پیاوخۆرێك وا
بەگۆشتی ڕۆڵەی خۆی چەش بێ،
ڕۆژهەڵات بۆی، وەك ڕۆژئاوا



دەبۆی تێر بێ، هی تەرکەش بێ،
دیارە هەرگیز لە پەلامار
وازناهێنێ وەك گورگی هار [١٢: ٢٤٣]

پیاوخۆر خواستراوە و ڕەمزە بۆ ئەمەریکا و بە گورگی هار چوێندراوە کە ڕەمزی زوڵم و ستەمکارییە. گۆران لە ڕێی خواستن و لێکچواندنەوە ئەمەریکا بە ڕەمزی زوڵم و ستەم دادەنێت.

**جۆرەکانی ڕەمز لای (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران):**

(پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) لە شیعرەکانیاندا (٦) جۆر ڕەمزییان بەکارهێناوە کە ئەمانەن:

١- ڕەمزی کەسی
٢- ڕەمزی گشتی
٣- ڕەمزی ئەفسانەیی
٤- ڕەمزی ئاینی
٥- ڕەمزی کەلەپووری
٦- ڕەمزی مێژوویی

**١- ڕەمزی کەسی:**

هەموو شاعیرێك بەپێی ئەو ئەزموونە دەوڵەمەند و تاقیکردنەوە تایبەتیانەی هەیەتی و بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری خۆی کۆمەڵێك ڕەمز دروست دەکات کە پەیوەستن بەخۆیەوە. ئەم ڕەمزانە ناوازەن و ئاستێکی باڵایان هەیە. ڕەمزی کەسی [ئەو ڕەمزە بەرزانەن کە بیری شاعیری داهێنەر دەیانخوڵقێنێ بەبێ ئەوەی پێشتر نموونەی هەبووبێ] [١٧٦: ٦٦] ئەم ڕەمزانە“ ڕەمزی زیندوون، چونکە شاعیر خۆی دروستیان دەکا و گیانیان بە بەردا دەکات. و [شاعیر هەموو کاتێك ئەو مافەی هەیە کە

هەموو بابەتێك یان هەڵوێستێك یان ڕووداوێك وەكو ڕەمز بەكاربێنێت، با لەوەو پێشیش بەو جۆرە بەكارنەهاتبێ] [١٣٢: ١٩٩]

پیرەمێرد لە شیعری (بۆ حەفلەی زەهاوی)دا دەڵێ:

باوەڕدەكەم كە ڕۆحی بڵند نامرێ هەر دەژی
جاران بە خەو بوو، ئێستا بە دیمانە هاتە دی [٣٧: ٢٩١]

ڕۆحی بڵند شاعیر وەكو ڕەمزێك كە تایبەتە بە شاعیر خۆی و بۆ شاعیری گەورەی كورد (جەمیل سیدقی زەهاوی) بەكاری هێناوە، كە لە ساڵی ١٩٣٧ كۆچی دوایی كردووە.

شێخ نوری لە شیعری (شیوەنی شێخ مەحمودی سەرۆك)دا دەڵێ:

چ نووكی خەنجەرێ بوو وا بڕی ڕیشەی دڵ و گیانم ؟!
چ تینی ئاگرێ بوو وا بەجارێ جەرگی سووتانم ؟! [٢: ١٤١]

نووكی خەنجەر و تینی ئاگر (ڕەمزی كەسی)ن و تایبەتن بە شاعیرەوە و بۆ ئەو ئازارو نارەحەتی و ناخۆشییانە بەكارهاتوون كە تووشی شاعیر بووە بەهۆی مردنی (شێخ مەحمودی نەمر)ەوە.

گۆران لە شیعری (چیرۆكێكی برایەتی)دا دەڵێ:

لەژێردرەختی ئازارا
ئەوەندەی تر بووین بە برا
بۆیە لەناو هەردووكمانا
بە چپەی ورد،
ئەم داری دڕكەمان ناونا:
برایەتی عەرەب و كورد ! [١٢: ١٣٦]

داری دڕك ڕەمزێكی كەسییە و شاعیر بۆ ئەو ئازارو نارەحەتیانە بەكاری هێناوە كە تووشی هەردوو میللەتی كورد و عەرەب بوونە، كە بووەتە هۆی برایەتی نێوان ئەم دوو گەلە.



**٢- ڕەمزی گشتی:**

ڕەمزی گشتی ئەو ڕەمزانە دەگرێتەوە كە لەناو زۆربەی میللەتانی دونیا بۆ یەك واتا و مەبەست بەكاردەهێنرێن و شاعیریش وەریان دەگرێ و لە شیعرەكانیدا بەكاریان دەهێنێ، بۆ نموونە: [كۆتر ڕەمزی ئاشتییە لەبەر ئەوەی هەواڵی كۆتایی هاتنی لافاوەكەی (نوح)ی ڕاگەیاند، سندباد بووەتە ڕەمزی گەشت و گوزاری زۆرپاش بڵاوبوونەوەی چیرۆكە سەركێشییەكانی لە (هەزار و یەك شەو)دا، و مار ڕەمزی فێڵبازی (دهاء)ە لەبەر ئەوەی (حەوا)ی هەڵخەڵەتان تاكو لە داری گەنمەكە بخوات،... ڕۆژهەڵات ڕەمزی دەستپێكردنی ژیانە و ڕۆژئاوا و گەڵای پایز ڕەمزی كۆتایی هاتنێتی] [١١٣: ٢٢٧- ٢٢٨] هەروەها هەندێ جار ئەم ڕەمزانە بە ڕەمزی مردووش ناو دەبرێن چونكە هیچ زیندووییەكیان تێدا بەدی ناكرێ و (یۆنگ) لەم بارەیەوە دەڵێ: [ڕەمزی مردوو ئەو ڕەمزەیە كە لە قسەكردندا بەكاردێ و گوزارشت لە مانای ئاسایی دەكا، وەكو گوڵ بۆ ڕەمزی خۆشەویستی، كۆتر و زەیتون بۆ ڕەمزی ئاشتی] [١٨١: ١٨٨]

پیرەمێرد لە شیعری (لە ترەنی ڕێی ئەستەمۆڵ)دا دەڵێ:

ئەوا ڕووم كردە تۆ ئەی دایكی موشفیق بیست و پێنج ساڵە
لە غوربەت دا بەیادی تۆ دەژیم ، خوا شاهێدی حاڵە [٣٧: ٢٣٨]

پیرەمێرد لەم شیعرەدا (دایكی موشفیق)ی وەكو ڕەمز بۆ نیشتمان بەكارهێناوە كە ڕەمزێكی گشتییە و لەلای زۆربەی میللەتان بۆ هەمان مەبەست بەكاردێت.

شێخ نوری لە شیعری (ئەو كارەساتەی لە هێنانەوەی جەنازەكەی"شێخ مەحمود"دا ڕویدا) دەڵێ:

غەمبارین و جلی ڕەشی ماتەم لەبەر بكەن
پیر و جوان هەموو بە دڵی غەمگوسارەوە [٢: ١٥٢]

جلی ڕەش ڕەمزێكی گشتییە و شاعیر بۆ مەبەستی تەعزێباری بەكاری هێناوە كە بەهۆی مردنی (شێخ مەحمود)ەوەیە.

گۆران لە شیعری (مارشی ئاشتیخواز)دا دەڵێ:

ئاشتیخوازین، پشتیوانمان گەلانە،
کۆتری سپی ئاڵامان ناونیشانە:
ڕێگامان ڕێی برایەتی ئینسانە،
ناکۆکی و شەڕ نەهێشتن ئامانجمانە ! [۱۲: ۳۱۱]

گۆران (کۆتری سپی) بەکارهێناوە کە ڕەمزێکی گشتییە و بۆ ئاشتی بەکاردەهێنرێت و شاعیریش بۆ هەمان مەبەست بەکاری هێناوە.

### ٣- ڕەمزی ئەفسانەیی:

ڕەمز و ئەفسانە پەیوەندییەکی هاوڕیشەیی لەنێوانیاندا هەیە. ئەم پەیوەندییەش مێژوویەکی کۆنی هەیە و هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئەفسانەوە دروستبووە، چونکە زۆربەی ئەفسانەکان سروشتێکی ڕەمزییان هەیە. [هێماگەریەتی لە هۆنراوە و شانۆشدا لە جۆرێك بەئاگایی و شایەتی سەرەتایی و دەشتەکییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ڕۆحی مرۆڤایەتیدا بوونی هەیە و پێدەچێت ناوەڕۆکی (تێڕوانینی ئەفسانەیی)یش بێت، کە سات بەسات و هێدی هێدی قوڵتر و ڕوونتر دەبێتەوە، هێماگەرەکان پشت بە ڕواڵەتە ژیربیێژییەکان و پەیوەندییە بەرچاوە بڵندەکانی نێوان کردەوە و واقیعە باوەکان دەبەستن و دەکەونە گەڕان بەنێو هۆکارە ئەفسوونییەکاندا و لە سووچە نهێنییەکان و لە کردەوە نەناسراوەکاندا شیکاری کردەوە واقیعیەکان دەکەن] [٤١: ٢٦]

پیرەمێرد لە شیعری (ئەو تیرەی ڕۆستەم)دا دەڵێ:

ئەو تیرەی ڕۆستەم چەسپاندیە کەوان
دای لە ڕۆبیتەن، بێزراندی لە گیان
منیش ئەو تیر و کەوان و شەستە
ئەو زۆری بازوو، ئەو هێزی دەستە



بە تەوژم هات" درا لە جەرگم
خوێن قەڵبەزەی بەست، گوڵگون بوو بەرگم
دڵ خۆشم کوشتەی دەستی دڵدارم
ئەو تیرەم هەڵگرت بە یادگارم [۳۷: ۲٤۲]

ڕۆستەمی زاڵ ڕەمزە بۆ ئازایەتی و پاڵەوانییەتی، شاعیر خۆشەویستی و عەشقی یارەکەی بەو تیرە دەچوێنێ کە داویەتی لە جەرگی و تووشی ئازار و ناڕەحەتی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دڵخۆشە لەبەر ئەوەی کوشتەی دەستی دڵدارەکەیەتی، هەر ئەمەش وایلێکردووە ئەو تیرە بە یادگاری هەڵگرێت لای خۆی.

شێخ نوری لە شیعری (دیناری مووەزەفین)دا دەڵێ:

هەر خار وخەسی شوومییە، گوڵزاری مووەزەف
کاوول بووە، جێی کوندەبووە شاری مووەف [۲: ٤٠٢]

کوندەپەپوو ڕمزە بۆ شوومی و دەربەدەری و وێرانەیی، شاعیر ژیانی فەرمانبەران کە بە گوڵزار چواندوویەتی بەهۆی وەزعی گرانی و کەمی مووچەی فەرمانبەران کە بە کوندەپەپووی چوواندووە بووەتە کەلاوە وجێگەی دڕك و داڵ و شوومی.

گۆران لە شیعری (ئەی لاوی کورد)دا دەڵێ:

ئەی لاوی کورد، ئەی ڕۆڵەی ژیر
ئەی نیشتمان دیلی زنجیر،
ئەی کۆمەڵ یەك چینی فەقیر
نابێ هەرگیز دەرکەی لە بیر،
ئەو ئیستعمارە خوێنمژە
کە کوردکوژە، هەژارکوژە !
ئەو ئەژدیها ژار پڕژێنە،
پاروو لەناو دەم فڕێنە
ڕەنجدەر لە برسا مرێنە

وەك پڵنگ شرکە، بدرێنە !
با کوردستان سەرفراز بێ
بەهەشتی نیعمەت و ناز بێ [١٢: ٣٠٧]

گۆران لەم شیعرەدا ئیستعمار بە ئەفسانەی ئەژدیها دەچوێنێ کە ڕەمزی دڕندەیی و خوێنڕێژی و زۆرداریيە و داوا لە لاوانی کورد دەکات ئازایانە کار بۆ لەناوبردنی ئەم ئەژدیهایە بکەن و کوردستانی لە دەست ڕزگار بکەن بۆ ئەوەی کوردستان سەرفراز و ئاوەدان و جێگەی خۆشی و کامەرانی بێت.

### ٤– ڕەمزی ئاینی:

ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکان و کتێبە پیرۆزەکان هەمیشە سەرچاوەیەکی گرنگی دروستکردنی ڕەمزن، لەبەر ئەوەی [لەڕێگەی ڕەمزی ئاینییەوە حەقیقەتەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەبێت، و بەبڕوای (پاوڵ تیلچ – Paul Tillich) کاری هەرە گەورەی ڕەمز ئاشکراکردنی ئاستەکانی حەقیقەت و ئاستەکانی عەقڵی مرۆڤایەتییە] [١٢٣: ٣٣]

ڕەمز پەیوەندییەکی بەتینی بە ئاین و بیروباوەڕی ئاینییەوە هەیە و شاعیریش ئاین و ڕووداو و کەسایەتییە ئاینییەکان وەکو ڕەمز وەردەگرێ و لە شیعرەکانیدا بەکاریان دەهێنێ. [شاعیری هاوچەرخ لە بەکارهێنانی ڕەمزی ئاینیدا بە عەقڵییەتی ئاین بیرناکاتەوە] [١٣٢: ١٩٧] بەڵام ئەوەی شاعیر لە پیاوێکی ئاینی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە [ڕەنگە سۆفی لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا بتوانێ گوزارشت لە بینینەکانی بکات، بەڵام لە قۆناغە پێشکەوتووەکاندا نایەوێ گوزارشت لەبینینەکانی بکات، لەکاتێکدا شاعیر هەموو ساتێك تەنها بەبینینی شت گوزارشتی لێدەکات، واتە بینینەکانی هۆکاری گوزارشت کردنێتی، هەروەها جیاوازییەکی تریش ئەوەیە کە بابەتی بینین بەردەوام ڕوونە لای شاعیر، لە کاتێکدا لە ئەزموونی سۆفیدا ئەم بینینە ڕوونە ون دەبێت] [١٣٢: ١٩٧]

پیرەمێرد لە شیعری (وڕێنەی مەستی)دا دەڵێ:



باری گوناهم ئەگەر لە ملە
بنەوانەکەی باوکم وا شلە [٣٩: ٢٢]

وشەی باوکم ڕەمزە بۆ حەزرەتی ئادەم کە لە بەهەشتدا فریوی شەیتانی خوارد و لەو دارەی خوارد کە خوا لێی قەدەغەکردبوو*، بەهۆی ئەم تاوانەشەوە لە بەهەشت دەرکرا. شاعیر ئەم وشەیەی وەکو ڕەمزێك بەکارهێناوە بۆ پاساو هێنانەوە بۆ گوناه و تاوانەکانی.

شێخ نوری لە شیعری (سەعادەتی ڕاستی)دا دەڵێ:

سەعادەت گەر بەڕاستی تۆ دەپرسی، عیزەتی نەفسە
ئەگەر بەدناویی شارت ئەوێ، نەفست بەڕەڵڵا کە
ئەگەر بەرزی مەسیحت بۆ نەبێ، تەقلیدی یوسف کە
نەگەییە ئاسمان هەوڵێ بدە زیندانێ پەیدا کە [٣٨: ١٦٢]

مەسیح مەبەست لە حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەمە (د.خ) کە پەروەردگار ڕێزێکی زۆری لێگرتووە و پلەوپایەی بەرزکردووەتەوە**. حەزرەتی یوسف (د.خ) لە ژیانیدا ناڕەحەتی و چەرمەسەری زۆری بینیوە و نزیکەی (٣ - ٩) ساڵ لەزیندانا بووە.*** شاعیر ئەم دوو پێغەمبەرەی وەکو ڕەمزی خۆشبەتی و کامەرانی

---

* خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلاَ مِنْهَا رَغَداً حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَـذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الْظَّالِمِينَ فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِين﴾ (سورة البقرة اية ٣٥ - ٣٦)

**خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿قَالَ إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِيَ الْكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا وَبَرًّا بِوَالِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا وَالسَّلَامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا ذَلِكَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ قَوْلَ الْحَقِّ الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ﴾ (سورة البقرة اية ٣٠ - ٣٤)

***خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ﴾ (سورة يوسف اية ٤)

بەکارهێناوە، کە مەرج نییە هەموو کاتێك خۆشبەختی لە ژیانی خۆش و بێ چەرمەسەریدا بێ، بەڵکو ئەگەر مرۆڤ عیزەتی نەفسی هەبێ و نەفسی لە خراپە و تاوان بپارێزێ ئەگەر لە زیندانیشدا بێت" ئەوە خۆشبەختی و کامەرانییە.

گۆران لە شیعری (بە ڕێگادا بەرەو کۆنفراس)دا دەڵێ:

نەوەی شێرکۆ، سەلاحەدین،
پاڵەوانی غەزای ڕێی دین !
ئەوەی بۆ پاسی قەڵای قودس
وەك بەردی ڕووی شورا، بێ ترس،
لەبەر شیر و تیرا وەستا
تا دەنگی (هەی ئامان !) هەستا:
لە گڕۆی خاچ
کە خاچیان کردبوو بە پاچ
بۆ ڕووخاندن
بۆ: ئاسیا پڕ لە مردن
بۆ: لە کەلاوەی شار کردن ... [١٢: ٢٤٣]

سەلاحەدین مەبەست لە (سەلاحەدینی ئەیوبی)یە کە سەرکردەیەکی گەورەی ئیسلامی بە ڕەچەڵەك کوردە و خزمەتێکی زۆری ئاینی پیرۆزی ئیسلامی کردووە و (قودس)ی لەدەست خاچپەرستەکان ڕزگارکردووە. لای گەلی کورد ڕەمزی قوربانیدان و ئازایەتی و قارەمانیەتییە و شاعیر شانازی پێوە دەکات و میللەتی کورد بە نەوەی ئەو سەرکردە گەورەیە دادەنێت. هەروەها وشەی خاچ بۆ لەخاچدانی حەزرەتی مەسیح (د.خ) دەگەڕێتەوە کە مەسیحییەکان بڕوایان وایە حەزرەتی مەسیح (د.خ) لە خاچ دراوە. شاعیر گڕۆی خاچ وەك ڕەمزێك بۆ شوێنکەوتووانی حەزرەتی مەسیح (د.خ) بەکاردەهێنێ کە بەناوی ئاینەوە ستەمیان لە خەڵك کردووە و مرۆڤەکانیان کوشتووە و دەربەدەریان کردوون.



**٥- ڕەمزی کەلەپووری:**

کەلەپوور گەنجینەیەکی گرنگ و پڕبایەخی میللییە و کەرەستەی داهێنانی شاعیرانە. [کەلەپووری نەتەوایەتی شێوەی ژیانی کۆنی پێش هەزاران ساڵی باووباپیرمان دەرئەخات، پلەی شارستانی و خوو، و ڕەوشت و بیروباوەڕیان پیشان ئەدات، ئەمانەیش هەموو سەرچاوەن بۆ ژیانی ئەمڕۆمان، واتا ژیانی پێشوومان ئەبەستێ بە ژیانی تازەمانەوە]. [٦٠: ١٠] شاعیرانی کورد بەتایبەتی شاعیرانی نوێخوازی کورد بەتوندی باوەشیان بە کەلەپووردا کرد و وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی شیعرەکانیان سەیریان کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی [پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لەنێوان کەلەپوور و بابەتی سەردەمیانە لەڕووی کاریگەرییەوە هەیە، کەلەپوور پردێکی هەمیشەییە ڕابردوو بە ئێستا گرێ دەدات،... چونکە کەلەپوور هەمیشە ئامادەیی بوون و زیندوێتی تێدایە، ئەم خەسڵەتەش وایکردووە بابەتەکانی سنووری زەمەن و شوێن و گشت پێوانەکان ببڕن و بۆ هەموو کات و سەردەمێك بشێن] [٨٤: ٢٣٨]

پیرەمێرد لە شیعری (شیوەنی شەهیدانی کورد)دا دەڵێ:

ئەم خوێنی کوردە هەروەکو خوێنی سیاوەشە
خوێنی نەسێنی هەڵدەقوڵێ دائیما گەشە [٣٧: ٢٢١]

پیرەمێرد لەم دێڕە شیعرەدا سوودی لە کەلەپووری نەتەوایەتی وەرگرتووە و وشەی (خوێنی سیاوەش) کە لە کەلەپووری کوردیدا نیشانەی بەردەوامی خوێن ڕشتنە وەکو ڕەمزێك وەری گرتووە بۆ خەبات و قوربانیدانی میللەتی کورد بەکاری هێناوە. هەروەها لە شیعری (ئەمڕۆ)دا دەڵێ:

ئەمڕۆ، کە ڕۆژی جەژنی هەموومانە سەربەسەر
کوردیش لەگەڵ گەلان لە چلەخانە هاتنەدەر
سێ ساڵ بوو ڕۆژوو، ڕۆژی بە ساڵێ لەبەر دەچوو
ڕۆژووی حەرام بوو، خێری لەبەر شەڕ دەبوو بە شەڕ

مەتبوع و تابیع وەك مەم و زین بوون چ فایدە
گورگ و چەقەڵ لە چقڵی (بەکر مەرگەوەڕ) بەتەر [٣٧: ٢١٣]

مەم و زین ڕەمزێکی کەلەپووری کوردییە و ڕەمزی خۆشەویستی و بەوەفایی و دڵدارییە. شاعیر ڕۆڵەکانی میللەتی کورد بە مەم و زین دەچوێنێ لە خۆشەویستی و بە وەفاییدا و ناحەزانیش بە (بەکر مەرگەوەڕ) دەچوێنێ کە لە کوردەواریدا ڕەمزی دووڕوویی و دووزمانی و ناپاکییە.

شێخ نوری لە شیعری (غونچە و شیرین و کاڵێ سێ کچن ئەولادی گیو)دا دەڵێ:

غونچە تازە وا خەریکی پێکەنینە بۆ فنون
عیشوەی (شرین)ێ صەد فەرهاد ئەخاتە بێستوون [٢: ٤١٨]

شێخ نوری سوودی لە داستانی فۆلکلۆری (شیرین و فەرهاد) وەرگرتووە و فەرهادی وەکو ڕەمزێك بۆ عەشق و خۆشەویستی ڕاستەقینە بەکاری هێناوە.

گۆران لە شیعری (لە بەندیخانە)دا دەڵێ:

ئەی تریفەی مانگە شەوی دەرکی دەلاقە
با پیس نەبی خۆت مەدە لەم کوردی عێراقە !
وڵاتەکە داگیرکراو، نەتەوە دیلە
باو لای دوژمن نامەردێتی، مەردی زەلیلە !
کای لەبەر سەگ دانراوە، ئێسقان بۆ ئەسپە !
سەر لەجێی کلك بەند کراوە، کلك لەسەر چەسپە ! [١٢: ١٧٠]

گۆران لەم شیعرەدا بۆ دەربڕینی ستەم و زوڵمی داگیرکەران پەنای بۆ کەلەپووری میللی بردووە و (کای لەبەر سەگ دانراوە، ئێسقان بۆ ئەسپە) وەرگرتووە و وەك ڕەمزێك بۆ ئەو ستەم و زوڵم و نادادپەروەری و خراپەکارییانەی داگیرکەران بەکاری هێناوە.



### ٦- ڕەمزی مێژوویی:

مێژوو، کەسایەتییە مێژووییەکان، ڕووداوە مێژووییەکان سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندن بۆ شاعیران هەتا وەکو ڕەمز شیعرەکانیانی پێ دەوڵەمەند دەکەن. مێژوو گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە بەردەوام مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە. مێژوو [زانستی زانستەکانە، وەك خوێی چێشت وایە بۆیان،... بەڵام لە هەموان گرنگتر مێژووی ژیانە کە گشت زانستەکان و ڕووداوەکانی ڕۆژانە و ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە، بۆ هەر کەسێك بیەوێت دەرسەکانی مێژوو گەورەن، یەکجار گەورەن. نەمری ڕاستەقینە لای مێژووە]، [٤٩: ٧] هەر بۆیە سوود وەرگرتن لەو مێژووە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

پیرەمێرد لە شیعری (صەڵای صەڵاح)دا دەڵێ:

دیسان وا کۆستی نوێمان کەوتەوە
گەڕی گەردوونە کوردی گرتەوە
ئەم دوو دار تەرمە دوو نەڕەشێرە
زنجیریان پچڕان گەیینەوە ئێرە
لەڕێی ئێمەدا گیانیان فیداکرد
ناوی بڵندیان وا بۆ خۆیان برد [٣٨: ٦٧]

(ئەم دوو دار تەرمە دوو نەڕەشێرە) مەبەست لە شەهیدان (مستەفا خۆشناو و محەمەد قودسی)یە کە بەدەستی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق لە ١٩٤٧/٦/١٩ شەهیدکران. پیرەمێرد وەکو ڕەمزی قوربانیدان و گیان فیداکردن بەکاری هێناوە.

شێخ نوری لە شیعری (١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨)دا دەڵێ:

عالەم ڕژایە قەسرەوە، ناو ژوور و ناو تەلار
لاشەی گەماڵە گەورەیان خستە ناو هەزار
هەروەك سەگێکی بۆگەنی تۆپیو لە ڕێ گوزار
کەنناسەکان، کە ئەیبەنە دووری کەناری شار [٢: ٣١٠]

(لاشەی گەماڵە گەورە و سەگێکی بۆگەنی تۆپیو) ڕەمزن بۆ (نوری سەعید) کە لە ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨ کودەتا بەسەر ڕژێمی مەلیکیدا کرا و ڕژێمی جمهوری هاتە سەر حوکم. میللەتی کورد چاوەڕوانی زۆر شتی مەزنی لەم شۆڕشە دەکرد و ڕژێمی مەلیکی پێ باش نەبوو، ئەمەش وای لە شاعیر کردووە کە زۆر بە خۆشحاڵییەوە باسی ئەو کودەتایە بکات و بەتوندیش هێرش دەکاتە سەر مەلیك و ڕژێمەکەی.

گۆران لە شیعری (یادی پیرەمێردی بوێژ)دا دەڵێ:

ئەم بەهارە
لەسەر گردی مامەیارە
بۆ یانزە جار
نوێ گوڵاڵەی سووری بەهار
خوێنی ڕژایە سەر گیای سەوز،
خوێن پەنگی خواردەوە وەك حەوز...          [١٢: ٢٥٣]

نوێ گوڵاڵەی سووری بەهار ڕەمزە بۆ شاعیری گەورەی کورد (پیرەمێرد) کە لە بەرواری ١٩٥٠/٦/١٩ کۆچی دوایی کرد و لە گردی مامەیارە نێژرا. شاعیر لەیادی تێپەڕبوونی یانزە ساڵ بەسەر کۆچی دوایی (پیرەمێرد)دا ئەم شیعرەی گوتووە.

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەگەینە ئەوەی کە (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) هەر یەکەیان بەشێوازی خۆی لە بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی ڕەمزدا دەستی باڵایان هەبووە و توانیویانە شێوازەکانی ڕەمز و جۆرەکانی بە مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیستاتیکی بەکاربهێنن، و لەڕێی ڕەمزەوە بەهایەکی ئیستاتیکی ڕازاوەیان بە شیعرەکانیان بەخشیوە، هەروەها لە دروستکردنی ڕەمزدا سوودێکی زۆریان لە خوازە و خواستن و لێکچواندن وەرگرتووە و بەشێوەیەکی هاوچەرخانە مامەڵیان لەگەڵ ئەم هونەرانەدا کردووە بۆ



دروستکردنی ڕەمزەکان. ئەم شاعیرانە لەڕێگەی ڕەمزە کەسیی و گشتی و ئەفسانەیی و ئاینی و کەلەپووری و مێژووییەکانەوە ئەو واتا و مەبەستانەی هەیانبووە بە خوێنەرانیان گەیاندووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە شیعرەکانی ئەم شاعیرانەدا ئەوەیە کە زیاتر پەنایان بردووەتە بەر ئەو ڕەمزانەی لە ناو میللەتانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و میللەتی کورد بەتایبەتی هەبوونە.

## تەوەری سێیەم
## ئەفسانە

### چەمك و زاراوەی ئەفسانە:

ئەفسانە یەكێكە لەو بەها ئێستاتیكییانەی كە لە شیعری نوێدا گرنگییەكی زۆری پێدەدرێ. زاراوەی ئەفسانە (Myth) لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی (Mythos) كە بە واتای (وشەی وتراو) دێ، پاشان ئەم وشەیە وەرگیرا و وایلێهات واتای (چیرۆكی خواوەندەكان) بگەیەنێت. [٥٩: ١١] ئەفسانە [ئەو چیرۆكەیە كە دانەرەكەی یان ڕەگەزەكەی شاراوەیە و هەوڵ ئەدات ڕەوتەكانی سروشت، بەدیهاتنی جیهان و مرۆڤ، یان خووە نەریتییەكان، دامەزراوە سیاسییەكان و ئاهەنگە ئاینییەكان دەربڕێ]. [١٠: ١٨] ئەفسانە زیاتر مامەڵە لەگەڵ هەست و سۆزی مرۆڤدا دەكات نەك عەقڵی، چونكە ئەفسانەكان شتی لە ڕادەبەر و ناعەقڵانین و دەكەونە سەرووی بیركردنەوەی مرۆڤەوە و هەرگیز ناتوانرێ بەڕاست دابنرێن، ئەگەر لە بنەڕەتێكی ڕاستیشەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر شتی ناعەقڵی و نالۆژیكی تێكەڵبووە ناكرێت وەك شتێكی ڕاستەقینە سەیر بكرێت یان بەپێوەری عەقڵ هەڵسەنگێندرێ.

ئەفسانە زاراوەیەكی پەسەند و جێی بایەخ پێدانە لە ڕەخنەی ئەدەبی نوێدا، چونكە [ئاماژە بۆ كێڵگەیەكی گرنگی واتا دەكات، كە ئاین و فۆلكلۆر و مرۆڤناسی و كۆمەڵزانی و شیكردنەوەی دەروونی و هونەرە جوانەكان بەشداری تێدا دەكەن] [١١٥: ٢٤٥]

ئەفسانە مێژوویەكی كۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە سەرەتاییەكانی مرۆڤ و یەكەمین سەرچاوەی مرۆڤایەتییە بۆ گوزارشكردن لە بیروباوەڕەكانی، چونكە [ئەفسانە یەكەم قۆناغی بیركردنەوەی فەلسەفی ئەنوێنێ، ئەم قۆناغە فەلسەفییە



سەرەتاییە وەك قۆناغە فەلسەفییەكانی تر لە ئەنجامی قووڵبوونەوەلە دیاردەكانی كەون و پێوەندییان بە ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەرز پەیدا ئەبێ] [٥٩: ١٤]

چەمكی ئەفسانە لە (هونەری شیعر)ی (ئەرستۆ)دا هاتووە. (ئەرستۆ) بەواتاكانی [گرێی ڕۆمان (Plot) یاخود بینای ڕۆمان ... و چیرۆك لەسەر زمانی ئاژەڵان یان چیرۆكە ناماقوڵەكان كە لەسەر بنەمای ڕامان و خەیاڵی بێ بەرنامە دامەزراوە] [١٤٣: ١٠] بەكاری هێناوە.

زاراوەی ئەفسانە لە زۆربەی زمانەكانی جیهاندا بەكاردێ و لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Myth) و لە زمانی فەرەنسیدا وشەی (Mythe) و لە زمانی ئەڵمانیدا وشەی (Mythos) و لە زمانی یۆنانیدا وشەی (Muthos) و لە زمانی عەرەبیدا وشەی (أسطورة) و لە زمانی كوردیشدا وشەی (ئەفسانە) بەكاردەهێنرێ و ئەو زانستەش كە لە ئەفسانە دەكۆڵێتەوە پێی دەگوترێ میتۆلۆجی (Mythology).

چەمكی ئەفسانە بەشێوەیەكی گشتی چوار لایەن یان چوار واتای هەیە كە ئەمانەن:

١- ڕووداوێكی ئەفسانەیی (Legendary) دەربارەی بوونەوەرێك كە لەسەرووی ئاستی مرۆڤەوەیە (Superhuman Being).
٢- چیرۆكێك دەربارەی ڕووداوێكە كە توانای ئاراستەكردنێكی تایبەت و لۆژیكیانەی نییە.
٣- ئەو باوەڕەی كە ناسەپێت و بەتەنها لەبەر لایەنە هێمائامێز و میتافیزیكییەكانەوە قبوڵكراوە.
٤- هەر جۆرە چیرۆكێك یان بیرێكی ناڕاستەقینە دەربارەی كەسایەتییەكان یان ڕووداوە میتافیزیكییەكان بێت. [٤١: ٢٤]

**پێناسەی ئەفسانە:**

(فۆنگ) لە فەرهەنگەکەیدا ئەفسانە بەو بیروبڕوایانە پێناسە دەکا کە دەربارەی گەردوون و دیاردەکانی گوتراون و دەڵێ: [ئەفسانە ئەو ڕووداوانە باس دەکات کە لە سەردەمێکی زۆر کۆندا ڕوویان داوە و ئەو دیاردە کەونییە لە توانا بەدەرانە شیدەکاتەوە و هۆی پەیدابوونیان ڕووندەکاتەوە] [٥٩: ١١]

(جیمس فریزەر) ئەفسانە بە سیحرەوە دەبەستێتەوە و دەڵێ: [ئەفسانە پەیوەندە بە باری قۆناغی سیحریی بنیادەم، بەلای ئەو ئەفسانە لە قۆناغە بەراییەکاندا هاوشانی سیحرە و بەپێی گۆڕانی باری تێگەیشتن و پێشکەوتن سیحر و چەمکی ئەفسانەش بەرەو پێش دەچێت] [١٧: ٣٦]

(یونگ) ئەفسانە بە دەربڕینێکی ڕەمزی دادەنێ کە گوزارشت لە هۆشیاری کۆمەڵگا دەکا، هەروەها بڕوای وایە ئەفسانە و خەون لەیەکدەچن و لەم بارەیەوە دەڵێ: [دەربڕینێکی ڕەمزییە گوزارشت لە هۆشیاری و ئارەزووە کپکراوەکانی نەستی دەستە جەمعی کۆمەڵگایەك دەکا، لەمەشدا وەکو خەون وایە بە نیسبەت تاکەوە، خەون ئەفسانەیەکی تاکەکەسییە و بە گوزارشتێکی ڕاست ئەو ئارەزووانە ڕووندەکاتەوە کە لە نەستی مرۆڤدا شاردراونەتەوە] [١٣٦: ٢٥]

(بیتر مونز) ئەفسانە بەو چیرۆکانە دادەنێ کە سیمایەکی خورافی یان سیحرییان هەیە و دەڵێ: [ئەفسانە یان وێنەی مەجازی (Myth) یان (Mythos) جۆرە چیرۆکێکە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەئاسانی تێکەڵی ئەو چیرۆکانە دەبێ کە سیمایەکی خورافی یان سیحرییان هەیە، ئەو زاراوەیە لەبنچینەدا ئەغریقییە بە واتای ئەو (وشانەی دەگوترێن) دێ و دوایی زاراوەکە بەوە لێکدرایەوە کە حیکایەتی خواوەندی بێ] [١٨: ١٧٠]

(جیرالد لارسۆن) ئەفسانە بە چیرۆکی خودا و هێزە نادیارەکانی سروشت دادەنێ و دەڵێ: [چیرۆکێك یان کۆمەڵێك چیرۆك یان داستانە کە دروستکراوە دەربارەی خودا و هێزە نادیار و ئالۆگۆڕکراوەکانی نێوان خەڵك لەنێوان عەشرەت و هۆز و کۆمەڵە



(عرقی)ەکان بۆ مەبەستی لێکدانەوەی ئەزموونەکانی و جیهانەکەی بەشێوەیەکی تاکی یان کۆمەڵی] [١٤٣: ١٠]

(مارکس) بڕوای وایە ئەفسانە [پێشکەشکردنێکی هونەریی نەستییە بۆ سروشت. هەر ئەمەش هۆکاری بەکارهێنانی وێنە ئەفسانەییەکانە لە زۆربەی هونەرەکاندا بەلێکدانەوەی جیاواز].[١٤٨: ٢٣]

(بیرییە) ئەفسانە بە ڕەنگدانەوەی کۆبوونەوەی دژەکانی ناو ناخی مرۆڤ دادەنێ و مرۆڤ لە ڕێگەی ئەفسانەوە هەوڵی دۆزینەوەی خۆشبەختی دەدات و دەڵێ: [هەموو ئەفسانەکان ڕەنگدانەوەی کۆبوونەوەی دژەکانی ناو ناخی مرۆڤ بەنیسبەت جیهان و خودی خۆیەوە و ڕەگەزی گرنگ لە ئەفسانەکاندا هەوڵدانە بەرەو خۆشبەختی کە مرۆڤ لە ئەفسانەدا دەیدۆزێتەوە] [١٠٤: ٥٢]

(د. عبدالحمید یونس) لە پێناسەی ئەفسانەدا دەڵێ: [چیرۆکی خودا یان نیمچە خودا یان بوونەوەری سەررووی سروشتە کە بە لۆژیکی مرۆڤی سەرەتایی دیاردەکانی ژیان و سروشت و گەردوون و سیستەمی کۆمەڵایەتی و سەرەتاکانی زانیاری لێکدەداتەوە و لەم کارەشدا پەنا دەباتەبەر دیاریکردن و نواندن و شیکردنەوە] [١٢٧: ٣٤]

(عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) ئەفسانە بە جۆرێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دادەنێ و دەڵێ: [گەر لە کونجی فەلسەفەوە بڕوانینە ئەفسانە، ئەتوانین بە جۆرێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دابنێین، هەروەك بە هەوڵدانێکی سەرەتایی مرۆڤ ئەزانرێ بۆ ئەوەی لە جیهان بگات و جیهان بناسێت]. [٣٥: ١٢]

ئەگەر بەوردی سەیری ئەم پێناسانە بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە لە ئەفسانەدا پێویستە دوو ڕەگەزی سەرەکی هەبێ کە ئەمانەن:

١- پێویستە کەسایەتی ناو ئەفسانە لەسەرووی سروشت بێت (خودا یان نیمچە خودا یان بوونەوەری سەرووی سروشت).

٢- بەشداری کردنی ڕەگەزی ئەندێشە و خەیاڵ و ناماقوڵ و خورافە لە پێکهاتەی ئەفسانەدا.

**جۆرەکانی ئەفسانە:**

١- ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاینییەکان: بریتییە لەلایەنی قسەیی، یان دەربڕینی زاریی ئەم بۆنە و نەریتە ئایینیانە.

٢- ئەفسانەی گەردوونی: ئەرکی ئەم ئەفسانەیە ئەوەیەکە بەپێی لێکدانەوەی مرۆڤی سەرەتایی دەری بخات کەوا چۆن ئەم گەردوونە دروست بووە.

٣- ئەفسانەی هێمایی: ئەم چەشنە ئەفسانەیە لە قۆناغێکی پێشکەوتووتر لە قۆناغەکانی ئەفسانەکانی تر پەیدابووە، کە تەنیا خۆی بە گەردوونەوە نابەستێتەوە، بەڵکو لەناو جەرگەی ژیانەوە هەڵئەقوڵێ.

٤- ئەفسانەی قارەمانی خواوەند: لەم چەشنە ئەفسانەیەدا قارەمانەکە ئاوێتەیەکە لە ئادەمیزاد و خواوەند. قارەمانی ئەم چەشنە ئەفسانەیە لەلایەکەوە خواوەندێکە و لەلایەکی تریشەوە ئادەمیزادێکە سیفەتە ئادەمیزادییەکانی بە ژیانی سەرزەمینەوەی دەبەستێتەوە. [٤٣: ٤١ - ٤٤]

**ئەفسانەی کوردی:**

بێگومان هەموو میللەتانی دنیا ئەفسانەیان هەیە کە زۆر ڕەگەزی هاوبەشیان لەنێواندا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لایەنی ترەوە لێکجیادەبنەوە ئەمەش بەپێی سروشتی کۆمەڵایەتی و ئاینی و شوێنی جوگرافی ... ئەفسانەی کوردی خاوەن هەندێ تایبەتمەندییە کە لە ئەفسانەی میللەتانی دیکەی جیادەکاتەوە. ئەفسانەی کوردی [ئەو چیرۆکەیە کە دانەرەکەی دیار نییە و لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگێڕدرێتەوە و کەسییەتی ئەفسانەیی بەهۆی ئامێر و کەرەستەی ئەفسانەیی لە کات و شوێنی ئەفسانەییدا کاری ئەفسانەی تێدا دەکەن] [٥٦: ١٥]

لە ئەفسانەی کوردیدا بەشێوەیەکی سەرەکی دوو هێز یان دوو خواوەند دەردەکەون کە بریتین لە خواوەندی خێر و ڕووناکی (هورمزد Ormuzd ) کە سوپایەکی نەبینراوی لەشێوەی پەری لەبەردەست دایە بۆ یارمەتیدانی مرۆڤ و چاکەکاری بەکاری



دێنێ و خواوەنی شەڕ و تاریکی (ئەهریمەن Ahriman) کە سوپایەکی نەبینراوی لەشێوەی دێو و درنج و مار و ئەژدیهای لەبەردەست دایە بۆ خراپەکاری بەکاریان دێنێ و (ئاهوورەمەزدا)ش خواوەندی گەورەیە و ئەم دوو هێزەی لەبەردەست دایە. [٤٧: ١٠]

ئەفسانەی کوردی بەردەوام کێشمەکێشی نێوان ئەم دوو هێزەیە (هێزی چاکە و هێزی خراپە) و [لەم کێشەیەدا هێزی خێرخوا کە بریتییە لە ئادەمیزاد و ئەمە وێنەی میللەتە، هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە، لە هەموو شوێنێکدا هەیە و بێ ترس لەژێر تیشکی ڕۆژدا ئەژی و هەر چاکە و خۆشەویستی بنیادناوە، بەڵام هێزی خاپە و بەدی کەمە و لە تاریکیدا ئەژی، لە ئەشکەوت و کۆلانی تاریکدا، لە کەلاوەی کۆن و وێرانەدا، لە تیشکی ڕۆژ ئەترسێ و هەر ڕۆژ هەڵات ئەو ون ئەبێت] [٣٥: ١٤]

ئەفسانەی کوردی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە لە ئەفسانەی میللەتانی تری جیادەکاتەوە، کە ئەمانەن:

١- تایبەتمەندی زمانی: بە زمانی کوردی دەگێڕدرێتەوە.

٢- تایبەتمەندی مێژوویی: باس لە واقعی مێژووی کورد دەکا بەشێوەیەکی ئەفسانەیی.

٣- تایبەتمەندی ئاینی: بەشێوەیەکی ئەفسانەیی باس لە سەرهەڵدانی ئاینە کوردییەکان دەکەن.

٤- تایبەتمەندی جوگرافی: باسی جوگرافیای کوردستان یان شوێنێکی جوگرافی تایبەت بە کوردستان دەکات.

٥- تایبەتمەندی دابونەریتی کۆمەڵایەتی: باس لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کورد دەکات. [٨٣: ١٨]

**شیعر و ئەفسانە:**

شیعر و ئەفسانە پەیوەندییەکی پتەو و گرنگیان بەیەکەوە هەیە، ئەم پەیوەندییەش مێژوویەکی کۆنی هەیە، [ئەفسانە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکی پتەوی بە ئەدەب و هونەرەوە هەیە لە کۆن و نوێدا. لێرەدا بڕوایەکی چەسپاو هەیە بەوەی ئەفسانە پەیوەندییەکی پتەوی بە ئەدەبەوە هەیە تا ئەو پلەیەی کە چارەنووسی هەریەکێکیان پەیوەستە بەوی ترەوە. (فریدریك شلێگڵ) وای دەبینێ کە ئەفسانە و شیعر یەك شتن و ناکرێ جیاوازی لەنێوانیاندا بکرێ] [١٧٤: ٤٧] ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سروود و ڕێوڕەسمە ئاینی و جادووییەکان بەشێوەی شیعر و گۆرانی گوتراون. [شاعیرەکان ئەفسانە وەردەگرن بۆ گوزارشتکردن لە فکرەیەك یان ڕۆشنایی خستنە سەر فکرەکە یاخود گواستنەوەی بۆ کەشوهەوایەکی کاریگەر] [٩٢: ٦٥]

(د.کەمال مەعروف) ئەفسانە بە جۆرێکی ئەدەبی ناو دەبات کە دەوڵەمەندییەکەی وایکردووە شاعیر وەکو کەرەستەیەکی شیعری بەکاری بهێنێ و دەڵێ: [ئەفسانە جۆرە ئەدەبێکە بەستەڵەك بەلاوە دەنێ و بەرەو پێشکەوتن و گۆڕان هەنگاو دەهاوێژێ، دەوڵەمەندی جیهانی ئەفسانە بۆتە هۆی مانەوەی وەکو سەرچاوەیەکی ڕەنگین بەدەست شاعیرانی نوێخوازەوە] [٧٨: ١٤٥]

(د. عیزەدین ئیسماعیل) بڕوای وایە شیعر و ئەفسانە هەر لە کۆنەوە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە و هەر ئەمەشە وایکردووە لە شیعری نوێدا گرنگییەکی زۆری پێ بدرێت و لەم بارەیەوە دەڵێ: [لە دیاردە هونەرییە بەرچاوەکان کە سەرنج ڕادەکێشێ لە ئەزموونی شیعری نوێدا زۆر بەکارهێنانی ڕەمز و ئەفسانەیە وەك هۆکاری دەربڕین. ئەمەش شتێکی نامۆ نییە کە شاعیر ڕەمز و ئەفسانەکان لە شیعری خۆیدا بەکاربهێنێ، چونکە پەیوەندی کۆن لەنێوان ڕەمز و ئەفسانە و شیعر ئەم بەکارهێنانەی سازاندووە] [١٣٢: ١٩٥]

(بەختیار عەلی) ئەفسانە بە پێویستییەکی گرنگی شیعر دادەنێ و دەڵێ: [ئەفسانە بۆ شیعر گرنگە، چونکە ئەفسانە هەمان شێوە ئەو چاوەیە کە لەسەرەتاوە



مرۆڤ جیهانی پێ بینیوە. ئەو چاوە میتۆلۆگییە چاوی سەرەتایە، چاوی مرۆڤە بەرلەوەی لۆژیگ و لۆگۆس و هێزەکانی تر کۆنترۆڵی بکەن] [٦٧: ١٠]

(ڕەزا بەراهەتی) ئەفسانە بە حاڵەتی هەرەبەرز و لوتکەی شیعر دادەنێ و بڕوای وایە ئەفسانە بنەمای هەرەسەرکی و لوتکەی داهێنانی شیعرە و دەڵێ: [بنەما سەرەکییەکانی شیعر کێش و سەروا نییە، بەڵکو کۆمەڵێ شتی لەمانە باڵاترن و پێویستە نێویان بنەین جەوهەر و کرۆکی زیندووی شیعر، ئەم جەوهەر و کرۆکانەش لە حاڵەتە هەرە سادەکەیدا بریتین لە لێکچوون و لە حاڵەتێکی هەندێ ئاڵۆز و باڵاتردا بریتین لە خوازە و لە حاڵەتێکی باڵاتر و قووڵتردا بریتین لە ڕەمز و پاشان لە حاڵەتی هەرە بەرز و لوتکەکەیدا بریتین لە ئەفسانە] [٦٩: ٣٢]

(مارك شورر) وای دەبینێ [ئەفسانە ئەو بنەمایەیە شیعرە کە شیعر ناتوانێت دەست بەرداری بێت] [١٧٤: ٤٧]

**ئەفسانە لە شیعرەکانی (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران):**

ئەفسانە لای شاعیرانی کورد هەر لەکۆنەوە بەکارهاتووە و شاعیرانی کلاسیك لەسنوورێکی تەسکدا و لەنێو هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە ، وەکو لێکچواندنی زولفی یار بە مار و ئەژدیها یاخود یار و خۆشەویست بە پەری، بەڵام ئەفسانە وەکو دیاردەیەك لە شیعری نوێی کوردیدا بەشێوازێکی نوێ دەرکەوت و شاعیرانی نوێی کورد گرنگییەکی زۆریان بە ئەفسانە دا. ئەمەش [لەئەنجامی کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپییەوە سەری هەڵداوە، بەتایبەتی شاعیرانی ئینگلیزی دوای (ییتس) و دوو شاعیری گەورەی تر (ئەروا پاوەند) و (تۆماس ئەلیوت) شوێن پەنجەیان لەم بوارەدا دیارە] [٧٨: ١٤٥]

(پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) گرنگیان بە ئەفسانە داوە و لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناون، چونکە ئەفسانە زیندوویی و بەردەوامی بە شیعرەکە دەبەخشێ و دەبێتە هۆی نەمری شیعرەکە.

پیرەمێرد لە شیعرەکانیدا گرنگی بە ئەفسانە داوە و لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە. پیرەمێرد زیاتر ئەو ئەفسانانەی بەکارهێناوە کە لە کەلەپووری کوردەواریدا هەن، وەکو (دیوزاد، خدری زیندە، کێوی قاف، مێردەزمە، بووم، پەری، جەزیرەی واق واق، کاوەی ئاسنگەر، ...).

پیرەمێرد لەشیعری (بەیادی "ملك الشعراء" ڕەمزی)دا دەڵێ:

دڵی دڵ ڕاگرە ! چونکو لەگەڵ تۆ کۆنە یارێکە
دەمێ هاودەمبە، بەڵکو پێت ئەڵێت: ئازوەردەکارێکە
بە ئەگریجەی ڕەشی ڕووی بەرگی ماتەمپۆشی ئەفسوونە
وەها کارێ دەکا بۆ کوشتووانی، تەعزێدارێکە
کە زوهرە دێتە بورجی ناز و تاجی لەسەریدەگرێ
خەڵووزە، دڵ دەسوتێنێ چنوورێك و چنارێکە [٣٨: ٤٧]

شاعیر لەم شیعرەدا (زوهرە)ی بەکارهێناوە. زوهرە هەسارەیەکی کۆمەڵەی خۆرە لە ئەفسانەدا ڕەمزی (ئەفرۆدیت)ی خواوەنی جوانی یۆنانی کۆن و (ڤینۆس)ی خواوەندی جوانی ڕۆمانییە. [٤٧: ٣٣] پیرەمێرد سیفەتی ئافرەتی بەخشیوەتە ئەم هەسارەیە.

پیرەمێرد لەدێڕە شیعرێکدا باس لە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر دەکا و داوا لە میللەتی کورد دەکا کە یادی کاوە بکەن و شوێن پێی هەڵبگرن بۆ ئەوەی میللەت ڕزگاری بێ و دەڵێ:

یادکەن برایان! یادکەن، یادی کاوەی ئاسنگەر
سەر ڕێ و شوێن بگرن، تاکو وەتەن بێتەدەر [٣٩: ١٢٢]

پیرەمێرد لەشیعری (لەتیفەی جنسی لەتیف)دا دەڵێ:

بە دوو زولفی وەك زنجیر
پێم بەسترابوو وەك نێچیر
پێکەنی وتی ئەی پیر
وا تۆیشم هێنایە گیر



وەك جوانێکی بەختیار
پێم گوت: پیری ئازادم
قەلەندەری دڵشادم
بەندێنیم بەند گوشادم
قەهرەمانی دێوزادم
وا بۆ تۆ هاتمە ژێربار [٣٨: ١٣]

پیرەمێرد لەم شیعرەدا ئەفسانەی (قەهرەمانی دێوزاد)ی بەکارهێناوە وەك ڕەمزێك بۆ ئازایەتی و چاونەترسی، چونکە لە ئەفسانەی کوردیدا ئەو کەسانەی دەتوانن شەڕ لەگەڵ (دێو و درنج)دا بکەن و زاڵبن بەسەریاندا، ئەوانە پاڵەوانن و دەبنە نموونەی ئازایەتی و قارەمانێتی، هەربۆیە شاعیر خۆی بە (قەهرەمانی دێوزاد) چواندووە کە دەتوانێ لە بەرامبەر ئازار و ناخۆشییەکانی یارەکەیدا ڕابووەستێ و تەنانەت سەرکەوتووش بێت.

هەروەها شاعیر لە شیعری (چیرۆکی گوڕنەتەڵە)دا چیرۆکێکی ئەفسانەیی بەرئاگردانی وەرگرتووە و شیعرێکی لێ دروستکردووە و لە شیعرەکەدا چەند ناوێکی ئەفسانەیی دەبینرێ وەك (مار، دێو، دەڵەدێو). شاعیر لە شیعرەکەدا باس لە چەند مناڵێکی لاسار دەکا کە لە شار دەرچوونە و شەویان بەسەردا هاتووە و ڕۆشناییەکیان بەدیکردووە و بەرەو ڕووی ڕۆیشتوون و بینیویانە لە ئەشکەوتێکدا دەڵەدێوێك وا خەریکە نان دەبرژێنێ.

هەشت نۆ مناڵێکی لاسار
ڕۆژێ دەستیان دابووە دار
وتیان: بۆ کەشافەی دەچین
وا چاکە لە پێشدا فێربین
لەوێ ڕۆژیان لێ ئاوابوو
گوڕنەتەڵەیەکیان تیابوو
وتی: تاریکمان بەسەرهات
مار و مێروو لەکون دەرهات

هەروا ڕۆین شاخ و کێو بوو
تێفکرین دێ نەبوو، دێو بوو
دەڵەدێو لەگوێ ئاگردان
خەریکبوو نانی دەبرژان

دەڵەدێو بەبینینی منداڵەکان زۆر خۆشحاڵدەبێ و بەدیاری شەیتانی دادەنێ، بۆیە بە گەرمی پێشوازییان لێدەکات و نانی گەرمیان دەداتێ و دەیان خەوێنێ، یەکێك لە منداڵەکان زۆر زرنگ دەبێ و لەترسی دەڵەدێو ناخەوێ و داوای برێشکە و ترێ دەکا و دێوەکە بۆی دەهێنێ، پاشان داوای ئاوی ناو بێژنگ دەکا، دەڵەدێو دەچێ بۆی بێنێ هەرچەند دەکا ناتوانێ و ڕۆژی بەسەردا دێ، کە دەگەڕێتەوە دەبینێ منداڵەکان ڕۆیشتوون:

وتی وا شەیتان بۆی ناردم
شەوی یەکێکیان لێ دەخۆم
گوڕنەتەڵە وتی: گشت خەوت
تەنها گوڕنەتەڵە نەخەوت
وتی: هەموو چشت تەواوە
ئاوی ناو بێژنگمان ماوە
دەڵەدێوی هۆش ناتەواو
بێژنگی هەڵگرت چوو بۆ ئاو
کە تێفکری وا ڕۆژهەڵات
چوو بزانێ منداڵ چی لێهات
کە ڕوانی وێرانەی بەتاڵ
نە ماڵی ماوە نە منداڵ

پیرەمێرد لە کۆتایی شیعرەکەدا مەبەستێکی سیاسی دێنێتە ناوە ئەویش تەدبیرکەر و سەرکردەیە، کە قەومی بێ سەرکردە کە (شاعیر بە عەقڵ ناوی دەبا) هیچ ئومێدێکی



نییە و سەرکەوتوو نابێ، بەڵام ئەگەر گەلێك خاوەن سەرکردەی لێزان و بەتوانا بێت ئەگەر تووشی ناخۆشیش بێ" ئەوا بە بیری ورد و لێزانی گەلەکەی لەو ناخۆشییە ڕزگار دەکا:

هەرچی تەدبیرکەری نەبێ
هیچ بەهیوای سەری نەبێ
قەومێ، کە عاقڵی تیابێ
ئەمین بە هیچی بۆ نابێ [٣٨: ٦٩]

پیرەمێرد لێرەدا مەبەستی ئەوەیە ئامۆژگاری میللەتەکەی بدات و هانیان بدات بۆ ئەوەی ئەمانیش هەوڵ بدەن خاوەن سەرکردە و سەرگەورەی خۆیان بن بۆ ڕزگاربوون لە نەهامەتی و ناڕەحەتییەکان.

پیرەمێرد لە شیعری (کوردی ڕەوان)دا دەڵێ:

بەیانی بوو، لەخەو هەستام کە ڕوانیم بەفرە باریوە
سلێمانی ئەڵێی بەڵقیسە، تارای زیوینی پۆشیوە [٣٧: ٣٣٤]

پیرەمێرد لەم شیعرەدا وشەی (بەڵقیس)ی بەکارهێناوە کە ناوێکی ئەفسانەییە و شیعرەکەی پێ دەوڵەمەند کردووە. شاعیر شاری سلێمانی بە (بەڵقیس) چوواندووە کە لە ئەفسانەی کوردیدا ئافرەتێکی زۆر جوان و شۆخ و شەنگە، هەندێك بەو ئافرەتەی دادەنێن کە لە قورئانی پیرۆز و لە چیرۆکی حەزرەتی سلێماندا (د.خ) هاتووە. هەروەها دەڵێ:

بەسەر گۆنای سپیدا خشڵی زێڕینە بریسکەی دێ
پەری سەر کێوی قافیش هێندە پرچی زەردی خۆی لێ دێ [٣٧: ٣٣٤]

پیرەمێرد لەم دێڕە شیعرەدا ئەفسانەکانی ( پەری، کێوی قاف)ی بەکارهێناوە و جوانی ئەو کاتەی تیشکی خۆر دەدات لەسەر بەفرەکە و دەبریسکێتەوە لە پرچی پەرییەکانی سەر کێوی قاف بە جوانتری دادەنێ.

پیرەمێرد لە شیعری (لە هێلانەی دڵ)دا لە وێنەیەکی شیعری ڕازاوەدا یارەکەی بە پەری جەزیرەی واق واق دەچوێنێ کە شوێنێکی ئەفسانەییە و دەڵێ:

بەهەر چوار دەورا لە ئاوی دیدەم

جەزیرەیەکت بۆ دێتە بەرهەم
لەوێ وەك پەری جەزیرەی واق واق
چونکە تاقانەی دانیشە بەتاق [٣٨: ٢٩٢]

پیرەمێرد لە شیعری (عەشقی پاك)دا باسی دەروێشێ دەکا کە دڵی دەچێتە کچی وەزیر و وەزیریش بۆ ئەوە خۆی ڕزگار بکا لە دەست دەروێش داوای سەد گەوهەری لێدەکات. دەروێشیش لە خۆشییا ڕوو دەکاتە دەریا و داوا لە مەلیکەی دەریا دەکا کە لە ئەفسانەدا هەموو زیندەوەران و گیانلەبەرانی ناو دەریا لەژێر فەرمانی ئەودان و داوای لێ دەکا گەوهەری لە دەریا بۆ دەربێنێ و دەڵێ:

دەروێش کە ئەمەی بیست لە خۆشییا
کەشکۆڵی هەڵگرت ڕوویکردە دەریا
بەجۆش و خرۆش (یاهو من یاهو)
مەلیکەی دەریای هێنایە (بەر) زوو
بانگکە بە کۆمەڵ گەوهەر دەربێنن
لە گوێی ئەم بەحرە هەڵیڕژێنن [٣٨: ٢٣]

مالیکەی دەریاش داوا لە گیانلەبەرانی ناو دەریا دەکا گەوهەر بۆ دەروێش دەربێنن و ئەوانیش خەرمانێ دوڕ و گەوهەری بۆ دەردەهێنن:

مەلیکەی دەریا جارێدا جارێ
گەوهەر دەربێنن هەریەکە بارێ
ئیتر بەجارێ گەوهەر دەباری
بۆی بوو بەخەرمان دووڕ و مرواری [٣٨: ٢٣]

پیرەمێرد لە شیعری (کۆنەفرۆشی)دا بەشێوەیەکی تەنز ئامێز ڕەخنە لەو بیروڕا ئەفسانەییانە دەگرێ لە کوردەواریدا هەیە، کە بەکارهێنانی متومیرووی شین و ناڵەکەر و سەلکەکەرە بۆ چاوەزار بەلادوورخستنەوە، چونکە لە کوردەواریدا خەڵك ئەو شتانە بۆ خۆپاراستن و دوور خستنەوەی بەلا بەکاردەهێنن و دەڵێ:



شێتێك دەڕۆیی بە گۆشەی شارا
دی، سەلکی کەریان کردووە بە دارا
وتی یاران من هۆشم بەستراوە
لەو سەلکەکەرەی هەڵواستراوە
وتیان ئەو سەلکە بۆ چاوەزارە
ئەمە پارێزی چاوی بەدکارە
پێکەنی وتی: ئەو سەلکەکەرە
لە چاو ئێوەدا پڕ مەغزترە
ئەو بە زیندوویی کە بار ئەکرا
نەقیزەی لەخۆی پێ مەنع نەکرا
ئێستا چۆن بەلا دوور ئەخاتەوە
بۆیە قوڕ درا بە ولاتەوە [٣٨: ١٦٨]

پیرەمێرد لەشیعری (دوێنێ و ئەمڕۆ)دا دەڵێ:

بورجی ڕۆژی کورد کە ڕۆژهەلات بوو
هەلمان هەڵ نەکەوت، بەشمان هەلات بوو
قافیەی ئەکراد هەر بەر نیهاد بوو
بوومی شووم لە شوێن، بوومان دڵشاد بوو [٣٧: ٣٥٠]

پیرەمێرد لەم شیعرەدا باس لە نەهامەتی و ناخۆشییەکانی گەلی کورد دەکا، کە هەر بەشی ناخۆشی و ناڕەحەتی و هەلاتنە، کوندەپەپووش (کە لە ئەفسانەی کوردیدا نیشانەی شوومی و وێرانییە و لەهەر شوێنێك بخوێنێ ئەو شوێنە ناخۆشی ڕووی تێدەکاو وێران دەبێ و دەبێتە کەلاوە) لە شوێنی ئەم گەلە دڵخۆش و شادمانە.

شێخ نوری شێخ سالح لە شیعرەکانیدا لەچاو پیرەمێرد و گۆراندا کەمتر گرنگی بە ئەفسانە داوە. ئەگەر سەیری شیعرەکانی بکەین تەنها چەند نموونەیەکی کەمی ئەفسانە دەبینین کە بریتین لە (دێو، برەهمەند، شەوکێڵ، کوندەپەپوو).

شێخ نوری لە شیعری (بەهار)دا بولبول کە لەبەر پێی گوڵ کەوتووە و بەگریانەوە لێی دەپاڕێتەوە بە (برەهمەند)ی خواوەندی ئەفسانەی هیندی دەچوێنێ کە خەریکی بت پەرستییە. (برەهمەند) لای هیندییەکان [ئەو خواوەندە خولقێنەرەیە کە ژیان دەبەخشێ. ئەو هێزە کاریگەر و دەسەڵاتدارەیە لە گەردووندا کە هەموو شتەکان لەوەوە کەوتوونەتەوە و ڕۆح لەبەرەکانیش داوای بەزەیی و لوتفی لێدەکەن] [1] و شێخ نوری دەڵێ:

بەهارە ئەمڕۆ لە باغا وەنەوشە مەستی ئەکا
صەبا لە پەڕەی گوڵدا ، دراز دەستی ئەکا
لە من فیدایی تری لێرەدا نییە ئەمڕۆ
بە غەیری غونچە کە ڕەفعی حیجابی هەستی ئەکا
لە خاکپای گوڵ وا بە گریە کەوت بلبل
دەڵێی (برەهمەند) مەستانە بت پەرستی ئەکا [٢: ٢٠٨]

شێخ نوری لە شیعری (شیعرێکی ناتەواو)دا دەڵێ:

ئەمجا تۆبی خوا چۆن من بوێرم — کە دەست و برد کەم
لە لووتکەی وا بەرز بێم خۆم هەڵدێرم ملی خۆم ورد کەم
بە کوێرەوەری بە هەناسەی سارد — داماو و غەمگین
لەگەڵ ئەو دەورە بەم جۆرە ڕامبوارد بێ هێز و بێ تین
تا خودا ................... ڕەخسان — وەك شێری مەیدان
تەلیسمی قەڵای دێوەکەی شکاند — بنچینەی ڕووخان
هێلانەی شوومی بوومی سەهەڵۆشان بە داڕووخاوی
گیانی کوندەبووی هەمووی هەڵفڕان — بەباڵ شکاوی
بەسەر دونیاوە ناسوڕێنەوە — تا شەعب مابێ
بیبڕای بیبڕای قەت ناگەڕێنەوە — هەتا هەتایێ [٢: ٢٩٥]

١- شێخ نوری شێخ ساڵح: دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، ل ٢٠٨.



شێخ نوری لەم شیعرەدا باس لە دەسەڵاتداران دەکا کە چۆن خەڵکیان چەوساندووەتەوە و ستەمیان لێکردوون و زیندانییان کردوون و کەس لەترسی ئەوان نەیوێراوە هیچ شتێك بکا یان هیچ بڵێ بەجۆرێك بارودۆخەکە ناخۆش بووە کە وای لە شاعیر کردووە بیر لەخۆ کوشتن بکاتەوە، بەڵام خوا یەکێکی بۆ ناردوون و ئەم ستەمەی دەسەڵاتدارانی کە شاعیر بە (تەلیسمی قەڵای دێو و هێلانەی کوندەپەپوو)ی ناو دەبات لەسەر لابردوون و تەلیسمی قەڵاکەی شکاندووە و باڵی کوندەپەپووەکانی شکاندووە و بە باڵشکاوی هەڵی فڕاندوون و هێلانەکەیانی وێرانکردووە و خەڵکی بۆ هەتاهەتایی ڕزگارکردووە. هەروەها شێخ نوری لەشیعرێکی تردا دەڵێ:

نابینمەوە لێرە یەکێ، یار و وەفادار
حەقمە کە ئەبینم لە شەوا خەو بە مەلاوە
ئینسانی وەکو عەبدە، لەکوێ دەست ئەکەوێ ئاخ
نایدۆزمەوە هەرچەند بگەڕێم بۆی بە چراوە
ئەو شەخصە کەوا لامی قەڵەو لای وەکو (رێ)یە
پیرێکە بە شەو هیممەتی شەوکێڵ بەدوواوە [٢: ٤١٩]

شەوکێڵ شەخسێکە لە شاربازێر، کەسایەتییەکی ئەفسانەییە، گوایە بینیویانە شەوان لە گۆڕەکەی دەرچووە و زەوی کێڵاوە. شاعیر ئەم کەسایەتییە ئەفسانەییەی لە شیعرەکەیدا بەکارهێناوە بۆ تەنیایی خۆی کە وەکو شەوکێڵ ئەمیش بەتەنیایە و کەس نییە هاودەم و هاوڕێی بێت.

گۆران یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە بەکارهێنانی ئەفسانەدا دەستێکی باڵای هەبووە. گۆران لە بەکارهێنانی ئەفسانەدا لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئینگلیزی و بەتایبەتی (ت. س. ئیلیوت) و (ئیدس سیتویل)دا بووە کە [ئاوڕیان لە نرخی کەرەستەی ئەفسانەی کۆن و مێژوو و کەلەپوری نەتەوایەتی دابووەوە و لەناو هۆنراوەکانیاندا بەکاریان دەهێنا بۆ دەربڕینی مانایەکی قووڵی ئەندێشەدار] [٤٧: ٣١]

گۆران لەڕێگەی ئەفسانەوە توانیویەتی ئیستاتیکایەکی بەرز و قووڵییەکی سایکۆلۆژی و واتایەکی زیاتر بە شیعرەکانی بدات و لەم کارەشیدا تەنها پشتی بە ئەفسانە میللییەکان نەبەستووە بەڵکو ئەفسانەکانی یۆنان و ڕۆمانیشی وەرگرتووە لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون و هەر ئەمەش وای لە (کەریم شارەزا)کردووە گۆران بە [شاعیری ڕچەشکێنی ڕێبازی بەکارهێنانێکی نوێی ئەفسانە] [٤٧: ٣١] دابنێ، بەڵام پێویستە لێرەدا ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ئەفسانە هیچ کاتێك وەکو ڕێبازێك دەرنەکەوتووە وەکو (کەریم شارەزا) ئاماژەی بۆ دەکات، بەڵکو وەکو دیاردەیەکی نوێ و بەشێوازێکی جیاواز لە ڕابردوو دەرکەوت و گۆرانیش سەرکەوتووانە وەکو دیاردەیەك بە شێوازێکی نوێ لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی کردووە و ئەم بەکارهێنانەش لە لۆژیکی سیاقیی هەستی شیعرەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و زیندوویەتی بە شیعرەکانی بەخشیوە.

گۆران لە شیعری (گەشت لە هەورامان)دا ئەفسانەی (پێپیلکەی دێو) بەکاردەهێنێ و ماڵەکانی گوندی قەد پاڵی شاخەکانی پێ دەچوێنێ کە لە گەورەییدا لە (پێپیلکەی دێو) دەچن:

خانووی ئەهالیش زۆریان دوو نهۆم:
هەندێ قنج و قیت، هەندێ لار و کۆم
یەك لەسەر یەكتر بەرەو لوتکەی کێو
بۆ ئاسمان ئەچن وەك پێپیلکەی دێو [١٢: ١١٨]

گۆران لەشیعری (زیندانی ئەژدەهاك)دا بیروڕای سیاسی خۆی دژ بە دەسەڵاتی ئەو کاتەی عێراق و دوژمانی کورد بەشێوەیەکی ئەفسانەیی دەردەبڕێ و بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە ئەفسانەی کاوە و زوحاك وەردەگرێ. گۆران سەرەتا ڕوو دەکاتە دوژمنان کە بە ئەژدەهاك دەیانچوێنێ و دەڵێ:

ئەژدەهاك! زیندانت قەڵاقەڵایە"
دیواری کۆنکرێت، دەرگای پۆڵایە
ئەژدەهاك! کون بڕە، سەختە زیندانت



ناڕووشێ بەبڕبەن بەندی گرانت
پاشان دێتە سەر ڕەفتار و ڕەوشتی ئەژدەهاك کە هەر کاری خراپە و کوشتن و بڕینە:

بەڵام تۆ ئەژدەهاك، لە هەڵپەی خۆراك
ناتوانی بکەوی بۆ ماری ناپاك
هەر ئەگری، ئەکوژی، ئەدەی لە گەردن
مێشك دەرخوارد ئەدەی بە ماری نەوسن

ئینجا باسی کاوە دەکا کە هەر ڕۆژێك دێت ڕادەپەڕێ و تەخت و تاراجی ئەژدەهاك لەناو دەبا و خۆشی و ئاسوودەیی دەگەڕێنێتەوە بۆ گەل و وڵات:

تا ڕۆژێك ئەو بیرەی بە ناهەق ڕشتت
ئەو بیرەی واتزانی ئێجگاری کوشتت
تاو ئەدەن تەنووری دەماری کاوە
ئەو چەکوش وەشێنەی ڕۆڵە کوژراوە
ئەخرۆشێ و ئەجۆشێ و کۆمەڵ یەك ئەخا
هەر هەڵسا و ئەبینی زیندانت ڕووخا!
ئەو حەلە هەر لاوێ لە زیندانا مرد
ئەبێتە مایەی بایەخ بۆ نەتەوەی کورد [١٢: ٢٠١]

گۆران لەشیعری (دوا سرنج)دا لەو کاتەی بە بەندی لە موسڵەوە دەیبەن بۆ هەولێر کچێکی قژ زەردی لەناو دەرگایەکدا بینیووە، خۆی بە مەلێکی تاقانەی باخچەی هونەری شیعری کوردی دادەنێ کە دوژمنانی وەك ئەهریمەنی بێزار کردووە و دەیانەوێ زیندانی بکەن و نەهێڵن چیتر بە ئارەزووی خۆی ئاواز بۆ میللەتەکەی بچڕێ:

ئەی قژ زەرد! بە بەژنی ناو دەرگا گرتووت،
هەروەکو پەیکەری شۆخی خەمخواری !
مەلێ بووم لەباخچەی هونەرا بێ جووت،
بۆ جوانیم ڕێك ئەخست شیعری دڵداری !

بەڵام ئەهرەمەنی گەڵای باخ سیسکەر
بێزارە لە جووکەی دەنووکی کوردی
ڕاوکەری دارستان لە باڵدار پیسکەر
جێی چینەی لیێ تەنیم بە داوی وردی [١٢: ١٦٢]

شاعیر لە شیعری (ئیلهامی هاوار)دا ئەفسانەی (خێو)ی وەکو ڕەمزی توانا و دەسەڵات بەکارهێناوە و دەڵێ:

دەروێشێکم دی لەسەر دەخمەی شا
– شای سەڵاحەدین – بەکوڵ ئەگریا
هاواری ئەکرد، ئەیلاوانەوە
دڵی ئینسانی ئەتاوانەوە !
دەروێش میرێك بوو خێوی تەخت و تاج
چەرخ لێی وەرگەڕا کەوتە بەر تاراج [١٢: ١٥١]

گۆران لەشیعری (ئەرۆی ئۆغر)دا ئەفسانەی باڵندەی (هوما)ی بەکارهێناوە کە باڵندەیەك ئەفسانەییە و بەسەر سەری هەر کەسێکەوە بنیشێتەوە خۆشحاڵ و بەختیار و شادمان دەبێ و گۆرانیش داوا لە یارەکەی دەکا وەکو باڵندەی هوما خۆشحاڵ و شادمانی بکا:

کڵاولار، گورجی کەو ڕەفتار! نەزەر ناکەی ئەرۆی ئۆغر؟
لە تیری ئاهی ناکامیم حەزەر ناکەی ئەرۆی ئۆغر؟
بە دووتا ئەشکی حەسرەت خوێن ئەبارێنێ بەسەر دەشتا،
تەماشای لالەزاری ڕا گوزەر ناکەی ئەرۆی ئۆغر؟
لەلای خەڵقی گەدایە گەردی ژێر پێی مولکی دڵداری
بە سایەت وەك هوما تاجم لەسەر ناکەی ئەرۆی ئۆغر؟ [١٢: ٧٧]



گۆران لەشیعری (بەستەی دڵدار)دا پەنای بۆ ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانی بردووە و (زەووس)باوە گەورەی خواکانی یۆنان و (ڤینۆس)ی خوای جوانی لای ڕۆمانی وەرگرتووە و لە شیعرەکەیدا بەکاری هێناوە:

ئەی گەورە کچی زەووس !
خوشکە جوانەکەی ڤینووس !
تۆ ئەپەرستم،
بۆیە وا مەستم !
بۆ ئاینم ئەگەڕێ
هەندێ کەس
با جارِ بدرێ
تۆیت و بەس [١٢: ٥٥]

شاعیر لەم شیعرەدا یارەکەی بەکچی گەورەی زەووس داناوە کە خاوەن دەسەڵات و تانایەکی زۆرە و لە جوانیشدا بو خوشکی ڤینۆسی داناوە، ئەمانەش وایان لێکردووە کە یارەکەی ئاینی بێ و بیپەرستێ.

گۆران لە شیعری (هەڵبەستی پەشیمان)دا دەڵێ:

کفرە لای من لە یار ڕەنجان
پێی لێ ئەنێم ئەی زوهرەی جوان!
هەرزەگۆییم کرد هەرچیم وت،
وا ئەو چڵکەم بە فرمێسك شت،
بە فرمێسکی پەشیمانی،
ئەی زوهرەی ناز، زوهرەی جوانی! [١٢: ٦١]

گۆران لەم شیعرەدا لە جیاتی (ڤینۆس) (زوهرە)ی خواستووە و یارەکەی پێ چواندووە. زوهرە هەسارەیەکی کۆمەڵەی خۆرە و ڕەمزە بۆ خواوەندی جوانی و سیفەتێکی ئافرەتانەشی پێ بەخشیوە. هەروەها لە شیعری (بۆ خانمێك)دا لەجیاتی ئەوەی ناوی

(ڤینۆس) یان (زوهره) یان (ئافرۆدیت) بهێنێ، شاعیر ڕاستەوخۆ هاتووە (خواژنی جوانی) بەکارهێناوە و یارەکەی پێ دەچوێنێ:

ئەمجا بە پەڕوباڵی تەڕ و فێنکی بۆسە
تێرتێر ئەسڕم، خانمەکەم، گەردی سەفەر لێت
نازانم ئەبێ چۆن بگەمە باسی ویساڵت
تۆ خواژنی جوانیت و ئەکەم فەرتی حەیا لێت [١٢: ٥٩]

گۆران لەشیعری (نیاز)دا دەڵێ:

ئەمجا ئەی یار، ئەی خواژنی عەشقم، ئەی ڤینۆس
ئەی هەیکەلی بەدەن لە عاج، تواڵێت ئابنووس،
هیچ نەبێ تۆ، بۆ خاتری جاهی ئەپۆلۆ،
مەلی شیعرم مەیدان مەدە بکەوێ لە گۆ! [١٢: ٦٤]

شاعیر لەم شیعرەدا ئەفسانەی (خواژنی عەشق، ڤینۆس) بەکاردێنێ و داوای لێدەکات لەبەرخاتر (ئەپۆلۆ)ی خواوەندی شیعر و حیکمەتی یۆنانی کۆن یارمەتی بدات و نەهێڵێ مەلی شیعری لە گۆ بکەوێت، بەڵام لە شیعری (هاوڕێم بێکەس)دا لە جیاتی بەکارهێنانی (ئەپۆلۆ) (پەری شیعر) بەکاردێنێ و دەڵێ:

پەری شیعری شۆخ و شەنگ
تۆ دڵتەنگ و من دڵتەنگ
با سکاڵا بۆ یەکتر
لەگەڵ ئاخی سارد و سڕ
دوور و درێژ هەڵڕێژین:
مەیتی بێکەس ئەنێژین
ئاشنای تۆ بوو هاوڕێی من
لێی داگیرکردین مردن [١٢: ٩٣]



گۆران لەشیعری (گەشت لە قەرەداغ)دا ئەفسانەی (کیووبید) بەکاردێنێ کە خواوەندی دڵدارییە لای یۆنانی کۆن و دەڵێ:

ڕۆژ: ڕۆژی شایی، کات بەیانییە،
تەبیعەت مەستی بزەی جوانییە!
بووکی ژێر تارای ڕەنگ ئەرخەوانی
شۆخ و شەنگە وەك گوڵی بەیانی!
ئێمەش لەشکرین بۆ خوای دڵداری:
خاتووزین ئەبەین بۆ مەم بە دیاری!
سا تو خوا دەنگخۆش دەی قەتارەکەت،
کوڵنجەڕێ ڕێ و هەوری لارەکەت!
ئاخۆ (کیووبید) دیاری جوانی
بۆ ژیان ئەوێ، یان بۆ قوربانی؟ [١٢: ١٢٧]

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەوەی کە (پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران) گرنگیان بە ئەفسانە داوە و لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناون و بەهۆی ئەفسانەوە ئیستاتیکایەکی جوان و قووڵییەکی سایکۆلۆژییان بە شیعرەکانیان داوە. ئەگەرچی ئەفسانە بەشێوەیەکی کەم و سەرەتایی لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح دەردەکەوێت، بەڵام لای گۆران ئەفسانە بایەخێکی تایبەتی پێ دراوە.

پیرەمێرد لەشیعرەکانیدا بەشێوەیەکی گشتی هەوڵی داوە ئەو ئەفسانانە بەکاربێنێ کە لە ناو میللەتی کوردا هەبوونە و تەنانەت هەندێکیشیانی سەرلەنوێ بە شیعر داڕشتووەتەوە، بەڵام شێخ نوری شێخ ساڵح ئەو گرنگییەی بە ئەفسانە نەداوە و تەنها چەند ئەفسانەیەکی کەمی بەکارهێناوە و لەشیعرێکیشدا ئەفسانەیەکی هیندی بەکارهێناوە، بەڵام گۆران توانیویەتی گۆڕانێکی بنچینەیی لە بەکارهێنانی ئەفسانەدا بکات و جگە لە ئەفسانەی میللی ئەفسانەکانی یۆنانی کۆن و ڕۆمانی کۆنیشی وەرگرتووە و ئیستاتیکایەکی ناوازە و ناوەڕۆکێکی پتەو و قووڵییەکی سایکۆلۆژی بەرزیان لێ دروست بکات.

# ئەنجام

لە لێکۆڵینەوەکەماندا گەیشتینە چەند ئەنجامێکی دیاریکراو، کە لێرەدا گرنگترینیان بەچەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

١- لەڕووی زمانەوە: پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران زمانیان وەکو بەهایەکی ئیستاتیکی لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەکردووە و توانیویانە سەرکەوتووانە گۆڕانکاری بەسەر ئەو زمانە تێکەڵاو بە وشە و زاراوەی بێگانەیەی کە بە درێژایی ئەدەبی کلاسیکی کوردی سەرچاوەی جوانی بووە بکەن و لە بەرانبەردا زمانی کوردی پەتی بکەنە ئەو سەرچاوەی ئیستاتیکایە کە سەرەتا ئەم زمانە کوردی پەتییە لای شێخ نوری دەرکەوت و پیرەمێردیش قوڵتری کردەوە و لای گۆرانیش گەیشتە لوتکە.

٢- لەڕووی مۆسیقای شیعرییەوە: ئەم شاعیرانە مۆسیقایەکی شیعری ڕازاوەیان لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەکردووە و بەتایبەتی لەڕووی مۆسیقای دەرەوەی شیعرییەوە دیسانەوە توانیان گۆڕانکاری بهێنن بەسەر ئەو مۆسیقا شیعرییەی کە بەدرێژایی ئەدەبی کلاسیکی کوردی تاکە بنەمای ئیستاتیکا بووە و کێشی سیلابی خۆماڵی بکەنە پێوەری ئیستاتیکی بۆ شیعری نوێ، کە لای شێخ نوری بەکەمی دەردەکەوێ و پیرەمێردیش زیاتر گرنگی پێداوە و چەند کێشێکی سیلابی وەرگرتووە، بەڵام لای گۆران بەکارهێنانی ئەم کێشە دەگاتە چڵەپۆپە و هەموو شێوازەکانی ئەم کێشەی بەکارهێناوە. هەروەها لەڕووی (سەروا)شەوە دیسان جگە لەو سەروایانەی لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا بەکارهاتوون چەندین شێوازی تری سەروایان بەکارهێناوە و ئیستاتیکای شیعرەکانیانیان پێ داهێناوە.

٣- لەڕووی وێنەی شیعرییەوە: ئەم سێ شاعیرە زۆر گرنگیان بە وێنەی شیعری داوە و توانیویانە بەهۆی وێنەوە ئیستاتیکایەکی ناوازە بە شیعرەکانیان ببەخشن و زۆربەی جۆرەکانی وێنەیان بەکارهێناوە، کە ئەگەرچی شیعرەکانی پیرەمێرد و شێخ



نوری پڕن لە وێنەی جوان و ڕازاوە، بەڵام گۆران زیاتر گرنگی بە وێنەی شیعری داوە و لەزۆربەی شیعرەکانیدا وێنەی وەکو گرنگترین بەهای ئیستاتیکی بەکارهێناوە و زۆربەی شیعرەکانی یەکپارچە وێنەی جوان و قەشەنگن.

٤- لەڕووی ڕەمزەوە: ئەم شاعیرانە لەبەکارهێنانی ڕەمزدا دەستێکی باڵایان هەبووە و سەرکەوتووانە شێوازەکانی دروستکردنی و جۆرەکانیان لە شیعرەکانیاندا بەرجەستە کردووە. ئەم شاعیرانە لەڕێگەی ڕەمزە کەسیی و گشتی و ئەفسانەیی و ئاینی و کەلەپووری و مێژووییەکانەوە بەهایەکی ئیستاتیکییان ئەفراندووە، هەروەها ئەو واتا و مەبەستانەی هەیانبووە بە خەڵکیان گەیاندووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە شیعرەکانی پیرەمێرد و شێخ نوری دا ئەوەیە کە زیاتر پەنایان بردووەتە بەر ئەو ڕەمزانەی لە ناو میللەتانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و میللەتی کورد بەتایبەتی هەبوونە، بەڵام گۆران جگە لەم ڕەمزانە ڕەمزی جیهانیشی بەکارهێناوە.

٥- لەڕووی ئەفسانەوە: پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران ئەفسانەیان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە بەمەبەستی بەخشینی بەهایەکی ئیستاتیکی و بەرجەستە کردنی قوڵییەکی سایکۆلۆژی بە شیعرەکانیان. پیرەمێرد و شێخ نوری زیاتر ئەفسانە میللییەکانیان بەکارهێناوە، لەکاتێکدا گۆران ئەم سنوورەی شکاندووە و بەشێوەیەکی ئیستاتیکییانە ئەفسانە جیهانییەکانی بەکارهێناوە و وێنەی شیعری جوانی پێ داهێناون.

## بیبلۆگرافیای سەرچاوەکان

### أ- سەرچاوە کوردییەکان

**١- کتێبەکان:**


١- ئازاد عبدالواحد: دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، ب ١، بەشی ١، چاپخانەی دارالجاحظ، بەغداد، ١٩٨٥

٢- ـــــــــــــــ: دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، ب ١، بەشی ٢، چاپخانەی دارالجاحظ، بەغداد، ١٩٨٩

٣- ـــــــــــــــ: پشکۆ و خۆڵەمێش، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧

٤- ئامر تاهیر: نیما یوشیج و عەبدوڵڵا گۆران نوێکردنەوە و دابڕان، چ ١، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك، ٢٠٠٦

٥- ئەرستۆ: هونەری شیعر شیعرناسی، و: د. عەزیز گەردی، چ٢، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤

٦- ئەرستۆتلس: هونەری شیعر پۆیەتیکا، و: د. حەمید عەزیز، سلێمانی، ٢٠٠٥

٧- ئەفلاتون: کۆمار، و: سۆران عومەر حەمە و رێبوار قارەمانی و مەهدی حەسەن چۆمانی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦

٨- ئومێد ئاشنا: گۆران نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی، چ ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢

٩- ـــــــــــــــ: دەربارەی ئەدەب و مێژوو، چ ١، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١

١٠- ئیحسان تەبەری: لەسەر هەندێك مەسەلەی ئیستاتیك و هونەر، و: هێدی، چ ١، ئاڵمان، ١٩٩١

١١- بەختیار سەجادی و محەمەد مەحمودی: فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، ب ١، چ ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤





١٢- بڵاوگەی پایز: دیوانی گۆران، چ ١، چاپخانەی دالاهو، تاران، ٢٠٠٥

١٣- پەرێز سابیر(د): رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چ ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦

١٤- پیر. ڤی. زیما: هەڵوەشاندنەوەگەرایی ، و: رێبین رەسوڵ ئیسماعیل ، چ١ ، دەزگای رێبین بۆ چاپ و پەخشی کتێب، هەولێر ٢٠٠٤

١٥- حەمە حەمەئەمین (کاکەی فەلاح): کاروانی شیعری نوێی کوردی، ب ١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨

١٦- حەمە سەعید حەسەن: قوڵپی پێکەنین، چ ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤

١٧- خالید جوتیار: تارمایی ئەفسانەی کوردی، چ ١، چاپخانەی ئۆفسێتی ژین، کۆیە، ٢٠٠٠

١٨- ـــــــــــــــ: سەمای ئەجندان، چاپخانەی سیما، هەولێر، ٢٠٠٦

١٩- خورشید رەشید: رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی الجاحظ، بەغداد، ١٩٨٩

٢٠- دڵشاد عەلی(د): بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ١٩٩٨

٢١- رەزا سەید حسێنی: قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حەمەکەریم عارف، چ ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦

٢٢- رەفیق حلمی: شعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ١ ، چ٢، چاپخانەی التعلیم العالي، هەولێر، ١٩٨٨

٢٣- ـــــــــــــــ: شعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب ٢ ، چ٢، چاپخانەی التعلیم العالي، هەولێر، ١٩٨٨

٢٤- شێخ محەمەدی خاڵ: فەرهەنگی خاڵ، چ ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥

٢٥- عبدالرزاق بيمار: كێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چ ١، چاپخانەی دار الحرية، بغداد، ١٩٩٢
٢٦- عبدالله خدر مەولود(د): ألا يا أيها الساقي و دە بابەتی تر، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠١
٢٧- عەزیز گەردی(د): سەروا، چ ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩
٢٨- ـــــــــــــــــــــــ: رەوانبێژی، ب ١، چاپخانەی الجاحظ، بەغداد، ١٩٧٢
٢٩- ـــــــــــــــــــــــ: کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چ ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩
٣٠- ـــــــــــــــــــــــ : رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی دێکان، سلێمانی، ٢٠٠٣
٣١- عەلائەدین سەجادی: ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٦٨
٣٢- ـــــــــــــــــــــــ: خۆشخوانی، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٧٨
٣٣- ـــــــــــــــــــــــ: نرخ شناسی، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٦٩
٣٤- ـــــــــــــــــــــــ : مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٥٢
٣٥- عیزەدین مستەفا رەسوڵ(د.): ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد، ١٩٧٠
٣٦- ـــــــــــــــــــــــ: ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر، ١٩٩٠
٣٧- فائق هۆشیار و هاورێکانی: دیوانی پیرەمێرد، ب ١، چاپخانەی زەمان، بەغداد، ١٩٩٠



٣٨- ـــــــــــــــــــــــ: دیوانی پیرەمێرد، ب ٢، چ ١، ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠١
٣٩- ـــــــــــــــــــــــ: دیوانی پیرەمێرد، ب ٣، چ ١، ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠١
٤٠- د. فەرهاد پیرباڵ: رێبازە ئەدەبییەکان، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤
٤١- د. فەرهاد نازر زادەی کرمانی: هێماگەریەتی لە ئەدەبیاتی شانۆیی دا، و: پێشڕەو حسێن ساڵح، چ ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠
٤٢- کۆمەڵێك نووسەر: لە ستایشی ئەدەبدا، و: شێرزاد حەسەن، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١
٤٣- کامەران موکری: ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ب ١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤
٤٤- کامل حسن عزیز البصیر: رەخنەسازی مێژوو و پەیرەوی کردن، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق، بغداد، ١٩٨٣
٤٥- کامیل مەحمود: غەزوی رۆشنبیری رێبازە ئەدەبییەکانی رۆژئاوا، چ ١، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ١٩٩٨
٤٦- کەریم دەشتی: ئەدەب و فەلسەفە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤
٤٧- کەریم شارەزا: ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چ ١، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥
٤٨- کەمال مەزهەر(د.): رێنیسانس، و: فوئاد مەجید میسری، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤
٤٩- ـــــــــــــــــــــــ: مێژوو، چاپخانەی دار افاق عربية، بەغداد، ١٩٨٣
٥٠- د. کەمال مستەفا مەعروف: ئەدەبی کوردی و رەخنەی ئەدەبی نوێ، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠٠

٥١- د. کەمال میراودەلی: فەلسەفەی جوانی و هونەر  ئیستاتیکا، چ٢، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٥

٥٢- لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان: زاراوەی ئەدەبی (کوردی — عەرەبی — ئینگلیزی)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦

٥٣- مارف خەزنەدار(د.): کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی (الوفاء)، بەغداد، ١٩٦٢

٥٤- ___: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٥، چ ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥

٥٥- ___: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٦ A، چ ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦

٥٦- مەولود ئیبراهیم حەسەن: قەدەغە شکێنێ، چ ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠

٥٧- مجید محمود مطلب: شیعر و فەلسەفە، و: فوئاد مەجید میسری، چاپخانەی عەلاء، بەغداد، ١٩٧٨

٥٨- محمد معروف فتاح (د.): زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحکمة)، هەولێر، ١٩٩٠

٥٩- نەبیلە ئیبراهیم (د.): ئەفسانە، و: محەمەد بەدری، چاپخانەی (علاء)، بەغداد، ١٩٨٦

٦٠- نەقابەی مامۆستایان لقی هەولێر: سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، چاپخانەی ئیرشاد، بەغداد

٦١- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١

٦٢- هۆراس ، هونەری شیعر ، و: حەمید عەزیز ، چ٢ ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی ، ٢٠٠٥





٦٣- وریا عومەر ئەمین: چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ب ١، چ ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤


**٢– گۆڤاره و ڕۆژنامەکان:**


٦٤- ئامانج عوسمان حەمەد: « لێکدانەوەی سایکۆلۆژی بۆ ئیستاتیکا»، گ ڕامان، ژ ٣٩، ١٩٩٩

٦٥- ئەحمەدی مەلا: «خەیاڵکردن و وێنەی شیعری و گرفتەکانی جیهانبینی»، گ ڕامان، ژ ٦٧، ٢٠٠٢

٦٦- ___: خەیاڵکردن و وێنەی شیعری و گرفتەکانی جیهانبینی، گ ڕامان، ژ ٦٧، ٢٠٠٢

٦٧- بەختیار عەلی: «گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر»، گ ڕامان، ژ ٧٢، ٢٠٠٢

٦٨- ر. هینسۆن: «برگسۆن و ئیستاتیك »، و: ئازاد خدر ، گۆڤاری ڕامان ، ژ٢٠ ، ١٩٩٨

٦٩- ڕەزا بەراهاتی: «دەربارەی شیعر و شاعیری»، و: حەمەکەریم عارف، گ نووسەری نوێ، ژ ٥، ١٩٩٨

٧٠- زەکەریا ئیبراهیم: «فەلسەفەی هونەر لای سۆزان لانجەر»، ئا: هەڵۆیست قەرەداغی ، گۆڤاری ڕامان، ژ١٠٢ ، ٢٠٠٥

٧١- سەباح ڕەنجدەر: «شیعر بۆ چێژ و جوانی چێژ و جوانی بۆ هەمووان»، گ ڕامان، ژ ١٠٠، ٢٠٠٥

٧٢- سەعید غانمی: « زمان و شیعر »، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ڕامان ژ٤٠، ١٩٩٩

٧٣- شێخ نوری شێخ ساڵح، ڕ ژیان، ژ ٢٧، ١٩٢٦

٧٤- عبدالرزاق بیمار:« دانیشتنێك لەگەڵ گۆراندا»، گ بەیان، ژ ٢، ١٩٧٠

٧٥- عومەر ڕەسوڵ، «مرۆڤی نیاندەرتاڵ و گوڵ»، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە ٢٣ ، ساڵی ٢٠٠٣
٧٦- کاکەی فەلاح: «وێنەی شیعری چییە؟»، گ کاروان، ژ ٤٩، ١٩٨٦
٧٧- کەریم شارەزا: «وێنەی شیعری کوردی لە هەردوو باری چەسپاو و جوڵاویدا»، گ ڕامان، ژ ١٥، ١٩٩٧
٧٨- کەمال مستەفا مەعروف (د.): « ڕەمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسی شاعیردا »، گ زانکۆی سلێمانی، ب B، ژ ١٤، ٢٠٠٤
٧٩- ____________: « وێنە لە شیعرەکانی (قوبادی جەلی زادە)دا »، گ زانکۆی سلێمانی، ب B، ژ ١٢، ٢٠٠٣
٨٠- ویل دیورانت: «جوانی چییە؟ »، و:ئازاد ڕەحمانی ، گۆڤاری ڕامان ، ژ٤٢ ، ١٩٩٩
٨١- یوری لوتمان: « زمان بەو پێیەی ماددەیەکی سەرەکی ئەدەبە »، و: محەمەد ساڵح سەعید، گ ڕامان، ژ ٧٢، ٢٠٠٢

### ٣- ئەنتەرنێت:

٨٢- فەرزین: جوانی ناسی کانت و هیگل و شوپەنهاوەر ، www.blogfa.com

### ٤- نامەی ئەکادیمی:

٨٣- ئیبراهیم حەسەن: گەڕان بەدوای نەمری لە ئەفسانەی کوردی و فارسی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠
٨٤- پەخشان سابیر حەمەد: ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراق (١٩٧٠ - ١٩٩١)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٢
٨٥- جەبار ئەحمەد حسێن: ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی



عێراق(١٩٥٠- ١٩٧٠)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٥
٨٦- عبدالسلام سالار عبدالرحمن: هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠
٨٧- فازل مەجید: سروشت لە شیعری گۆراندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠
٨٨- کوێستان جەمال سەلام: دەوری شێخ نوری لە نوێ کردنەوەی شیعری کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٤

## ب – سەرچاوە عەرەبییەکان:

### ١- کتێبەکان:

القران الکریم
٨٩- د. ابراهیم أنیس: موسیقی الشعر، ط ٣، مکتبة الانجلو المصریة، قاهرة، ١٩٦٥
٩٠- أبراهیم العریض: جولة في الشعر العربي المعاصر، ط ١، دار العلم للملایین، بیروت، ١٩٦٢
٩١- ____________: نظرات جدیدة في الفن الشعري ، ط٢، مطبعة حکومة الکویت، الکویت، ١٩٧٤
٩٢- احمد مطلوب (د.): الصورة في شعر الاخطل الصغیر، دار الفکر للنشر والتوزیع، عمان، ١٩٨٥
٩٣- ارشیبالد ملکیش: الشعر والتجربة، ت: سلمی الخضراء الجیوسي، دار الیقظة العربیة للتألیف و الترجمة و النشر
٩٤- السید احمد الهاشمي: جواهر البلاغة في المعاني و البیان و البدیع، شرح و تحقیق: حسن حمد، دار الجیل، بیروت، ٢٠٠٢
٩٥- النعمان القاضي (د.): ابو فراس الحمداني الموقف و الشکیل الجمالی، دار

الثقافة للنشر والتوزيع، قاهرة، ١٩٨٢
٩٦- اليزابيث درو: الشعر كيف نفهمه و نتذوقه، ت: محمد ابراهيم الشوشي، مطبعة عيتاني الجديدة، بيروت، ١٩٦١
٩٧- امية حمدان: الرمزية و الرومانتيكية في الشعر اللبناني، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١
٩٨- أميرة حلمى مطر: فلسفة الجمال ، دار القلم ، القاهرة ، ١٩٦٢
٩٩- ـــــــــــــــ: فلسفة الجمال اعلامها و مذاهبها ، مكتبة الاسرة ، مصر ، ٢٠٠٣
١٠٠- انطوان كرم: الرمزية و الادب العربي، دار الكشاف، بيروت، ١٩٤٩
١٠١- انطونيوس بطرس (د.): الادب تعريفه أنواعه مذاهبه، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس، ٢٠٠٥
١٠٢- ب. أ. لافرتسيكى: في سبيل الواقعية، ت: د. جميل نصيف، عالم المعرفة، بيروت، بلا
١٠٣- ج. س. فريزر: الوزن و القافية و الشعر الحر، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠
١٠٤- جبرا ابراهيم جبرا: الاسطورة و الرمز، ط ١، المؤسسة العربية للدراسات و النسر، بيروت، ١٩٨٠
١٠٥- جبور عبدالنوور: المعجم الادبي، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٨٤
١٠٦- جميل سليبا (د.): المعجم الفلسفي ، ج١ ، دار الكتب اللبناني ، بيروت ، ١٩٧٨
١٠٧- ـــــــــــــــ: المعجم الفلسفي ، ج٢ ، دار الكتب اللبناني ، بيروت ، ١٩٧٩
١٠٨- جورج سانتيانا: الأحساس بالجمال ، ت: د. محمد مصطفى بدوي ، مكتبة الأسرة ، القاهرة ، ٢٠٠١ .



١٠٩- حسين علي شانوف: شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران، ت: شكور مصطفى، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٥
١١٠- خليل عبدالرحمن المعايطة: علم النفس الاجتماعى، دار الفكر، عمان، ٢٠٠٠
١١١- ر. ڤ . جونسون: الجمالية، ت: عبدالواحد لؤلؤة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٨
١١٢- رجاء عيد: الشعر والنغم، مطبعة دار النشر الثقافة، قاهرة، ١٩٧٥
١١٣- روز غريب: تمهيد في النقد الحديث، ط ١، دار المكشوف، بيروت، ١٩٧١
١١٤-رولان دورون و فرانسوا پارو: موسوعة علم النفس، ت: فؤاد شاهين، المجلد ٢، ط ١، عويدات للنشر والطباعة، بيروت، ١٩٩٧
١١٥- رينية ويليك و اوستن وارين: نظرية الادب، ت: محي الدين صبحى، المجلس الاعلى ارعاية الفنون و الاداب و العلوم الاجتماعية
١١٦- سامي محمد ملحم: القياس و التقويم في التربية و علم النفس، ط ٢، دار المصير، عمان، ٢٠٠٢
١١٧- سعد اسماعيل شلبى (د.): الاصول الفنية للشعر الجاهيلي، دار غريب للطباعة، قاهرة، بلا
١١٨- سى دى لويس: الصورة الشعرية، ت: د. احمد نصيف الجنابى و مالك ميري و سلمان حسن ابراهيم، مؤسسة الخليج للطباعة و النشر، الكويت، ١٩٨٢
١١٩- شوقى ضيف (د.): في النقد الأدبي، ط ٣، دار المعارف، قاهرة، بلا
١٢٠- صالح ابو اصبع (د.): الحركة الشعرية في فلسطين المحتلة منذ عام (١٩٤٨ - ١٩٧٥)، ط ١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٧٩
١٢١- صدام زيادي: المدخل الى الفلسفة، ج ١، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٩
١٢٢- طاهر احمد مكي (د.): الشعر العربي المعاصر روائعه ومدخل لقراءته، دارالمعارف، لبنان، ١٩٨٠

١٢٣- عاطف جودة نصر (د.): الرمز الشعري عند الصوفية، ط ١، دار الاندلس للطبع و النشر و التوزيع — دار الكندي للطبع و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٧٨
١٢٤- عباس عباس: موسوعة الحضارات، ط ١، دار اليوسف للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، ٢٠٠٦
١٢٥- عبد الاله الصائغ (د.): الصورة الفنية معيارا نقديا، ط ١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧
١٢٦- عبد الرحمن المصطاوي: شخصيات لها التاريخ، ط ١، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٣
١٢٧- عبدالحميد يونس (د.): معجم الفولكلور، ط ١، مطبعة لبنان، لبنان، ١٩٨٣
١٢٨- عبدالرحيم محمد الهبيل (د.): فلسفة الجمال في البلاغة العربية، ط ١، الدار العربية للنشر و التوزيع، مدينة النصر، ٢٠٠٤ .
١٢٩- عبدالقاهر الجرجاني: اسرار البلاغة في علم البيان، ط ١، دار المعرفة للطباعة و النشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٢
١٣٠- عدنان حسين العوادي: لغة الشعر الحديث في العراق بين مطلع القرن العشرين و الحرب العالمية الثانية، دار الحرية للطباعة، بغداد، بلا
١٣١- عزالدين اسماعيل (د.): الاسس الجمالية في النقد العربي ، ط٣ ، دار الفكر العربي ، بلا ، ١٩٧٤
١٣٢- ـــــــــــــــ: الشعر العربي المعاصر قضاياه و ظواهره الفنية و المعنوية، ط ٣، دار الفكر العربي، بلا، بلا
١٣٣- عصام فايز و ناهدة وصفي: الدين و السياسة في الولايات المتحدة، ج ١، مكتبة الشروق، قاهرة، ٢٠٠١
١٣٤- عقيل مهدي يوسف (د.): الجمالية بين الذوق و الفكر ، ط١ ، مطبعة سلمى الفنية الحديثة ، بغداد ، ١٩٨٨



١٣٥- على عبدالرزاق حمود: النقد الأدبي الحديث ، دار الحكمة للطباعة و النشر ، بغداد ، ١٩٩١
١٣٦- علي عبدالمعطي البطل (د.): الرمز الاسطوري في شعر بدر شاكر السياب، شركة الربيعان للنشر و التوزيع، الكويت، ١٩٨٢
١٣٧- علي يونس: النقد الادبي و قضايا الشكل الموسيقى في الشعر الجديد، الهيئة المصرية العامة الكتاب، مصر، ١٩٨٥
١٣٨- عمرو بن بحر الجاحظ: الحيوان، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، ج ٣، ط ١، مكتبة مصطفى البابى الحلبي، القاهرة، ١٩٣٨
١٣٩- فائق مصطفى (د.) و عبد عبدالرضا علي: في النقد الادبي، ط ١، دار الكتب للطباعة و النشر، موصل، ١٩٨٩
١٤٠- فرانسيس كلنفندر: الماركسية والفن الحديث، ت: مصطفى عبود، ط ١، مركز الأبحاث و الدراسات الاشتراكية في العالم العربي، بلا، ١٩٨٧
١٤١- فرانكلين د. روجرز: الشعر و الرسم، ت: مي مظفر، ط ١، دار المأمون للترجمة و النشر، بغداد، ١٩٩٠
١٤٢- فوزية دياب (د.): القيم والعادات الأجتماعية، ط ٢، دار النهضة العربية للطباعة و النشر، بيروت، ١٩٨٠
١٤٣- قيس نوري (د.): الاساطير و علم الاجناس، دار الكتب للطباعة و النشر، موصل، ١٩٨١
١٤٤- ك. ك. رتفن: المجاز الذهنى، ت: عبدالواحد لؤلؤة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٧
١٤٥- كامل حسن بصير: الصورة الفنية في البيان العربي، مطبعة المجمع العلمى العراقي، عراق، ١٩٨٧
١٤٦- كمال عيد (د.): جماليات الفنون ، دار الجاحظ للنشر ، بغداد ، ١٩٨٠ .
١٤٧- كمال معروف (د.): الحركة التجديدية في الشعر الكردي الحديث ١٩١٤ — ١٩٦٥، ج ١، مطبعة ازاد، ستوكهولم، ١٩٩٢

١٤٨- لجنة من العلماء و الاكاديميين السوفياتيين: الموسوعة الفلسفية، ت: سمير كرم، ط ٧، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت، ١٩٩٧

١٤٩- م. اوفسيانيكوف و ز. سميرنوفا: موجز تاريخ النظريات الجمالية، ت: باسم السقا ، ط ٢، دار الفارابي، بيروت، ١٩٧٩

١٥٠- مجاهد عبدالمنعم مجاهد: دراسات في علم الجمال، ط ٢، دار عالم الكتب، بيروت، ١٩٨٦

١٥١- محسن أطيمش (د.): دير الملاك دراسة نقدية للظواهرالفنية في الشعر العراقي المعاصر، ط ٢، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦

١٥٢- محمد جلوب فرحان: دراسات في فلسفة التربية ، مطبعة التعليم العالي ، موصل ، ١٩٨٩

١٥٣- محمد جواد رضا (د.): فلسفة التربية ، ط٢ ، شركة الربيعان للنشر و التوزيع ، الكويت ، ١٩٨٤

١٥٤- محمد زكي العشماوي: فلسفة الجمال في الفكر المعاصر ، دار النهضة العربية ، بيروت ، ١٩٨١

١٥٥- محمد سعد حسان و خلود بدر غيث و معتصم عزمي الكرابلية: مقدمة في علم الجمال، ط ١، مكتبة المجتمع العربي للنشر، عمان، ٢٠٠٥

١٥٦- محمد عزيز نظمي سالم (د.): علم الجمال ، دار الفكر الجامعي ، اسكندرية ، ١٩٨٦

١٥٧- محمد غنيمى هلال (د.): الرومانتيكية، دار العودة، بيروت، ١٩٨٦

١٥٨- ـــــــــــــــ: النقد الأدبي الحديث، دار النهضة مصر للطبع و النشر، القاهرة، ١٩٧٧

١٥٩- محمد فتوح احمد (د.): الرمز و الرمزية في الشعر المعاصر، ط ٢، دار المعارف، القاهرة، ١٩٧٨

١٦٠- محمود عبدالله الخوالدة (د.) و محمد عوض الترتوري (د.): التربية الجمالية علم النفس الجمال، ط ١، دار الشروق للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٦



١٦١- مراد وهبة (د.): المعجم الفلسفي ، ط٣ ، دار الثقافة الجديدة ، بلا ، ١٩٧٩

١٦٢- ميشال عاصي (د.): الفن و الادب، ط٢، المكتب التجاري للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٧٠

١٦٣- ميكل هـ. ليفنسن: اصول الادب الحداثة، ت: يوسف عبدالمسيح ثروة، ط ١، دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٩٢

١٦٤- نجم عبد حيدر (د.): علم الجمال افاقه و تطوره، ط٢، دار الكتب للطباعة و النشر، موصل، ٢٠٠١

١٦٥- نصرت عبدالرحمن (د.): الصورة الفنية في الشعر الجاهلي في ضوء النقد الحديث، مكتبة الاقصى، عمان، ١٩٧٦

١٦٦- ـــــــــــــــ: في النقد الحديث، ط ١، مكتبة الاقصى، عمان، ١٩٧٩

١٦٧- ـــــــــــــــ: دراسة في مذاهب نقدية حديثة و أصولها الفكرية، مكتبة الاقصى، عمان، ١٩٧٩

١٦٨- نعيم اليافي: تطورالصورة الفنية في الشعر العربي الحديث، دمشق، ١٩٨٥

١٦٩- هديل زكارنة: علم الجمال، ط ١، مركز الكتاب الأكاديمي، عمان، ٢٠٠٣

١٧٠- هيغل: المدخل الى علم الجمال ، ت: جورج طرابيشي، ط ١، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٨

١٧١- ولتر ترنس ستيس: فلسفة هيغل، ت: امام عبد الفتاح امام، المجلد الثانى، مكتبة مدبولي، بلا، ١٩٩٦

١٧٢- ويل ديورانت: قصة الفلسفة، ت: د. فتح الله محمد المشعشع، ط ٤، مطبعة المعارف، بيروت، ١٩٧٩

١٧٣- يوسف حسين بكار (د.): البناء الفني في القصيدة العربية، بلا، القاهرة، ١٩٧٩

١٧٤- يوسف حلاوي (د.): الاسطورة في الشعر العربي، ط ١، دار الحداثة للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٩٢

**٢- گۆڤارە و ڕۆژنامەكان**

١٧٥- عمر ابراهيم عزيز (د.):« القيم المرغوبة في الكتب المنهجية في القرن الحادي و العشرون من وجهية نظر التربويين و النفسيين»، مجلة زانكوى سليمانى (الجامعة السليمانية)، جزء ب، عدد ٩، ٢٠٠٢

١٧٦- فهد محسن فرحان (د.): «ترويض الرمز»، م الموقف الثقافي، عدد ١٥، ١٩٩٨

**٣- نامەی ئەكادیمی:**

١٧٧- طاهر مصطفى علي، الدلالة الشعرية عند ابراهيم ناجي، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٥

١٧٨- عبدالحسن حسن خلف: القيم الجمالية في الشعر العربي قبل الأسلام، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ١٩٨٣

١٧٩- ليلى عثمان عبدالله: شعر الطبيعة بين أبراهيم ناجي و گوران، رسالة ماجستير، جامعة سليمانية، ٢٠٠١

١٨٠- ماجد اسعد محمد: البعد الأجتماعى للقيم الدينية و علاقته ببعض التغيرات لدى طلبة الجامعة، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ٢٠٠٦



**پ - سەرچاوە ئینگلیزییەكان**

**١- كتێبەكان:**

181- C. Juny: Psychological Types, Tr. by H.G.Baynes, New York, 1960

182- J. A. Cuddon : Adictionary of Literary Terms, Penguin Book, Great Britain, 1979

183- V. Erlixh: Rassion Formalism, History Doktrine, Yale U.P, 1981

184- W. Y. Tindall : The Literary symbol, Columbia University Press, New York, 1955

## ملخص البحث


هذا البحث الموسوم ب(القيم الجمالية الشعرية عند بيرميرد و شيخ نورى شيخ صالح و گوران) يحاول دراسة القيم الجمالية التى يتصف بها شعر هؤلاء الشعراء، و تصبح بذلك القاعدة الرئيسة و المقياس الاساس لتقييم الشعر و تمييزه عن سائر الفنون الاخرى.

ان للقيم الجمالية دورا كبيرا و مهما في الادب و الفن بصورة عامة و الشعر بصورة خاصة، لان الشعر منذ ان مارسه الانسان في بدايته، كان مرتبطا بالايقاع و الموسيقى التى تعد احدى القيم الجمالية للشعر،بالاضافة الى انها نقطة للتمييز بين الشعر و النثر" لذلك فللقيم الجمالية تاريخ قديم، يعود الى بدايات ظهور الشعر، هذا و ان طرأ التغيير عليها بحسب الزمن و المكان، لكن لم يأت في اى وقت او مكان دون القيم الجمالية.

البحث بصورة عامة ينقسم الى ثلاثة فصول:

**الفصل الاول:**

**يتكون من محورين رئيسين:**

المحور الاول: يتحدث عن القيم الجمالية ، وحاول تعريف المفاهيم الاتية (القيمة، علم الجمال "الاستطيقا"، مفهوم الجمال و القبح) التي تعد القاعدة و المقياس الاساسي للبحث.

في المحور الثانى حاول أن يعرض تاريخ الاستطيقا، الحديث عن الاستطيقا عند اليونان و الرومان و في القرون الوسطى و عصر النهضة و عصر التنوير و الاستطيقا عند الماركسية، بالاضافة الى انه حاول ان يتناول الاستطيقا في المذاهب الادبية، و بالأخص المذهب الكلاسيكي و الرومانسي و البرناسي و الرمزي، بعد ذلك تناول البحث الاستطيقا ضمن الاتجاه الحدسي و الاتجاه الوجودي.





**الفصل الثاني:**

**يتكون من محورين رئيسين:**

المحور الاول: تطرق الى اللغة الشعرية و عرفها بعدد من التعريفات، مع عرض ملخص لتاريخ اللغة الشعرية و دراسة اللغة الشعرية عند هؤلاء الشعراء الثلاثة.

المحور الثانى: درس الموسيقى الشعرية، التي تنقسم الى الموسيقى الخارجية المكونة من العروض و القافية مع الموسيقى الداخلية للشعر و دراستها عند بيرميرد و شيخ نورى شيخ صالح و گوران.

**الفصل الثالث:**

**يتكون من ثلاثة محاور رئيسة:**

المحور الاول: تناول هذا المحور مفهوم الصورة الشعرية مع عرض مجموعة من التعريفات، و طرق تكوين الصور و انواعها لدى الشعراء الثلاثة.

اما المحور الثاني فتحدث عن مفهوم و مصطلح و تعريف الرمز و العلاقة بين الرمز و العلامة، و الرمز و الاشارة، و الرمز و الغموض، و الرمز و المجاز، و الرمز و الاستعارة و اخيرا الرمز و التشبيه، مع انواع الرمز عند هؤلاء الشعراء.

المحور الثالث: تناول مفهوم و مصطلح و تعريف الاسطورة و انواعها و العلاقة بينها و بين الشعر، بالاضافة الى تناول الاسطورةعند الشعراء الثلاثة.

و تم عرض اهم النتائج التى توصل اليها البحث بعدّة نقاط في نهاية الرسالة.

# Abstract

This thesis is entitled "The Poetic Aesthetic Values in Peramerd, Sheikh Nuri, Sheikh Salih, and Goran's Poetry". It investigates such values in which the abovementioned poets incorporated in their poetry. Such values become the main basis for assessing and distinguishing poetry from other arts.

Aesthetic values have an important role in literature and arts, in general, and in poetry, in particular, because from the emergence of poetry human beings say that poetry needs music and lyrics which they include aestheticism. In addition, it is a point for distinguishing between poetry and prose. Hence, aesthetic values have ancient history that belongs to the beginnings of poetry, and, however changes happened to poetry, the aesthetics stayed without any changes.

Generally speaking, the thesis falls into three chapters:

Chapter One includes two sections. The first section deals with the aesthetic values and attempts at defining their concepts, as well as defining beauty and non-beauty concepts. This section is the basic one for the thesis. In the second section, the history of aestheticism is highlighted. It handles the main problem of aestheticism's emergence as well as the Greek, Roman, Middle Ages, Renaissance, Restoration and Marxists aestheticism is also dealt with in addition to its literary movements like: Classicism, Romanticism, Parnasse, Symbolism. Then, then it investigates



aestheticism in modern and contemporary periods like existentialism.

The second chapter is divided into two sections: the first section deals with the poetic language and provides some definitions and a brief history of this language with references to Peramerd, Sheikh Nuri, Sheikh Salih, and Goran's poetic language.

In the second section, the music of poetry is highlighted in which it is divided into exterior music – like rhythm and rhyme scheme – and interior music with references to Peramerd, Sheikh Nuri, Sheikh Salih, and Goran.

Chapter three is divided into three sections: section is devoted to the concept of poetic image and its definitions with references to the way how Peramerd, Sheikh Nuri, Sheikh Salih, and Goran created their poetic images and forms.

The second section provides the concept, terminology and definition of symbol as well as its relation with marking, signal, ambiguity, apostrophe, metaphor, simile, and other types of symbol with references to Peramerd, Sheikh Nuri, Sheikh Salih, and Goran's poetry.

The last section deals with the concept, terminology, and definition of legend and its types in relation poetry with references to Peramerd, Sheikh Nuri, Sheikh Salih, and Goran's poetry.

Finally, the thesis ends up with the main important points as conclusions to the foregoing chapters.